# دیوان

**گۆڤارێکی مانگانەی ئەدەبی و ڕۆشنبیریی گشتییە**
**ناوەندی هەولێری مەکتەبی ڕاگەیاندنی**
**یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەریدەکات**

ژمارە (١٢) ئایاری ٢٠٢٢ زایینی - خەرمانانی ٢٧٢٢ کوردی

**خاوەن ئیمتیاز**
**مەسعودی مەلا هەمزە**

**سەرپەرشتیاری گشتی**
**بێکەس حەمە قادر**

**سەرنووسەر**
**سمکۆ عەبدولکەریم**

## گۆڤارێک بۆ ڕابردوو، ئێستا و داهاتوو

هەنگاوی یەکەممان ئەوە بوو بە زیندوویتی لە دایک بێت، هەموو ئەو شتانمان لێکدابووەوە کە دەبنە هۆی زوو سەرپێ کەوتنی، چونکە دڵنیا بووین ئەگەر وانەبێت زۆر زەحمەتە دواتر بتوانین ڕۆحی وەبەربهێنینەوە.
بەڵێنمان دابوو گۆڤاری (دیوان) بۆ هەمووان بێت، کە جێبەجێمان کرد، مینبەرێک بێت بۆ هەموو بوارەکانی ئەدەبی و ڕۆشنبیریی، کە وامان کرد، ئەدەبمان بەهەند وەرگرت، چونکە پێمان وابوو، کۆڵەکەیێکی بنچینەیی ڕۆشنبیریی گشتییە.
گرنگیمان بە هەندێ بنەمای گرنگی زمان و زمانەوانی دا، چونکە دەمانزانی زمان بەشێوە گشتییەکەی هۆکارێکی زۆرباشی وەرگرتنی گۆڤارەکەمان دەبێت لە لایەن خوێنەرانەوە.
گوێمان بەوە نەدا کە زۆر کەس دەیانگوت: جا کوا باوی گۆڤار و ڕۆژنامە ماوە، باوەڕمان بەخۆمان هێنا، کە ئەوەی دواجار دەمێنێتەوە کاغەزە، دوور نییە لەگەڵ بچووکترین ڕووداو و کارەساتی سروشتی ئەو تەکنەلۆژیایەی مرۆڤەکان دڵییان زۆر پێخۆشە لەماوەی چەند چرکەیەکدا لە بەین بچێت.
هەنگاوی یەکەممان هاویشت و هەنگاوەکانی دیکەی بەدوادا هات، زۆر کەس، کە پرسیاریان دەکرد، دەمانگوت گۆڤارێکی مانگانەیە و هەموو مانگێکیش بێ دواکەوتن لە کاتی خۆیدا دەردەچێت، باوەڕیان نەدەکرد.
کە گەیاندمانە ژمارە (١٢) و ساڵێکمان ئاوا کرد، ئێستە هەست دەکەم ئەرکەکانمان قورسترە، لەگەڵ هەر ژمارەیەکدا مووچرکەیێک بە لەشمدا دێت و خەمی ژمارەی دواییم دەبێت.
ڕەنگە باوەڕ نەکەن ئەم گۆڤارە بە خۆم و ستافێکی دوو سێ کەسی دەردەچووێنرێت، ڕۆژ هەیە لە بەیانییەوە تا ئێوارەیێکی درەنگ لە کتێبخانە بچکۆلانەکەی ماڵەوەم و نایەمە دەر، چەندین سەعات سەرم بەسەر کیبۆردی کۆمپیوتەرەکەمدا شۆڕکردۆتەوە لە شاشەکەی بەردەمم دەڕوانم، لەبەرخۆمەوە ڕستە دووبارە و چەندبارە دەکەمەوە، ماڵی زمانی کوردیم بە قوڕ نەگرتبێت، بەهۆی نەبوونی زمانێکی ستاندارد و ڕێنووس و ڕێزمانێکی یەکگرتوو لە گەڵ هەر ژمارەیەکدا دونیام لێ وێک دێتەوە.
ڕاستە ئەم گۆڤارە لە ناوەندی هەولێری مەکتەبی ڕاگەیاندنی یەکێتیی دەردەچێت و پارەی دیزاین و چاپکردنەکەی دەدەن، بەدەر لەمە گۆڤاری (دیوان) خاوەنی هیچ برە پارەیەکی بۆ دیاریکراو نییە.
وێڕای ئەمەش سوپاسی لێپرسراوی مەکتەبی ڕاگەیاندن و ناوەندی هەولێر و کەسانی دیکەش دەکەم کە تا ئێستا، نەک هەر دەستیان نەهێناوەتە ڕێمان، بەڵکوو لە ستایش و دەستخۆشی زیاتر هیچیان پێنەگوتووم.
ئێوە لە گەڵمان بەردەوام بن، ئێمەش بەردەوام دەبین

**سەرنووسەر**

هەولێر - شەقامی ١٠٠ مەتری نزیک کۆلێژی دەرمانسازی
govaridiwan@gmail.com
(گۆڤاری دیوان) لەتیلیگرام

تیراژ: ١٠٠٠ دانە
چاپخانە: هێڤی

**دیزاین: ئاسۆ حەسەن ئەحمەد** (٠٧٥٠٤٤٧١٨٢١)

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

# لەم ژمارەیەدا


**• دۆسیە:**

١. پیاوێک نەیویست بمرێت ........ ٤
٢. ڕابەری هونەر «زرار محەمەد مستەفا» ........ ٥
٣. دەڵێن کوا منداڵت .. دەڵێم هەموو دونیا هی منە / دیداری: سالار کۆشار ........ ٨
٤. نازانم چۆن و لە کوێوە دەست پێ بکەم / فەرەیدون دارتاش ........ ١٢
٥. زرار محەمەد مستەفا لە زاری خۆیەوە / ئامادەکردنی: محەمەد گۆران ........ ١٤
٦. (٤٦) ساڵ ئاوێتەی گیانمان بوویت! / ئامانج غازی ........ ٢١
٧. تیپی پاشای گەورە لە ڕەسەنایەتی بەرەو هاوچەرخی / ئامادەکردنی: ستار محەمەد ئەمین ........ ٢٥
٨. بۆ کۆچی دوایی هونەرمەند و مامۆستا (زرار محەمەد مستەفا) / وریا ئەحمەد ........ ٢٨
٩. پێش (٤٦) ساڵ / نازم دڵبەند ........ ٢٩
١٠. مامۆستا زرار لەدیدی نووسەران و هونەرمەنداندا ........ ٣١
١١. مامۆستا زراری لۆگۆی دەڤەری ڕواندز / سەباح عەبدولڕەحمان ........ ٣٥
١٢. وەفایەک بۆ ڕابەری هونەر / هاژە شێخ سلیمان ........ ٣٦
١٣. پانۆرامای ماڵەکەی ........ ٣٧

**• مێژوویی:**

١. هۆزی خۆشناو لەچەند سەرچاوەیەکی مێژووییدا / سەرتیپ ئاغا واحد بەگ ........ ٤٠

**• ڕەخنە و لێکۆڵینەوە:**

١. لەزاری دیلانەوە .. شتی نەبیستراو و نەگوتراو لەسەر گۆرانی شاعیر/ پ.د.زاهیر لەتیف کەریم ........ ٤٤
٢. نەوزاد ڕەفعەت بە کێ دەڵێ (باڵەکانم بدەرەوە)؟ / بۆتان جەلال ........ ٥٠
٣. ڕۆمانی (هوتێل ئەوروپا) وەکو نموونەیێکی ڕۆمانی ژیاننامەیی / د.کەمال سەعدی ........ ٥٣

**• دەق: (چیرۆک – شیعر)**

١. ملوانکە / ئازاد ئەرگوشی ........ ٦٤
٢. خەون پیشەمە / چیرۆکی: گابریێل گارسیا مارکیز – و: عەبدولڕەحمان فەرهادی ........ ٧٠
٣. باڵندەیەک لە نووتەکدا بەردەبێتەوە / ڕوشت نەوزاد ........ ٧٤

**• ڕۆشنبیریی گشتی:**

١. فزووڵی بەغدادی کورد بوو؟ / خالد عەلی موراد جاف ........ ٧٨
٢. تاوانی ناوزڕاندن لەیاسای ڕۆژنامەگەریدا / مافپەروەر حوسامەدین سەرداری ........ ٨٠

**• دیدار:**

١- دیدار (فەرهاد شاکەلی) / دیداری سمکۆ عەبدولکەریم ........ ٨٢

**• هونەریی:**

١. دڵەڕاوکێی کۆمەڵگە و داگیرکردنی کلتووری لە فیلمی «ئەزموون»دا / حەمەسوار عەزیز ........ ١٠٠
٢. مالینا ... بەتاڵبوونەوەی بەهاکان لە مانا / نووری بێخاڵی ........ ١٠٥

**• خوێندنەوەی کتێب:**

١. تراژیدیای مێژوو لەڕۆمانی (لالەکانی لالش)دا / فەرەیدون سامان ........ ١٠٨
٢. ڕۆمانی (کوێرەی چاوساغ)ی سابیر ڕەشید / هۆشەنگ شێخ محەمەد ........ ١١٧
٣. قوربانی ژمارە ٢٥٦ ... / مەسعودی مەلا هەمزە ........ ١٢٠

**• لەبری بیرەوەری:**

١. شەو لەکێوان (بەشی٦ ) / د. ئەرسەلان بایز ........ .١٢٤

**• وێستگەی دیوان:**

١. (١) پرسیار ........ ١٣٢
٢. کەڵەشێر و مریشکی (سەید ئەحمەدی نەقیب) و شێخ ڕەزای تاڵەبانی / هۆشیار عەبدوڵڵا ........ ١٣٤
٣. مچاپخانەی عەبدولخالیق مەعرووف چۆن دامەزرا؟ / ئەحمەد عارف ........ ١٣٦
٤. تیپی مۆسیقای مەولەوی لە ئامێزی خەڵکی هەولێردا / جەمالی دەلاک ........ ١٣٧
٥. گۆشـەی دیوان ........ ١٣٩

**• لاپەرە ١٤٤:**

١- ئەوانی تر و دیوان ! / نەوزاد عەلی ئەحمەد ........ ١٤٤



ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku



# دۆسیه

# زرار محەمەد مستەفا

## ١٩٣٧ - ٢٠٢١

**هەر خزمەتێکی کردبێتم، چاوەڕێی ئەوە نەبوویمە لە ڕێگای ئەو خزمەتکردنەوە پاداشتم بدرێتەوە؛ ئەوەم بە ئەرکێکی گەورەی سەرشانی خۆم زانیوە، کە بتوانم تا دوا هەناسەم، تا دوا دڵۆپی خوێنم، تا دوا ڕووناکیی چاوەکانم، خزمەتی شارەکەم و نەتەوەکەم بکەم.**

زرار محەمەد مستەفا

- لە دەستنووسی کتێبی بیرەوەرییەکانی (زرار محەمەد)ەوە وەرگیراوە.



# پیاوێک نەیویست بمرێت

زۆرن ئەوانەی لە مێژوودا هەڵدەکەون، بەڵام کەمن ئەوانەی دواجار پارێزگاری لەو هەڵکەوتەی خۆیان دەکەن و لەکەیێکی کاڵیش بەنیوچاوانیاندا جێناهێڵن، بۆ هەمیشە بەسەربەرزی دەژین و بەسەربەرزیش سەر دەنێنەوە.

دەمرن، بەڵام وەکو ئەوە وان هەر زیندوو بن، پێچەوانەی ئەوانەی دەژین، بەڵام وەکوو ئەوە وان ڕۆژێک نەژیابن.

ئەو بۆ ئەوە ژیا تا بۆ هەمیشە زیندوو بێت، زیندووبوونێک لە ویژدانی هەمووماندا، لە هەر ئاوڕدانەوەیەکدا بەبەرچاوماندا بێت و بڕوات،



ڕۆژانە بەبەرچاومانەوە لە ژووره ئاساییە داماوە پڕ لە کتێب و کاسێت و قەڵەم و ئامێرە موسیقییەکانی لا پەرگەی سەرەوەی خانووە خەمبارەکەی، بە قاندرمە تەسک و تروسکەکەی بێتە خوارەوە و سەرێکی ناو بازاڕی ڕواندز بدات و دواتریش بگەڕێتەوە هێلانەکەی و شەوانیش بەدەست ئازاری مەعیدەکەیەوە، فەرهادی برای، یان براژنەکەی، یان برازاکەی بەدەنگ ناڵە ناڵییەوە بچن.

ئەو، هەوراز و نشێوییەکانی ژیان چۆکی پێدانەدا، ئەو، خۆشییەکانی ژیان فریوی نەدا، ئەو، بەو ڕێگایەدا ڕۆیشت کە گەیاندییە لووتکە، لووتکەیێک بەرزتر لە کاروخ و زۆزک و هەندرێن و کۆڕەک.

پێچەوانەی هەموو ئەوانەی پێشکەوتن و پێویستییەکانی ژیان دەیانگۆڕن، ئەو، لەسەر باوەڕی یەقینی خۆی دەمێنێتەوە، ئەگەر بە ساویلکە و بە دوای کڵاوی بابردووشدا وێنای بکەن، ئەو پێمان دەڵێت منیش هەموو ئەو شتانەی ئێوە دەیڵێن، هەستیان پێدەکەم و دەیانزانم، بەڵام دیارە من بۆ ئەوە لە دایک بووم، بۆ شتێک بژیم کە کەسانی دی ناتوانن لە پێناویدا تاسەر بژین، بەڵام من تا سەرم لەڕێی دانەنا، نەمتوانی بڵێم ئۆخەی.

مامۆستا زرار محەمەد مستەفا ڕواندزی پیاوێک لە ئەفسانە دەچێت، ئەفسانەیێک تا کۆنتر دەبێت ڕەسەنتر دەردەکەوێت، تا وردتر لێی دەڕوانین باڵای بەرزتر خۆی دەنوێنێت، تا زیتر لە دەست و پەنجەی ڕادەمێنین گوێمان لە ئاوازی بە جۆشتر و بە خرۆشتر دەبێت.

ئەمە چ قەدەرێکە دەبێت پیاوێک لە ناوەڕاستی ڕواندز لە یەک کاتدا ڕوو لە زۆزک و هەندرێن و لووتکەی کۆڕەک بێت، پێمان بڵێت هونەری ڕەسەنی مۆسیقای کوردی وا لە دەشت و کێو و بن گرد و گردۆڵکەکانی کوردستانەوەیە.

ئەی ئەمە چ قەدەرێکە ناڵەی لە سەربان کەوتنە خوارەوەی لە دوای نیوەشەوێکی ئەنگوستەچاودا لە خەو ڕامان چڵەکێنی و کەس نەبێت فریای بکەوێت، تۆ بڵێیت ئەو شەوە ئەگەر برازاکەی بەو درەنگانی شەوە نەگەڕابووایەوە کەس گوێی لە ناڵە ناڵی ئەو کێوە بووایە.

ئەمە چ قەدەرێکە وای کرد لە نەخۆشخانەی سۆران کەس فریای نەکەوێت، کەسێک نەبێت باوەشی پێدا بکات و لانیکەم بۆ چەند ڕۆژێک ژیانی وەبەر بێنێتەوە و نەهێڵێت ئاوا بە ناسۆری بمرێت، مردنێک هەر بە ڕێگاوە، مردنێک هەر لە نێو ئامبولانسدا.

**سەرنووسەر**



# ڕابەری هونەر «زرار محەمەد مستەفا»

# هونەرمەند و پەروەردەکار و کتێب دۆست و کەسایەتیی هەڵکەوتووی کوردستان

لە ئەیلوولی (١٩٣٧)دا لە بنەماڵەیەکی خانەدان و ناسراوی شاری ڕواندزێ هاتووەتە دونیایێ. کورد گوتەنی: «پێ و قدومی بۆ نەتەوەکەی و بنەماڵەکەی خێر بووە»

لەساڵی (١٩٤٤)دا لە (قوتابخانەی پاشای گەورە)وە چووەتە بەر خوێندن و لە قۆناغی سەرەتاییدا، مامۆستایان (برایم ئاغا) و هونەرمەند (مونیر قەساب) وانەیان پێ گوتووە. دواتریش لە (قوتابخانەی باتاسی سەرەتایی تێکەڵاو)دا قۆناغی سەرەتایی تەواو کردووە.

جارێکی دیکە گەڕاوەتەوە ڕواندز و لە (قوتابخانەی ناوەندیی کوڕانی ڕواندز)دا قۆناغی ناوەندیی تەواو کردووە.

لە (١٩٥٧)دا بۆ خوێندنی قۆناغی ئامادەیی، چووەتە هەولێر و هەر لەو ساڵەدا باوکی کۆچی دوایی کردووە و ئەرکی بەڕێوەبردنی ماڵیشی کەوتووەتە ئەستۆ.

لە هاوینی (١٩٥٨)دا بڕوانامەی ئامادەیی وەرگرتووە و سێ مانگ چووەتە (خولی هاوینەی مامۆستایان)و هەر هەمان ساڵ بەکاتی لە گوندی (دەربەند-ڕایات)ی سەر بە قەزای چۆمان دامەزراوە.

لە (١٩٥٩)شدا لە هەمان قوتابخانە دەستبەکار بووە و بووەتە بەڕێوەبەری قوتابخانەکە.

لە ناوەڕاستی پەنجاکانی سەدەی ڕابردوودا تێکەڵی سیاسەت بووە. لە (١٩٥٦)دا چووەتە ڕیزەکانی ڕێکخراوی یەکێتیی قوتابییانی کوردستان و لە (١٩٥٧)یشدا بووەتە ئەندامی پارتی دیموکراتی کوردستان.

لە (١٩٦١)دا گوازراوەتەوە ڕواندز و لە (قوتابخانەی ڕواندزی سەرەتایی کوڕان) بوویتە مامۆستا. لە ڕێکەوتی (١٠/ ٦/ ١٩٦٣)دا بوویتە پێشمەرگە و لە دەڤەرەکەدا





کادیرێکی لێهاتوو بووە. تا ساڵی (١٩٦٥) پێشمەرگە بووە و هەر لەو ساڵەشدا سێ مانگ لە بەندیخانەی هەولێر گیراوە. پلەی حیزبایەتیی تا بەرپرسی ناوچەی ڕواندزی پارتی دیموکراتی کوردستان هەڵکشاوە. کە لە بەندیخانە ئازاد کراوە، سەروکاری لەگەڵ هونەردا گرێ داوە.

لە ساڵانی (١٩٧١ – ١٩٧٤)دا لەگەڵ هاوڕێکانیدا، یەکەم (تیپی مۆسیقای ڕواندز) کە سەر بە یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان بووە، دامەزراندووە. بەشدارییان لە سەرجەم چالاکییە هونەرییەکان و ئاهەنگەکان و شانۆگەرییەکان کردووە و ڕۆڵی کارایان هەبووە.

لە (١٩٧٤)دا لە گەلاڵە، کتێبخانە و ماڵەکەی سووتاوە و ئەرشیف و دەستنووس و شتی بەنرخی خۆی و باپیری لەناو چووە. هەر لەم ساڵەدا ئاوارەی ئێران بووە و لەوێدا لە ئۆردوگای زیوە بووەتە مامۆستا و بەڕێوەبەری (قوتابخانەی زمناکۆ). ساڵی (١٩٧٥) لە ئاوارەیی گەڕاوەتەوە و ئەو چەند ئامێرە میوزیکییەی لەگەڵ خۆیدا بردبوونییە ئێران، دەیانهێنێتەوە و دوای ماوەیەک وەکو بەردی بناغەی ئەو شۆڕشە هونەرییەی دەستی پێکرد، سوودی لێ بینیون.

لە هاوینی (١٩٧٦)دا بۆ ماوەی چوار مانگ لە سلێمانی، لە خولی (کاری دەستی) بەشدار بووە و سوودی زۆری لێ بینیبوو. لە ڕێکەوتی (١٩٧٧/٧/١)دا (تیپی مۆسیقای پاشای گەورە)ی دامەزراندووە، کە دواتر تیپەکە بووەتە ناو و قوتابخانەیەکی مەزن. هەر لەم ساڵەشدا، لەگەڵ چەند مامۆستا و ڕۆشنبیرێک (کۆمەڵەی هونەر و وێژەی کوردی- لقی ڕواندز)یان دامەزراندووە و مامۆستایان کردووە بە یەکەمین سەرۆکی کۆمەڵەکە.

مامۆستا زرار، لە کوێدا دەرچەیەکی بۆ کوردایەتی و نیشتمانپەروەری دۆزیبێتەوە، هەنگاوی بۆ هەڵهێناوە؛ لەگەڵ دەستپێکردنەوەی شۆڕشی نوێدا، لە (١٩٧٨)دا پەیوەندیی بە ڕیزەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە کردووە و لە ڕێکخستنەکانی ئەو حیزبەدا کاری کردووە.

"لە (١٩٨٦)دا تیپی شانۆی (شەهید شلێر)ی دامەزراندووە؛ وەک ئەکتەر و دەرهێنەر بەشداری لە زیاتر لە (٣٠) شانۆگەری کردووە"

* لە ڕۆژگاری پڕ مەترسیی حوکمی بەعسدا، ئازایانە بە نهێنی چەندین بەرهەمی گۆرانی و سروودی بۆ هونەرمەندانی شار و شاخی باشوور و ڕۆژهەڵات تۆمار کردووە

لە (١٩٨٠)دا لە قوتابخانەکانی ڕواندزدا ڕاهێنەری سروود و مۆسیقا بووە. لە ساڵانی هەشتادا، دەیان بەرهەمی گۆرانیی جوانیان لە ڕادیۆ و تەلەفزیۆنی عێراق بڵاو کردووەتەوە و، تیپەکە بوویتە یەکێک لە بەناوبانگترین تیپەکانی کوردستان و عێراق.

لە (١٩٨٥)دا (ئۆرکێسترای تیپی مۆسیقای پاشای گەورە) بۆ یەکەمین جار لەسەر ئاستی کوردستان، چەندین بەرهەمی میوزیکی جیهانیی، لە هەولێر پێشکەش کردووە.

لە (١٩٨٦)دا تیپی شانۆی (شەهید شلێر)ی دامەزراندووە؛ وەک ئەکتەر و دەرهێنەر بەشداری لە زیاتر لە (٣٠ ) شانۆگەری کردووە.

لە ڕۆژگاری پڕ مەترسیی حوکمی بەعسدا، ئازایانە بە نهێنی چەندین بەرهەمی گۆرانی و سروودی بۆ هونەرمەندانی شار و شاخی باشوور و ڕۆژهەڵات تۆمار کردووە.

لە (١٩٩١)دا دوای ڕاپەڕین یەکەم تیپ بووە، کە ئاهەنگیان گێڕاوە لە سۆران و ڕواندز، کە تێیدا مام جەلال و مەسعوود بارزانی و دەیان سەرکردەی دیکە بەشدار بوون. لەدوای ڕاپەڕین دەیان ئاهەنگ و چالاکیی هونەری و کۆڕی ئەدەبی و پێشانگای شێوەکارییان بەڕێوە بردووە.

لە ژیانی مامۆستایەتیدا، وانەی هونەر و سروود و زمانی ئینگلیزی گوتووەتەوە،

بەردەوام هاوینانیش خۆبەخش خولی جۆراوجۆری بۆ قوتابییان کردووەتەوە. وەکو خولەکانیی: (فێربوونی مۆسیقا، شێوەکاری، خەتخۆشی، ...).

لە ساڵی (٢٠٠٢)دا (سەنتەری نما) پەیکەرێکی شایستەی بۆ دروست کرد، کە ئەوکات یەکەم هونەرمەند بووە لە ئاستی عێراق و کوردستان، کە بە زیندوویی پەیکەری بۆ دروست کرابێت.

لە دروستکردنی (دەستەی داکۆکیکردن لە ئەنفالکراوەکانی ڕواندز) لەگەڵ بووە و کاری کردووە.

یەکەمین کەس بووە لە ناوچەکەدا، کە خولی فێربوونی مۆسیقای بۆ برا ئاشوورییەکانی دیانا کردووەتەوە.

لە (٢٠٠٥)دا ماوەیێک بەرپرسی بەشی مۆسیقا بووە لە دەزگای زاری کرمانجیدا.

لە ڕێکەوتی (١١/١١/ ٢٠٠٩)دا لەگەڵ کۆمەڵێک ڕۆشنبیری ڕواندز، (ڕێکخراوی هاوڕێیانی کتێب)ی دامەزراندووە و وەکو خۆبەخشێک، ڕۆڵی سەرەکیی لە کردنەوەی نزیکەی (١٦) کتێبخانەدا هەبووە، لە سنووری قەزاکانی: (ڕواندز، سۆران، چۆمان، شەقڵاوە) هەر لەگەڵ ڕێکخراوەکەدا بەشدار بووە لە دروستکردنی (کتێبخانەی گەڕۆک)و بەڕێوەبردنی پرۆژەی هونەریی (هاوڕێیانی ڕەنگ).

لە ڕادیۆی مەڵبەندی شەشی سۆران لە ڕواندز، کاری هونەری و دەرهێنانی کردووە. خاوەن ئیمتیازی گۆڤاری (ئاراستەی نوێ) بووە. نووسەر و وەرگێڕ بوو، چەندین بەرهەمی شانۆیی کردووە بە کوردی و چەند بەرهەمێکی دەستنووسیشی هەیە لە بواری وەرگێران، لە زمانەکانی عەرەبی و ئینگلیزی. خاوەن دوو بەرهەمی چاپکراوە.

لە ژیانیدا پێنج نەوەی لە بواری هونەری مۆسیقادا پێگەیاندوون، کە بەشێکیان ئەمڕۆ لەسەر ئاستی کوردستاندا، ناوی گەورە و دیارن. دوو ساڵیش خۆبەخشانە لە (پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی ڕواندز)دا وانەی مۆسیقای گوتووەتەوە.

لە بەرامبەر ئەو مێژووە درەوشاوە و



خەباتە مەزنەیدا، چەندین جار لەسەر ئاستی حکومەت و حزب و ڕێکخراو و سەندیکا و کۆمەڵە و فیستیڤاڵ و دامەزراوەکاندا خەڵات و ڕێزلێنانی پێشکەش کراوە.

ئەو مرۆڤە سەرکەشەی، کە کارەکتەری سەرەکیی نێو ڕەوتی مێژووی (٦٠) ساڵی ڕابردووی دەڤەرەکە و شاری ڕواندز بووە، کاریگەرییەکەشی بەسەر داهاتوودا هەر دەمێنێتەوە، لە بەرەبەیانی ڕۆژی (٧ی کانوونی یەکەمی ٢٠٢١)دا بۆ هەتاهەتایە بارگەوبنەی خۆی پێچایەوە وماڵئاوایی لە ڕواندز و کوردستان کرد!

لێ، ناو و مێژووە پرشەنگدارەکەی وەک خەرمانەی دەوری مانگ، دەوری ناو و پێگەی ئەم شارەی داوە.

*** ئەم بابەتە لە نامیلکەی ( ئەو کۆچەی ژیان لە بیری ناچێتەوە) وەرگیراوە، کە نامیلکەکە لەلایەن (دادیار ئازاد)ەوە بە بۆنەی چلەی مامۆستا ئامادەکراوە.**





# «دەڵێن کوا منداڵت

# دەڵێم هەموو دونیا هی منە»

مامۆستا زرار ناوێکە لەناو هونەری کوردی، لەم دیمانەیەدا تیشک دەخاتە سەر ڕەسەنایەتی هونەری کوردی، جگە لەوەش ئاماژە بۆ بەهرەی هونەری دەکات، کە هەر لە منداڵییەوە لەگەڵیدا گەورە بووە، بەشێوەیێک ئەو عیشقەی دەخاتەڕوو کە بۆ هونەری هەبووە، عیشقێک کە دونیای لێ دەپێچێتەوە و بێبەری دەکات لە سۆزی ژن و منداڵ.

**دیداری/ سالار کۆشار**

**«من هەست بەسەر لێ شێوانێک دەکەم، هەرچی گوێی لێدەگریت ئاوازەکە تورکیە، بەڵام گۆرانییەکە کوردیە»**

*** هونەری ئێستا لەگەڵ هونەری پێشوو جیاوازیەکانیان چییە؟**

- هونەری ئێستا بەتایبەتی هونەری گۆرانی، ناتوانم بڵێم مۆسیقا لەبەر ئەوەی مۆسیقا تاکو ئێستا بەداخەوە دەڵێم وەکو کورد هونەری مۆسیقامان نییە، بەتایبەتی هونەری مۆسیقای ئامێرەکان، تەنیا چەند کارێکی ئاسان و چەند کارێکی بابڵێین سووک کراو، یان هەوڵدانێکمان هەیە، بەڵام وەکو پێویست نەکراوە بڵێین بگەینە ئاستی سیمفۆنیا و ئاستێکی پێشکەوتوو، یان مۆسیقای خۆراوایی، بۆیە کە باسی مۆسیقا دەکەین، مەبەستم مۆسیقا نییە، چونکە تاکو ئێستا ئامێری مۆسیقای نییە، نەگەیشتووینەتە ئەو ئاستەی کە بڵێین ئەوە مۆسیقای کوردیە.

سەبارەت بە گۆرانی، لەکاتی خۆیدا گۆرانییەکان و گۆرانیبێژەکانی ڕەسەن بوون خوالێخۆشبووان عەلی مەردان و مامۆستا تایەر تۆفیق و حەسەن زیرەک و محەمەدی ماملێ، ئەو کەڵە گۆرانیبێژ و هونەرمەندانە گۆرانیان دەگوت، هەر حەزت دەکرد گوێ لە ئاواز و گۆرانیەکانیان بگریت، چونکە مۆرکی کوردەواریان پێوەبوو. ئەگەرچی مۆسیقای عەرەبی و ئێرانی هەندێک کاری لەگۆرانییەکانیان کردیە، بەڵام ڕەسەنایەتییەکەیان پاراستووە، لەبەر ئەوەی لەفۆلکلۆر هەڵێنجراوە، بەتایبەتی حەسەن زیرەک قوتابخانەیەکی تایبەتیە لەگۆرانی فۆلکلۆریدا کە ئێستاشی لەگەڵدا بێت ناتوانن، هیچ کەسێک نەیتوانیوە بەقەد حەسەن زیرەک گۆرانی خۆش بڵێت، ئەوە ڕاستیەکەو ناتوانین نکۆڵی لێبکەین.

خاڵێک لەهەمووی گرنگتر، جاران کە گەنج بووین کە گوێمان لەو گۆرانیانە دەگرت یەکسەر وەرمان دەگرت بەئاواز و بەهەموو شتەکانییەوە بەشیعرەوە، لەبەر ئەوەی شیعرەکانی هەموو هی شاعیرە بەرزەکانی کورد بوون، ئاوازی فۆلکلۆریان دەهێنا، ئەو شیعرانەیان لەگەڵ دەگونجاندن.

*** یانی سوودیان لەفۆلکلۆر وەرگرتووە؟**

- سوودی زۆریان لەفۆلکلۆر وەرگرتیە، بۆیە بەقەناعەتی خۆمەوە دەڵێم ئێمە ئەگەر بمانەوێ بنەمای گۆرانی کوردی دابنێین، دەبێ بگەڕێینەوە سەر فۆلکلۆر، ئەگەرنا وەکو ئێستا ئەو بەرەڵڵاییە و ئەو تێکەڵاوییەی کە کەوتیتە ناو گۆرانی و مۆسیقای کوردەواری، بەردەوام دەبێت.

من هەست بەسەر لێ شێوانێک دەکەم، هەرچی گوێی لێدەگریت ئاوازەکە تورکیە، بەڵام گۆرانییەکە کوردیە، سەیر دەکەی ئاوازەکە یۆنانیە گۆرانی و شیعرەکە کوردیە، باوەڕت بێ زۆر جار کە گوێ لەمۆسیقایەک دەگرم، هەست دەکەم گۆرانیبێژێکی بیانییە، فارسی، یان عەرەبی، یان تورکی، یان یۆنانیە، کەچی گوێی لێ دەگرم کوردیە، یانی تەنیا شیعرەکە کوردیە.

*** تۆ پێت وایە شێوازە کوردییەکەی بزر بوو؟**

- دەزانی لەبەر چی وایە؟ خاڵی هەرە گرنگیان بازرگانییە، یانی بازرگانی بەگۆرانی کوردییەوە دەکرێت، لەگەڵ ڕێزم بۆ ئەو برا هونەرمەندانەی کە تازە پێڕا دەگەن ئەو هونەرمەندە لاوانە ئەوەی لەپڕێک دەبنە کوڕێک، یانی لە ناکاو هەڵبدات و بەمانگێک ببیت بەباشترین هونەرمەند، پەنجە لەپەنجەی هونەرمەندە بەرزەکان بدات، کەچی

واش نییە.

دەبێت هەنگاو بەهەنگاو بۆی بچێت، نەک بە یەکجار دەست بۆ هەموو شتێک ببات، تەنیا بۆ چوونە پێشی خۆی، بۆ خۆپیشاندان، بۆ نموونە دوو گۆرانی باش، پێموابێت لەسەد گۆرانی خراپ باشترە.

کاتی خۆی تیپی پاشای گەورەم دامەزراند، یەکەم کەس بووم، گوتم: نابێت هیچ ئاوازێک دابنرێت، بەرهەمی یەکەمم گوێی لێبگرین سەدی نەوەد و نۆی هەمووی فۆلکلۆرە.

*** کەواتا یانی تەنیا سوودتان لەفۆلکلۆر وەرگرت؟**

- بەڵێ ئێمە سوودمان لەفۆلکلۆری ناوچە کوردییەکان وەرگرتییە، زۆر بەئاسانیش دەچێتە ناو گوێ و مێشک و دەروونی هەموو خەڵکێکی، بۆیە خەڵکی زۆر بەخۆشییەوە شتەکانیان وەرگرت، دەتوانم بڵێم یەک لەخاڵەکانی سەرکەوتنی تیپی پاشای گەورە، کە زوو سەریهەڵدا ئەوەبوو کە بناغەکەی لەسەر فۆلکلۆر بوو.

*** مامۆستا باسی شێوازت کرد، چۆن بتوانین شێوازی کوردی لەمۆسیقاو گۆرانی کوردیدا بدۆزینەوە؟**

- بەڕای من هەر وەکو پێمگوتی، ئێمە کاتی خۆی مۆسیقایەکی زۆر سادە و ئاسانمان هەبوو، کە بریتی بوو لەشمشاڵ و شمشاڵژەن، دووەمین ساز، یان تەمبوور، تەمبوور هەر لەزەردەشتییەوە بۆ ئێمە ماوەتەوە، هەرچەندە نەتەوەکانی دیکە لە ئێمەیان بردییە، هەرچەند بەقووڵایی مێژوودا بچینە خوارێ دەبینین ئەو تەمبوورە کوردییە، لەبەر ئەوەی زەردەشت سروودەکان و نوێژکردن و هەمووی بەهۆی ئەو تەمبورەی بووە، ئەوجا ئێمە ئەو ئامێرە ئاسان و سادانە نەمانتوانی سوودیان لێوەربگرین، کە گونجاندنیان تەنیا لەگەڵ گۆرانییە سووکەکان بووە، یان لەگەڵ گۆرانییە فۆلکلۆرییەکان، بەداخەوە لەکاتی خۆیدا نەنووسراوەتەوە، دەماودەم یەک لە یەکی وەرگرتییە، یەک بۆ یەکی گێڕاوەتەوە، ئەوەیە بۆ ئێمە ماوەتەوە، نەک وەکو وڵاتە خۆراواییەکان کە چۆتە نێو چوارچێوەیەکی زانستی و وەکو نۆتە نووسیویانەتەوە، ئەوە خاڵێکی زۆر گرنگە، ئێمە نەمانتوانی تائێستاش مۆرک و شێوازی کوردەواری لەگۆرانییەکانماندا بپارێزین.

دووەمین ئەگەر مۆرک و شێوازی کوردەواری لەناو گۆرانییەکان مابێت تەنیا لەفۆلکلۆردا ماوە من خۆم کاتێک گوێ لەگۆرانییەکی فۆلکلۆری دەگرم تەواو هەست بە کوردییەکەی دەکەم

*** دیارە فۆلکلۆریش ئەدەبی گەلە و هونەری نەتەوەیە؟**

- ئەدەبی گەلە و هونەری نەتەوەیە بۆچوونێک هەیە دەڵێت: هونەر پێش ئەوەی جیهانی بێت نەتەوەییە، ئێمەش هەمیشە لەنەتەوەی خۆمانەوە، لەوێوە دەست پێنەکەین، هیچ ناکرێت، ئەگەرچی شتێکیش هەوڵدراوە، بۆ نموونە ئێمە پار چووین لەگەڵ بەڕێز هونەرمەندی خۆشەویست مەزهەری خالقی دانیشتین خەریک بوو لەئەنستیتۆی کورد بگەڕێین، یانی لە دێیەکان شتمان بۆ دابین بکەن، ئەو شتە فۆلکلۆریانە لەپیاو و ژن و بەساڵاچووەکان وەربگرین، چونکە ئەوان گوێیان پاکە و تاکو ئێستا وەکو خۆی ماوەتەوە، ئەگەر بتوانین لەو ڕێگەیەوە لە دێیەکانەوە بتوانین شێواز و مۆسیقای کوردەواری بدۆزینەوە.

*** باشە مامۆستا دەڵێن ڕەسەن، بەرهەمی ڕەسەن، ڕەسەن لەچیدا لەشیعر، یان لە ئاواز، یان لەمۆسیقا، یان لە دەنگ؟**

- بەڕای من ئەگەر گۆرانی بێت ڕەسەنەکە دەبێت لەمۆسیقاکەی، یان لەئاوازەکەیدا بێت، ئەگینا شیعر لایەنێکی تایبەتی خۆی هەیە.



**"ئەو ژیانە زۆر درێژەی کێشا، کەوتمە ناو سیاسەت و پێشمەرگایەتی و سەرا و دەراوی زۆرم دیت، ئەو هەویرە زۆر ئاو دەکێشێ"**





> "کاتی خۆی تیپی پاشای گەورەم دامەزراند، یەکەم کەس بووم، گوتم: نابێت هیچ ئاوازێک دابنرێت، بەرهەمی یەکەمم گوێی لێبگرین سەدی نەوەد و نۆی هەمووی فۆلکلۆرە"

*** یانی هەر چوار بەشەکە، دەبێت باڵای وەک یەک بێت؟**

- دەبێت لەیەک نزیک بن، دەبێت هەوڵ بدەی شیعری باش، شیعری هەڵبژاردە، ئاوازی باش و ڕێکوپێک، جگە لەوەی ئەو گۆرانیبێژەی کە گۆرانییەکە دەڵێت، گۆرانیبێژێکی بەتوانا بێت دەربڕینی ئەدای بەهێزبێت، بۆ دەڵێین حەسەن زیرەک هونەرمەندێکی بەتوانا بوو، لەبەر ئەوەی ئەوەندە دەسەڵاتی بەسەر دەنگی خۆیدا هەبوو، بەهەر شێوەیەک بووایە دەیگووتەوە، بەڵام هەیە گۆرانییەکە دەڵێتەوە کەچی دای دەبەزینی، بۆ؟ چونکە ناتوانێت وەکو ئەو بیڵێتەوە، محەمەدی مامڵێ و هەموو گۆرانیبێژە کۆنەکان.

*** باشە مامۆستا ئەگەر بگەڕێینەوە سەر خۆت ئەو عیشقە چی بوو وایکرد مامۆستا زرار بێتە مەکۆی هەموو شتە جوانەکان، یان ئەم چاوگە گرنگەی دەیان هونەرمەندی تێدا پەروەردە بێت، ئەوانیش ببنە دەروازەیێک بۆ نەوەیەکی دیکە؟**

- یەکەمین شت سایکۆلۆژیەت، من هەر لەمنداڵییەوە هەستم کردیە بەهرەیەکی هونەریم هەبووە، بەڵام بەداخەوە، لایەنی کۆمەڵایەتی و زۆر شت هەبوون کە ڕێگایان لێم گرتییە، نەمتوانیوە زیاتر پەرە بەخۆم بدەم و بڕوانامەی ئەکادیمیا وەرگرم و توێژینەوەی ئەکادیمیمان هەبێت، ئەوە زۆر دوور ئەکێشێت کە باسم کرد، بەڵام من هەر لەمنداڵیەوە کە لەقوتابخانەی سەرەتایی بووم لەقوتابخانەی ڕواندزی سەرەتایی کە ئێستا بە پاشای گەورە بەناوبانگە، هەمیشە گوێم لەگۆرانی و ئاوازی خۆش دەگرت، جا نازانم سرووشتی شارەکەی ئێمە وابووە یان حەزم هەبووە بۆ گۆرانی جا هەرکەسێک هونەرمەند بێت هەستێکی ناسکی هەیە، دەتوانم بڵێم ئەوە یەکەمین خاڵ بووە، دووەمین کە گەورە بووم گەیشتمە ڕادەیەک، بەتایبەتی لەشەستەکان و حەفتاکاندا هەستم کرد شاری ئێمە شاری ڕواندزێ لەڕووی هونەریەوە زۆر کز بووە، دەتوانم بڵێم ئەوە خاڵی سەرەکی بوو، کە منی هانداوە بۆ خاتری ئەوەی بچم لەهەموو بوارەکانی هونەردا کاربکەم، بەر لەهەموو شتێک خۆشنووسی، بواری نیگارکێشان و شێوەکاری، شانۆ، لەدوای هەمووشیان مۆسیقا، ئەوە یەکەمین خاڵ بووە کە هانی منیدا بتوانم خۆم بکەمە پردێک بۆ ئەوەی نەوەی داهاتوو بتوانن چێژ لەو هونەرانە وەربگرن و شارەکەی ئێمەش



بچێتە ڕێزی شارەکانی دیکە، سەرەڕای ئەوەش لەهەمووی گەورەتر خۆشەویستی نەتەوەی خۆم و خۆشەویستی وڵاتی خۆم کە کوردستانە، ئەوەش هانیدام کە بەڕاستی خۆم بکەمە پردێک بۆ ئەو لاو و هونەرمەندانەی تازە پێگەیشتوون، ڕێگایان پێشان بدەم کە بتوانن خزمەتی شار و نەتەوەی خۆیانی پێ بکەن.

*** باشە ئەو خوێندکارانەی لەبەردەستی تۆدا وەکو خوێندکاری مۆسیقی پەروەردە بوون، گەیشتوونەتە ئەو ئاستەی کە تۆ ویستووتە، یان بەپێچەوانەوە؟**

- دەتوانم بڵێم گەیشتینە ئاستێکی وا، حەزیشم دەکرد بگەنە ئاستێکی لەوەش بەرزتر، زۆرجاریش لەوانەیە ئامۆژگاریم کردبن کە ئەگەر بواریان بۆ ڕەخسا هەلیان بۆ هەڵکەوت بچن بخوێنن، ئەگەرچی بەشی زۆریان پەیمانگەی هونەرە جوانەکانیان تەواو کرد، بەڵام هێشتا دەبووایە بخوێنن، وابزانم ئێستا کاکە ئامانج خەریکی خوێندنە، هەر لێرەشەوە داوا لەحکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەم ڕێگا بۆ ئەو لاو و هونەرمەندە لێهاتووانە خۆش بکات لەبواری مۆسیقادا زیاتر بخوێنن.

*** من یەک پرسیارم ماوە دیارە تۆ لە عیشقە**

**دێرینەکەی هونەردا گەیشتویتە ئەو ژوانەی کە ویستووتە، کۆمەڵێک شتت کردووە، بەڵام بۆ لەعیشقی ژیاندا ساردبوویەوە و نەتتوانیوە خێزانێک دروست بکەیت؟**

– ئەوەی ڕاستی بێت ئەو پرسیارە بابڵێین بەکوردی خۆمان ئەو هەویرە زۆر ئاوی دەکێشێت چونکە زۆر لقی لێ دەبنەوە و زۆر پەلوپۆی هەیە یەکەمیان ئەگەڕێتەوە سەر پەروەردەکردنی خۆم و پەروەردەکردنی ناو خێزان و باری خێزانی و کەوتنە ناو ژیانێکی سەخت، من هەر لەسەرەتادا، پێش ئەوەی لە ئامادەیی دەربچم باوکم کۆچی دوایی کرد، ئیدی کەوتمە ناو باری خێزانی دایکم و خوشکم و براکانم، نامەوێ درێژە بەوەی بدەم، تەنیا ئەوەندەیە کە بۆ بەخێوکردنی ئەوانە کەوتمە دوای کرێکاری، کرێکاریم کردووە بەزستانانیش خوێندوومە، دواتر دەرچووم و گەیشتمە ڕادەیەکی وا کە بتوانم بەخێویان بکەم بوومە مامۆستا دەرامەتی ئەوەم نەبووە بچم ژیانی خێزانی پێکبهێنم.

دووەمینیش ئەو ژیانە زۆر درێژەی کێشا، کەوتمە ناو سیاسەت و پێشمەرگایەتی و سەرا و دەراوی زۆرم دیت، ئەو هەویرە زۆر ئاو دەکێشێ، نامەوێ ئەوەش بکەمە پاساو بەڕاستی جاریش هەبووە بوارم بۆ ڕەخسایە، بەڵام کە کەوتمە ناو هونەر بەڕاستی عیشقی هونەرەکە هەموو شتەکی لەبیر بردمەوە، یانی باوەڕت هەبێت ئەوە بەدڵنیاییەوە دەڵێم: عیشقی هونەر، کارکردن لەبواری هونەریدا هەموو شتێکی لەبیرم بردەوە، عیشقی هونەر هەموو ژیانمی داگیرکرد، بەڕاستی هیچ بۆشاییەکی نەهێشتۆتەوە کە بتوانم ژیانی خێزانی پێکبهێنم، پاش ئەو تەمەنەش وابزانم شتەکی ئەوەندە باش نییە، بەپیری بچمە بەر هەویری، هەم ستەم لەو منداڵانە دەکەم، هەم ستەم لەو ژنەی دەکەم کە دەیهێنم پاش ئەو تەمەنەی.

*** بەڵام مامۆستا تۆ شتێکت کرد وەکو بڵێم باخێکی پڕ گوڵت ڕواند کە قەت قەت لەبیرناکرێت؟**

– بەڕاستی شانازی بەدوو شت دەکەم یەکیان کە توانیتم تاکو ئێستا خزمەتی هونەری میللەتەکەم بکەم، دووەمیش خزمەتی ڕۆڵەکانی شاری خۆم بکەم، بەو ڕادەیە ئاستییان بەرز بکەمەوە کە لەهەندەرانیش باسی شارەکەی من بکەن، وەکو



ئەوە وایە باسی من دەکەن. دەڵێن کوا منداڵت، ئەڵێم کاکە هەموو دونیا هی منە، بەڕاستی ئێستا من ئەو هونەرمەندە خۆشەویستانەی کە لەبن دەستی من پێگەیشتینە، من هەمیشە بە پارچەیێک لەخانەوادەی خۆمیان دادەنێم.

*** پرسیاریان لەحاجی قادری کۆیی مەزنیش کردبوو گوتبوویان: کوا منداڵ و خێزانت، گوتبووی شیعرەکانم هەر یەکێ منداڵێکن، بەڵام تۆش هونەرەکەت؟**

– ڕێک وایە ڕاستییەک هەیە بەڕاستی زۆر کەس بەمن دەڵێن کەسانی سادە و نەزان و ئەوانەی بەدوای پارە و پول و مادە و شتی وا کەوتوون، کوا خانووت، کوا ئۆتۆمبێلت، ئەوەندە ساڵەی تۆ خەریکی هونەریت، دەڵێم: کاکە نەک هەر کوردستان، بەڵکو هەموو ئەورووپاش هی منە، من واهەست دەکەم ئێستا دڵی من پڕە.

ڕۆژێک لەڕۆژان فاروق هەیە حاجی باپیر، دادەنیشم لە تەلەفزیۆنی ئەیبینم سەرپەرشتی ئەو تیپەی دەکات، وەڵڵا وادەزانم هەموو ئەو دەزگایە هی منە هەموو ئەورووپا.

**• ئەم چاوپێکەوتنە لەکۆتادی ساڵی ٢٠٠٦ لە (گەلی ئاکۆیان) لەمیانی بەرنامەیەکدا بۆ تەلەفزیونی گەلی کوردستان -هەولێر تۆمار کراوە .**



سالار کۆشار و زرار محەمەد



# نازانم چۆن و لە کوێوە دەست پێ بکەم

یەکەم ناسین و پەیوەندیی بەندە و مامۆستا زرار لە (١٩٦٢/١٢/٩) دەست پێ دەکات. ئەوکات من لە قوتابخانەی دیانا، مامۆستای وانەی سروود و مۆسیقا بووم. سەرەتا پەیوەندییەکەمان سیاسی و حزبی بوو، لە ڕیزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستاندا، کارمان دەکرد. من بەرپرسی ناحیەی دیانا بووم، لەگەڵ مامۆستا زراریشدا ئەندامی ناوچەی ڕواندز بووم.

بۆ مێژوو دەیڵێم، مامۆستا زرار کادیرێکی ئازا و بوێر و چالاک بوو، زۆر بەپەرۆشییەوە هەموو ئەرکەکانی خۆی لێبڕاوانە و بەبێ سڵکردنەوە ئەنجام دەدا، بۆیە بوو بە کەسایەتییەکی خۆشەویستی ناوچەکە و هەمووان ڕێزیان لێ دەگرت. کاتێک هونەرمەند مامۆستا زرار دەهات بۆ دیانا، زۆرجار لە دانیشتنە حزبی و تایبەتییەکاندا، لە پەرۆشیی ئەوەدا بوو، بتوانێت زۆرترین زانیاری لەسەر سرووودە کوردییەکان و تیۆرەکانی مۆسیقادا شارەزا بێت. گفتوگۆی زۆری لەسەر دەکردن و دەینووسینەوە؛ واتە هەر لە کۆنەوە خولیای ئەم بابەتە بوو کە دواتر، ئەوەی مەبەستی بوو بە ئەنجامی گەیاند.

شایەنی باسە نیگارکێشێکی باشیش بوو، دەستێکی باڵای لە خۆشنووسیشدا هەبوو، بۆیە ئەو ڕۆحیەتە پڕ لە هەست و دڵسۆزی و پەرۆشییەی هەیبوو، بۆ خزمەتکردنی ناوچەی ڕواندز، وەکو ئەرکێکی نەتەوەیی کاری بۆ دەکرد. خولیای پێکهێنانی تیپێکی مۆسیقا بوو لە ناوچەکەدا. دواتریش بەکردەوە سەلماندی؛ ئەوەش بە پێکهێنان و دامەزراندنی (تیپی مۆسیقای پاشای گەورە) لە ڕواندز، کە بوو بە یەکێک لە تیپە مۆسیقاییە ناودارەکانی کوردستان و، ڕۆڵێکی بەرچاوی لە خزمەتی هونەری گۆرانیی و مۆسیقای کوردیدا هەبوو و، کۆمەڵێک هونەرمەندی لاوی بەتوانا و بەهرەدار و ناوداریان تێدا هەڵکەوت. ئەم کارە پیرۆزەی مامۆستا زرار هەروا بەئاسانی نەهاتە دی! سەرەتا بە کردنەوەی خولێکی فێربوونی مۆسیقا، بۆ کۆمەڵێک خوێندکار و لاوی شارەکەی دەستی پێکرد. ماندووبوونێکی بێ ئەندازەی دیت، زۆربەی ئەرک و بەڕێوەبردنی خولەکەی لە ئەستۆی خۆی گرتبوو، ئەمەش کارێکی سانا نییە و بە کەم کەس دەکرێت. سەرەڕای ئەمە مامۆستا زرار بۆئەوەی زۆرترین زانیاری وەربگرێت و سوودی زیاتر بە خولەکە بگەیەنێت، بەردەوام لەگەڵ گشت مۆسیقییەکانی شارەکانی دیکەی کوردستان لە پەیوەندیدا بوو. بۆ نموونە چەندین جار سەردانی تیپی مۆسیقای سلێمانی کردووە، هەمووشی لەسەر ئەرکی خۆی بووە.

لەگەڵ بەندەشدا بەردەوام پەیوەندیمان هەبووە و هاوڕێیەتی و خۆشەویستیمان هەرگیز نەپچڕاوە. چەندین جار کتێبی مۆسیقا و نۆتەی گۆرانی و سرووودەکانم بۆ ئامادە و پێشکەش کردووە، هونەرمەندانی دیکەش بە هەمان شێوە. ئەمەشمان بە ئەرکی نەتەوەییمان زانیوە.



**فەرەیدون دارتاش**

> **کاتێک یەکێتیی هونەرمەندانی کوردستان لە (١٩٨٣/٨/٢)دا لە سلێمانی بەنهێنی دامەزرا، هەمان ساڵ پەیوەندیم بە مامۆستا زرارەوە کرد، زۆر بە گەرمی و پەرۆشەوە، بێ هیچ دوودڵییەک، هاتە نێو ڕیزەکانی یەکێتیی هونەرمەندانی کوردستانەوە**

یەکێکی دیکە لە ئەرکە پیرۆزەکانی هونەرمەند زرار محەمەد کە جێی خۆیەتی لێرەدا بیخەمەڕوو ئەوەیە:

کاتێک یەکێتیی هونەرمەندانی کوردستان لە (١٩٨٣/١/٢)دا لە سلێمانی بەنهێنی دامەزرا، لەو ڕۆژە سەخت و دژوارەدا، لەپێناو بەدیهێنانی مافە ڕەواکانی هونەرمەندان و یەکخستنی ڕیزەکانیان کارمان بۆ دەکرد.

بەندە هەمان ساڵ پەیوەندیم بە مامۆستا زرارەوە کرد، زۆر بە گەرمی و پەرۆشەوە، بێ هیچ دوودڵییەک، هاتە نێو ڕیزەکانی یەکێتیی هونەرمەندانی کوردستانەوە. شایەنی باسە دڵسۆزانە و چالاکانە لە ماوەیەکی زۆر کەمدا، لە شارۆچکەی ڕەواندوز، بە وریایی و زیرەکیی خۆیەوە، بەتواناترین هونەرمەندانی شارەکەی هێنایە ڕیزەکانی یەکێتیی هونەرمەندانی کوردستانەوە. ئەو ئەرکە مەترسیدارە لەو ڕۆژە سەختانەدا هەروا ئاسان نەبوو، بەڵکو بوێری و ئازایەتیی گەورەی دەویست. لە کاتێکدا مەترسی و فشارەکانی ڕژێم بۆ مامۆستا زرار و خانەوادەکەی مەترسیدار بوو. ئەمەش جێی شانازی و نیشانەی بوێریی ئەو هونەرمەندە تێکۆشەرەیە، هەر بۆیە لە یەکەم کۆنگرەی یەکێتیی هونەرمەندانی کوردستان، کە لە (١٩٩٢) لە هەولێردا بەسترا، بە کۆی دەنگ بە ئەندامی کۆمیتەی باڵای یەکێتییەکە هەڵبژێردرا.

لە هەڵوێستە جوامێرانەکانی دیکەی مامۆستادا، کە تەنیا هەندێک کەسی تایبەت و نزیکی دەیزانن؛ مافی خۆیەتی لێرەدا باسی بکەم و هەمووان لەو ڕاستییە ئاگاداربن:

کاتێک یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، گفتوگۆی لەگەڵ حکومەتی عێراقدا دەست پێ کرد، ئێمە وەفدێکی باڵای یەکێتیی هونەرمەندانی کوردستان، بەنهێنی لە (١٩٨٣/١٢/٢١)دا لە گوندی (زیخان) سەردانی مەکتەبی سیاسیی (ی.ن.ک)مان کرد، لەو کۆبوونەوەیەدا پێشنیارمان بۆ یەکێتی نیشتمانی کرد، کە: لەپێناو یەکڕیزی و هاوهەڵوێستیی گشت تێکۆشەران و خەباتگێڕانی گەلەکەماندا، با هەمووان پێکەوە داکۆکی لە مافەکانی گەلەکەمان بکەین و لاپەڕەیەکی نوێ و ئاشتبوونەوەیەکی گشتی لەگەڵ بەرەی جودی ئەوسادا ڕابگەیێنن.

ئەوەبوو لە (١٩٨٣/١٢/٢٥)دا یەکێتیی نیشتمانی کوردستان پێشنیارەکەی ئێمەیان پەسند کرد و داوایان لێ کردین بۆ ئەم مەبەستە دەست بەکار بین؛ وەفدێکی هونەرمەندان و ڕۆشنبیرانمان بۆ ئەو مەبەستە پێکهێنا، تا نێوەندگیری لەنێوان بەرەی جود و یەکێتیدا بکەین. ئەوەی گرنگە و مەبەستمە، دەبوو بۆ پەیوەندی بە بەرەی جودەوە، سەردانی دەڤەری بارزان و ناوچەی برادۆستمان بکردبایە. ئەو کاتیش ئەو ناوچانە لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە (ناوچەی قەدەغەکراو) بوون. بەندە هاتم بۆ ڕەواندوز و پەیوەندیم بە مامۆستا زرارەوە کرد و بۆم باس کرد؛ بۆ مێژوو و بەویژدانەوە دەیڵێم، مامۆستا بێ سڵکردنەوە و دوودڵی، ئامادەیی دەربڕی. لەو ڕۆژگارە مەترسیدار و سەختەدا، گوتی: «من هەموو ئاسانکارییەکی ڕۆشتنتان بۆ ئەو دەڤەرانە بۆ دەکەم.»

چەندین جار، دوو یان سێ کەس، وەکو وەفد بەنهێنی دەهاتینە ڕەواندوز و لە ماڵی مامۆستا زراردا خۆمان حەشار دەدا. مامۆستا خۆی پەیوەندیی بەو شوفێرانەوە دەکرد، کە متمانەی پێ دەکردن و شارەزای ڕێی قاچاخی دەڤەری بارزان و برادۆست بوون. پاش تەواوکردنی پەیوەندییەکان، بەنهێنی دەگەڕاینەوە ماڵی مامۆستا زرار. ڕاستییەکەی من نامەی مەکتەبی سیاسیی لایەنەکانم پێ بوو؛ ئەم کارەش چەندین جار دووبارە بووەوە.

ئەم هەڵوێستە مەترسیدارە بۆ خۆی و کەسوکارەکەی لەو ڕۆژگارە سەختەدا، دڵسۆزی و ئازایەتیی مامۆستا زرار نەبووایە، کەم کەس بوێریی ئەم هەڵوێستەی دەبوو. بۆیە چەند ستایشی هونەرمەند مامۆستا زرار بکەین، هەرگیز ناتوانین بەرامبەر بەو خەرمانە پڕ هەڵوێست و نیشتمانپەروەری و هونەرییە و نەتەوەییەی، کە لە ژیاندا لە ئەستۆی گرتبوون، مافی تەواوی خۆی پێ بدەین.



**“ هاتم بۆ ڕواندوز و پەیوەندیم بە مامۆستا زرارەوە کرد و بۆم باس کرد؛ بۆ مێژوو، بەویژدانەوە دەیڵێم، مامۆستا بێ سڵکردنەوە و دوودڵی، ئامادەیی دەربڕی ”**



مامۆستا زرار (فۆتۆ: سەعید ئەسعەد)



# زرار محەمەد مستەفا
# لە زاری خۆیەوە

ئامادەکردنی: محەمەد گۆران

**"چیرۆکی سیروان سیرینی و ئامانج غازی جیابوو لەگەڵ قوتابییەکانی دیکە، چونکە دایکوباوکی ئەو دووانە ڕێگربوون لەوەی کوڕەکانیان بچنە پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی موسڵ و بەشداری لەتیپی پاشای گەورەدا بکەن"**

### دەسپێکی کاری هونەری:

من لەبواری هونەری بەهەموو بەشەکانییەوە کەسێکی ئەکادیمی نیم و لەهیچ پەیمانگەیەکی هونەریدا نەمخوێندووە، بەڵام ئارەزوومەندێکی یەکجار زۆر شەیدای هونەر و جوانیم بەهەموو بەشەکانییەوە. هەر لەمنداڵییەوە کە چوومە قوتابخانە و پێنووسم گرتە دەست لەناخەوە حەز و ئارەزووم لەنیگار کێشان بوو، زۆر لاسایی وێنەکانی ناو کتێبی (الخلدونیه)م دەکردەوە، کە بەزمانی عەرەبی بوو لەپۆلی یەکەم دەمانخوێند، بەڵام لەترسی باوکم و ماڵەوە دەمشاردنەوە، چونکە وایان لەمێشکی ئێمە چەسپ کردبوو کە نیگارکێشان حەرامە و نابێت توخنی بکەوین. لەلایەکی دیکەوە حەزم بەگۆرانی گوتن دەکرد و لاسایی سروودەکانی قوتابخانەم دەکردەوە، شەوێکی زستان لەماڵەوە باوکم داوای لێکردم کە سروودێکیان بۆ بڵێم. ئەوکات لەپۆلی سێیەمی سەرەتایی بووم، باوەڕبکەن ئەوەندەم بەلاوە خۆشبوو، بەڵام لەشەرمان سەرم خستە ژێر لێفە و لەژێر لێفەوە سروودی (بولبول بەنەغمە)م گوت، کە سەرم دەرهێنا ئارەقەیەکی زۆرم کردبوو.

هەروەها لەپەنای دیوار و شوێنی چۆڵدا گۆرانیم دەگوت و بەلای خۆمەوە دەنگم هەندێک خۆشبوو. لاسایی هەندێک دەنگ و کردار و ڕەفتار و هەڵسوکەوتی خەڵکی لەخۆم گەورەتر دەکردەوە، بەڵام بەدزی و کەس دیار نەبووایە. ئەوەندەم بەلاوە خۆشبوو و ئاواتیشم بوو لەقوتابخانە لەپاڵ هاوڕێکانمدا ببم بەئەندامی تیپی سروود، بەڵام لەبەر شەرم نەمدەتوانی کارەکە ئەنجام بدەم.

ئایا ئەو هەموو ئارەزوو و خولیایە هەروا بەکپی دەمێنێتەوە؟! من باوەڕ ناکەم، چونکە ڕۆژگار ڕاستییەکەی سەلماند و چەند ساڵێک دواتر لەڕێگەی تێکەڵاو بوون لەگەڵ هاوڕێیان و خەڵکی دیکەدا تا ڕادەیەک توانیم بەسەر گرێ وشکەی شەرم کردندا زاڵ ببم و خۆم بهاوێژمە ناو دەریای بێسنووری هونەر و وەکو مەلەوانێکی شارەزا خۆم بگەینمە کەنار. خزمەتکردنی شارەکەشم لەهەر بوارێکدا بێت خولیای دووەمم بوو، ئەم هەموو شتانە هانیاندام بۆ گەیشتن بەخۆزگە و ئارەزووەکانم و لەساڵی ١٩٦٩ لەسەردانێکمدا بۆ بەغدا لەڕێی خوالێخۆشبوو (جەلال ڕەشید) سەردانی (فازیل عەواد)مان کرد و عودێکی کۆنی بۆ بەپازدە دینار کڕیم. هەر چەندە هەوڵمدا شتێکی لێ فێربم، بەڵام کارەکە وا ئاسان نەبوو، چونکە من (ئەلف و بێی) مۆسیقاشم نەدەزانی و کەسیش نەبوو لەم بوارەدا هاوکارم بێت، بۆیە عودەکەم بەهەڵواسراوی لەماڵەوە مایەوە.

ئێمە لەقوتابخانەدا هەمیشە هەوڵمان دەدا کەوا بەشداری پیشانگەکانی قوتابخانە بکەین، من لەڕێگەی هاوڕێی خۆشەویستم مامۆستا (سەدیق حاجی حەمەدەمین) فێری بەکارهێنانی ڕەنگی زەیتی و پۆستەر و ڕەنگی ئاوی بووم، هەروەها فێری (تخریم) دەرهێنانی تەختەی تەنک و مۆمیاکردن بووم، پێکەوە لەقوتابخانەدا کارمان دەکرد و ژوورێکی تایبەتمان بۆ ئەم مەبەستە دانابوو و هەموو ساڵێکیش لەپیشانگەکاندا پلەی یەکەممان بەدەست دەهێنا.

### ڕۆڵی مامۆستا زرار لە بزاڤی هونەری شانۆگەری شاری ڕەواندزدا

لەنێوان ساڵانی ١٩٧٠ بۆ ١٩٧٤ مامۆستا زرار لە ٣٠ شانۆگەری چ وەکو ئەکتەر چ وەکو سیناریست و دەرهێنەر لەشاری ڕەواندز ڕۆڵی بینیوە و بەشداری کردووە. لە ٢٠ی ٥ی ١٩٧٠ لەهۆڵی قوتابخانەی پاشای گەورە، شانۆگەری (شۆفێر) پێشکەش دەکرێ و ئەمە یەکەمین شانۆگەری دەبێ کە

مامۆستا زرار وەک دەرهێنەر و ئەکتەر تێیدا بەشدار دەبێ.

شانۆگەری (شۆفێر)، شانۆگەرییەکی کۆمیدی دەبێ، لەنووسینی (ئەمین میرزا کەریم) و دەرهێنانی (زرار محەمەد مستەفا)یە، ئەکتەرەکان: سەردار فەتاح (بێبەخت) خاوەن ماڵ دەبێ و ڕۆستەم قادر ڕۆڵی (شۆفێر) دەبینێ و (زرار محەمەد مستەفا) وەک (میوان) بەشداری لەم شانۆیەدا دەکات.

شانۆگەرییەکانی ڕەواندز هەر بەباسکردنی کێشە و بابەتەکانی ناوەخۆ قەتیس نابێ، بەڵکو لەڕێگای کارە شانۆییەکانیاندا ئازار و مەینەتی بەشەکانی دیکەی کوردستانیش دەکەنە ڕۆژەڤ و دەیخەنە پێشچاوی جەماوەرەکەیان. وەک شانۆگەری (جام کە پڕ بوو لێی دەڕژێت) کە لەنووسینی (ئەمین میرزا کەریم) و دەرهێنانی مامۆستا زرار دەبێ، لەم شانۆگەرییەدا کە لە ١ی ٧ی ١٩٧١ لەهۆڵی پاشای گەورەدا نمایش کرا، مامۆستا جگە لەکاری دەرهێنەری ڕۆڵی (باوک)ی وەک ئەکتەر بینیوە.

ئەم شانۆگەرییە خەباتی لاوانی باکووری کوردستان پیشان دەدات لەکاتی ڕووبەڕوو بوونەوەیان لەگەڵ تورکە داگیرکەرەکان و ئاشکراکردنی کردەوە و مامەڵەیان بەرامبەر بەکوردان.

**مۆسیقا:**

ساڵی ١٩٧١ لەگەڵ خوالێخۆشبوو مامۆستا (سەردار فەتاح بێبەخت) و مامۆستا (سەردار محەمەد عەلی) و مامۆستا (حەمەدەمین حاجی نەبی) و (فوئاد محەمەد فەقێ حەسەن) و (سیروان عومەر)دا، لەماڵی (سەردار فەتاح بێبەخت) کۆبووینەوە و بارەکەمان تاوتوێ کرد و بیرمان لەوە کردەوە کە تیپێکی مۆسیقا دابمەزرێنین، بەڵام چۆن و کەی، ئامێرەکان لەکوێ بێنین؟ کێ پشتگیریمان بکات؟ لەسەر چ بنەمایەک بێت؟

لەئامێرەکان من (عود)ێکم هەبوو (سەردار بێبەخت) و (سەردار محەمەد عەلی)یش یەکە و (کەمانچە)یان هەبوو. بڕیارماندا دەست بەکارەکە بکەین و لەڕێگەی یەکێتی مامۆستایانی کوردستانەوە داوای هەندێک ئامێرمان کرد. من چوومە هەولێر و دوو



کەمانچە و یەک ئەکۆردیۆن و یەک تەپڵم هێنان. ئەوا تیشکێک بەدەرکەوت و هەندێک ئامێرمان دابینکرد، ئەی فێربوون؟ مامۆستا (سەردار بێبەخت) هەندێک زانیاری لەسەر کەمانچە و عود هەبوو، خۆیشی کەمانچەژەن بوو، هەروەها مامۆستا (سەردار محەمەد عەلی) لەپەیمانگەی مامۆستایان لەنزیکەوە ئاشنایەتی لەگەڵ گۆرانی و سروود و مۆسیقادا هەبوو؟

من و مامۆستا حەمەدەمین حاجی نەبی و مامۆستا عەبدوڵا مەلا محەمەد و سیروان عومەر و فوئاد محەمەد فەقێ حەسەن، تەنها ئارەزوومەند بووین و دەمانویست شتێک فێر ببین. لەمانگی ئایاری ساڵی ١٩٧٠دا بڕیارماندا کەوا هەموو ئێوارەیەک لەماڵی (سەردار بێبەخت)دا پڕۆڤە و ڕاهێنان بکەین و بەمجۆرە سەردار بێبەخت و سەردار محەمەد عەلی و عەبدوڵا مەلا ئەحمەد و حەمەدەمین حاجی نەبی و فوئاد محەمەد فەقێ حەسەن کەمانچەژەن و سیروان عومەر ئامێری ئەکۆردیۆن و منیش عودژەن. لەبەر ئەوەی هاوینان بۆ فێنکایەتی ماڵم دەبردە حاجی ئۆمەران، لەسەر (کانیێ شێخی) چادرم هەڵدەدا، بۆیە لەسەرەتای مانگی حوزەیران لەگەڵ ماڵەوە چوومە ئەوێندەرێ. ڕۆژی ١٩ی ٦ی ١٩٧١ دانی بەیانییەکەی خوالێخۆشبوو (سەید عومەر سەید نەبی) کە



شانۆگەری (شەوی کۆتایی) ساڵی ١٩٧٣



ئەوکات بەرپرسی ناوچەی ڕواندزی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو، هاتە لام و گوتی ئامادەبە با بڕۆین لەڕەواندز بەبۆنەی یادی شەهیدانەوە ئاهەنگێکمان هەیە. هەرچەند پێمگوت ئەگەر مەبەستت مۆسیقایە باوەڕبکە هیچی لێ نازانم و گاڵتەش بەخۆم ناکەم. دیاربوو زۆر هەوڵیدا و منیش دڵم نەشکاند و لەگەڵیان هاتمە ڕواندز و لەبارەگای پارتی کە لەخانووی (ئەسعەد شێتنە)ی بوو، برادەرانی دیکە چاوەڕوانی منیان دەکرد.

منیش پێمگوتن کاکە ئێمە تاکو ئێستا شێلم و توور لەیەکدی جیا ناکەینەوە، چۆن ئاهەنگ بگێڕین؟ مامۆستا (سەردار بێبەخت) گوتی ئێوە دابنیشن و ئەوەی دیکە بەخۆم جێبەجێی دەکەم. هەرچەند برادەرانی دیکەش هەمان بۆچوونی منیان هەبوو، بەڵام دیاربوو جەختیان لەسەر کرد کە دەبێ هەمووومان وەکو تیپ بەشداربین. بەڵێ ئەو ڕۆژەم هەرگیز لەیاد ناچێتەوە، لەگەڵ هاوڕێیان لەسەر فولکەی پێش بارەگای بەرامبەر جەماوەرێکی زۆر خۆمان بینییەوە، خەڵکەکە چاوەڕێ بوون گوێیان لەمۆسیقای خۆش و سروودی بەجۆش بێت و بەچەپڵە ڕێزانەکی زۆرگەرم پێشوازییان لێکردین، بەڵام داخەکەم هەرکە دەستمان پێکرد، خۆشمان نەماندەزانی چی دەژەنین. من لەو باوەڕەم جەماوەرەکە لەدڵی خۆیان دەیانگوت: چەپڵەکانیشمان بەفیڕۆدان!» منیش عودەکەم

"

**ساڵی ١٩٦٩ لە بەغدا سەردانی (فازیل عەواد) مان کرد و عودێکی کۆنم بە پازدە دینار لێ کڕی**

"

لەناو دەستدابوو، ئارەقەیەکی سارد بەنێوچەوانم دڵۆپ دڵۆپ دەهاتە خوارێ، هەر ئەوەندە دەزانم دەنگێک لەعودەکەم دەهات و نازانم چیبوو! لەبەر وەزعی نالەباری خۆم ئاگاداری هاوڕێیانی دیکە نەبووم، وابزانم (سەردار بێبەخت) نەبێت، ئەگەرنا ئەوانەی دیکە هەموویان لەمن شپرزەتر بوون. سەد خۆزگەم بەو کەسەی کە گوێی لێمان نەبووە.

کاری هونەری مۆسیقا و فێربوون وا ئاسان نییە، بەتایبەتی بۆ کەسانێک کە لەژیانیاندا دەستیان بەئامێرێکی مۆسیقا نەکەوتبێت و هیچیش لەبارەی زانستی مۆسیقا و ئەلفوبێیەکەی نەزانن، هەروەها لەتەمەنێکی گەورەی ٣٤ ساڵیدا و بەبێ مامۆستا و بەبێ هیچ سەرچاوەیەک کە تیشکێک بخاتە سەر ئەم هونەرە. هەر چۆنێک بێت ئەوە یەکەمین و دژوارترین ئەزموونمان بوو و کۆڵمان نەدا و بەردەوام بووین و ڕۆژ لەدوای ڕۆژ هەوڵی ئەوەمان دەدا کە زیاتر خۆمان فێرە ژەنینی ئامێرەکان بکەین و گوێچکەی خۆمان ڕام بکەین. گوێمان لەگۆرانی و سروودی کوردی دەگرت و ئەزبەرمان دەکرد و لاسایی ئاوەزەکەمان دەکردەوە، بەبێ ئەوەی بزانین لەکام (مەقام) وەرگیراوە. وای لێهات و هەستمان دەکرد کە هەندێک ئاواز فێر بووینە زۆرجار بەیەکەوە دەمانژەنی چێژمان لێ وەردەگرت. بەشانازییەوە دەڵێم، ئێمە مامۆستایان و ئەو کەسانەی لەگەڵماندا بوون، بەردی بناغەی یەکەمین تیپی میوزیکمان لەڕواندز دانا، کە لەداهاتوودا کاریگەری خۆی لەسەر بزاڤی هونەری میوزیک لەشارەکەماندا هەبوو.

پاش ماوەیەک چەند کەسێکی دیکەی ئارەزوومەند هاتنە ڕیزی تیپ و دەبووایە ئێمە فێری میوزیکیان بکەین. لەوانە (شاکر سابیر) کە یەکەمجار (تەپڵ)ی لێ دەدا و لەدواییدا لەسەر ئامێری (کەمان) دەستی بەڕاهێنان کرد. هەروەها (دڵشاد غەفوور) بە (نای) و (ڕەفیق زرار و فەوزی جەودەت و سالار سەبری و وریا عوسمان و سوبحی خەیری)یش لەسەر (تەپڵ و دەف) و مامۆستا (ئەنوەر قادر مەولوود)یش لەسەر (ئەکۆردیۆن) ڕاهێنانیان دەکرد.

**کەسوکاری ئامانج غازی و سیروان سیرینی،**



**ڕێگرییان لەهاتنی ڕۆڵەکانیان کرد:**

چیرۆکی سیروان سیرینی و ئامانج غازی جیابوو لەگەڵ قوتابییەکانی دیکە، چونکە دایک و باوکی ئەو دووانە ڕێگربوون لەوەی کوڕەکانیان بچنە پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی موسڵ و بەشداری لەتیپی پاشای گەورە. کاتەک سەیری بەهرەی ئەوانیشم دەکرد، گەش و ڕووناک دەهاتنە بەرچاو، هەر ئەو هۆکارەش بوو کە زۆرم هاندان، بەڵام کەسوکاری هەردوولایان ڕازی نەبوون کە بیانێرنە پەیمانگە، دواتر بەهەر شێوەیەک بێ توانرا قەناعەتیان پێ بهێنرێ.

ئەوەبوو دەورەی ساڵی ١٩٨٠ قوتابیانی قوتابخانەی پاشای گەورە لەڕواندز، پاش ئەوەی قوتابخانەی ناوەندیان تەواوکرد، هەموویان چوونە پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی موسڵ، بەڵام خێزانی دووان ڕازی نەبوون، یەک لەوان (ئامانج غازی) کە زۆر لەمن نزیکبوو، باوکیشی وەکو برایەکم وابوو و پێکەوە لەمەکتەب بووین، دەتوانم بڵێم جۆرە خزمایەتییەکیشمان هەیە، دایکیشی بەئامۆزای خۆم دەزانم، بۆیە هەوڵێکی بێوچانم دا تاکو توانیم بڕوایان پێبهێنم، بینێرنە پەیمانگە، گەیشتە ئەو ڕادەیە، وامان لەئامانج کرد، گوتی یان ناخوێنم یان پەیمانگە، ئەوهامان فێر کردبوو.

قوتابی دووەم (سیروان سیرینی) ئەویش باوکی لەڕوانگەیەکی عەشایری، هەرچەندە هاوسێی یەکدیش بووین، بەڵام هەرچەندی داوام لێکرد، گوتی موستەحیلە لێبگەڕێم سیروان بچێتە پەیمانگەی هونەر لەموسڵ. (شێخ سلێمان)ی مامم، کە کەسایەتییەکی دیاری ڕواندز بوو، هانام بۆ برد و بەوم گوت، ئەویش گۆتی: مادام ئەتو قسەت لێکرد، تەواو دەچێت. بەوجۆرە قەناعەتمان بەکەسوکاری ئەوانە کرد کە بچن لەپەیمانگا دەوام بکەن.

**قۆناغی ١٩٧٤- ١٩٩١**

لەم قۆناغەدا باری سیاسی کوردستان بەگشتی و لەڕەواندز بەتایبەتی، لەئەنجامی دەسپێکردنەوەی شەڕ و پێکدادان لەنێوان سوپای ڕژێمی بەعسی ڕەگەزپەرست و لەشکری شۆڕشگێڕی کوردستاندا ٩٥٪ی خەڵکی شار ئاوارە بوون و لەئۆردوگاکانی وڵاتی ئێران نیشتەجێ بوون. هەریەکە و کەوتە ئۆردوگا و شوێنەک و تیپەکەی مۆسیقا لەبار یەک هەڵوەشایەوە و من لەبزاڤی هونەری مۆسیقا دوورکەوتمەوە. ئەوەندە هەیە لەئۆردوگای زیوە زۆر لەگەڵ هونەرمەند (حەمە جەزا)دا دادەنیشتین و باسی هونەر و مۆسیقامان دەکرد و زۆرجاریش دەچووینە شاری مەهاباد و سەردانی هونەرمەندی گەورە (محەمەدی ماملێ)مان دەکرد.

لەدوای گەڕانەوە لەئاوارەییدا، من لەبەر ئەوەی مامۆستای هونەر بووم، بۆیە لە قوتابخانەکەماندا بۆ بەشداری کردن لەخولی ڕاهێنانی مامۆستایانی هونەر لەمەڵبەندی کاری دەست لەشاری سلێمانی دەستنیشان کرام. ماوەی خولەکە چوار مانگ بوو، لە ٦ی ٣ی ١٩٧٦ لەو مەڵبەندە دەستبەکار بووم و دوو مانگ لەسەر دارتاشی هونەری و دوو مانگیش لەبواری هونەری نیگار و خۆشنووسیدا ڕاهێنانمان کرد، لەئەنجامدا لەدارتاشیدا پلەی زۆرباشە و لەنیگار و خۆشنووسیدا پلەی یەکەمی نایابم بەدەستهێنا.

لێرەدا ئەوەی بەلامەوە گرنگە، لەنیگار و خۆشنووسی و دارتاشی هونەریدا شارەزاییەکی باشم پەیداکرد و سەرەڕای



**"لەنێوان ساڵانی ١٩٧٠ بۆ ١٩٧٤ مامۆستا زرار لە ٣٠ شانۆگەری چ وەکو ئەکتەر چ وەکو سیناریست و دەرهێنەر لەشاری ڕواندز ڕۆڵی بینیوە و بەشداری کردووە"**





“

**هۆکاری سەرەکی سەرکەوتنی تیپی مۆسیقای پاشای گەورە، گۆرانی فۆلکلۆری بوو**

”

ئەمەش ماوەیەک بوو مامۆستا (فەرەیدون دارتاش)م دەناسی، هەر لەساڵی ١٩٦٠ەوە لەو کاتەی لەدیانا مامۆستا بوو. لەسلێمانی پەیوەندیم پێوە کردەوە کە ئەوکات سەرۆکی (تیپی مۆسیقای سلێمانی) بوو، لەڕێگەی ئەویشەوە ئاشنایەتیم لەگەڵ (ئەنوەر قەرەداغی و سەلاح ڕەئووف و خالید سەرکار و فرەنسیس داود و ولیام یۆحەنا) و هەموو ئەندامانی تیپی مۆسیقای سلێمانی پەیداکرد و لەئەنجامی ئەو پەیوەندییەم، سەرلەنوێ ئارەزووی مۆسیقام نوێ بۆوە و زۆرتر هانیدام کە جارێکی دیکە بەگوڕ و تینێکی زۆرەوە بگەڕێمەوە باوەشی مۆسیقا و خۆم بهاوێژمە ناو ئەو دەریا بێسنوورە! ڕۆژانە سەردانی تیپی مۆسیقای سلێمانیم دەکرد و زۆرجار پرسیارم لەسەر هەندێک بابەتی شاراوەی مۆسیقا لەوان دەکرد و ئەمانیش بەدڵێکی فراوان و برایانە وەڵامیان دەدامەوە. لەو بارەوە من خۆم بەقەرزاری ئەو هونەرمەندانەی سلێمانی دەزانم.

لەو سەردەمەشدا مامۆستا خالید سەرکار و نامدار عومەر لەچالاکی قوتابخانەکانی سلێمانی سەرگەرمی ڕاهێنان و پەروەردەکردنی تیپێکی منداڵان بوون لەبواری مۆسیقادا، منیش هەر لەوێ خولیای ئەوەم کەوتە سەر کە لەکاتی گەڕانەوەمدا هەوڵبدەم تیپێکی مۆسیقای منداڵان لەڕەواندز

**لەدوای گەڕانەوە لەئاوارەییدا، لەبەر ئەوەی مامۆستای هونەر بووم، بۆیە لە قوتابخانەکەماندا بۆ بەشداری کردن لەخولی ڕاهێنانی مامۆستایانی هونەر لەمەڵبەندی کاری دەست لەشاری سلێمانی دەستنیشان کرام**

پێکبهێنم. لەدوای ئەوەی بۆ ڕواندز گەڕامەوە و ساڵی نوێی خوێندن دەستیپێکردەوە، لەقوتابخانەی پاشای گەورە دەستبەکار بوومەوە، بۆ ئەوەی لەقوتابییەکان نزیک ببمەوە. لەو قوتابخانەیەدا وانەکانی سروود و هونەر و زمانی ئینگلیزیم دەگوتەوە. لەوانەی سروود لەپۆلەکانی چوارەم و پێنجەمدا، چەندان قوتابی بەهرەمەند و بەتوانا هەبوون کە بەزوویی سروودەکانیان ئەزبەر دەکرد و بەهرەیەکی مۆسیقییان تێدا بەدیدەکرا، بۆیە بۆ تیپی سروودی قوتابخانە هەڵمبژاردن. ئەم پۆلە قوتابییە ئەوەندە بەتوانا بوون و گوێچکەکانیان مۆسیقی بوون، کە هەر لەیەکەم گوتندا ئاوازەکەیان ئەزبەر دەکرد، من لەلای خۆمەوە دڵنیابووم، ئەگەر بێت و خولی فێربوونیان بۆ بکرێتەوە، تیپێکی باش و سەرکەوتوویان لێ هەڵدەکەوێت. لەپشووی هاوینی ساڵی ١٩٧٧دا ژوورێکم لەنهۆمی سەرەوەی قوتابخانەی پاشای گەورە ئامادەکرد و تەختەڕەشەیەک و چەند کورسییەکی دانیشتنی قوتابییانم لێ دانان، لەڕۆژی ١ی ٧ی ١٩٧٧دا دەستمان بەیەکەم پرۆڤە کرد، ئەویش لەسەر چۆنیەتی گرتنی ئامێرەکان و دەنگی سیمەکان بوو. لەکاتی وانەی سروودا هەموو قوتابییەکان سکێڵ (دۆمیجە)یان لەبەر کردبوو، هەموو ڕۆژێک لەسەر ئامێری ئەکۆردیۆن بۆ ڕاهێنانی گوێچکەکانیان دەنگەکانمان دووبارە دەکردەوە. خولێخۆشبوو (جەلال ڕەشید عەلی) کەمانچێکی پێشکەش کردین



و ماوەیەکی زۆر لای (چەتۆ ساڵح نەورۆز) بوو.

قوتابییەکانیش ئەمانە بوون: (چەتۆ ساڵح نەورۆز، ئامانج غازی شاکر، بژار نووری سەعید، شێرزاد ئەکرەم حەیدەری، سیروان عەبدوڵا، نیعمەت باپیر، ڕزگار جەودەت، سەید ئەحمەد سەید جەبار، ڕێبوار نوری سەعید، فارووق باپیر، نەهرۆ ئاغا ڕەشید) ئەو بەهرەمەندانە بەماوەکی کەم زۆر شتیان لەبەرکرد و زووزوو داوای شتی نوێیان دەکرد، زۆرجار وادەبوو من خۆم ناچار دەبووم پەیوەندی بەهونەرمەندان (ئەنوەر قەرەداغی و وریا ئەحمەد) و ئەوانی دیکەوە بکەم، ئەوانیش بەخۆشحاڵییەوە وەڵامیان دەدامەوە، چونکە زانیارییەکی کەمم لەبارەی مۆسیقاوە دەزانی و کەسێکی ئەکادیمی نەبووم. لەسەرەتای دەسپێکردنی ساڵی خوێندن لە ١ی ١٠ی ١٩٧٧دا، لەگۆڕەپانی قوتابخانەی پاشای گەورەدا، لەبەردەم مامۆستا و قوتابی و بەرپرسانی حکوومی، بەسەرکەوتوویی بەسروودی (تا دەست لەمل هیوا نەکەم) یەکەم ئاهەنگ سازکرا، لەگەڵ چەند پارچە مۆسیقایەک، کە جێگەی سەرنجڕاکێشان و دڵخۆشی ئامادەبووان بوو.

**فۆلکلۆری کوردی، هۆکاری سەرکەوتنی ئێمە بوو:**

کاتەک گۆرانییەکمان هەڵدەبژارد، پێوەرەکەی دەبووا فۆلکلۆری کوردی بووایە و لەفۆلکلۆرەوە دەستمان پێکرد، لەبەر ئەوەی فۆلکلۆر لەڕووی مۆسیقا و شیعرەوە ڕەسەنایەتی زیاتری تێدایە. (وەلید دۆسکی) لەم ڕووەوە، ڕۆڵێکی گەورەی بینی بەهێنانی گۆرانییەکی زۆری فۆلکلۆری بادینی، هەروەها (ئەحمەد محەمەد شەریف) کە لای ئێمە بە (ئەحمەد مەندانە) بەناوبانگ بوو، مامۆستا (خدر بێجانی) ئەمانە هەرسێ دەگەڕان بەدوای گۆرانی فۆلکلۆری کوردی.

دەشتوانم بڵێم، هۆکارێکی سەرەکی سەرکەوتنی تیپی مۆسیقای پاشای گەورە لەسەرەتای کارەکانیدا، گۆرانی فۆلکلۆری بوو، کە جەماوەر زیاتر ئارەزوومەندی ئەو جۆرە گۆرانیانە بوو.



**کێشەکانی بەردەم تیپی پاشای گەورە و خۆم:**

بەشێکی زۆری خەڵکی بیر تەسک و خێڵەکی و دواکەوتوو، هەموو هەوڵەکیان دەدا بەبیانووی بێمانا قوتابییەکان لەتیپ دووربخەنەوە و پاشگەزیان بکەنەوە. هەندێک کەسی دیکە هەبوون، لەدەرەوەی تیپەکە بوون و ئێرەییان بەو بەهرەمەندانە و تیپەکە دەبرد و تانە و تەشەریان تێدەگرتن. منەزەمەی بەعس و دامودەزگای ئەمن و حکوومی، بەهەموو توانایان ڕێگربوون لەبەردەم دروستبوونی تیپێکی سەربەخۆ و دوور لەدەسەڵاتی ئەوان، دەیانویست قوتابییەکان لەناو ڕێکخراوەکانی (تەلایع و شەباب)دا کاربکەن و بۆ مەبەستەکانی خۆیان بەکاریان بهێنن. بێدەرامەتی و نەبوونی ئامێری مۆسیقی پێویست. لەهیچ لایەکەوە هاوکاریمان نەدەکرا و یارمەتی نەدەدراین، تەنها خۆم ئەرکی بەخێوکردنی تیپم گرتبووە ئەستۆی خۆم. دروستبوونی کێشە و ململانێ لەنێوان من و (شەفیق)ی قایمقامی ئەوسای ڕواندز کە سەر بە بەعس بوو، تاکو گەیشتە ئەو ڕادەی لەو ژووورە دەرمان بکەن کە پڕۆڤەمان تێدا دەکرد.

لەگەڵ منەزەمەی بەعس کێشەکە گەیشتە ڕادەیەک کە لەساڵی ١٩٧٩دا یەکسەر لە (شوعبەی هەولێر)ەوە گواسترامەوە بۆ

“ خۆم بە قەرزباری هونەرمەندانی سلێمانی دەزانم ”





گوێڕ لەدەشتی هەولێر، بەبیانووی ئەوەی کە هاوکاریان ناکەم و بوومەتە ڕێگر لەبەردەم پێشکەوتن و پەرەسەندنی (تەلایع و شەباب)، بەڵام باوەڕ بەخۆبوون و بەگەوەریی و کاریگەریی هونەری مۆسیقا و وەرەبەرزی و کۆڵنەدانی من و قوتابییە خۆشەویستەکان، شکستی بەهەموو پیلانەکانی بەعس و ناحەزانی کاروانە پیرۆزەکەی هێنا. تیپەکەشم لەبەر دوو هۆکار ناونا (تیپی مۆسیقای پاشای گەورە) یەکەمیان هەموو ئەندامانی تیپ لەقوتابخانەی پاشای گەورە قوتابی بوون. دووەمیان بۆ بەرز ڕاگرتنی ناوی (میر محەمەد) کە پاشای گەورەی میرنشینی سۆران بوو. بەهۆی ئەو ناوەشەوە لەگەڵ منەزەمەی بەعس تووشی کێشە بووم، چونکە ئەوان داوای گۆڕینی ناوەکەیان دەکرد و دەیانوت ئەو کەسە کابرایەکی دەرەبەگ و زۆردار بووە و نابێت تیپێکی مۆسیقی بەناو بکرێت، بەڵام من لەسەر ناوەکە سوور بووم.

**هونەرمەند (زرار محەمەد مستەفا) لەدیدی هونەرمەندانەوە:**

زرار محەمەد مستەفا لەساڵی ١٩٣٧ لەڕواندز لەدایکبووە، دوای تەواوکردنی قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندی، لەساڵی شەستەکاندا دەوکەوێتە سەر کەڵکەڵە و خولیای هونەر، بەتایبەتیش هونەرەکانی (خۆشنووسی، شێوەکاری، مۆسیقا)، دەرچووی ئامادەیی مامۆستایانە. لەساڵی حەفتاکاندا زۆر گرنگی بەبواری شانۆ داوە. لەساڵی ١٩٧٧ بووە بەسەرۆکی لقی ڕواندزی کۆمەڵەی هونەر و وێژەی کوردی. لەساڵی ١٩٧٨دا بەردی بناغەی تیپی مۆسیقای پاشای گەورەی داناوە. ساڵی ١٩٨٢ بووە بەئەندامی سەندیکای هونەرمەندانی عێراق.

دوای دامەزراندن و پێگەیاندنی تیپی پاشای گەورەی ڕواندز ، بەکردنەوەی خولی فێرکردنی مۆسیقا بۆ منداڵان و مێردمنداڵانی شارەکە، لەخزمەتی هونەر بەردەوام بووە. ٩ خولی فێربوونی مۆسیقای کردۆتەوە، کە لەهەر هەموویاندا چەندین مۆسیقاری پێگەیاندووە. لە ٣٠ شانۆگەریدا وەک ئەکتەر و دەرهێنەر کاری کردووە. گەلێک بەرهەمی لەتابلۆی وێنەکێشان و خۆشنووسیدا هەیە.

**ئەنوەر قەرەداغی:**

من (مامۆستا زرار) بەچاوێکی ڕوونی دەبینم لەم ناوچەیەدا، کە چاوی چەندین لاو و گەنجی جوانی کردەوە، تا بتوانن بچنە دونیای هونەر و لەدونیای هونەردا خۆیان سەرقاڵ بکەن، بەمەش تیپی میوزیکی پاشای گەورەی جوانی لێ وەشایەوە، کە چەندین هونەرمەندی لێوە لەدایکبوو، مامۆستا زرار ڕۆڵێکی گرنگی لەڕوونکردنەوەی ئەو ڕێگەیەدا هەبوو، کارێکی وایکرد ئەمڕۆ هونەرمەندان جێ پەنجەیان دیاربێت و جێگەی خۆیان لەپەرەپێدان و بەرەوپێش بردنی هونەری کوردیدا دیاربێت.

**ئەحمەد سالار:**

مامۆستا زرار گەورەترین ڕۆڵی لەبزاڤی هونەریدا هەبووە، نەک بەتەنیا لەم دەڤەرەدا کە ئەگەر مەبەستمان ئەم ناوچەی ڕواندز (سۆران) بێت، بەڵکو لەشاری هەولێریشدا ئەو گوڵە گەشاوانەی کە لەگوڵدانی هونەری ئەو شارەدا هەن، زۆربەیان پەروەردەی دەستی ئەم باخەوانە گەورە دەسترەنگینەن، لەبەر ئەوە ڕۆڵێکی هەرە دیاری هەیە و شانازی پێوە دەکرێت، خاوەنی قوتابخانەیەکی فێرکردنە، ئەمە ئەرکی تێدا کۆبووەتەوە.

**ناسری ڕەزازی:**

مامۆستا زرار زەحمەت و تێکۆشانی دیوە و ئەرکێکی گرانی خستۆتە ئەستۆی خۆی، کە تێیدا سەرکەوتووە. پیاوێکی بەهەڵوێستە و خزمەتێکی زۆری کردووە، لەم نێوەندەشدا گەنجی زۆری پێگەیاندووە کە جێ دەستیان لەئاستێکی بەرز دیارە.

**سەرچاوە:**

**١-زرار محەمەد مستەفا (هونەر لە ڕواندزێ)، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠١٣**

**٢- کەمال چۆمانی، (تیپی مۆسیقای پاشای گەورە لە ڕواندز )، تەلەفزیۆنی Knn**



# (٤٦) ساڵ ئاوێتەی گیانمان بوویت!

ئامانج غازی

١٩٧٥: لە ئێران و ئاوارەیی گەڕایتەوە؛ من ئەوسا تەمەنم دە ساڵان بوو کە بۆ تیپی سرودی قوتابخانەی پاشای گەورە هەڵتبژاردم.

١٩٧٦: فێری خۆشەویستیی خاک و نیشتمانت کردم.

١٩٧٧: تیپی موزیکی پاشای گەورەت دامەزراند و ئامێری (عود)ت خستە باوەشمەوە و پێت گوتم: «ئەوە ئایندەتە ئامانج»

١٩٧٨: لە ڕواندزی مێژووەوە، بەرەو هەولێری باپیرت بردین، تا بە شێوازی ژەنین لەگەڵ تیپەکانی تردا ئاشنا بین.

١٩٧٩: پلەی یەکەممان لەسەر ئاستی عێراق لە شاری (سەماوە)، لەگەڵ چالاکیی قوتابخانەکانی هەولێر بەدەست هێنا و بە شکۆوە گەڕاینەوە ڕواندز.

١٩٨٠: بۆئەوەی لە پەیمانگەی هونەرەجوانەکان وەربگیرێین، بە چلەی هاوین لەگەڵماندا هاتی بۆ بەغدا؛ دواتر (من و چەتۆ و سەید ئەحمەد) لە موسڵ گیرساینەوە.

١٩٨١: ئەوەی لە ڕواندز لەسەر موزیک فێربووین، کارێکی کرد کە زانیارییەکانی قۆناغی یەکەمی پەیمانگە هەر هەمووی بۆ ئێمە دووبارە بێت. چەند گەورە بوویت ڕابەری هونەر! هەر لەم ساڵەدا (سیروان و شێرزاد)ت لە کاروانی دووەمدا بۆ پەیمانگەی موسڵ بەڕێ کرد.

١٩٨٢: سێیەمین کاروانی بەهرەدارانت بۆ موسڵ ڕەوانە کرد و (فاڕوق و کارۆخ) گەیشتنە لامان. هەر لەم ساڵەدا خۆمان بۆ بڵاوکردنەوەی بەرهەمی تیپی مۆسیقای پاشای گەورە، ساز و ئامادە کرد.

١٩٨٣: زۆر بە نهێنی و ورەوە پێت گوتم: «دەستنیشانم کردوویت تا ببیت بە ئەندامی یەکێتیی هونەرمەندانی کوردستان لە شاخ. ئای خودایە ئەوسا (نیشتمان) بۆ هەمووان چەند پیرۆز بوو!

١٩٨٤: نۆبەرەی بەرهەم و شاکاری هونەریی تیپی موزیکی پاشای گەورە، چاوی لەنێو ناوەندی هونەریی کوردستاندا هەڵێنا و، جارێکی دیکە ڕواندز تیرۆژی داهێنانی بەرکەوتەوە. هەر لەم ساڵەدا نەوەی دووەمی بەهرەداران هاتنە نێو کۆڕی خەباتی هونەری.

١٩٨٥: بە پلەی نایاب لە پەیمانگەی هونەرەجوانەکانی موسڵ دەرچووم و هاتینەوە شار و قۆڵی خزمەتمان لێ هەڵکرد. ئەوە بوو (ئۆرکسترای پاشای گەورە) بۆ یەکەمین جار لەسەر ئاستی کوردستان، چەندین بەرهەمی موزیکی جیهانیی، لە هەولێر پێشکەش کرد.

١٩٨٦: گۆرانی و موزیکی تیپی مۆسیقای پاشای گەورە گەیشتە ئێزگەی کوردی لە (بەغدا) و، دواتر لە تەلەفزیۆنی (کەرکوک)یش بەگەورەییەوە پێشوازی کراین.

١٩٨٧: بەو دەست و پەنجە زێڕینانەت، سەرجەم بەرهەمە هونەرییەکانت تۆمار کردن. هەر ئەم ساڵەش ئێزگە و تەلەفزیۆنی (موسڵ) باوەشی بۆ کردینەوە.



مامۆستا زرار و ئامانج غازی



١٩٨٨: لە گەرمەی (ئەنفال و کیمیابارانی هەڵەبجە)دا، بڕیارێکی مێژوویت دا، بەوەی کە سەرجەم ئەندامانی تیپی مۆسیقای پاشای گەورە بچنە خەباتی شاخ و لەوێدا درێژە بە خەباتی هونەرییان بدەن. دواتر وا بەباش زانرا، کە مانەوە لە شاردا بەرگرییەکی بێوێنەیە لەو سات و سەردەمەدا.

١٩٨٩: بە دەیان شەو بەنهێنی و دوور لە چاوی ڕژێمی بەعسەوە، سرود و گۆرانیی خۆڕاگریت بۆ (فاتیمە و کاڵێ و بەکر لەگزی و نەجمەدین غوڵامی) و هونەرمەندانی پێشمەرگە تۆمار کرد و تیپی مۆسیقای پاشای گەورە، چووە قۆناغێکی تری خەباتی سیاسی و هونەرییەوە.

١٩٩٠: بەناچاری و دوای گفتوگۆیەکی گەرم و خوێندنەوەی پێشهاتەکان، پێت گوتین: تەنیا ڕێگا لەبەردەمتاندا ئەوەیە، کە بچنە خزمەتی سەربازی، تا دواتر بتوانن درێژە بە خوێندن بدەن: (من و چەتۆ و سەید ئەحمەد).

١٩٩١: ڕاپەڕین بوو بە مەشخەڵێکی نوێی وەچەرخانی هونەری لەسەرتاسەری کوردستان؛ تۆی ڕابەر و پەروەردەکار و هونەرمەندی بەئەزموون لەنێو جەرگەی ڕووداوەکاندا بوویت.

لەم ساڵەدا، تیپی مۆسیقای پاشای گەورە، وەک یەکەم تیپی دوای ڕاپەڕین، هونەری بەرگری پێشکەش بە جەماوەری ئاوارە و کۆچڕەوە ملیۆنییەکە کرد. ئەوێ ڕۆژێ ئاهەنگەکانی (شوان پەروەر) و (ناسری ڕەزازی) عەرشی ڕژێمی بەعسیان دەهەژاند و، ڕواندز بووبوو بە هەواری سەرکردە و جەماوەری خۆڕاگر و پێشمەرگەی نەبەرد.

١٩٩٢: خەونی لەمێژینەی تۆ بەدی هات: پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان دامەزران.

١٩٩٣: ئاهەنگی سەرکەوتن و خۆڕاگری و نیشتمانپەروەری، دروشم و باوەڕی گەورەی ئێوە بوون مامۆستای گەورەمان. لەم ساڵەدا نەوەی سێیەمی بەهرەمەندانی ڕواندز گەیشتنە کاروانی خزمەتی هونەریی موزیک.

١٩٩٤، ١٩٩٥، ١٩٩٦: شەڕی ماڵوێرانکەری براکوژی، خەون و خۆزگە و ئێستا و ئایندەی پوکاندەوە و لەبار برد! بیرمە بەحەسرەتەوە پێت گوتم: «هونەرمەندی خاوەن هەڵوێست، دەبێت هەمیشە پارێزەری خاک و نیشتمانی خۆی بێت. ناشێت ببێت بە دەستو و پێوەندی حزب.» پێت گوتین: زۆر وریای خۆتان بن؛ هەڵنەخلیسکێن!



**تیپی مۆسیقای پاشای گەورە (فۆتۆ: عەبدولواحید گوانی - ١٩٨٧)**



١٩٩٧: پەرتەوازەبوونی هونەرمەندانی تیپی مۆسیقای پاشای گەورە و دابەشبوونیان بەسەر حزبەکانی کوردستان و ڕەنگدانەوەی ئینتیمای تەسکی حزبایەتی لەسەر ڕەوتی کار و چالاکییەکانی تیپ!

ئەمە تۆی زۆر نیگەران کرد و دەستەڵاتدارانیش درێخیان لە ڕاکێشانی ئەم و ئەودا نەکرد بەلای خۆیاندا.

١٩٩٨: هەوڵ و کۆششی نەپساوی هەندێک لە ئەندامانی خەمخۆری تیپەکە، بۆ ڕاستکردنەوەی باری لاری دۆخەکە و دەستکردنەوە بە چالاکییەکانی تیپی مۆسیقای پاشای گەورە، هیچی وای لێ سەوز نەبوو. چونکە حزب چووبووە بن کلێشە و بەداخەوە هەندێک لە ئەندامان هەڵخلیسکان!

١٩٩٩: ئێستاش لەبیرمە لە کۆمەڵەی هونەرەجوانەکان دانیشتبووین؛ پێت گوتین: دەبێت هەندێک گۆڕانکاریی ڕیشەیی لە تێڕوانینی ئێمە بۆ قۆناغی دوای ڕاپەڕین بکرێت، ئەگەرنا پاشاگەردانیی هونەریی ڕاماندەماڵێت!

٢٠٠٠: نەوەی چوارەمی منداڵە چاوگەشەکانی ڕواندز، بە دەست و پەنجە و ئامێرەکانیان، گڕوتینێکی گەورەیان بەخشییە هەوڵەکان و ئاماژەکانیان نامەیەکی کراوە بوون بۆ ئێمەمانان، تا دووبارە بگەڕێینەوە سەر چالاکییەکانمان.

٢٠٠١: دوای (٢٦) ساڵ ئاشنایەتی لەگەڵ ڕۆحی پڕ لە سۆزت، ئەم ساڵە هەستم کرد، کە ئومێدی ئەوەیان لە چنگ دەرهێناویت، کە بتوانین جارێکی دیکە پێکەوە لەژێر چەتری داهێناندا، موزیک بکەینەوە بە ڕەشماڵی هونەری.

٢٠٠٢: لەنێو جەنجاڵی ژیان و نەهامەتییەوە، خوێندنەوە و نووسین بۆ ئێوە تاکە هیوای گەیشتن بووە بەو خۆزگانەی لەبوار و ژیانی سۆزداری و ئەڤینییەوە لەدەستت دان مامۆستای گەورەمان.

٢٠٠٣: حوکمی بەعس کەوت. لەم ساڵەدا هەستم دەکرد دەتەوێت لە بوارێکی دیکەدا، بە گڕوتینێکی جیاوازتر خزمەتی نەپساوەتان درێژە پێ بدەن. هێندە سادە و خاکەڕا بوویت، هیچ نهێنییەک پەی پێ نەدەبردیت.

٢٠٠٤: باش بەبیرمە، ڕۆژێکی ساردوسڕی خەزانی ئەم ساڵە بوو، بە هەردووکمان خەریکی کۆکردنەوەی هەوڵە شکستخواردووەکان بووین، بۆ دووبارە کۆکردنەوەی ئەندامانی تیپی مۆسیقای پاشای گەورە. بۆ دڵدانەوەی تۆی گەورەش هەرچی (بەکرە و کاسێت و ئەرشیفی گۆرانی) کە هەبوو لە کۆمەڵە، گواستمانەوە ژووره بێنازەکەتان.

٢٠٠٥: وەکو ئەحمەدی شاملۆ دەفەرمووێت: «ببورە باران، تۆ هەر دەباریت و ئێمەش پاک نابینەوە!» داخی گرانم! نەمتوانی چاکەی شەونخونی و گیانفیدایتان بدەمەوە و وەفا بۆ ئەو ماندووبوون و هیلاکییەتان بنوێنم.

٢٠٠٦: لەسەر دانانی پەیکەری عومری پڕئەسرینت لەنێو شاردا، خەریکبوو دۆست و خۆشەویستان تەقە لە سێبەری یەکتری بکەن! ئەمەشیان تەنیا بۆ ڕازیکردن و بەدەستهێنانی دڵ و ئافەرینێکی سەرووی خۆیان بوو! بەڵێ! دەیانویست گەورەیی هەنگاوەکانت ڕابگرن. هەزار حەیف!

٢٠٠٧: چاوە شەکەت و ماندووەکانت گلەیی ئەوەیان لە گوێچکە پڕ هەستەکانت دەکرد، کە ناتوانن لەو سات و وەختە ناهەموارەدا، فریای هەناسە پاکەکانت بکەون. چ دۆزەخێکە ئەم ژیانە!

٢٠٠٨: دەستنووس و هەندێک لەسەرە قەڵەمەکانی کتێبی (هونەر لە ڕواندزێ)ت لەنێو هەگبە و دەستە پیرۆزەکانتدا، بەگەورەییەوە گەیشتنە نێو دەستە لەرزۆکەکانم و بەتاسەوە لێم وەرگرتیت گەورەم.

٢٠٠٩: بۆ کردنەوەی پەیمانگەی هونەرەجوانەکان لە ڕواندز، زۆر بەپەرۆشەوە پێت گوتم: «بە





هەموو توانایەکت، تەنانەت ئەگەر تەنازولیشتان پێ کرا لە هەندێک شت، ئەوا کۆڵ مەدەن و با ئەو پرۆژەیە سەر بگرێت.»

٢٠١٠: گلەیی ئەوەت لێ کردین کە بەها پیرۆزەکانی هونەرمان پێشێل کرد و نەمانتوانی لەگەڵ یەکتریدا خۆمان لە هەژموونی حزبەکان ڕزگار بکەین.

٢٠١١: کە (پەیمانگەی هونەرەجوانەکان)ی ڕواندز کەوتە نێو کۆشی شارەوە، تۆ بەگەورەییەوە بەرەوپیری چوویت و تا بە هەموو توانایەکتەوە دەستی بگریت و لەسەر پێی خۆی بوەستێت.

٢٠١٢: ڕێزلێنان و ڕوولێنانت لە شارەکانی دی کوردستان، ئەو ڕاستییە گەورەییەی بیر هێنایەوە، کە تۆ هەردەم بەتەنگ کەلەپور و کەلتوری میللەتەکەتەوە بوویت. چ شانازییەکی گەورەیە!

٢٠١٣: مرۆڤی ڕابەر، هەرگیز لە هەڕەشە و پەراوێزخستن نەترساوە، ئەمە تۆ بوویت کە باکت بە هیچ شتێک نەبوو، چونکە تۆ بەتەنیا موڵکی خۆت و نەتەوەکەت بوویت.

٢٠١٤: وەکو هەڵگری نهێنییەکانی هونەر و مێژوو و بەسەرهاتی جەرگبڕی ڕواندز، زامەکانت قوڵتر و تێڕوانینەکانت وردتر بوون بۆ ئایندە، بۆیە هەمیشە وەکو مەرجەعێکی هونەری جێگای متمانەی هەمووان بوویت.



مامۆستا زرار (فۆتۆ: سەعید ئەسعەد)

٢٠١٥: لە مانگی چواری ئەم ساڵەدا، کۆمەڵێ نهێنیی گەورەی نێو هونەرتان بۆ باس کردم، کە دواتر وەکو پەند لە ژیانی ڕۆژانەمدا ڕەنگیان دایەوە. ئەمە هەر لە ئێوە چاوەڕوان دەکرا.

٢٠١٦: بەبێ جیاوازی، بەبێ سڵکردنەوە، بەبێ گوێدانە ئەملا و ئەولا، گەیاندنی پەیامی پیرۆزی هونەر و ڕاستگۆیی، لە ڕەوتی کاری هونەری و ئەدەبیدا، تاکە ئاوات و خۆزگەتان بوو.

٢٠١٧: برینە سارێژنەبووەکانت لەوەی جارێکی دیکە، تیپی مۆسیقای پاشای گەورە بەشکۆوە لەسەر شانۆ ببینیتەوە، تا ئەمساڵەش هەر بەسوێ بوون.

٢٠١٨: پێڵوی چاوەکانت، هەستی بیستن و گوێگرتن لە خۆشەویستان، گەورەترین بەربەست بوو لەوەی هەموو خەڵک لە ئاواتەکانت بگات، ئەمە چ ئازارێکی تاقەتپڕوکێنە!

٢٠١٩: لە دەڤەری پڕ میهر و جوانی و خۆشەویستیی خەڵکەوە، کە بە بازاڕی شاردا گوزەرت دەکرد، بەسەرسامییەوە خەڵک لە هەنگاوە پڕ شکۆیەکانت ڕادەمان و خۆزگەیان بەو ژیانە پڕ بە بەرپرسیارییەتەدا دەخواست!

٢٠٢٠: ئەوەی لە مرۆڤێکی (٨٣) ساڵیدا بەدیم کرد، ئەو گەشبینییە بوو، کاتێک کتێبێکی تازە چاپکراوی هونەریم بۆ دەهێنایت، بەتاسەوە وەرتدەگرت و بەئەسپایی پێت دەگوتم: «خەمت نەبێت ئامانج، بە زەرەبینەکەم دەیخوێنمەوە!»

٢٠٢١: کێ دەیزانی تراژیدیای مەرگ، لە کۆتایی ڕۆژەکانی ئەم ساڵەدا، فریشتەیەک لە جاڕدانی بانگی هونەر و داهێنان و کتێب و شانۆ و موزیک و شێوەکاری و کارامەییدا کپ دەکات و بە گەرووی پڕ تاریکی ژیندا دەیبات؟!

دڵنیابە ڕابەری هونەر لە ڕواندزێ، ئەم پانۆرامایە ناوەستێت و هەموو ساتێک تۆ لێرە سەرقافڵەی هونەریت و ئێمەش قوتابیی بەوەفات.

**ڕواندز**

**کۆتاڕۆژەکانی ٢٠٢١**



# تیپی پاشای گەورە

# لە ڕەسەنایەتی بەرەو هاوچەرخی



ئامادەکردنی: ستار محەمەد ئەمین

لەدوکانێکی بچووکی فرۆشتنی کەلوپەلی قوتابخانە (پەڕاوگە) لە ڕواندز لەگەڵ مامۆستا زرار یەکترمان بینی، پاش بەخێرهاتنێکی گەرم و نواندنی لوتفێکی زۆر و پشووەکی کورت، گفتوگۆکەمان دەستپێکرد، ئەو لەسەرەتای خولیای هونەری خۆی دواو گوتی: (من لەکۆنەوە خولیایی میوزیک بوویمە، بێ ئەوەی کەس هاندەرم بووبێت، سەرەتا لەساڵی ١٩٧١ لەگەڵ کۆمەڵێک هاوڕێ تیپێکی بچووکمان پێکهێنا و کۆمەڵێک ئامێری سادەمان کڕی، برادەرێکی کەرکووکیمان هەبوو تۆزێکی لێ دەزانی، بۆیە لەگەڵ ئەو دەستمان بەژەنین و ڕاهێنان کرد تاکو لەساڵی ١٩٧٤ بەهۆی بارودۆخی سیاسی ئەوسای کوردستان، بەناچاری ماوەیەک دوورکەوتینەوە.

دواتر لەساڵی ١٩٧٧ کۆمەڵەی هونەر و وێژەی کوردی لەڕەواندز دروستبوو، یەکێتی نووسەرانی کورد ڕەخنەیان لەناوی کۆمەڵەکە هەبوو، لەوەی نابێ ناوی (وێژەیی) پێوەبێت، بۆیە ناوەکەمان بۆ «کۆمەڵەی هونەرە جوانەکان لقی ڕەواندز» گۆڕی)

سەبارەت بە بیرۆکەی دامەزراندنی «تیپی پاشای گەورە« گوتی: (بۆ ساڵی ١٩٧٦ دەگەڕێتەوە، ئەو کاتەی من لەشاری سلێمانی بووم، بۆ خولێکی ڕاهێنانی مامۆستایان چووبوومە ئەوێ، هەر لەزووەوەش پەیوەندیم لەگەڵ برادەرانی تیپی مۆسیقای سلێمانی هەبوو، لەوانە: (ئەنوەر قەرەداغی، فەرەیدون دارتاش، مامۆستا خالید سەرکار) زووزووش هاتوچۆی ئەوێم دەکرد، لەوێ تێبینیم کرد، کە ئەو برادەرانە لەسلێمانی خەریکبوون چەند منداڵێکیان فێری مۆسیقا دەکرد، لەوێوە بیرۆکەی دامەزراندنی تیپێکی مۆسیقا بۆ منداڵانی ڕەواندز لای من گەڵاڵە بوو، هەر لەوێش بڕیاری ئەوەمدا، کە گەڕامەوە ڕەواندز دەستبەکاربم. خۆشم مامۆستا بووم لەقوتابخانەی پاشای گەورە، پێشتریش هەندێک لەقوتابییەکانم دەستنیشان کردبوون و بۆ دروستکردنی تیپێکی کۆرسی سروودی قوتابخانە. ئەوەبوو چەند کەسێکم لەو قوتابیانە دەستنیشان کرد، بێگومان پاش ئەوەی پرسم پێکردن و لەگەڵیان کۆبوومەوە، لەوانە «چەتۆ و ئامانج و سەید ئەحمەد و سیروان و فاروق و شێرزاد» پێیانم گوت بەنیازم تیپێکی منداڵان دروست بکەم ئایا ئێوە ئارەزووتان هەیە؟ بەدڵنیایەوە هەر هەموویان پێیانخۆش بوو و ئامادەییان تێدابوو، ئەوە بۆ من بووە پاڵپشتێک کە زیاتر سووربم لەسەر ئەوەی کە ئەم پرۆژەیەم سەربکەوێ)

مامۆستا زرار باس لە نا ئەکادیمیەتی خۆی کرد و گوتی: (لەهەندێ بابەت شارەزاییم نەبوو و لێمنەدەزانی، چونکە من کەسێکی ئەکادیمی نەبووم، بۆیە جارجارە پەیوەندیم بەمامۆستا وریا ئەحمەد و مامۆستا جان تۆماس دەکرد، زۆرجاریش کە دەچوومە سلێمانی، دەربارەی مۆسیقا شتم لێ دەپرسین، خۆم بەقەرزداری قوتابیەکانی خۆشم





دەزانم چونکە لەسایەی ئەوانەوە زۆرشت فێربووم، ئەو شتانەی نەمدەزانی بەناچاری خۆم فێر دەکرد، بۆ ئەوەی دواتر فێری ئەوانی بکەم، بەوجۆرە قوتابییەکانم لەماوەی سێ چوارمانگدا، ڕاستەوخۆ لەگەڵ کردنەوەی دەرگای قوتابخانەدا، هاتنە سەر شانۆ.

بۆ جاری یەکەم سروودی «تا دەست لەمل هیوا نەکەم»یان گوت کە خۆم فێرم کردبوون، ئەم سرووده بووە یەکەم هەنگاوی پراکتیکی و بەردی بناغەی «تیپی پاشای گەورە» ئیدی ووردە ووردە لەو گەنجانەی تازە پێ ڕادەگەیشتن، لەوانە: «مامۆستا ئەحمەد شێخە، موزەفەر عەبدوڵلا و شوان عەبدوڵلا و زەینەل خەیری، بژار نوری و ڕێبوار نوری» پەیوەندییان بەتیپەکەوە کرد).

“ لەساڵی ١٩٧٧ کۆمەڵەی هونەر و ویژەی کوردی لەرواندز دروستبوو، یەکێتی نووسەرانی کورد ڕەخنەیان لەناوی کۆمەڵەکە هەبوو، لەوەی نابێ ناوی (ویژەیی) پێوەبێت ”

دوای ئەوەی تیپی پاشای گەورە دامەزرا، گەلێک ئاستەنگ و کێشەی بۆ دروست کرا، بەڵام بەپێداگری هیمەتی مامۆستا زرار و مۆسیقاژەنە گەنجەکان و ئەندامانی تیپ، لەسەر چالاکییەکانیان بەردەوام بوون، لەم بارەیەوە مامۆستا زرار گوتی: (گەلێک سەرئێشە و تەگەرەمان هاتنە پێش لەڕووی داراییەوە، ئەمە سەرەڕای نەبوونی ئامێری پێویستی مۆسیقای، بەڵام من هەموو ئەوانەم لەپێش چاوی خۆم دانابوو کە ڕۆژێک دێ دامودەزگا داپلۆسێنەرەکانی حزبی بەعس بەرۆکمان دەگرن، بۆیە من زووتر هەڵسام بەپەیوەندی کردن بەچالاکی قوتابخانەکان لەهەولێر، ئەوانیش ئامێریان داینێ. ئیدی ئەو تیپە و ئەندامەکانی ووردە ووردە لێ ڕاهاتن و خۆڕاگر بوون، تاوای لێهات زۆربەیان لەساڵەکانی ١٩٧٨ بۆ ١٩٧٩ هەرکە پۆلی سێی ناوەندیان تەواوکرد، چوونە پەیمانگای هونەرە جوانەکانی موسڵ، لەوێ بەرەبەرە لەگەڵ خوێندن و دونیای ئەکادیمی ئاشنا بوون. لەم ڕووەشەوە نابێت هەوڵ و هیمەتی مامۆستای هەرە خۆشەویست و هونەرمەندی گەورە ئەحمەد جەوادی لەبیر بکرێت، کە مامۆستای هونەرە جوانەکانی موسڵ بوو، ماستەری لە ئامێری کەماندا هەبوو، کە ئەو قوتابیانەی بینی بەم شێوەیە بەهرەیان هەیە، زۆر بەخۆشییەوە باوەشی بۆ گرتنەوە، بۆیە دەتوانم بڵێم ئەحمەد جەوادی ڕۆڵێکی گەورەی هەبوو لە پێگەیاندنی ئەو قوتابیانە لە ڕووی ئەکادیمییەوە»

مامۆستا زرار هاتە سەرباسکردنی ئەو قۆناغەی

ئەو قوتابیانەی بینی بەم شێوەیە بەهرەیان هەیە، زۆر بەخۆشییەوە باوەشی بۆ گرتنەوە، بۆیە دەتوانم بڵێم ئەحمەد جەوادی ڕۆڵێکی گەورەی هەبوو لە پێگەیاندنی ئەو قوتابیانە لە ڕووی ئەکادیمییەوە

کە لەستۆدیۆ بچووکەکەی خۆی لەڕەواندز دەستی بەکارکردن کردووە و گوتی: (ساڵی ١٩٨٦ ستۆدیۆیەکی بچووکم لەناو کۆمەڵەی هونەرە جوانەکان دامەزراند، مەبەستیشم ئەوەبوو کە چیدی پێویستمان بەوە نەبێ بچین دەنگ لەهەولێر و بەغدا و شارەکانی دیکە تۆمار بکەین، ئیدی خۆم دەنگەکەم بەئامێرێکی مۆنتاربۆ لەم ستۆدیۆ بچووکە تۆمار دەکرد، بۆیە ئەگەر نەڵێم هەمووی، بەڵام بەشی هەرەزۆری ئەو بەرهەمانەی دوای ساڵی ١٩٨٦ تۆمار کراون، هەر هەموویانم بەدەستی خۆم تۆمار کردوون، بۆیە تیپی پاشای گەورە لەتەمەنێکی کورتدا، توانی شان بەشانی تیپەکانی مۆسیقای سلێمانی و دهۆک و هەولێر، لەگەڵ ئەو تیپە ڕەسەن و گەورانە کاربکات).

هەر لەسەر مێژوو و کاروچالاکییەکانی تیپی پاشای گەورە، هونەرمەند (ئەنوەر شێخە) یەکێک لەو قوتابیانەی لەگەڵ مامۆستا زرار لەنزیکەوە کاری کردووە ئێمەی بردە بەردەم ئەو ژوورەی کە مامۆستا زرار لەوێدا پرۆڤەی پێکردبوون، هونەرمەند (ئەنوەر شێخە) هەر بەدەم ڕێگاوە قسەی بۆ کردین و گوتی: (یەکەم جار کە لەقاڵدرمەکانی ئەم قوتابخانەیە سەرکەوتم، یەکسەر مامۆستا زرارم بیرکەوتەوە، ئەو ڕۆژەم هاتەوە یاد کە یەکەمجار بەخۆم داوام لەمامۆستا کرد لەم تیپە بەشداربم، چونکە زۆر حەزم لەمۆسیقا بوو، مامۆستا زرار تەماشایەکی دەست و پەنجەکانی کردم و گوتی، دەست و پەنجەکانت

بۆ ژەنینی مۆسیقا خراپ نییە، بۆیە ئەو ڕۆژەم هەرگیز لەبیر ناچێتەوە، بەتایبەتی ئەم ژوورە کە ئەوکاتە پڕبوو لەئامێری مۆسیقا و فڵچە و ڕەنگ و کاغەز و دیوارەکانی هەمووی تابلۆ بوون، لەسەر تەختەڕەشەکە وێنەی نۆتەکانی مۆسیقای نەخش کرابوون، چونکە ئەوکاتە نۆتەکانی مۆسیقا وەکو ئێستا بەشێوەیەکی زانستیانە نەبوون، مامۆستا زۆر بەشێوەیەکی کلاسیک دەینووسینەوە و بەدەنگی خۆیشی بۆی باس دەکردین، ئینجا کە دەهاتینە سەر ئامێرەکە، هەریەکە لەئێمە دەهاتینە سەر کورسیەک و بە ئامێرەکەی خۆی، مەشغول دەبوو، لەپاشاندا کە کۆدەبووینەوە، مامۆستا زرار یەکە یەکە گوێی لێ ڕادەگرتین و هەر کەموکوڕیەکمان هەبوایە، ڕێنمایی دەکردین و بۆمانی ڕاست دەکردەوە).

هونەرمەند (شوان عەبدوڵڵا) یەکێکی دیکە بوو لەمیوزیک ژەنەکانی تیپی پاشای گەورە، ئەم ژەنیارە دەربارەی تیپی پاشای گەورە و مامۆستا زرار گوتی: (ئەوێ ڕۆژێ مۆسیقا لەسەر ئاستی کوردستان تازە چەکەرەی دەکرد، هەر لەو ڕۆژانەش بوو کە تیپی پاشای گەورە هاتە مەیدانی هونەری گۆرانی و مۆسیقای کوردی و بەماوەیەکی کەم تیپەکە کەوتە ڕیزی پێشەوەی تیپە بەناوبانگەکانی کوردستان، بۆیە جێگای شانازییە بۆ تیپی پاشای گەورە کە بەدرێژایی مێژووی خۆی توانیوێتی بەشێوەیەکی ئەکادیمی و هاوچەرخ لەسەر پێی خۆی بمێنێتەوە و گۆرانی کوردی و میوزیکی ڕەسەنی کوردی پێشکەش بکات، کە ئەوەش فەزڵەکەی بۆ مامۆستای گەورە زرار مستەفا دەگەڕێتەوە).

میوزیک ژەنی دیار (چەتۆ نەورۆز) کە ئەویش یەکێک بووە لەوانەی هەر لەسەرەتای دامەزراندنی ئەم تیپە، ئەندامێکی دیار و چالاک بووە گوتی: ( لەبیرمە لەسەرەتادا ئێمە کۆمەڵێک قوتابی قوتابخانەی پاشای گەورە بووین لەڕەواندز، هەموومان خولیایی میوزیک بووین و زۆربەمان کۆرسی گۆرانی بووین، دواتر مامۆستا زرار ئێمەی هەڵبژارد بۆ ئەوەی ببینە ئەندام لەتیپی مۆسیقای پاشای گەورە، لە دواییدا کە پەیمانگەی هونەرە جوانەکانمان تەواوکرد، دووبارە گەڕاینەوە شاری ڕەواندز و توانیمان ئەو تیپە بەجۆرێ پێ بگەینین کە شوێنی خۆی لەنێو مۆسیقا و گۆرانی کوردییدا بکاتەوە).

ڕەوانشاد (مەحمود زمدار) لەبارەی تیپی پاشای گەورە باسوخواسی ئەو وێنەیەمان بۆ دەگێڕێتەوە کە چۆن لەکارێکی ڕۆژنامەگەری خۆیدا بۆ (گۆڤاری بەیان) وەریگرتووە و پاشتر لەسەر بەرگی یەکێک لەژمارەکانی گۆڤارەکەی بڵاوکردۆتەوە، زامدار دەڵێ: (سەرەتا گوێبیستی ئەوە بووبووم کە لەڕەواندز تیپێک دروستبووە بەناوی پاشای گەورە و پیاوێکی مەزن و هونەرمەندێکی هێژای وەکو مامۆستا زرار لەپشتەوەی ئەو ئیشەوەیە، بۆیە ئەمەم بەهەل زانی و چوومە ئەو شارە و سەردانیم کردن، زانیارییەکانم لەمامۆستا زرار وەرگرت و داواشم لێکردن لەسەربانی قوتابخانەکە وێنەیەک وەربگرم، ئەو ڕۆژە بەفر پرۆشەی دەکرد، ئەوەبوو وێنەیەکی یەکجار جوانی ئەو منداڵانەم وەرگرت کە هەریەکە و ئامێرێکی مۆسیقای بەدەستەوە بوو و مامۆستا زراریش لەناویان ڕاوەستابوو، هەرکە گەڕامەوە بەغدا لەبەرگی (گۆڤاری بەیان) ئەو وێنەیە و ریپۆرتاژەکەم بڵاوکردەوە، بۆیە نابێت هەرگیز دەوری مامۆستا زرار لەبیر بکرێت، دەبێت پەیکەرێکی گەورەی بۆ دروستبکرێت، لەبەر ئەوەی ژیانی خۆی لەسەر هونەر و پێگەیاندنی بەهرەمەندانی منداڵی کورد داناوە).

*** لە بنەڕەتدا ئەم بابەتە بەرنامەیەکی تایبەتە بە یادی (٣٢) ساڵەی دامەزراندنی تیپی پاشای گەورە، کە تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان - هەولێر بەرهەمی هێناوە.**



**“ لەهەندێ بابەتدا شارەزاییم نەبوو، لێم نەدەزانی، چونکە من کەسێکی ئەکادیمی نەبووم ”**





# بۆ کۆچی دوایی هونەرمەند و مامۆستا (زرار محەمەد مستەفا)



وریا ئەحمەد

هاوینی (١٩٧٥) لە کۆیەوە لەسەر داوای مامۆستا (سوڵتان عەبدوڵڵا مەردان) بۆ هەولێر بۆ (چالاکیی قوتابخانەکانی هەولێر) گوێزرامەوە و بە (سەرۆکی تیپی موزیک) دەستبەکار بووم. دەستپێکی کارەکەمان لەو ڕۆژە ڕەشانەدا، ئەوە بوو لەگەڵ کۆمەڵێک هونەرمەند دەستمان کرد بە فێرکردنی موزیک بە منداڵان. دوای دەوری چەند ساڵێک و سەرکەوتنی کارەکەمان، بەدوای مامۆستایانی هونەرمەند (سەردار باب سەردار) و (زرار محەمەد مستەفا)ماندا نارد و ویستمان ئەوانیش لە شارەکانی (کۆیە) و (ڕواندز)دا هەمان کار بکەن و، بۆ ئەو مەبەستە چەندین ئامێری موزیکی منداڵانمان پێ دان، بەو مەرجەی کاتێک منداڵەکان فێری موزیک بوون، لەگەڵ منداڵانی هەولێر ببن بە یەک (تیپی مۆسیقای منداڵان) بۆ بەشداریکردن لە میهرەجانی ساڵانەی چالاکیی سەرتاسەری قوتابخانەکانی هەموو عێراق. لێرەوە برادەرایەتیی بەندە لەگەڵ مامۆستا زراردا دەستی پێ کرد. ئەو ساڵانە دەچوومە ڕواندز و لە (قوتابخانەی پاشای گەورە) لەگەڵ قوتابییانی مامۆستا (زرار)دا کۆ دەبوومەوە و (نۆتە)ی بەرهەکانم لەسەر تەختەڕەشێکی ئامادەکراو بۆ دەنووسینەوە، چەند ڕۆژێکیش دەمامەوە بۆ دڵنیابوونەوە لە ژەنینی موزیک و گۆرانییەکان، ڕاستییەکەی قوتابیانی ڕواندز، کە مامۆستا زرار پەروەردەی کردبوون، لەڕادەبەدەر زیرەک بوون و بەبێ ماندووبوون و بە ڕێنماییەکی کەم فێری ئاوازەکان دەبوون و بەلێهاتوویی دەیانژەنی! دیارە ئەو ساڵانە سەردەمی ڕژێمی گۆڕبەگۆڕ بوو. لە هەموو سەفەری میهرەجانەکاندا پێکەوە بووین، هەرکاتێکیش مامۆستا زرار بۆ هەر کارێک بهاتبایە هەولێر، ئەوا سەردانی دەکردم و ئێوارەکان بۆ یانەی مامۆستایان دەمبرد و هەتا درەنگانی شەویش هەم باسی هونەر و هەم ستەمی ڕژێمی گۆڕبەگۆڕیشمان دەکرد، دواتریش بۆ ماڵی مامی دەمبردەوە. هەر لە سەرەتای دامەزراندنی (یەکێتیی هونەرمەندانی کوردستان)ەوە لە (١٩٨٣)دا من و مامۆستا زرار تێیدا بووین بە ئەندام و دواتریش بووین بە ئەندامی دەستەی باڵای ڕێکخراوەکە و چەندین ساڵ پێکەوە بووین.

دوای ڕاپەرینی بەهاری (١٩٩١) لەگەڵ هەموو خەڵکی شاری هەولێر و دەوروبەری، بەناچاری بەرەو سنوورەکان ڕێمان گرتەبەر؛ خۆم و هاوسەر و منداڵەکانم لە ڕواندز ماینەوە و میوانی مامۆستا زرار بووین. چوار ڕۆژ پێش کۆچکردنیشی تەلەفۆنی بۆ کردم و گوتی: ئێستا لەگە ناساغی چۆنیت؟ ئەوە جاری دووەم بوو تێلم بۆ بکات و لە تەندروستیم بپرسێت.

مامۆستا زراری نیشتمانپەروەر، دامەزرێنەری (تیپی مۆسیقای پاشای گەورە) بوو، هونەرمەندێکی نیشتمانپەروەر و دڵسۆز و ڕاستگۆ و پاک بوو.



مامۆستا زرار لەکاتی گوتنەوەی وانەی مۆسیقادا



# پێش (٤٦)ساڵ

نازم دڵبەند

ناوەڕاستی حەفتاکان بوو لە شارێکی دوورە ڕێی وەکو ڕواندز، پیاوێکی بە هەست و خۆبەخش پشتی لە هەموو حەزێکی گەنجانەی خۆی کرد و بوو بە دەروێشێکی زیکرویستی هونەری کوردی، لەناو ئەو هەموو نائومێدییەی ئەوێ ڕۆژێ کە وەکو هەورێکی ڕەشی پڕ باران و توفان هەموو لایەکی گرتبۆوە، ئەو دەرگای ئومێدی موزیکی بۆ کۆمەڵە منداڵێکی ڕواندزێ کردەوە، ئەوکەسە گەورەیەش هونەرمەند (زرار محەمەد مستەفا) بوو.

ئەو کات تەمەنم لەسەروبەندی (٢٢)ساڵیدا بوو، تەمەنی کاری ڕۆژنامەنووسیشم هەر دوو ساڵێک دەبوو لە ڕۆژنامەی (هاوکاری).

ڕۆژێکیان ڕێی ڕواندزێم گرتە بەر، خانە خوێشم کاک (شوان) بوو، ئەوکات ستۆدیۆیەکی فۆتۆگرافی هەبوو، هەر لەگەڵ گەیشتنم (شوان)م بەسەرکردەوە و خۆم و دەفتەرێکی بچکۆلانە و ڕیکۆردەرێکی بچووکی کاسێت و قەڵەمێک، خۆم بە ستۆدیۆیەکەدا کرد، ئەو زۆر پێیخۆشبوو، بەڵام نەیگوت:

(بۆچی پێشتر خەبەرت نەدایمێ، چونکە دەیزانی، بە چ خەبەرانی بدەمێ؟ خۆ وەکی ئێستا نەبوو بە نوکەیەکی مۆبایل هەموو دونیات بۆ ببێتە گوندێک).

بەهەرحاڵ مەبەستی هاتنەکەم و ڕیپۆرتاژەکەم بۆ باسکرد و خۆشی هەر دۆستی هونەر و ئەدەب بوو، بەو پێیەی یەکێک بوو لە نەوەی یەکێ لە بنەماڵە دیارەکانی ڕواندزێ کە پێیان دەگۆتن بنەماڵەی (سلاحشۆڕی).

هەرزوو هەموو کار ئاسانییەکی بۆ سازدام، لە بیریشمە کە چووینە لای مامۆستا (زرار محەمەد مستەفا)ی لەکاتی فێرکاری و پرۆڤەکاری کۆمەڵە منداڵێک بوو لە قوتابخانەی (پاشای گەورە) کە لە ساڵی (١٩٢٢) دروستکراوە و یەکەم مامۆستای هەولێریش کە لێی دامەزرابێ مامۆستا (عومەر ساقی) بوو، چووینە ژوورەوە و خۆم پێناساند و مەبەستی هاتنەکەم بۆ ڕوونکردەوە، نووسینی ڕیپۆرتاژێکە لەسەر ئەو پرۆژە مێژووییەی ئەو دەستی داوەتێ، زۆر زۆری پێیخۆشبوو (ئامانج غازی، چەتۆ نەورۆز و سەید ئەحمەد ڕواندزی



وێنەیەکی ماتەمینی لەکاتی بەخاک سپاردنی مامۆستا زراردا
(فۆتۆ: سەعید ئەسعەد)



و زۆریتر...) کە ئەمڕۆ ناو و هونەرمەندی دیاری ئەم کوردستانەن، لەگەڵ گروپی ئەم پڕۆژەیە بوون، کە مامۆستا دەستپێکرد و لە دواییشدا بە ئامانجی گەیاند.

ڕیپۆرتاژێکی تێروتەسەلم لەسەر ئەم پڕۆژە هونەرییە کرد و بە وێنەوە دوای هەفتەیەک لە ڕۆژنامەی (هاوکاری) بڵاومکردەوە، بۆ شایەدیش هەموو جارێ ئەو هونەرمەندانەی کە ئەوێ ڕۆژێ ڕەسمەکانیانم لەم ڕیپۆرتاژە بڵاوکردەوە ئەم شایەدییەم بۆ دەدەن، هەرچەند دەبوایە لەگەڵ ئەم نووسینە بڵاویبکەمەوە، بڕوا بکەن دوای (٤٦) ساڵ تێپەڕبوون لە بڵاوکردنەوەی زۆر سەختبوو بیدۆزمەوە، بەڵام پەیمان بێت هەر بەدواشیدا بگەڕێم و کە دۆزیمەوە بڵاوی بکەمەوە، وەکو وەفایەک بۆ ئەم پیاوەو ئەم تیپە.

لە هەمووی جوانتر لای من لەم دیدارەدا کە مامۆستا (زرار)م دیت بەو گەرموگوڕییەوە لەبەر دەمی ئەو کۆمەڵە منداڵە بەهرەمەندە خۆی دەنواند و بەهەر جووڵانەوەیەک هەستێکی موزیکی لای ئەوان بونیاد دەنا.

ساڵ هات و ساڵ چوو، سەرباری ئەو هەموو زەمەنە سەختانەی بەسەر کورد و بەسەر ڕواندزدا تێپەڕین، بەڵام مامۆستا (زرار) هەمیشە بە گوڕتر دەبوو و ئەو گروپەی پێگەیاند و هەموویان بوون بە کەسانی دیاری بواری موزیک و گۆرانی... هەولوهیلاکی ئەو هونەرمەندە لەسەر شاشەی تیڤی بەدیار کەوت و لە فیستیڤاڵەکاندا هەمیشە لە پێشەوەی چالاکیەکاندا دەبینرا.

لە ڕۆژانی یەکەمی ڕاپەڕینیش (تیپی پاشای گەورە) بە (مایسترۆ)یی مامۆستا (زرار محەمەد مستەفا) یەکەمین تیپی موزیک بوو لە دەڤەری ڕواندزێ ئاهەنگی بۆ هونەرمەندی گەورە (ناسری ڕەزازی) سازدا و بووە سیمبولێک بۆ ئەوێ ڕۆژێ کە هێشتا ترس بە تەواوی نەڕەویبۆوە، بەڵام ئەم تیپە و هونەرمەند (زرار محەمەد مستەفا) وەکو ئەرکێکی نەتەوەیی ئەم بەشدارییەیان بە ئەرکی خۆ زانی و لەجیاتی هەڵگرتنی (تفەنگ) ئامێرەکانی موزیکیان کردە شان و بە شانازییەوە لەم ڕووداوە مێژووییە بەشداربوون.

**سەرباری ئەو هەموو زەمەنە سەختانەی بەسەر کورد و بەسەر ڕواندزدا تێپەڕین، بەڵام مامۆستا (زرار) هەمیشە بە گوڕتر دەبوو و ئەو گروپەی پێگەیاند و هەموویان بوون بە کەسانی دیاری بواری موزیک و گۆرانی**

کە یادی مامۆستای نەمر، هونەرمەند (زرار محەمەد مستەفا) دەکەینەوەو هزر و قەڵەمی وەفاداری کۆمەڵێ لە قوتابیانی خۆی کە ئەمڕۆ هەموویان ناو دەنگ و جێ پەنجەیان دیارە لەناو هونەری کوردی بە ڕۆحی مامۆستا ئاشنا دەکەینەوە، دیارە ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە هەموان دانەبڕاوین لە خۆشەویستی بەهرەی مامۆستا و دەست و پەنجە و عود و نمایشە شانۆییەکانی و فلچەی شێوەکاری ئەومان لەبەر چاوە، وەکو مێژوو بۆ خۆمان و بۆ دەوروبەری دەگێڕینەوەو.

شانازیش بەخۆم دەکەم کە پێش (٤٦) ساڵ ڕێی ڕواندزێم گرتەبەر بۆ نووسینی ڕیپۆرتاژێک لەسەر (تیپی مۆسیقای پاشای گەورە)

**کە چووینە لای مامۆستا (زرار محەمەد مستەفا)ی لەکاتی فێرکاری و پڕۆڤەکاری کۆمەڵە منداڵێک بوو لە قوتابخانەی (پاشای گەورە).**



# مامۆستا زرار ...
# لەدیدی نووسەران و هونەرمەندان‌دا



سەلاح ڕەئووف



نیاز نووری



پایەدار موحسین



غەمگین فەرەج

**سەلاح ڕەئوف:**

لە ناوەندی ساڵانی حەفتادا، لە ڕێی چەند هاوڕێیەکی مۆسیقازانم کە ڕەواندزی بوون ڕێم کەوتە ڕەواندز، هەر بەهاوکاریی ئەو هاوڕێ موزیسیانانەم، بە بەهرە و توانا و لەخۆبوردەیی کەسایەتییەکی تری مەزن لە بواری مۆسیقای کوردیدا ئاشنا بووم، کە ئەویش مامۆستا (زرار) بوو.

بەهۆی ئەم کەسایەتییە مەزنەوە، مۆسیقای کوردی بوو بە خاوەنی دەیان کەسی بەئەزموون و بەتوانا و بەهەڵوێست لە بواری مۆسیقا و نیشتمانپەروەرییەوە، لەبەرئەوەی هەموویان بەتەواوی لەو فێرگە مەزنەدا بە بواری مۆسیقا ڕەوشتبەرزیی و لەخۆبوردەیی و نیشتمانپەروەری ئاشنا بوون.

**نیاز نوری مەلا مەحمود:**

لە (١٩٨٩)دا کاتێک سەرقاڵی تۆمارکردنی بەرهەمی نوێی بەشی میوزیکی کۆمەڵەی هونەرەجوانەکانی کورد– مەڵبەندی گشتی بووین، ئەوا بەهۆی ناکۆکیی ئەو کاتەمان لەگەڵ تیپی مۆسیقای سلێمانیدا، کۆمەڵ پەنای بردە بەر لقی ڕواندزی کۆمەڵ، بۆ تۆمارکردنی بەرهەمەکانی لە ستۆدیۆ ڕەقوتەقەکەمان، کە بە شان و بازووی خۆمان دروست کرابوو. ئیتر مامۆستا (زرار محەمەد مستەفا)م ناسی. ئەو پیاوە باریکەڵە باڵابەرزەی بە جلێکی کوردیی قەشەنگەوە، بە مۆنتاربۆیەک کاری تۆمارکردنی بۆ دەکردین؛ هێمنی و بێدەنگی و گوێ هەستیارەکەی سەرنجیان ڕادەکێشایت! ڕەوشتبەرز و بەسەلیقە و بە فۆنەتیکێکی زۆر خۆشەوە ڕێنمایی دەداینێ؛ وا مامەڵەی لەگەڵدا دەکردین دەتگوت هەر لە منداڵییەوە دەمانناسێت و ئێمەش هەر منداڵەکانی تیپی پاشای گەورەی ڕواندزین. دوای میوانداریکردنی لە ماڵی ئێمە و چەند هاوڕێیەکمان، (ئەو کاتە باوی ئوتێل و پاداشت و شت نەبوو!) زەمەن زەمەنی خۆشەویستی و هاوکاریی بێبەرامبەر بوو، ئیدی زیاتر پێی ئاشنا بووم.

**پایەدار موحسین بەرزنجی:**

لە (١٩٧٨)دا لە ڤیستیڤاڵی کۆمەڵەی هونەر و وێژەی شارەکانی کوردستاندا، ئێمە کۆمەڵێک گەنجی خوێنگەرمی شاری هەولێر بەسەرپەرشتیی مامۆستا وریا ئەحمەد، لەگەڵ کۆمەڵێک گەنجی دیکە کە لە شارۆچکەی ڕواندزەوە هاتبوون، لەوانەش هونەرمەندان: ئامانج غازی، سیروان سیرینی، چەتۆ نەورۆز و چەندانی دیکە، کە مامۆستای خوالێخۆشبوو زرار محەمەد سەرپەرشتیان بوو و ڕاهێنانی پێ کردبوون. هەر لەوێدا ئەو مامۆستا و پەروەردەکارە بەرێزەم ناسی و هەستم کرد چ مرۆڤێکی سادە و ساکار و هێمن و لەسەرخۆیە؛ ئێستاش جێپەنجەی لە بەرەوپێشچوونی موزیک و گۆرانیی کوردیدا بەرچاوە و، بەرهەمی پەروەردەی ئەو مامۆستایە، ئەو کەڵەهونەرمەندانەن کە ئێستا لەو بوارەدا ناوێکی دیارن.

**غەمگین فەرەج:**

ئێمە وەک ئەندامانی بەشی مۆسیقای کۆمەڵی هونەرەجوانەکانی مەڵبەندی گشتیی سلێمانی، بۆ هەمیشە سوپاسگوزاری هەڵوێستی جوان و فریادڕەسانەی مامۆستا زرارین. ئێمە کاتێک کۆمەڵە میوزیسیانێکی گەنج و پڕ لە خولیا و خەونی موزیکیی نوێ بووین و، هەنگاومان بۆ بنیادنانی گرووپی موزیکیی نوێ و پڕۆژە و شێوازی موزیک و گۆرانیی نوێ





نەجمەدین غولامی



فاروق باپیر



سەرتیپ باب



بەکر لەگزی

دەنا، لە سالانی کۆتایی هەشتاکان و سەرەتای نەوەدەکاندا، هێندەی گرنگیی ئاو و هەوا بۆ ژیانمان، لە هەنگاوەکانماندا پێویستمان بە پاڵپشتی و ڕێنوێنیی مامۆستایانمان بوو. جێی داخە زۆریان پشتیان تێ کردین! بۆ مێژوو مامۆستا زرار نەک پاڵپشتی سەرجەم هەنگاو و بیرۆکەکانمان بوو، هاوکات بۆ هاوکاریمان، لە یەکەم پرۆژەی هونەریمانەوە بەرێزیان بە تێکرای ئامێرەکانی تۆماری دەنگەوە، لەگەڵ هاوڕێیانی تیپی مۆسیقای پاشای گەورە، لەوانە هاوڕێیانی ئەزیزم کاکە (چەتۆ نەورۆز و ئامانج غازی)، گەیشتنە لامان بۆ سلێمانی. مامۆستا زراری ئەزیز لە یەکەم ئەزموونی بەشی موزیکی کۆمەڵ لەگەڵماندا بوو، کە ئێوارە کۆڕێکی بەندە و هاوڕێیانم بوو، تێیدا نمایشی شێوازی موزیکی (گەشە) مان کرد، وەک ئەزموونێکی نوێی موزیک. دواتر بەرێزیان سەرجەم بەرهەمەکانی ئەو ئێوارە کۆڕە و هەموو بەرهەمەکانی یەکەمین نەواری گروپەکەمانی بۆ تۆمار کردین، کە بە بڕوای زۆر لە هونەرمەندان، ئەو بەرهەمانەی مامۆستا زراری هێژا تۆماری کردن، لە کارە هونەرییە ناوازەکانی بەشی موزیکی کۆمەڵ و ڕەوتی ئەوسای موزیکی کوردی بوون. گۆرانییەکانی: (گوێم بۆ ڕادێرە، شاییە دەگەڕێ، ئەی هاوسەرە ئەزیزەکەم، ئەی دایەگیان، بۆ دڵ، کۆچ)، نموونەی ئەو بەرهەمانەن.

**نەجمەدین غولامی:**

هەشتاکان بوو، بە مەبەستی تۆمارکردنی بەرهەمێک ڕووم کردە شاری ڕواندز؛ لەوێ یەکەم جار مامۆستایەکی بەڕێزم ناسی، مرۆڤێکی هێژا و دڵسۆز و نیشتمانپەروەر و هەست ناسک! ئەویش مامۆستا زرار بوو. بەگەرمی باوەشی گەرمیان بۆ بەرهەمەکانم کردەوە، کۆمەڵێک ژەنیاری بەتوانایان کۆ کردەوە و بە زووترین کات دەستمان بە تۆمارکردنی بەرهەمەکان کرد. هەرچەندە لەو کاتەدا هەموو تیپە موزیکییەکان داخرابوون و کارکردن قەدەغە بوو، بەڵام مامۆستا زرار بەوپەڕی چاونەترسییەوە کارەکانی منی تۆمار کرد، کە بریتیبوون لە چەند گۆرانی و سروودێک، کە بەڕاستی بوون بە یەکێک لە شاکارەکانی من و ئێستاش خەڵک بەردەوام گوێیان لێ دەگرن.

**فاروق باپیر:**

مامۆستا هاوشێوەی میری سۆران و وەستا ڕەجەب یەکێک بوو لە ناوە دیار و جوانەکانی ناوچەکە و، کۆڵەگەی هونەر بوو لە کوردستان بەگشتی و حەوزی سۆران و دۆڵی باڵەکایەتی و شاری ڕواندز بەتایبەتی. ڕەوانشاد جگە لەوەی مامۆستایەکی سەرکەوتووی زمانی ئینگلیزی بوو، هونەرمەندێکی گشتگریش بوو، نەک تەنیا لە بواری موزیکدا، بەڵکو لە زۆربەی جۆر و شێواز و لایەنەکانی دیکەی هونەردا.

**سەرتیپ باب سەردار:**

مامۆستا زرار هەموو هەوڵێکی دەدا قوتابییەکانی بە شێوەیەکی زانستی فێری موزیک بکات، بۆیە هانی هەموویانی دا کە بەردەوام بن لە فێربوونی زیاتر، زۆربەیان ڕوویان لە هونەرەجوانەکان کرد و بەڕاستی هەمووشیان سەرکەوتوو بوون. ئێستاش زۆربەیان لەناو تیپەکانی کوردستاندا جێیان دیارە و کەسانی سەرکەوتوون، ئەوەش هەمووی دەگەڕێتەوە بۆ پەروەردەی جوانی مامۆستا زرار. ئەو زاتە لەگەڵ هونەرەکەیدا کوردایەتییەکی تۆخی فێری خوێندکارەکانی دەکرد، هەمیشە هەوڵی دەدا ڕەسەنایەتیی هونەری کوردی بپارێزن.

**بەکر لەگزی:**

بۆ یەکەمجار لە (١٩٨٥)دا بە دیداری شاد بووم؛ دەستی هیممەت و ڕەوشتی ژیرانە و کوردایەتیی مامۆستا زرار، وای کرد کە من بتوانم لە ماوەی سێ ساڵدا ببم بە خاوەنی سێ ئەلبوم و پێنج سروود.

لە ژیانی کاری هونەری خۆیدا زیاتر لە پێنج جیلی پێ گەیاندووە، کە سێ جیلیان هەر یەکەیان مامۆستایەکی گەورەی بواری مۆسیقان.

**ماهیر ئەمین:**

پێم وایە ئەگەر ڕواندز مامۆستا زراری نەبووایە، ئەوا لەم پەنجا ساڵەی دواییدا هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ هەر شار و

شارۆچکەیەکی دیکەی دەوروبەریدا نەدەبوو. بۆیە بەبێ دوودڵی دەڵێم:

مامۆستا زرار خوڵقێنەری مێژووی تازەی شارەکە و دەڤەرەکەیە و، ماندووبوونی بێحەسانەوەی نیوسەدەی ئەو پیاوە مەزنە، بوو بە هەوێنی لەدایکبوونی سەدان بەهرەمەند و دەیان هونەرمەندی گەورە لە دەڤەرەکە و کوردستاندا.

بەداخەوە! بەهۆی کۆتوبەندی کۆمەڵایەتی و ئاینیی کۆمەڵگە و خانەوادەکەم، من لەوە بێبەش کرام، ماوەیەکی درێژ لە خزمەتیاندا بم، بەڵام ئەو چەند وانەیەی کە لە سەردەمێکی زۆر زووی منداڵیمدا، لە سەرەتای هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو لە خزمەتیاندا فێربووم، بوون بە بناغەیەکی پتەو بۆ هەموو ژیانی هونەریم و تا ماوم هەر پیتێکی گۆرانییەکانم، هەر تۆنێکی ئاوازەکانم، هەر بەرهەمێکی ڕابردوو و ئێستا و داهاتووم، بە زادەی پەروەردەی پاک و ڕۆشنی ئەو زاتە گەورەیە دەزانم.

**مەجید خۆشناو:**

مامۆستا زرار مرۆڤێکی کوردپەروەر و بەهەڵوێست بوو. ڕۆڵی هەبوو هەم لە شار و هەم لە شاخیش لە دامەزراندنی یەکێتیی هونەرمەندانی کوردستان، لەگەڵ مامۆستا فەرەیدون دارتاش. بەنهێنی پەیوەندیی لەگەڵ شۆڕش و پێشمەرگەدا هەبوو. جگە لەوە ڕۆڵی بەرچاوی هەبووە لە هەوڵدان بۆ نەمانی شەڕی ناوەخۆی براکوژی.

**مەغدید حاجی:**

لە بواری مۆسیقادا پێشەنگ بوو، مامۆستای ڕاهێنەر و مۆزیکژەن و ئاوازدانەر و سەرپەرشتی تیپی مۆسیقا بوو. ڕۆڵی سەرەکیی لە کردنەوەی لقی (کۆمەڵەی هونەر و وێژەی کوردی) لە ڕواندز و دامەزراندنی (تیپی مۆسیقای پاشای گەورە)دا بینیوە. لە قوتابخانەی هونەریی مامۆستا زراردا بە دەیان هونەرمەندی مۆسیقاژەن پێگەیشتوون.

مامۆستا زراری کتێبدۆست، کەسایەتییەکی ڕۆشنبیر و کۆمەڵایەتیی چالاک بوو، بۆ بەشداربوون لە چالاکییە ڕۆشنبیرییە جۆراوجۆرەکاندا.

**فواد محەمەد ڕواندزی:**

پاش بەیانی (١١ی ئازاری ١٩٧٠) بوار ڕەخسا کەوا بیر لەوە بکرێتەوە تیپێکی مۆسیقا دابمەزرێنین. ئێمە چەند گەنجێک لەگەڵ مامۆستای خوالێخۆشبوودا دەستمان پێ کرد، کە هەر لە سەرەتاوە بیرۆکەکە هەر هیی ئەو بوو. سەرەڕای نەبوونی پێداویستییەکان، بەڵام توانیمان دەست پێ بکەین و پڕۆڤە بکەین. بە هەوڵی مامۆستا لە ڕێگای یەکێتیی مامۆستایان و مامۆستا سەردار فەتاحەوە توانیمان تیپەکە دابمەزرێنین.

**وەلی دۆسکی:**

دوای تەواوبوونی کۆنگرەی یەکێتیی هونەرمەندانی کوردستان، ڕۆژێک مامۆستا زراری ڕەحمەتی هاتە لام و گوتی: «وەفدێکی هونەرمەندان بە نیازن سەردانی مەکتەبی سیاسیی حزبی شیوعیی عێراق بکەن لە لۆلان.» هەروەها گوتی: «دەبێت بە ڕێگایەکی ئەمین بیانگەیێنینە ناوچە ئازادکراوەکان.» وەفدەکە بەسەرپەرشتیی مامۆستا (فەرەیدون دارتاش) بوو، ئەوە بوو بە سەیارەی خۆم، من و مامۆستا زرار وەفدەکەمان گەیاندە شوێنی مەبەست لە (لەیلۆک). ئەوان ڕۆیشتن و من و مامۆستا زراریش گەڕاینەوە؛ لە چوون و هاتنەوەماندا مەفرەزەی ڕژێم ئێمەیان بینیبوو، بەڵام لەبەرئەوەی مفەوەزێکی پۆلیس کاتی خۆی قوتابیی مامۆستا زرار بوو، ئەوا بێدەنگیی لێ کرد و هەر ئەوەی لێ پرسین کەوا: «میوانەکانتان بۆ نەهاتنەوە؟»

مامۆستا زراریش پێی گوت: «لەو گوندەن و زوو دەگەڕێنەوە.»

**کاڵێ ئاتەشی:**

ئێمە و هونەرمەندانی دیکەش. ئێوە لە باوەشتان گرت و خزمەتی ئێمەتان کردووە. بەڕاستی قەت لەبیرمان ناچێت، لەو سەردەمە ترسناکە لەو کاتەی کە حکومەتی بەعس حوکمی دەکرد، بەڕاستی ئێوە هیچ نەدەترسان و بەتایبەتی مامۆستا زرار هەر بۆشی گرنگ نەبوو لە ترس و ئازار، کە یارمەتیی ئێمەی کوردانی ڕۆژهەڵاتی دەدا. چەند سرود و گۆرانیمان هێنان تیپی





ماهیر ئەمین:



مەجید خۆشناو



مەغدید حاجی



فواد محەمەد





وەلی دۆسکی



کالێ ئاتەشی



سەید ئەحمەد



فەرهاد شاکر

مۆسیقای پاشای گەورە تۆماریان کردن و بە باوەشێکی ئاوەڵاوە خزمەتیان کردین و قەت لەبیرم ناچێت!

**سەید ئەحمەد ڕواندزی:**

دەیان قوتابیی وەکو منت پێ گەیاند، کە ئێستا بوون بە ئەستێرەی درەوشاوە لە ئاسمانی هونەریدا و شوێنپەنجەیان لە هەر سوچێکی کوردستان و دەرەوەی کوردستاندا دیار و بەرچاوە. ئەمەشیان بەری ڕەنج و ماندوو بوون و هیلاکی تۆ بووە بۆ ئێمەمانان. هەرگیز سیما و ڕوخساری جوانت لەپێش چاومان ون نابێت. لەبیرمە ئەو ساتانەی کە منداڵ بووین لە قوتابخانەی پاشای گەورە قوتابیی سەرەتایی بووین، لەگەڵ هاوپۆلانم بەدزییەوە دەهاتینە نهۆمی دووەمی قوتابخانە، کە وەرشەیەکی خنجیلانەت ڕێک خستبوو و گوێچکەمان بۆ ئەو نۆتە و موزیکەی بە ئامێری عود بە پەنجە ناسک و جوانەکانت دەتژەنی شل دەکرد و، هەرچەندە دڵمان ئۆقرەی نەدەگرت و دەمانگوت دەبێت ڕۆژێک بێت ئەو خەون و حەز و خۆشەویستییەمان بۆ هونەری موزیک بهێتە دی، ئەو مامۆستا جوانەمان فێری موزیکمان بکات. ئیتر ئەوە بوو خەونەکەمان بوو بە سەنگی مەحەک و هاتەدی. ئەو پۆلێک قوتابیی قوتابخانەی پاشای گەورەی هەڵبژارد و توانی لە (١٩٧٧/١/١١)دا تیپی موزیکی منداڵان لە قوتابییانی قوتابخانەی پاشای گەورە دابمەزرێنێت: (من، ئامانج، چەتۆ، سیروان، شێرزاد، فارۆق، ڕزگار، ڕێبوار، بژار، نەریمان، نیاز، نیعمەت).

لە خولی دامەزراندنی تیپی مۆسیقای پاشای گەورە بەشداریمان کرد. لە هەمان ساڵدا خولی فێربوونی خۆشنووسی و شێوەکاریشی بۆ کردینەوە.

**فەرهاد شاکر مەجروم ڕواندزی:**

ئەو ڕۆژەی کە یەکترمان گرتەوە لە گوندی ئاکۆیان، کە من لە بەندیخانەی کوت (فیرار) ڕامکرد بوو، تۆ چەند بە دڵێکی پڕ سۆز و خۆشەویستییەوە هاتییە پێشوازیم و بۆ ماوەیێک لەو گوندەدا بەیەکەوە لەگەڵ ئەو برادەرانەی ڕواندزی، پێشمەرگە بوون ماینەوە! شەوێک ڕێک کەوتین بەیەکەوە لەگەڵ (کەمال عەبدولکەریم) و (حەسەن فەتاح)، کە زستانیکی دژوار و بەفرێکی زۆر باری بوو، بەڕێ کەوتین بەرەو ڕواندز، کاتێک گەیشتینە گەروی ڕەزان لەبەینی هەردوو (ڕەبیە)ی سەربازی تێپەڕین. خۆمان گەیاندە ماڵی ئێمە، بەڵام زۆر ماندووبووین لەبەر زۆری بەفر. سێ ڕۆژ ماینەوە و فەرهادی برای کۆچکردووم بەنهێنی هاتە لامان و (لایت) و (چەرەسات)ی بۆ کاک زرار هێنا بوو. ئای چەند دڵخۆش بووین، کە هەندێک دەنگوباسی ناوشارمان بیست. شەوی چوارەم (برایمی حەمەدەلاو) و دوو پێشمەرگەی هاتنە لامان و (ئێستر)یان هێنابوو بۆ بارکردنی هەندێک خورما و ئازوقە و نەوت. کەوتینە ڕێ بۆ گەڕانەوە. برایم لەپێشەوە دەڕۆیشت و کاک زرار لەدوای ئەو و منیش لەدوای کاک زرار. لە (باسکی فەرەزان) کاک زرار لە غەرەبەردەکە خۆی هاوێشتە ئەودیوی غەرەکە، تفەنگەکەی بە لایتەکە کەوت، ئەو شەوەی کردە ڕۆژی ڕووناک! کاک برایم وایزانی (لوغم)ە، زوو کاک زرار لایتەکەی کوژاندەوە. سەربازی ڕەبییەکان ئاگایان لێ نەبوو تا گەیشتینەوە ئاکۆیان.

*** بریتییە لە بەشێک لەو قسانەی هەندێک لەو نووسەر و هونەرمەندانەی لە نامیلکەی (ئەو کۆچەی ژیان لەبیرناچێتەوە) تۆمارکراون.**



مامۆستا زرار و ئەنوەر قەرەداخی



# مامۆستا زراری لۆگۆی دەڤەری ڕواندز

هونەرمەند
سەباح عەبدولڕەحمان

ساڵی ١٩٦٨ کە لە ڕەواندز وەکو مامۆستا دامەزرام هونەرمەندی خوالێخۆشبوو (زرار مستەفا)م ناسی.

بەدوو هۆکار پەیوەندی و هاوڕێیەتییێکی توندو تۆڵ لە نێوانمان دروستبوو. یەکەمیان من وەک دەرچووی هونەرە جوانەکان سۆراغی هونەرمەندانی دەڤەرەکەم دەکرد تا بیانناسم و لێیان نزیک ببمەوە.

دوەمیشیان زرارە فەندی وەکو مامۆستاییێکی دەست ڕەنگین، لە خەت و هونەری شێوەکاری و هەواداریێکی بواری میوزیک، لە هەموو سووچێکی ئەو دەڤەرە ناوبانگی دەرکردبوو، سەربارى ئەوەش، بە بنەماڵەیێکی نیشتیمانپەروەرو چەپ دەناسران و پێگەیێکی کۆمەلایەتی دیاریان هەبوو. هەر زوو مامۆستایانی قوتابخانەکەی خۆم (بێخاڵ) هەموو خەسڵەت و بەهرە و جوانییەکانی ئەو زاتەیان پێ ئاشنا کردم. لە یەکەم دیداری نێوانماندا، هەستم بە ڕاستگۆیی و دڵسۆزی و خۆنەویستی ئەو پیاوە گەورەیە کرد

هەر ئەوکاتە و لەو دیدارەدا خوێندنەوەم بۆ خۆشحاڵی زرارە فەندی کرد، کە چەند پەرۆشی ئەوەیە چالاکی هونەری لە ڕواندز نەشونما بکات و پەرە بسێنێت.

لە حەزی ئەو پیاوە عاشقە تێگەیشتم کە دەیویست بە سیحر و جوانی و چێژی هونەر تاجە گوڵینە و کۆلکە زێرینە بخاتە سەر ئاسمانی ڕەواندز. من ئەو ماوە کەمەی کە لەڕواندز بووم بە هاندان و پشتگیری ئەو زاتە گرووپێکی نواندنم لە قوتابیانی خۆی پێکهێناو بەرهەمێکم لە نەورۆزی ئەوساڵیدا پێشکەشکرد. هەر مامۆستا زراریش هانیدام کە بەشداری بکەم لە پێشانگەی ساڵانەی دەڤەری ڕواندز بەتابلۆییێک لە پێکهاتەی کەرستە سروشتیەکان و خەڵاتی یەکەم بەدەست بهێنم

وەکو پاداشتی ئەو سەرکەوتنەش گوازرامەوە بۆ چالاکی قوتابخانەکانی هەولێر. ئەوەی شایانی باسە مامۆستا زرار خۆی لەو پێشەنگەیەدا شەرحی وردەکارییە هونەرییەکانی تابلۆکەی منی بۆ میوانانی پێشانگەکە دەکرد کە بریتیبوون لە بەڕێوەبەری پەروەردەی هەولێر خوالێخۆشبوو مامۆستا نەشئەت محەمەد سەفوەت و یاوەرانی، ئەوەشیان بۆ من ڕاستگۆیی و خەمخۆری مامۆستا زراری دەرخست. مامۆستا زرار هەمیشە گەورەیی و لێهاتوویی خۆی لەنێو کەسانی بەهرەمەند و بە توانا بەو ڕەوشت و ڕەفتارە جوانانە دەسەلماند.

مامۆستا زراری خوالێخۆشبوو دەبێ وەکو لاپەرەیێکی شانازی و لۆگۆی دەڤەری ڕواندز بکرێتە خەڵاتی داهێنانی هونەری، بۆ ئەوانەی کە پەروەردەی بەردەستی خۆی بوون، ئەوەتا ئەمڕۆ لە کوردستان و زۆرێک لە وڵاتانی دونیاش ئەستێرەی دیارن و بەوپەڕی وەفاداری درێژە بە پەیامی هونەرمەندێک دەدەن کە هەموو ژیانی بە هونەر بەخشی.



مامۆستا زرار (فۆتۆ: سەعید ئەسعەد)

# وەفایەک بۆ ڕابەری هونەر



**هاژە شێخ سلێمان**

مامۆستا زرار یان کاکە زرار وەکو ئەوەی ئێمە لەناو خانەوادەی خۆمان بانگمان دەکرد ئامۆزا و مامۆستام بوو، کەسێک تەژی لە خۆشەویستی و بەئەمەکی و پاک، تێکۆشەر بۆ دۆزی ڕەوای گەلەکەمان خۆنەویست هەمیشە لەخەمی گەورەو بچووک دابوو، هەموومانی لەبیر بوو ئەگەر بەسەردانیش نەبووایە بە تەلەفۆن هەموومانی بەسەردەکردەوە، کە ئێمە مندال بووین بەبیرم دێت هەموو ئاهەنگێکی نەورۆز ئێمەی لەگەل خۆی دەبرد بۆ بێرۆیان، لەهەموو خۆشی و ناخۆشییەک لەگەڵ ئێمە بوو لەسالی ٢٠٠١ من کاندید بووم بۆ سەرۆکی شارەوانی ڕواندز ئەوەندە دڵی خۆش بوو هەموو ڕۆژێک دەیپرسی دەیگوت هاژە نزیکبووە بچین بە دە پەنجە مۆربکەین، دواتر لەسالی ٢٠٠٩ کەکاندید بووم بۆ پەرلەمانی کوردستان گووتی: چەند کاندیدێک سەردانیان کردووم بۆ ئەوەی دەنگیان پێبدەم پێمگوتن کاکە من کچی مامم کاندیدە بۆ پەرلەمان دەنگی من بۆ ئەوە ئەوەندە ڕاستگۆ بوو گوتی: من بەڵێن بەکەس نادەم لەوسەرەی خۆشترە ئەگەر لێشم زویر بن باکم بەو شتانە نییە.

ڕێز و خۆشەویستی کاکە زرار وای لە ئێمە کردبوو هەر یەکێک لە خانەوادەکەمان ئەگەر سەردانی ڕواندزی بکردبایە هەتا کاکە زراری نەدیتبا نەدەگەڕایەوە ئەگەر ماوەیەک سەردانی ڕواندزم نەکردبا پەیوەندی دەکرد دەیگوت ئەو ماوەیە غائیبی دیار نیت منیش بەپێکەنینەوە دەمگوت حەقی سزادانم هەیە، من هەر پرسیارێکم هەبوایە دەربارەی مێژووی ڕواندز و ڕواندزییەکان یەکسەر پەیوەندیم پێوە دەکرد، لەڕۆژانی جەژن بەیانیان زوو چاوەڕێمان دەکرد تا کاکە زرار دێت چونکە یەکەم کەس سەردانی ئێمەی دەکرد. مامۆستا زرار گۆڕانێکی جۆری کرد لە ڕواندز و ناوچەکە بە دامەزراندنی تیپی پاشای گەورە کە لە حەفتاکان کۆمەڵگە زۆر بەزەحمەت قبوڵی دەکرد بەتایبەتی کچەکانیان کە بچن لەو بوارە کاربکەن، بەڵام بە هیمەتی ئەو زۆربەی خێزانەکان کچەکانیان دەنارد بۆ ئەوەی فێری مۆسیقا ببن، قسەکردن لەسەر مامۆستا زرار بە چەند دێڕێک تەواو نابێت چونکە کەسێک بوو هیچ نووسینێک ئەو مافە بە کەسێتی ئەو نادات مخابن کە مردن نەیهێشت زۆر لە ئومێدەکانی بەچاوی خۆی ببینێت.



هاژە لەنێوان مامۆستا زرار و فەرهاد محەمەد



# پانۆرامای ماڵەکەی


















# پانۆرامای ماڵەکەی


















# مێژوویی

- **هۆزی خۆشناو لەچەند سەرچاوەیەکی گرنگی مێژووییدا**

سەرتیپ ئاغا واحد بەگ



# هۆزی خۆشناو لەچەند سەرچاوەیەکی مێژووییدا



سەرتیپ ئاغا واحد بەگ

هۆزی خۆشناو بەیەکێک لە هۆزە دێرین و کۆنەکانی گەلی کورد دەژمێردرێت، هەروەها یەکێکە لە هۆزە گوندنشینەکانی کورد کە لە خۆشناوەتیدا نیشتەجێن، لە(سەفەرنامەی جۆن گۆردن لۆریمەر) بۆباشووری کوردستان لە نیسان و مایسیساڵی(١٩١٠)دا لەوەرگێڕانی (ڕەوەند سەباح)دا لە لاپەڕە(١١٠)دا دەڵێت: «بەو ناوچەیەی عەشیرەتی خۆشناوی لێ نیشتەجێیە، دەگوترێت، لە بنەڕەتدا لەشاری سنەی وڵاتی فارسەوە هاتوون، وامەزندە دەکرێت لەدوای عەشیرەتی جاف، لەڕووی ژمارەوە عەشیرەتی خۆشناو بێت، کەچی لەسەرووی عەشیرەتی دزەیی و گەردی-دێت» ناوچەی خۆشناوەتی شوێنی ژیان و گوزەرانی هۆزی خۆشناو بووە بە سەرجەم پێکهاتە و چین و توێژەکانییەوە هەر لەبەگزادەکانی و ئاغا و کوێخا و کرمانجەکانییەوە، خۆشناوەتی کەوتووەتە دەڤەرەکانی نێوان ڕانیە، ڕەواندز، شەقڵاوە، شارەدێی هیران (ناحية خوشناو) کۆیە. لە خۆرهەڵاتەوە هاوسنورە لەگەڵ هۆزەکانی ئاکۆ و بلباس لە خۆراواوە لەگەڵ هۆزەکانی هەروتی و سورچی لە باکوریشەوە لەگەڵ باڵەک. لەباشوورەوە لەگەڵ گەردی.

هۆزی خۆشناو هۆزێکی ڕەوەندی و کۆچەری نەبوون. واتە گەرمیان و کوێستانیان نەکردووە. لەگوندەکانی ناوچەی خۆشناوەتیدا ژیاون، وەکو چۆن لە (سیاحەتنامەی حدوودی خورشید پاشا)دا هاتووە کە تاکو ئێستەش مێژووی نووسینەکەی بەتەواوی نەزانراوە، بەڵام بەیەکێک لەسەرچاوە مێژووییە گرنگەکانی سەردەمی دەوڵەتی عوسمانی دەژمێردرێت، زۆر ڕاستی مێژوویی هەیە سەبارەت بەکورد و وڵاتی کورد و عەشیرەتەکانی، هەرسێ کوردستانی ڕۆژهەڵات و باشوور و باکوور لەو کتێبەدا ئاماژەیان پێدراوە لەوەرگێڕانی (مەحموود هۆمەر باوزی) لەلاپەڕە(٢٩٠)دا دەڵێت: (خەڵکی ناوچەکانی خۆشناوەتی ناچنە بانەمەڕ و لەوەڕگەکانیان، بە بەردەوامی لەگوندەکانیاندا دەمێننەوە) هەروەها هۆزی خۆشناو خانووبەرەیان هەبووە و هەرخێزانەی بەپێی توانای دارایی و کۆمەڵایەتی خۆی خانووی بچووک، یان گەورەی بۆخۆی بونیاد ناوە. تۆبۆگرافیای ناوچەکە و زۆری و کەمی سەرچاوەی ئاو و کانی و کارێز هۆکاری بنچینەیی و بنەڕەتی بووە لە دیاریکردنی چەندێتی و زۆری و کەمی ژمارەی خێزان و خانووەکانیاندا. هەرئەمە فاکتەری سەرەکی بووە لە بچووکی گوندەکان و دووری و دابڕانیان لە یەکدی، گوندەکان لەسەرکانی بونیاد نراون، نەک لەسەر چەمی گەورە و ڕووباری

**هۆزی خۆشناو هۆزێکی ڕەوەندی و کۆچەری نەبوون. واتە گەرمیان و کوێستانیان نەکردووە**

گەورە. ئەمەیش دەرفەتی کەمی ڕەخساندووە گوندەکان گەشە بکەن، یاخود ببن بە شارەدێ، یان ببن بە شار.

نووسەر(شیخ ابی عباس احمد القلقشندی) لەپەرتووکی بەناوبانگی (صبح الاعشی)دا لەبەرگی چوارەمیدا لەلاپەڕە (٣٧٣-٣٧٩)دا دەڵێ: (اقلیم الجبال) واتە: هەرێمی چیا پێکهاتووە لە بیست و چوار تیرە یەکێک لەم بیست و چوار تیرەیە، تیرەی خۆشناوە، هەروەها لەپەرتووکی گرنگ و ناسراوی (مسالك الابصار في ممالك الامصار)دا کە لەنووسینی (لابن فضل الله العمري شهاب الدين احمد بن يحي)یە لەبەرگی سێیەمیدا لەلاپەڕە (١٩٩)دا دەڵێت: ئەم ناوچەیە وڵاتی (کەرکار) بووە دانیشتوانەکەشی بە (حەسنانی)یە، یاخود (حەسنانلوو) ناسراون، لەسێ بەرە پێکهاتوون، یەکەمیان بەرەی (عیسای کوڕی شەهابەددین)ە، دووەمیان بەرەی (تیلە)یە و سێیەمیان بەرەی (جاکیە)یە.

بەهەمان شێوە لە ئینسایکلۆپیدیای ئیسلامیشدا لەوەرگێڕانی (حەمەکەریم عارف)دا لە لاپەڕە (١٢١)دا باسی هۆزی خۆشناو کراوە و نووسراوە (حەسنانی «خۆشناو» ژمارەیان دەگاتە چەندین هەزار و سێ بەش بوون، کە بەشێکیان لە (کارکار)ی هاوشانی قارتاویدا دەژیان سەرانەیان لەو کاروانانە وەردەگرت کە لە دەربەند کارابولییەوە ڕەت دەبوون «بوارێکە لەسەر زێی بچووک» هەروەها لە پەرتووکی ناوداری (عنوان المجد فی تاریخ نجد) لەنووسینی (الشيخ عثمان بن عبدالله بن بشرالنجدي الحنبلي)یە لەباسی هۆزی خۆشناودا دەڵێت: هۆزێکی زۆرن، خەڵکانێکی ئازا و بوێرن، کوشتنی مرۆڤ لەلایان وەکو ئاوخواردنەوە وایە، بەردەوام شەڕ و کوشتار لەنێوانیاندا بوونی هەیە، خاوەن چەند زانایەکی وەکو موحەمەدی خەتێن. خۆشناو لەشەرەفنامەدا (١٥٩٦ز) باس نەکراوە، بەڵام ڕیچ لەگەشتنامەکەیدا لەساڵی(١٨٢٠م)دا لەوەرگێڕانی (محەمەدحەمەباقی) لە لاپەڕە (١١٤) لەبارەی هۆزی خۆشناو دواوە و باسی کردوون. ڕیچ لەسەردانەکەیدا بۆ کوردستان لەمیانەی وتووێژێکدا لەگەڵ هەندێ لەپیاوە دیار و بەناوبانگەکانی ئەوکاتەی سلێمانی کە شێواز و جۆری سیستەمی کۆماری ئەمریکای بۆ باسکردوون، ڕوونکردوونەتەوە.

یەکێ لەئامادەبووانی دانیشتنەکە گوتویەتی: ئەمەیان لەخێڵەکانی خۆشناوەتی دەچێت، کە هەرگوندێکیان سەرۆکی خۆی هەیە و هەمووشیان بۆ سوود و بەرژەوەندی تێکڕای هۆزەکە کۆدەبنەوە و ڕاوێژدەکەن.

ریچ لەپەراوێزی یاداشتی ئەو ڕۆژەدا لەهەمان لاپەڕەدا نووسیویەتی هۆزی خۆشناو سیانن: میر مەحمەلی، میر یوسفی، میر پشدەری (ڕاستەکەی پشتگەلی)یە هەروەها لەدرێژەی نووسینی پەراوێزەکەدا دەڵێت: جلوبەرگیان وەکو هی (ئامێدی) وایە و زمانیشیان



شەقڵاوە (سەرچاوە: Pinterest)

لەشێوەزمانی بابانی و بادینانی تێکەڵە، بۆیە دەتوانین بڵێین قسەکردن و نووسین لەسەرئەم هۆزە زۆر هەڵدەگرێت و باس و خواسێکی دوور و درێژی گەرەکە، بەڵام لەئەنجامی ئەو گەشتنامەیەی ڕیچدا؛ دەتوانین بڵێین ئەم هۆزە خاوەن میرێکی سەرتاپایی و گشتگیر نەبووە کە بتوانێت فەرمانڕەوایی و قەڵەمڕەویی تێکڕای ناوچەی خۆشناوەتی بکات، بۆیە هەرچی گوند ولادێ و شارۆچکە و شارەدێی دەڤەری خۆشناوەتی هەیە خاوەن بەگزادەیێک بووە و بڕیار بەدەستی ئەم ناوچەیە بووە و کاروباری خەڵکەکەی بەڕێوەبردووە، لەناوچەی خۆشناوەتیدا زیاتر بەگزادە بوونی هەبووە، نەوەک میر، هەر هەمووشیان لە پلەوپایە و بنەچەدا وەکو یەکن. ئەگەر لە هەرناوچەیەکی خۆشناوەتیشدا میرێک هەبووبێ، دەسەڵات و حکوومەتی ئەو سەردەمە ئەم ناوونیشانە و شۆرەتەی پێبەخشیون، بۆ هێنانەدی بەرژەوەندییەکانی خۆیان و سوودوەرگرتن لەم کەسایەتییە، ئەگەرنا لە بنچینە و بنەچەدا یەکێکە لەبەگزادەکانی دەڤەری خۆشناوەتی و زیاتر نییە. وەکو چۆن عەباس عەزاوی لە (مەوسوعەی عەشایەری عێراق)یدا لەبەرگی چوارەمدا لەلاپەڕە (٦٤)دا دەڵێت: «جێگای سەرنجە هەموو ئەمانە بەشۆرەتی (بەگ) ناودێر کراون، کە مەبەست لێی (میر)ە»

هەروەها لەهەمان بەرگدا لەلاپەڕە (١١٣)دا دەڵێت :« بەگزادەکان واتە میرەکانن» بۆیە لەهەندێ سەرچاوەدا بەتایبەت لەیاداشتەکانی فەرمانڕەوای ڕامیاری بەریتانی لەهەولێر (دبڵیو، ئار، هێی ) لەژێر ناونیشانی( دووساڵ لە کوردستان)دا لە نێوان ساڵانی (١٩١٨-١٩٢٠) لەوەرگێڕانی (فؤاد جمیل) ستایش و پیاهەڵدانی هەندێ کەسایەتی بەدی دەکەین، لەهەندێ شوێنی دیکەدا سەرزەنشت و سەرکۆنە کردنیان دەبینین، ئەمەیش ئەم واتایە دەگەیەنێت کاتێک بەرژەوەندیان لەلایەن ئەوکەسایەتییانە بەدیهاتبێت ستایشیان کردوون، لەو کاتانەشدا کە بەرژەوەندییەکانیان نەهاتبێتەدی، یاخود کەوتبێتە مەترسییەوە سەرزەنشتیان کردوون.

هەرهەمووشمان ئەوڕاستییە باش دەزانین میر و ڕابەر و سەرکردە لەلایەن گەلانی دی، یان لەلایەن داگیرکارانەوە دیاری دەستنیشان ناکرێن، بەڵکو دەبێت خۆی هەڵقولاوی سروشت و کات و شوێن و بارودۆخ و خەڵک و هۆکارە بابەتی و خودییەکان بێت، میر و پاشا و پێشەوا دروست دەبن، نەک دروست بکرێن.

**"گوندەکان لەسەرکانی بونیاد نراون، نەک لەسەر چەمی گەورە و ڕووباری گەورە. ئەمەیش دەرفەتی کەمی ڕەخساندووە گوندەکان گەشە بکەن، یاخود ببن بە شارەدێ، یان ببن بە شار"**

سەرچاوەکان


١-صبح الاعشى، تألیف (الشیخ ابي العباس احمد القلقشندي) الجزء الرابع، القاهرة، ١٩١٤م.

٢-مسالک الابصار في ممالیک الامصار، لابن فضل الله العمري شهاب الدین احمد بن یحیی، الجزء الثالث.

٣. عنوان المجد في تاریخ نجد، تألیف المؤرخ الشهیر (الشیخ عثمان بن عبدالله بن بشر النجدي الحنبلي ) الدار العربیة للموسوعات، ط٢، بیروت، ١٩٩٩.

٤. موسوعة عشائر العراق، عباس العزاوي المحامي، المجلد الرابع، الدار العربیة للموسوعات، ط١، ٢٠٠٥، بیروت.

٥. سنتان في کردستان (١٩١٨-١٩٢٠) تألیف (دبلیو، آر، هي ) جزء الاول، ترجمة، فؤاد جمیل، بغداد، ١٩٧٠.

٦. سنتان في کردستان (١٩١٨-١٩٢٠) تألیف (دبلیو، آر، هي) جزء الثاني ترجمة، فؤاد جمیل، بغداد، ١٩٧٣.

٧.گەشتنامەی ڕیچ ١٨٢٠، نووسینی ( کلودیوس جەیمس ڕیچ) وەرگێڕانی محەمەد حەمەباقی، چ٥، هەولێر، ٢٠١٢.

٨-سیاحەتنامەی حدوودی خورشید پاشا، وەرگێڕانی، مەحموود هۆمەر باوزی، چ١، ٢٠١٩.

٩. بەدەم ڕێگاوە گوڵچنین –چەند بابەتێکی کۆمەڵناسی– نووسینی،نەوشیروان مستەفا ئەمین، کتێبی یەکەم،بەرگی یەکەم،چ١، الدار العربیە للعلوم–ناشرون، بیروت، ٢٠١٥.

١٠. کورد لە ئینسایکلۆپیدیای ئیسلامدا، وەرگێڕانی، حەمەکەریم عارف، دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم، چ١، سلێمانی، ٢٠١٠.

١١. سەفەرنامەی جۆن گۆردن لۆریمەربۆباشوری کوردستان نیسان ومایسی ١٩١٠، وەرگێڕانی ڕەوەند سەباح، پێشەکی وپەراوێزنووسین و پێداچوونەوەی هێمن عومەر خۆشناو، زانکۆی سۆران، چ١، ٢٠٢٠.

# ڕەخنە و لێکۆڵینەوە

- **لەزاری دیلانەوە .. شتی نەبیستراو و نەگوتراو لەسەر گۆرانی شاعیر**

پ.د. زاهیر لەتیف کەریم

- **نەوزاد ڕەفعەت بە کێ دەڵێ (باڵەکانم بدەرەوە)؟**

بۆتان جەلال

- **ڕۆمانی (هوتێل ئەوروپا) وەکو نموونەییێکی ڕۆمانی ژیاننامەیی**

د.کەمال سەعدی



## لەزاری دیلانەوە

# شتی نەبیستراو و نەگوتراو لەسەر گۆرانی شاعیر



پ.د. زاهیر لەتیف کەریم

دیاردەی شاعیرە ڕەخنەگرەگان دیاردەیەکی نوێ نییە، بەڵکوو مێژووەکەی بۆ سەردەمی یۆنان و ڕۆمانە کۆنەکان دەگەڕێتەوە، بەتایبەتی لە خودی ئەفلاتووندا، بەوپێیەی ئەفلاتوون لەپاڵ کارە فەلسەفی و شیعرییەکانیدا، گرنگییەکی زۆریشی بە ڕەخنە داوە. هەمان شت بۆ (هۆراس)ی ڕۆمانیش. دواتریش لە کەسایەتییەکانی وەکو دانتی و گۆتە وۆردزۆرس و شیللی و کۆلرج و هیگۆ و ئیلیۆت و چەندانی دی بەدی دەکرێن.

لە ئەدەبیاتی عەرەبیشدا چەندین شاعیر تواناکانی خۆیان لە چەمکە ڕەخنەییەکاندا تاقیکردۆتەوە بە نموونەی (الشابی و الملائکە و ئەدونیس و یوسف الخال و جبران ئیبراهیم... هتد) لە ئەدەبیاتی کوردیشدا، شێخ نووری شێخ ساڵح (گوتار و نووسینە ڕەخنەییەکانی ڕۆژنامەی ژیان و ژین) و گۆران (بابەتە ڕەخنەییەکانی بەشی زمانی کوردی زانکۆی بەغدا کە بەشێکیان لای خۆم پارێزراوە)و دیلان نموونەیەکی ڕەخنەیین.

لێرەدا میتۆدی کارکردنی شیعر و ڕەخنە بە شێوەیەکی گشتی جیاوازە، لە شیعردا چالاکییەکانی شاعیر دەچنە نێو چوارچێوەی کردار و ویژدان و هەست و ئایدیۆلۆژیاکانەوە، بەڵام لە چالاکییە ڕەخنەییەکاندا پشت بە چەمکی بیر و هزرە عەقڵییە خودی و بابەتە ماتماتیکییەکان دەبەسترێت. لە ئەدەبیات و ڕۆشنبیرییەتی کوردیدا دیلان (حەمە ساڵح دیلان١٩٢٧-١٩٩٠) وەکو هونەرمەند و شاعیرێک بەدەردەکەوێت، یان پێناسە دەکرێت.

لەم نووسینەدا هەوڵماندا ئاراستەی بیرکردنەوەکان لەسەر ئەم کەسایێتییە بگۆڕین و بابەتی ڕەخنەش بخەینە سەر ئەرشیفە هونەری و شیعرییەکانی.

سەرەتای هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو، کاتێک خوێندکاری قۆناغی خوێندنی دکتۆرا بووم لە زانکۆی گلاسگو لە (بەریتانیا) بەسەردانێک هاتمەوە و چاوپێکەوتنم لەگەڵ چەند کەسایەتییەکدا ئەنجام دا لەوانە: (دیلان و کامەران موکری و هەردی و شێرکۆ بێکەس و ئەژی گۆران) لەهەمان کاتیشدا سوودێکی زۆرم لە عومەر مارف بەرزنجی نووسەر بینی.

بابەتی خوێندنەکەم بریتی بوو لە ئەدەبی بەراوردکاری عەرەبی و کوردی (السیاب و گۆران) نموونەی کارە پراکتییەکان بوون. سەرچاوە کوردییەکان لەو کاتەدا وەکو پێویست لەبەردەستدا نەبوون، بۆیە بینین و دایەلۆگ لەگەڵ ئەم شاعیر و نووسەرانە سوودێکی زۆریان هەبوو، بەوپێیەی ئەمان خاوەن ئەزموونێکی ڕەخنەیی و شیعریی و لەنزیکەوە ئاگاداری بزووتنەوەی نوێی شیعریی بوون.

سەبارەت بە (دیلان) چەند پرسیارێکم ئاراستە کرد، سەرجەمیان پەیوەندییان بە گۆران و شیعری نوێوە هەبوو.

سەرەتا لەسەر هەڵکەوتەی شیعری نوێ و ڕۆڵی گۆران، لە ماڵەکەی خۆی گفتوگۆمان کرد، دواتر داوام لێکرد وەڵامەکانی بە نووسین بێت، بۆ ئەوەی وەکو سەرچاوە بەکاریان بهێنم و لە ئایندەشدا ئەو زانیاریانە وەکو ئەرشیف بمێننەوە، ئەویش هەر لەوێدا، سەرپێیانە کەوتە نووسینی وەڵامەکان و چی بە مێشکی داهات نووسی، بەبێ ئەوەی بۆ سەرچاوەکان بگەڕێتەوە، تەنانەت لە

هەڵەکاندا پەڕەکانی نەدەدڕاند، بەڵکوو چەند هێڵێکی بەسەردا دەهێنا و دواتر ئەوەی بە لایەوە ڕاست بووایە ئەوەی دەنووسی.

ئەگەر ماوەی گونجاوی پێدرابا و سەرچاوەکانی بەکارهێنابا، بێگومان، زانیارییەکان چڕتر و باشتر دەبوون. ئەمەیان تاوانی ئەوی تێدا نەبوو، چونکە ماوەیەکی زۆرم لەبەردەستدا نەمابوو، دەبوو لە کاتێکی دیاریکراودا بگەڕێمەوە بۆ بەریتانیا. لەگەڵ ئەمەشدا، کە سەیری ئەم وەڵامە سەرپێیانە دەکەین، تێبینی ئەوە دەکرێت کە دیلان خاوەن ئەزموونێکی ڕەخنەیی بابەتییانەیە، هەروەها لەنێو وەڵامەکانیدا زانیارییە ڕۆشنبیرییەکانیش بەدەردەکەون.

ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە دیلان لەسەر بنەما سەرچاوەییەکان دەستی داوەتە هونەر و شیعر، لەنزیکەوە ئاگاداری ئەدەبیاتی کوردی و عەرەبی و فارسی بووە، لە زانستە عروزییەکاندا شارەزایانە کاری شیکارییە بڕگەییەکانی ئەنجام دەدا. شرۆڤەکارێکی سیاسی و فیکری و ئەدەبی سەردەمی خۆی بوو. لەسەر گۆران چەند بابەتێکی هەستیار و نەبیستراوی درکاند. سەبارەت بە پرسیاری تازەکردنەوەی شیعری نوێی کوردی و پێشەنگەکانی، دیلان بەم شێوەیە وەڵامی داوەتەوە:

(دەست پێ کردنی شیعری نوێ ی کوردی ئەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٣٤ -١٩٣٥ کەیەکەم کەسێ دەستی بەبڵاوکردنەوەی کرد شێخ نوری شێخ صالح بوو. ڕووپەڕەی ڕۆژنامەی ژیان چەند پارچەیەک لەو شیعرە نوێ یانەی تێ دا بڵاوکراوەتەوە. ئەوەی کەپێی ئەڵێن (هیجا -یاخود پەنجە) بەگرێ کانی پەنجە هەڵ ئەسەنگێنرێت، لەمامۆستای ناوبراوەوە دەست پێ ئەکا، هەرچەندە ژماری ئەو قصیدانەی کە شێخ نوری بڵاوی کردۆتەوە لەچەند قصیدەیەک تێ ناپەڕن. بەڵام ئەوەی کە بەرچاو کەوتوە و خوێندراوەتەوە، بەتین و ماناداره، مەبەست ئاشکرا کردنێکە، وەکو ئەڵێ :

***لەناو شەپۆلی فسونا سەرنگون و بێ ئارام***
***بەپێ و چنگەڕنێ***
***خەریکی هەڵمەتی سەرکەوتنە بگاتە مەرام***
***لەپڕ نشێوی کڵۆلی بواری لێ ئەتەکێ***
***تان و بۆی لە ئێش و لەزام***

نمونەی سەرەوە دەرخستنێکی بێ وێنەیە لەبارەی دەرخستن و دەس پێکردنی شیعری تازەی کوردی لەلایەن شێخ نورییەوە بۆ چەسپاندنی ووتەی شیعری هیجای کوردی. لەپاش دەستپێکردنی (شێخ نوری) بەچەند قەسیدەیەک و چێژ وەرگرتنی خوێندەوارانی ئەو دەمە لەشیعرە تازەکان گۆران بەدویا کەوتە ڕێ، کە کەوتە ڕێ زۆر چاک کەوتە ڕێ بەجۆرێ پەتێتی زمانی کوردی ڕازاوەتر دەرخست. لێرەدا بۆ نموونە دەستپێکردنەکەی (گۆران) بەم جۆرەیە:

***لەبەرە بەیانی شەباب و جوانیا ئەی گوڵ***
***گوڵی شل و پەمەیی وەک ستارە پرشنگدار***
***لەچاوتا دو گەلاوێژی ڕۆشنی پڕ تاو***
***لەناو شەپۆلی فسونا نیگای ئەخستە مەلە***
***لەپێشی پێ ی حوسنتا سەرانی دانوشتاو***
***سەر سجودی عشق بوون بەرمبەری قبیلە)***

گەر سەنج بدەینە ئەم وەڵام و زانیارییانە، بەئاشکرا هەست بەوە دەکرێت کە دیلان لەنزیکەوە و پسپۆڕانە دەڕوانێتە هەوڵە نوێخوازییەکانی شێخ نوری و گۆران، ئاگاداری ئەوەشە، بەرهەمەکانی شێخ نوری کە لە ڕۆژنامەی ژیان



دەستوخەتی دیلان

**"پڕۆفیسۆر عێزەددین، لەم مەسەلەیەدا، بێ ئاگایی خۆی نیشاندا، بەڵام ئەوانی تر هەموویان پشتگیریان لەناوەڕۆکی نامەکەی گۆران کرد"**



دەستوخەتی دیلان

دا بڵاوکراونەتەوە، لەڕووی ژمارەوە زۆر کەمن.

لێرەدا پرسیاری ئەوەم لە دیلان کرد ئایا ئەو دەقانەت لەڕۆژنامەی ئاماژەپێکراوەدا دیوە، لە وەڵامدا گوتی: بەڵێ، نەک هەر ئەوە بەڵکوو سەرجەم ژمارەکانی ژین و ژیان و گەلاوێژ، تەنانەت ڕۆژنامە عەرەبییەکانیش بەنموونەی الهلالی مسری.

کە دێتە سەر گۆرانیش ئەوا بەویژدانێکی زانستییەوە ئاماژە بەوە دەدات کە گۆران لە لایەکەوە زۆر چاک گوێی لەم نوێخوازییەدا خواردۆتەوە و لەلایەکی دیکەشەوە زمانێکی پاراوی کوردی خستۆتە نێو فەرهەنگی شیعرییەوە. ئەمەش نیشانەی بەراوردە لە نێوان فەرهەنگی شیعری شێخ نوری و گۆران. لەهەندێک سەرچاوەی مێژوویيدا باس لەڕەشید نەجیب و ئاوڕەحمان بەگی نفوسیش کراوە، بەڵام دیلان ئاماژەی بەم دوو شاعیرە نەدا، هەر لەو دانیشتنەدا، دوای تەواوبوونی نووسینەکانی، ئەو پرسیارەم لێکرد کەبۆچی ئاماژەت بەو دوو شاعیرە نەکرد.

لەوەڵامدا گوتی: (ڕاستە ناوی ئەمانە هاتووە بەڵام لەشیعر بەردەوام نەبوون و زیاتر خەریکی نووسینی وتار و وەرگێران بوون)

هەر لەوێدا دیلان ئاماژەی بەچەند دەقێکی کەمی ڕەشید نەجیب دا کە لە ڕۆژنامەی (ژیان) بڵاوی کردوونەتەوە.

ئەمەش ئاگایی دیلان نیشان دەدات کە لە نزیکەوە چاودێرێکی وردی بەرهەمەکان و کەسێتی خاوەنەکانیان بووە. لەگۆشەیەکی دیکەوە، دیلان توانا و سەلیقەیەکی لەڕادەبەدەری پاراستن و لەبەرکردنی دەقەکانی خۆی و دەرەوەی خۆشی هەبوو، هەر لەوێدا و بەبێ گەڕانەوە بۆ دیوانی شاعیران ئەوەی بەپێویستی دەزانی وەکو پشتگیری و کردارێکی بەڵگەیی ئەوا نموونەی لێ دەهێنایەوە، ئەگەرچی هەندێک جار چەند دەستەواژەیەکی لەبیر دەکرد و بەبۆشایی دەیهێشتەوە وەکو لەنموونەکەی شێخ نوری دا بەدی دەکرێت. جگە لەمە، ئەگەر بەراوردێک لەنێوان ئەو پارچە شیعرەی شێخ نوری کەدیلان بەنموونە هێناویەتیەوە لەگەڵ دیوانەکەیدا بکەین، ئەوە جیاوازییەکی زۆر بچووک بەدی دەکرێت، بۆ نموونە، دیلان دەڵێت: «لەناو شەپۆلی فسونا» بەڵام لەدیوانەکەدا نووسراوە «لەناو شەپۆلی خەما» دیارە دیلان بەو شێوەیە بیستوێتی و لەبیر و هزریدا پاراستوییەتی. وشەی فسونیش لەعەرەبیدا بەهەمان مانای خەم دێت، بۆ ئەو سەردەمەی شێخ نورییش بەکارهێنانی وشەی عەرەبی و فارسی و تورکی بەهۆی چەمکی کاریگەرییەوە. کارێکی سروشتی بووە.

وەک لەنموونەکەی گۆرانیشدا وشەی (فسون) بەکارهاتووە، بەڵام دیلان دەڵێت: «شێخ نوری لەپێش گۆرانا دای ڕشتوە»

لەپرسیاری ئەوەدا: بۆچی گەڕانەوە بۆ کێشی پەنجە (هیجا)؟

لەوەڵامدا گوتی: (شێخ نوری ئەی ووت (من بۆیە بەو شێوەیە) شیعرم دانا چونکی ئەو پارچە شیعرانەی کەشاعیرەکانی تورک دایان نا لەم دواییەدا_مەبەستی پاش برانەوەی شەڕی یەکەمی جیهانی_ لام جوانتر و خۆشتر و ڕەوان تر بوو. بەڵام گۆران ئەی وت بۆیە بەو شێوەیە دەستم کرد بەشیعر دانان چونکە لەگەڵ خصائصی زمانی کوردیا ڕێک ئەکەوێ»

دیلان وەکو ڕەخنەگرێک، نایەوێت تەنیا بۆچوونەکان نمایش بکات بەڵکوو خۆشی خاوەن بۆچوونە، وەک دەڵێت: «ئەگەر شاعیرەکە شارەزا و زمانەوان و ئاگادار بێ لەپەتێتی زمان

«گۆران وتی: لەمۆسکۆ بە کەلەپچەکراوی منیان ناردەوە، لەسەر ئەوەی من دفاعم لەکورد ئەکرد»

و کاری زمان ئەتوانێ بە (عروزیش) شیعر بڵێ و سەریش کەوێ و ڕۆشندار و بریقەدار و ڕێک تر بێتە پێش «.

ئەمەش لە لایەکەوە بەئاگایی دیلان نیشان دەدات، بەرامبەر بەبۆچوونەکانی شێخ نوری و گۆران، لە لایەکی دیکەشەوە، جۆرێکە لە پەرچدانەوە بۆ بۆچوونەکەی گۆران. لەم بارەیەوە دیلان دەڵێت: «ئەو ڕایەی گۆران کە ئەڵێ لەبەر ئەوەی (پەنجە = هیجا) باشتر لەگەڵ خصائصی زمانی کوردیا ئەگونجێ و (عروز) ناگونجێ ڕاست نیە « بێگومان ئەمەش دەرئەنجامی نووسینەکەی گۆرانە کە لەپێشەکی «بەهەشت و یادگار»دا نووسراوە و گۆران ڕاستەوخۆ ئاماژەی بەوە کردووە، کە «شیعرە تازەکان بەوەزنی پەنجە (هیجا) هەڵبەستراون، کە هەرچەند شیعر دۆستەکانی بەخوێندنەوەی ڕانەهاتوون، بەڵام لەبەر ئەوەی وەزنی تایبەتی نەتەوەییمانە و لەگەڵ خەصائصی زمانەکەمان چاتر ڕێک ئەکەوێ».

هەرسەبارەت بەعروز و لەمیانەی پرسیاری چۆنییەتی گواستنەوەی دەریا شیعرییەکانی عەرەب کەبەدەریاکانی خەلیل و ئەخفەش ناسراوە بۆ نێو شاعیرانی کلاسیزمی کوردی، بەتایبەتی شاعیرانی وەکو نالی و سالم و کوردی و مەحوی و کارکردنیان لەسەر ئەم زانستە عروزە، دیلان لەوەڵامەکەیدا زانیارییەکی مێژوویی و سیاقی باشی خستەڕوو. لەم بارەیەوە دەڵێت: (دەربارەی عروز لەشیعری کوردیا، ئەبێ شیعری شاعیرە کەڵەکانی کورد سەرژمێر بکەین وەکو نالی، سالم، کوردی، محوی ..هتد. لەبەر ئەوەی دەست پێکردنی خوێندن یان پاش (ئەلف وبێ) بریتی بوو لەخەتمی قورئان و کتێبی (سیوطی) کە بناغەی قواعدی زمانی عربیە، کتاب الطهارە والنحو الواضح و چەند کتێبێکی تری قواعدی ودینی وەک (فتح قریب) و تفسیری قورئان. دەست پێکردنی خوێندن لەکوردستاندا لەچەند سەدەیەک لەمەوپێش بەو جۆرە بوو. ئاستی مامۆستا پێ گەیشتووەکانی کورد ئەبووە (جامع ) و (علمی کلام و جوغرافیا و فلک و أدب و شیعر) خۆبەست بەزانینی خوێندنی مزگەوتەکانەوە کەتەنها مصدری فێربوون بوو. خوێندەوارە زیرەکەکان لەدەوری (شیعر) گلێر ئەکردەوە. کە لەدەوری شیعریش گلێر ئەبوونەوە بەپلەی یەکەم معنای لە دەوری شیعری عربی کۆبوونەوە. شیعری عربی ئەوساش یعنی شیعری شاعیرە گەورەکانی عرب (جاهلی، اسلامی، عصری ذهبی، تەنانەت الفترة المظلمة) لەبەر ئەوە کارکردنی بناغەی شیعر ووتن لەلایەن کوردە خوێندەوارەکانەوە بریتی بوو لەشیعر دانای بە اوزانی عروض)

لەپێناو پراکتیزەکردنی زانستی عروز، دیلان چەند نموونەیەکی شیعریی دەهێنێتەوە. شاعیرەکانیش بریتین لەنالی و سالم و مەحوی و حاجی قادری کۆیی و تەنانەت خۆشی. لەسەرجەمیاندا شیکردنەوە بڕگەییەکان شارەزایانە کاری لەسەر کراوە. لێرەدا چەند نموونەیەکیان لێ دەهێنینەوە:

نالی دەڵێت:

***کەتۆ قیبلەی دەمت سابێنە قوربان***

***مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن***

***لەسەر قوبلە دڵم مەشکێنە قوربان (دەریای هەزەجی مەجزوئە)***

***مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن***

*مەحوی دەڵێت:*

***دڵم ئیمشەو نەخۆشی نیسبەتی چاوێکی بیمارە***

***مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن (دەریای هەزەجی تەواو)***

***خەیاڵم تەفرەقەی عیشوەی دڵ ئاشوبێکی عەیارە***

***مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن***

***دیلان دەڵێت:***

***مامە کوڕنوو ڕاشکاوی گردەکەی سەیوانەکەم***

***فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن (دەریای ڕەمەل)***

***سەر ڕەحەت، دڵ بێگرێ گوێ شلکە بۆ داستانەکەم***

***فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن***

گەر بگەڕێینەوە بۆ پەرچدانەوەکەی دیلان لەسەر کێشە خۆماڵییەکانی گۆران (پەنجە + هیجا) ئەوا هەر دەقەکەی دیلان خۆی، لەیەک کاتدا، دەبێتە نموونەی بەکارهێنانی عروز و کێشی پەنجە. بەپێی بنەمای بڕگەی کورت و درێژ و دواتر ژماردنیان ئەوا دەبینین دێڕی یەکەم بریتیە لە (١٥) بڕگە، هەمان شت بۆ دێڕی دوهەم. ئەمە لەکاتێدا و لە لێکۆڵینەوەیەکماندا بەنێوی «الشعر التموجی» ئاماژەمان بەوە

**“ لە چالاکییە ڕەخنەییەکاندا پشت بە چەمکی بیر و هزرە عەقڵییە خودی و بابەتە ماتماتیکییەکان دەبەسترێت ”**

> **"گۆران لەساڵی ١٩٤٨ تا ١٩٥١ بەند کرا، لەسەر ئەوەی اتهام کرا بە نوقصانی خزینەی اشغالی هەولێر کە ئەمین سندوق بوو، بەتەمابوو محامیەکانی (پارتی) لەمحکمە دفاعی لێ بکەن، ئەوەبوو نەچوون بەلایا و خۆیان تێ نەگیان"**



دەستوخەتی دیلان

داوە کە دەقی شیعریی بەهەر زمان و لە هەر زەمەنێک نووسرابێت، ئەوە لەڕێگەی بەرزی و نزمی هەڵچوونییە هەستییەکانەوە شیکردنەوەی بۆ ئەنجام دەدرێت. واتە کارەکە وەکو هێڵکاری دڵی لێ دێت و شێوەی هێڵکاری دێڕی یەکەم وەکو دووهەم دەرناچێت و دووهەمیش وەکو سێهەم، هەروەها ئەم بۆچوونە، سستمی عروز و کێشی پەنجە و بڕگە ڕەتدەکاتەوە و تەنیا پشت بەهێڵکارییە بەرزی و نزمییە هەستی و هەڵچوونییەکان دەبەستێت، کە لە چرکەیەکەوە بۆ چرکەیەکی دی جیاوازە و بەرزی و نزمی بەخۆیەوە دەبینێت (بۆ زیاتر زانیاری، بڕوانە کتێبمان بەنێوی «مقارنه نقدیه مقارنه» دەزگا و چاپی سەردەم، سلێمانی،٢٠١٠)

لەپرسیارێکماندا بەنێوی «میتۆد و ڕێبازی شیعری گۆران» دیلان بەم شێوەیە وەڵامی دایەوە:

«گۆران لەساڵی ١٩٤٨ تا پەنجاو یەک بەند کرا، لەسەر ئەوەی اتهام کرا بە نوقصانی خزینەی اشغالی هەولێر کە ئەمین سندوق بوو، بەتەمابوو محامیەکانی (پارتی) لەمحکمە دفاعی لێ بکەن، ئەوەبوو نەچوون بەلایا و خۆیان تێ نەگیان.

بۆ ئەم مەوزوعە ئەڵێ:

ئەی تریفەی مانگی سپی دەرکی دەلاقە

با پیس نەبی خۆت مەدە لەم کوردی عێراقە...

لە بەندیخانەدا چەند بەندکراوێکی دی لەسەر کۆمینیستی حکوم درابوون و تاڕادەیەک بەندیەکان کاریان تێ کرد و لای سۆشیالیستی گرت لەشیعردا. ئەمەش لەپاش ساڵی ١٩٥١ دەست پێ ئەکا. ئەگینا دەستپێکردنی شیعریەوە یعنی لەساڵی ١٩٣٣وە تا ١٩٥١ گۆران شاعیری (ئافرەت و جوانی ئافرەت و سروشتی کوردستانە) پێویست ناکا میسال بهێنینەوە، شیعرە چاپ کراوەکانی بەهەشت و یادگار و فرمێسک و هونەر باشترین میسالن.»

– لەپرسیارێکمادا، ئایا گۆران کوردستانی بوو، یان نوێنەری فیکرێکی کۆمۆنیزمی؟

دیلان وەڵامێکی زۆر زیرەکانەی دایەوە، وەلامەکەی بەستەوە بەنەخۆشی گۆران و ناردنی بۆ یەکێتی سۆڤییەت بەمەبەستی چارەسەر. وەڵامەکە بەم شێوەیە بوو» سۆشیالیستی لەگۆراندا لەگەڵ نەخۆشی و ناردنی بۆ سۆڤیەت جووت ئەکەین. لەباس کردنا، لە١٩٥١وە (گۆران) هێنرایە لیژنەی ئاشتیخوازان لەسولەیمانی پاش بەربوونی لەبەندیخانە. لیژنەکەش بریتی بوو لە (دیلان، گۆران، عمرئاشتی، مەلا کمال، هەماوندی)... گرتن و بەندکردنی دەوری هەبوو لەچوونە پێشەوەی گۆران لە کۆمۆنیستی. تا بوو بە پاڵێوراو، بوو بەئەندام لەسولەیمانی، بەمنەوە بەسترا لە١٩٥٦-١٩٥٧. ساڵانی ١٩٥٢ – ١٩٥٣ – ١٩٥٤ شەو ڕۆژ بەیەکەوە بووین، بەجۆرێ جارەها شەو لە ماڵی ئێمە ئەمایەوە، هەرچەندە تەمەنمان جیاوازی هەبوو. ئەو زۆر لەمن گەورەتر بوو. بەڵام بووین بەهاوڕێی گیانی بەگیانی، زۆری خۆش ئەویستم و زۆرم خۆشئەویست. لە پەنجا و حەوتەوە تا نزیک ناوەڕاستی ١٩٥٨ دووبارە گیرایەوە. ئیتر لەیەک دوورکەوتینەوە، تا نەخۆش کەوت و نێنرا بۆ سۆڤیەت لەپاش ماوەیەک بیستم گەڕاوەتەوە بۆ سلێمانی. ڕۆژێک یەکێک هات پێی وتم: گۆران بەنەخۆشی و لاوازی هاتۆتەوە سولەیمانی لەماڵی هۆگری کوڕی لە ئێسکان کەوتووە (داوات ئەکا) ئەڵێ: بە حەمە صالح بڵێن بێت بۆ لام. ئەو ڕۆژە نەمتوانی بچم. دووبارە ناردیەوە بۆلام وتی: پێویستە بێت بۆ لام!!. هەستام لەگەڵ (عمر ئاشتی)دا چووم بۆلای. زۆر ناساغ هاتە

بەرچاوم. لەپاشا وتی: دیلان. وتم بەڵێ. وتی: من ئەڕۆم، زۆر نەخۆشم چاکت کرد عمریشت لەگەڵ خۆت هێناوە. من تۆم لەجێی خۆم داناوە لەشیعردا، بەردەوامبە لە شیعر ووتن دا پێش منیش ئەکەوی. لەمۆسکۆ بە کەلەپچەکراوی منیان ناردەوە، لەسەر ئەوەی من دفاعم لەکورد ئەکرد. ووتم چۆن؟ ووتی: شیعرم ئەنووسی، ناوی کوردم تێ ئەخەست لەبڵاوکردنەوەدا، کوردەکەیان ئەکوژانەوە. کوردستانم ئەنووسی ئەیان کرد بەعراق...!! کە لە خەستەخانەکەوە پرسیارم کرد، وتیان نامانەوێ دڵی عبدالکریم قاسم عاجز بێ لێ مان..!! منیش تحملم نەکرد کاغەزم بۆ نووسین. تەنانەت نەیان ئەهێشت بێنە مواجەهەم. قوتابیە کوردەکان ممنوع بوو بێن بۆ لام بۆ خەستەخانە. شەوێکیان لەپڕ، هاتن و کەلەپچەیان کردم وخستمیانە تەیارەوە و ڕەوانەیان کردمەوە بۆ بەغا (بەغدا).

وتی حەمە ساڵح... کاشکێ ئەم چەن ساڵەی ژیانم بۆ کورد بوایە نەک شتی یەکی تر...!!! لەپاشا ووتم: مامۆستا تحمل کە انشا الله صحتت باش ئەبێ، چاک ئەبیتەوە، ئەم شتانەش ئەوسا بڵاوبکەرەوە. ووتی...کاشکای بۆ کوردم بکردایە. لەپاشا ماڵئاواییمان لێ کرد»

گەرچی لەدەرەوەی ئەم گێرانەوە مێژووییەدا، گۆران هەمیشە ئایدیای کردووە بەئامرازێک بۆ ئامانجە سەرەکییەکانی کوردایەتی و لەم بارەیەوە کوردبوون و کوردایەتی زۆر لەدەقەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە، بەڵام لەگێرانەوەکەدا ئەوە دەردەکەوێت کە گۆران بەر لەو هەڵوێستەی دەسەڵاتی کۆمۆنیزم بەرامبەر بە گۆران و دەقە ناسیونالیزمەکانی، بەشێوەیەکی فەرمی، پابەندبووە بەکۆمۆنیزم. ئەو هەڵوێستە هۆکارێک بووە بۆ لێکترازان و تۆرانی گۆران لەکۆمۆنیزم.

لەلایەکی ترەوە و بەمەبەستی ساغکردنەوەی ئەم هەڵوێستەی گۆران، پەیوەندیم بە پرۆفیسور عیزەددین مستەفا ڕەسوڵ و پرۆفیسۆر کاوس قەفتان و پرۆفیسۆر ئەحمەد عوسمان و دکتۆر ئیحسان فوئادەوە کرد، چونکە ئەوکات ئەمانە قوتابی قۆناغی خوێندنی باڵا بوون لەیەکێتی سۆڤییەت و لەهەمان کاتدا دەقەکانی گۆران-یان وەرگێڕاوەتە سەر زمانی ڕوسی، بەمەبەستی بڵاوکردنەوەیان لەڕۆژنامەکاندا. لەئەنجامدا پرۆفیسۆر عیزەددین، لەم مەسەلەیەدا، بێ ئاگایی خۆی نیشاندا، بەڵام ئەوانی تر هەموویان



دەستوخەتی دیلان

پشتگیریان لەناوەرۆکی نامەکەی گۆران کرد. چەند جارێکیش لەگەڵ مامۆستا عومەر ئاشتی دانیشتووم و باسی سەردانەکەی دیلان بۆ گۆرانمان کردووە، لەئەنجامدا گووتی: «بەڵێ باش بیرم دێت کەمن و دیلان چووین بۆ سەردانی مامۆستا گۆران، قسەکانی دیلانیش وەک خۆیەتی «جگە لەمە، لەکاتێکدا گۆران دەڵێت: «کاشکێ ئەم چەن ساڵەی ژیانم بۆ کورد بووایە، نەک بۆ شتێیەکی تر» لەڕاستیدا دیلان دوای نووسین و وەڵامدانەوەی پرسیارەکان، پێی گووتم: «تەنانەت گۆران گوتی کاشکێ ئەم چەند ساڵەی ژیانم بۆ (قرگە) بووایە. قرگەش ئەوسا دێیەکی بچووکی سەربە سلێمانی بوو، ئێستا گەڕەکێکە لەگەڕەکەکانی شار. خودی خۆم لەنامەی دکتۆراکەمەدا ئاماژەم بەقرگەکە داوە، چونکە قورسایی هێزی توڕەبوونەکەی گۆران، لەڕووی سایکۆلۆژیاوە، گەورەتر دەکات.

**تێبینی:**

- ڕێنووسی وەڵامەکان وەک خۆیان نووسراون.
- چاوپێکەوتنەکە لەسلێمانی ، ڕۆژی ٣ / ٦ / ١٩٨٣، ئەنجام دراوە.
- دەستنووسەکە، هەتا ئەمڕۆکە لەلام پارێزراوە.

“ سەبارەت بە (دیلان) چەند پرسیارێکم ئاراستە کرد، سەرجەمیان پەیوەندییان بە گۆران و شیعری نوێوە هەبوو ”

# نەوزاد ڕەفعەت

# بە کێ دەڵێ (باڵەکانم بدەرەوە)؟



بۆتان جەلال

نیگەرانی جۆری زۆرە، هەموویان لەژێر ناوونیشانی (جیاوازی)دا ڕایەڵی مەعریفی پێناسەیان بۆ دادەنێت، نیگەرانیی خود لەهەموو چەشنەکانی دیکە ڕووبەری گفتوگۆی پاوان کردووە، چونکە بنچینەی گشت نەست و ئاراستەکردنی هۆشیاری تێدا تەوزیف دەکات و پەلوپۆ بۆ دەرەوەی هەڵایساوی دەهاوێژێت و دەرگا لە تەئویل و شیکاری مژارەکان دەکاتەوە. هەر نیگەرانییە، سەرەتای دۆزینەوەی هۆشیاربوونەوەیە و کایەکانی هەست ئامادە دەکات بۆ ئاخاوتن و دەربڕینی بەرکەوتە عەقڵییەکان، کەس وەکو شاعیران لەهەموو شتێک زیاتر نیگەرانییان نەکردووەتە تەوەری ژیان و مردن و زیندووبوونەوە و پرسیارە قورس و ئاڵۆزەکانی (وجود) یان نەیانهێناوەتە ناو چەمکی پرسیار و فیکرکردنەوە و گەڕان بەدوای وەڵامەکانیدا.
نەوزاد تاکێکی بە ئاگایە، لەناو چرە دووکەڵ و تەمومژ و ناڕوونییەکی تێکەڵ و پێکەڵی دەروونی و هۆش پەرتبوون، لە سەردەمێکی ناڕوونی ئایندە و نا ئارامیدا گوزەر دەکات.
لەدەستدانی (هێور)ی، سەر دەکێشێتە ناو بازنە یەک بەدوایەکەکانی نیگەرانییەکان و چەقی عەقڵ بەسەر ئاراستەی پێچەوانەی یەکترییەوە کۆنترۆڵ بزر دەکەن و دەبێتە مایەی خولانەوە لە دەوراندەوری خۆیدا، کێ ڕۆحی سووتابێت، بزانە هێوری و ئاسوودەیی ونکردووە، کە هێوریی لەدەست بدەیت، پشووەکانی نەست و هەست کۆتاییان دێت، پەلەقاژە لە متبوونەوە دەگاتە قۆناغی هەڵایسان و هەڵزنان بەسەر سەختییەکانی ژیان و حاڵەتە دەروونییەکانمان. لە شیعری (شیری مانگ) ئەم سێ کۆپلە شیعرە دەخوێنینەوە:

وا زەنگی دەرگا لێدەدات
وا خۆر هەڵهات
دە خوایە تا دەرگای حەوشە
پەڕ و باڵم پێ ببەخشە
کاتژمێر دووی بەیانییە و گەوز دەدەم
ئێستا جووت کۆترەکەی من ئارام خەوتوون؟
یان پشیلە برسییەکە
لە ناکاو پڕی داونەتێ و پەڕەی کردوون؟
بەدەست تۆوەیە تاج و سەر
ڕۆژێک دەمکەیتە ئەسکەندەر
ڕۆژێک شکاو و دەستبەسەر
ڕۆژێک دارا
ڕۆژێک گەدا

لەم سێ کۆپلە شیعرە و کۆپلەکانی دیکەش، چەقی مژار (خۆشەویستی)یە لە کایە و ڕووبەر و جەستەی دەق دڵۆپە دەکات و دەڕژێتە ناو جۆگەلەی (نیگەرانی)یەوە، بە کەرستە و ئامرازی (چاوەڕوانی) کۆنتاک دروست دەکات،

**نەوزاد ڕەفعەت شاعیرێکی بە توانایە و توانیویەتی ڕەنگ و دەنگ بە خەون و خەیاڵ و ئازارەکانی بدات و وەکو شاعیرێکی مۆرک ناسراو و زمان پاراو بەرگری لە بوونی خۆی و خەونەکانی و هەڵوێستە مرۆییەکانی بکات**

لە چاوەڕوانی گەڕانەوەی دڵخوازەکەیدا کە باڵەکانی لێسەندووەتەوە، پەرێشان و سەرگەردان بووە و لە نادیاریدا ڕەشماڵی بەختی هەڵکردووە.
(خود) شاعیرە و (دڵخوازەکەی) ڕێگا پێچاوپێچەکەی ناو ئاقاری دەست لە خۆبەردان و بێهوودەییە، لە پنتکێکی نا مسۆگەردا بە خەیاڵ و ئارەزوومەندییەوە زمانی ڕوونی شیعری بەگەڕخستووە و دیالۆگ لەگەڵ خۆی و جارێکی دیکەش لەگەڵ یادگارییە بەسەرچووە سووتاوەکان خۆشدەکات.
خۆدووبارەکرنەوە، ئەگەر لە فۆرمی نوێ و شێوازی بەکارنەهاتووش بنووێنێت، هەر ناپەسەند و نەنگیی و توانا لاوازیی شاعیرەکە دەردەخات، نموونەی گەڕانەوە بۆ خود و ئەو وێنە شیعرییانەی کە چەند جارێک چووەتەوە سەریان، زۆرن، بووەتە بارگرانی بۆسەر جەستەی دەقەکان و کاڵبوونەوەی مانا و مەبەستەکان، بڕوانە لە پارچەی کۆتایی شیعری (باڵەکانم بدەرەوە) چۆن مانیفێستی هەوڵ و هەڵوێستەکانیمان نیشان دەدات:
لە تاریکیی سەرگەردانیم دەربهێنە و
بمهێنەرەوە سەر دنیا
ڕۆشنایی بگەڕێنەوە خانووی مردوو
بەهار بگەڕێنەوە بۆ ساڵ و
ئاسمانی هەوریني گومان
بگۆڕەوە بە ساماڵی بێگەردی یەقین
هەتاو و مانگ و ئەستێرە بێ تۆ هیچ نین
بمهێنەرەوە سەر زەوی
ئەوسا ئاسا شەو درەنگان پەنجەرەکان بکەینەوە و
گوێ لە سترانی قورینگان بگرینەوە
قاز و قورینگ قەتار قەتار بۆ کوێ دەچوون؟
خۆزگەمان دەخواست قورینگ باین
ئەو شەوانەت لەبیرماون یان بیرت چوون؟
سەیرە ئێستا زایەڵەمان نابیسمەوە
دە ئەم بەردی سزایەم لە کۆڵ دابگرە و
مەهێڵە دالاشی تۆڵەم تێ بورووکێ
مەهێڵە ژیان بژاکێ
(جیمس ئۆیلنی) توێژەر و ڕەخنەگر لەکتێبی (خوازەکانی خود: مانای یادداشتنامە) کە لە ساڵی ١٩٧٣ چاپی کردووە، پێیوایە زۆرێک لە دەقی شیعریی بێ ئاگاداری شاعیرەکە بەیانی یادداشتنامەی ژیانی شاعیرەکەیە، وردودرشتی ڕۆژگاری لەچەند دێڕێکدا، یان دەقەکەی هەمووی، گێڕانەوەی سەربووردەکانی ژیانییەتی، ڕەنگبێت ڕاستگۆترین گێڕانەوەیەک بێت کە بێ ویست و ئاگایی خۆی تۆمار کرابێت.
نموونەش شیعرە درێژەکەی (پول ڤالێری) و چوارینەکەی (ت. س ئیلۆت)ن کە لەبری یادداشتنامەی ژیانیان دەخوێنرێنەوە و تەماشا دەکرێن.
(دەق) لەگەڵ زەمەن و شوێندا کارلێکردنێکی دراماتیکییان لەنێوان خۆیاندا هەیە، زمانی دەربڕینیش هاوکار دەبێت بۆ (گێڕانەوە)ی ویست و ئارەزووەکانی ناو ناخ و سۆزی شاعیر، لێرەدا کات و شوێن نێوانگیرییەکی سەرمەدییانە دەکەنە، ئەرک و وەزیفەی خۆیان بۆ ڕاماڵینی نادیار و تەمومژەکانی ناو دەق و کەشفکردنی هێما و تاریکییەکانی پێ ڕۆشن دەکەن و ڕاستیی ناخی شاعیر دەدۆزنەوە.
نەوزاد ڕەفعەت زۆر ڕوون و بێ گرێ زمانی شاعیرێتییەکەی لە خزمەتی ئەو ئامانجە خستۆتە کار کە ساڵانێکە بە دوایدا وێڵە، جارجاریش ناڕاستەوخۆ هەمان کەرستەی پێکهێنانی وێنەی شیعریی ڕابردووی دووبارە دەکاتەوە لەگەڵ گۆڕانکارییەکی کەم.
ئەوەی بە

**“ نەوزاد ڕەفعەت زۆر ڕوون و بێ گرێ زمانی شاعیرێتییەکەی لە خزمەتی ئەو ئامانجە خستۆتە کار کە ساڵانێکە بە دوایدا وێڵە ”**



**نەوزاد ڕەفعەت / فۆتۆ سمکۆ**




ئاشکرا لە کۆمەڵە شیعری (باڵەکانم بدەرەوە) هەستی پێ دەکرێت هەژارییە لە بەکارنەهێنانی تەکنیکی نوێی شیعر و کەرستە تازەکانییەتی، بەهەمان نەفەسی بەرهەمەکانی پێشووی، درێژەی بە شێوازە ناسراوەکەی خۆیداوە، بێ ئەوەی لە کەرستەی بونیادی دەق و فۆرم و شێواز، گۆڕانکاری کردبێت و ئەزموونێکی نیمچە تازەی پێشکەش بکات، ئەمەشیان لەبەر دوو هۆیە:

یەکەم: تەمەنی لە حەفتاساڵی نزیک دەبێتەوە. سەختە بتوانێت بچێتە ناو ئەو هەموو گۆڕانکارییە خێرایانەی بەسەر پرۆژەی شیعر دادێن و فریای ڕووماڵکردن و سوود لێ وەرگرتنیان بکەوێت.

دووەم: لای خۆی، شیعری حەفتا و هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو پیرۆزن و جوانترین دەقی شیعری کوردی نوێن، کە تائێستا نووسرابن و نایەوێت ئەو پیرۆزی و شکۆدارییە کاڵ بکاتەوە، ئێستاش کە شاعیرێکی ناسراوی کوردستانە بەهۆی ئەوەوەیە ناوێکی دیاری ئەو ساتەوەختەیە و نایەوێت قومار بە ناوبانگی و ئایندە و ئەزموونە ناسراوەکەی بکات.

خەونەکانی نەوزاد لەسەر شێوەی دێوەزمەن، هەندێک جاریش دێوەزمەکان لە بەرگی خەون لێی دەردەکەون، جاریش وابووە خەون و دێوەزمە پێکەوە زنجیرەی یادگارییەکانی ڕێکدەخەن، جا بە کەڵک وەرگرتن بێت لە ئەفسانە، یاخود چیرۆک و مەتەڵ و قسەی جوانی شاعیر و ڕۆماننوسانی کورد و عەرەب و بیانی (پاڵەوان)ی نێو زۆربەی وێنە شیعرەکانی لە نێوان خێروشەڕ دێن و دەچن و هەڵگری پەیامی شاعیرن و لە هەر وێنەیێک جۆرێکن، بەڵام لە کۆتایی هەر ئەو مژارەمان نیشان دەدات کە (نیگەران) بوونیەتی لە ئەنجامی لەدەستدانی دڵخوازەکەی و بەدواداچوون بۆ سۆراغکردن و دۆزینەوەی و نیگەرانی لە هەندێک شتی دیکەش کە پەیوەستن بە میللەت و نیشتمانەکەی.

نەوزاد ڕەفعەت شاعیرێکی بە توانایە و توانیویەتی ڕەنگ و دەنگ بە خەون و خەیاڵ و ئازارەکانی بدات و وەکو شاعیرێکی مۆرک ناسراو و زمان پاراو بەرگری لە بوونی خۆی و خەونەکانی و هەڵوێستە مرۆییەکانی بکات.

> ***لە کۆتایی هەر ئەو مژارەمان نیشان دەدات کە (نیگەران) بوونیەتی لە ئەنجامی لەدەستدانی دڵخوازەکەی و بەدواداچوون بۆ سۆراغکردن و دۆزینەوەی و نیگەرانی لە هەندێک شتی دیکەش کە پەیوەستن بە میللەت و نیشتمانەکەی***

**سەرچاوە:**

١- کۆمەڵە شیعری (باڵەکانم بدەرەوە) نەوزاد ڕەفعەت، هەولێر، ساڵی چاپ ٢٠٢٠

لە پەرۆشیی دەستگرتن بە ژیان، پاڵپێوەناوە دەست بە یادگارییە شیرینەکانی ڕابردووی بگرێت و دووبارە بە فۆرمی چڕتر و ناخ برژاوانەتر هاوار بۆ (ڕابردوو) بنێرێت.

# ڕۆمانی (هوتێل ئەوروپا)

## وەکو نموونەییێکی ڕۆمانی ژیاننامەیی

د.کەمال سەعدی



ڕۆمانی (هوتێل ئەوروپا) هی نووسەر و ڕۆماننووسی کورد (دکتۆر فەرهاد پیربال)ە، دەزگای ئاراس بە قەوارەیەکی گەورە و (٢٠٨) لاپەڕە و بە تیراژی (١٠٠٠) دانە لە ساڵی ٢٠١٠ بۆ یەکەمین جار چاپی کردووە و لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی (٢٣٠٣)ی ساڵی ٢٠١٠ ی پێدراوە.

دانەری ڕۆمانەکە لەدوا لاپەڕەدا ڕوونکردنەوەییێکی کورتی بۆ خوێنەرانی ڕۆمانەکە بڵاوکردۆتەوە وەکوو ئاماژەیەک بۆ ئەوەی کە ڕۆمانێکی ژیاننامەییە و دەڵێ: (سەرجەم ڕووداوەکانی ئەم ڕۆمانە بەسەرهاتی ڕاستەقینەن و کەسەکان تا ئێستاش لە ژیاندا ماون، بەڵام پێویستە ئاماژە بەمە بدەم کە لەبەر باری ئاسایش و ژیانی کەسەکان ناوی زۆربەی پاڵەوانەکان و هەندێ لە شوێنەکانم لەم گێڕنەوەیەدا گۆڕیوە.

زۆر بە داخەوەم بۆ چارەنووس و ژیانی مسیۆ لووسینای ئەویندار، لووسینای هاوڕێم، کە عیشقی (زێبا) عیشقی بێ سنووری (زێبا) لە ئێران هەڵی لووشی و... تاکوو ئێستا بەهیچ شێوەیەک هیچ سەروشوێنێکی نییە... لەو ڕۆژەشەوە هیچ هەواڵێکی نازانم.

منیش کە لە ساڵی ١٩٩٤ بەملاوە بە یەکجاری گەڕامەوە بۆ کوردستان و تاکوو ئەمڕۆش هەر لە هەولێر دەژیم، هەر وەختێک جاربەجار کاتێ سەرێکی پاریس دەدەمەوە و بە بەردەم هوتێلی (ئەوروپا)دا تێپەڕ دەبم، کاتێ دەبینم مسیۆ لووسینا هێشتا هەر لە ئێران، بێ هەواڵ و بێسەروشوێنە، خەریکە دڵم شەق دەبات....
هەولێر ٢٠١٠/٣/٧

ئەم ڕوونکردنەوەیە لەلایەن دانەرەوە هیچ تەمومژێکی لەسەر جۆری ئەم ژانرە ئەدەبییە نەهێشت کە لە بەر دەستمان دایە، هەروەها گێڕانەوەی ڕووداوەکان وەکوو پاڵەوانێکی سەرەکی ڕۆمانەکە بە ناوی فەرهاد کە ناوی ڕاستەقینەی خۆیەتی، وایکردووە ڕۆمانەکە بە ڕۆمانێکی ژیاننامەیی پۆلین بکرێت.

ڕۆماننووس لە گێڕانەوەی ڕووداوەکاندا باسی سەربردەی ژیانی خۆی دەکات، لە سەرەتای ساڵی هەشتاکان تا ساڵی ١٩٩٤ لە سەدەی ڕابردوو، کاتێک بە هۆی هەڵگیرسانی شەڕی عێراق و ئێران لە ساڵی (١٩٨١) دا لە دەست سەربازی ڕای کردووە بۆ ئێران و بۆ ماوەی هەشت مانگ لە ئۆردوگای پەناهەندانی کوردی عێراق لە (مەیدانی ژوب اهن) لە شاری (کەرەج) دەمێنێتەوە، پاشان لەوێوە بە ڕێگای سووریا دەچێتە پۆڵۆنیا و ئینجا ئەڵمانیا، دوای دوو ساڵ لە چاوەڕوانی وەرگرتنی مافی پەناهەندەیی، جارێکی دی ڕێگای قاچاغ دەگرێتەوە بەر و دەچێتە فەرەنسا و لەوێ دەمێنێتەوە، تا ئەو کاتەی لە ڕۆژی (١٩٩٤/١٠/٢٤) بە یەکجاری دەگەڕێتەوە کوردستان.

ئەم ڕۆمانە سێ پاڵەوانی سەرەکی و چەندین کارەکتەر لە خۆی دەگرێت، فەرهاد پیربال کە دانەری ڕۆمانەکەیە، لەگەڵ دوو پاڵەوانی دی (محەمەدی حاجی زادە) و (مسیۆ لووسینا) یەکێکە لە پاڵەوانە سەرەکییەکانی ئەم ڕۆمانە.

محەمەدی حاجی زادە پیاوێکی ئایینییە تەمەنی دەوروبەری چل و پێنج ساڵ دەبێت، پێشتر پلەیەکی باڵای لە حەوزەی عیلمی تاران هەبووە و بەهۆی بیروبۆچوونی سیاسییەوە کە پێی وابووە (دین دەبێت لە دەوڵەت جودا بکرێتەوە) ڕژێمی ئێران جلوبەرگی مەلایەتی لێ سەندووەتەوە، بەو هۆیەشەوە چیدی شەرەفی ئەوەی نەماوە کەشیدەی مەلایەتی لەسەر بنێ. ماوەیەک لەژێر چاودێری دەمێنێتەوە، دوایی لە دیسی گرتن و زیندانی کردن، بە قاچاغ سنووری

ئێران و تورکیا دەبەزێنێت و دەچێتە ناوچەی (شەمزینلی) لە باکووری تورکیا. ماوەیێک لەوێ لە کەمپی پەناهەندان دەمێنێتەوە، پاش چەند مانگێک دەچێتە وڵاتی فەرەنسا و لەوێ لەگەڵ فەرهاد یەکدی دەناسن.

مسیۆ لووسینا، بە ڕەچەڵەک جوولەکەی پورتوگالی بوو، خاوەنی (هوتێل ئەوروپا) بوو، کەسێکی دەوڵەند و خاوەنی دوو هوتێلی دی و چەندین باڵەخانە بوو لە پاریس و ئۆکسفۆرد و تەلئەبیب، لە خانەوادەکەی تەنیا خۆی و دایکی لە ژیان مابوونەوە، ئەندامانی خانەوادەکەی و خزم و کەسە نزیکەکانی لەلایەن ئەڵمانییە نازییەکانەوە قەتلوعام کرابوون. فەرهاد دوای ئەوەی دەچێتە فەرەنسا و لەوێ نیشتەجێ دەبێت، شەوان لە کاتژمێر هەشتی ئێوارە تا هەشتی بەیانی لەو هوتێلە کار دەکات. شەوانیش لە دوای کاتژمێر نۆ و نیوی شەو پاش ئەوەی میوانەکان دەخەون، خەریکی وێنەکێشان دەبێت.

ئەگەر لە ناوەڕۆکی ڕۆمانی (هوتێل ئەوروپا) ورد ببینەوە، دەبینین گشت تایبەتمەندییەکانی ڕۆمانی ژینن‌امەیی تێدایە، کە بریتین لە (ڕێککەوتن – المیثاق) و (هۆکارەکان الدوافع) و (ململانێ – الصراع) و (ڕاستی و خەیاڵ الحقیقه والخیال) و (ڕاستگۆیی و ڕاشکاوانە – الصدق والصراحه).

**یەکەم: ڕێککەوتن (المیثاق)**

ڕێککەوتننامە بە پردی پەیوەندی دادەنرێت لە نێوان حیکایەتخوان (الراوی)و خوێنەر، لەمیانی ئەو ڕێککەوتنەدا دەتوانین ڕۆمانی ژیاننامەیی لە ژانرە ئەدەبییەکانی دی جودا بکەینەوە، بە مانایەکی دی ڕێککەوتننامە ناسنامەی دەقە ئەدەبییەکەمان بۆ دیار دەکات، هەروەها هەندێک شتی دیکەشمان بۆ ئاشکرا دەکات، وەکو کەیسی گێڕەرەوەکە و زمانی دەقەکە و کاراکتەرەکان، ئەگەر سەرەکی بن یان لاوەکی بن، بەم شێوەیە تاچەند دانەر و حیکایەتخوان و کارەکتەری سەرەکی پێک دەچن، بەم شێوەیە ڕێککەوتن بریتییە لە گێڕانەوەییێکی ئیسترجاعیی پەخشانی، کەسێکی ڕاستەقینە لە بارەی ژیانی تایبەتی خۆی دەیگێڕێتەوە.

لە ڕۆمانی ژیاننامەییدا ڕێککەوتننامەیەک لە نێوان دانەری ڕۆمانەکە و خوێنەر بەدی دەکەین، لەبارەی ڕاستی و دروستی دەقە ئەدەبییەکە، بەم شێوەیە دەتوانین بڵێین لەمیانی ئەم ڕێککەوتننامەیەدا خوێنەر دەتوانێت هەندێک زانیاری گرنگی پێ بگات، کە پەیوەندی بە حیکایەتخوان، یان ڕۆماننووسەکەوە هەیە، بە پێچەوانەی ئەمە ئەو پەیوەندییە لە نێوان ڕۆماننووس و خوێنەر دەپچڕێت و ڕۆماننووسەکە وا دەکات خوێنەر لەناو هەندێک ئەزموونی خەیاڵیدا بژی، کە زۆر زەحمەتە بۆ خوێنەرەکە ناسنامەی ئەو دەقە دیاری بکات کە دەیخوێنێتەوە، لەبەر ئەوەی ئەو ڕێککەوتننامەیە لە نێوان دانەری ڕۆمانەکە و خوێنەرەکە بوونی نییە.

کەواتە ڕێککەوتننامەکە وەک دەستپێک وایە بۆ زانینی ڕاستیی ڕۆماننووسەکە و زانینی ژینگەکەی و ئەو دونیایەی تێیدا دەژی.

هەرچەندە ڕێککەوتننامە خۆی لە خۆیدا، لە نووسەرێکەوە بۆ نووسەرێکی دی دەگۆڕێت، لە دەقێکی ئەدەبییەوە بۆ دەقێکی دی، لە ڕۆمانی ژیاننامەییدا دەبینین نووسەر، یان ڕۆماننووس دەڵێ: ئەوە ژیانمە... هتد، واتە لێرەدا ڕۆماننووس ئاگادارمان دەکاتەوە و دەڵێ: ئەوە کەسایەتی منە، بە پێچەوانەوە لە ڕۆمانەکانی دیدا، ئەم شتە بەدی ناکەین، واتە نووسەری ڕۆمانەکە پێمان ڕاناگەیەنێت کە ئەو کەسایەتی ناو ڕۆمانەکەیە، بەڵکوو پەنا دەباتە بەر شێوازی هونەری بۆ شاردنەوەی خۆی و ئاشکرانەکردنی کەسایەتییەکەی، ئەو شێوازە هونەریەش بریتیە لە تەکنیکی گشتاندن، ئەمەشمان لە بەیەکنەچوونی دانەر و کەسایەتی ناو ڕۆمانەکە بۆ دەردەکەوێت، هەروەها کاتێک دانەر پەنا دەباتە بەر ناوێکی خوازراو بۆ ئەو کارەکتەرەی کە لە ناو ڕۆمانەکەیدا تەمسیلی ئەو دەکات و پاڵەوانی سەرەکییە، لەکاتێکدا پاڵەوانەکە خودی دانەرەکەیە، یەکێک لەو هۆکارانەی کە وادەکات دانەر لە پەنای ناوی خوازراوەوە خۆی بشارێتەوە، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ناتوانێت بەناوی ڕاشکاوی خۆی باسی هەموو شتێک بکات، نەوەکوو ڕووبەڕووی لێپرسینەوەی یاسایی ببێتەوە.

لە کۆتاییدا ئاماژە بە خاڵێکی دیی گرنگ دەکەین ئەویش ئەوەیە ڕێککەوتننامە لە ڕۆمانی ژیاننامەییدا دەکرێت ڕاشکاو بێت، یانیش زەمەنی بێت بە ئاماژە بۆ کردن، جا

“

**فەرهاد پیربال لە ڕۆمانی (هوتێل ئەوروپا) زۆر بە روونی هۆکاری نووسینی ئەم ڕۆمانەی خستۆتەروو، کە بەهۆی جەنگی عێراق و ئێران، لە ترسی سەربازی وڵاتی بەجێ هێشتووە و چۆتە هەندەران**

”

ئەو جۆرەی دوایی خوێنەر تووشی کێشەیەکی گەورە دەکات، خۆی لەوەدا دەبینێتەوە، یان لە دەقەکە ناگات، یان خراپ تێی دەگات، واتە لەو مانایە دوور دەکەوێتەوە کە دانەری ڕۆمانەکە مەبەستی بووە.

**دووەم: هۆکارەکان (الدوافع)**

فەرهاد پیربال لە ڕۆمانی (هوتێل ئەوروپا) زۆر بە ڕوونی هۆکاری نووسینی ئەم ڕۆمانەی خستۆتەڕوو، کە بەهۆی جەنگی عێراق و ئێران، لە ترسی سەربازی وڵاتی بەجێ هێشتووە و چۆتە هەندەران.

لە لاپەڕە (٧٧)دا دەڵێ: (تێبینیم کردبوو، ئەو قسانەی لەبارەی خۆمەوە دەمکردن هەمیشە لە یادەوەریی مسیۆ لووسینادا دەمانەوە. چونکە پێشتر بە فراوانی بۆم گێڕابووەوە، کە من چۆن لە ساڵی (١٩٨١)دا، واتە لە دەستپێکی شەڕی عێراق و ئێراندا، لە دەست سەربازی ڕام کردبووە ئێران و بۆ ماوەی هەشت مانگ لە ئۆردوگای پەناهەندانی کوردی عێراق لە (مەیدانی ژوب اهن) لە شاری (کەرەج) مابوومەوە، چۆنیش لەوێوە بە ڕێگای سووریاوە چووبوومە پۆڵۆنیا و ئینجا ئەڵمانیا، چۆنیش لەوێوە - دوای ساڵێکی ڕەبەق چاوەڕوانی بۆ وەرگرتنی مافی پەناهەندەیی- بە قاچاغ سنووری ئەڵمانیام بڕیبوو و خۆم گەیاندبووە فەرەنسا.)

هەروەها دانەر کە خۆشی پاڵەوانی سەرەکی ڕۆمانەکەیە، باسی ئازارەکانی خۆی دەکات لە فەرەنسا و سۆزی نیشتمانی دایکی لە بیر نەچووە، بەڵام بە ناچاری ئەم دوورکەوتنەوە کاتییەی قبووڵ کردووە، هەربۆیە لە لاپەڕە (١٥٦) دا دەڵێ: (بە کورتی، لەم ئیشی پاسەوانییەی (هوتێل ئەوروپا) وەڕس بووبووم. هەموو ڕۆژێک سەعات هەشت و دە دەقیقەی بەیانی، میترۆی (پواسۆنییێ)م دەگرت و سەعات هەشت و نیو دەگەیشتمە ماڵەوە، تا دەمەدەمی نیوەڕۆ دەنووستم. پاش نیوەڕۆ بەرەڵای شەقامەکانی پاریس دەبووم، تا کاتی دەست پێکردنەوەی کارەکەم، سەعات هەشتی ئێوارە، دەبووایە دیسان لە پێشوازیی هوتێل ئەوروپا ئامادە بووبام، بەبێ یەک خولەک دواکەوتن، چونکە لەساتی دیاریکراودا، مسیۆ ڤیکتۆر، قووڵە ڕەشێکی خەڵکی (بورکینا فاسۆ) کە لەماوەی ڕۆژەکەدا لە جێگەکەی من دەوامی دەکرد، دەبووایە هوتێل جێ بهێڵێت و بچێت بە دوای منداڵەکانی خۆیدا کە دەیگوت لە (ئەنتۆنی)ن و نزیکەی نیو سەعاتێک بە (RER) لە هوتێلەکەوە دوور بوون، نەیدەویست دوابکەوێت و میترۆی کاتی دیاریکراوی لە دەست بچێت)

هەروەها باسی دەستبەرداربوونی مرۆڤ دەکات لەو بەها پیرۆزانەی کە لە زێدی نیشتمانیدا باوەڕی پێیەتی، بەڵام کاتێک ئاوارەی وڵاتان دەبێت و دەبێتە پەناهەندە، لە پێناوی پارویێک نان، بە ناچاری دەستبەرداریان دەبێت.

لە لاپەڕە (١٧٩-١٨٠) دا دەڵێ: (جاران، ئەو کاتەی من لە هوتێلەکە بووم، نیوە شەوان،



> “گێڕانەوەی ڕووداوەکان وەکوو پاڵەوانێکی سەرەکی ڕۆمانەکە بە ناوی فەرهاد کە ناوی ڕاستەقینەی خۆیەتی، وایکردووە ڕۆمانەکە بە ڕۆمانێکی ژیاننامەیی پۆلین بکرێت”

زۆربەی جاریش لە دوای سەعات دوو و نیوی شەو بەملاوە، پیاوێکی دەوڵەمەندی عەرەب، یان پیاوێکی ئەفریقی – بە شێوەیەکی گشتیش زۆربەی جار ئاسایی – خۆی و ژنێکی سۆزانی نیوە ڕووت لە زەنگی دەرگای هوتێلەکەیان دەدا و دەرگەم لێ دەکردنەوە... دەهاتن لە بەردەم نووسینگەی پێشوازیی هوتێلەکە داوای ژووریکیان دەکرد (بۆ ماوەی تەنیا نیو سەعات)یان بۆ ماوەی تەنیا یەک سەعات، لەو کاتانەشدا ئەو جۆرە میوانانە هەمان نرخی ئاسایی شەوێک مانەوەیان بۆ دوو کەس دەدا. من لەو کاتەدا بێگومان دەمزانی کە تەنیا نیو سەعات لە ناو ژوورەکەدا دەمێننەوە. پێشوەختە کرێی (٣٥٠) فرەنکم لێ وەردەگرت ئینجا کلیلی ژوورەکەم دەدانێ. کاتێ ئیشی خۆیان تەواو دەکرد، دەهاتنە خوارەوە و کلیلەکەیان دەدامێ و دەڕۆیشتن)

دانەر لەسەر زاری پاڵەوانێکی دیی ڕۆمانەکە، کە ناوی محەمەدی حاجی زادایە، مەلایەکی خەڵکی تارانە و لە زوڵم و ستەمی ڕژێمی خومێنی هاتۆتە پاریس و داوای مافی پەناهەندەیی کردووە، ئەم دەست بەرداربوونەی لە بەهاکان بە تێکشکان داناوە. کاتێک فەرهاد بۆ ماوەیێک دەچێتە قەراغی دەریا لە شارۆچکەی سانت مالۆ، محەمەدی حاجی زادە لەجیاتی فەرهاد دەبێتە پاسەوانی (هوتێل ئەوروپا) ئەویش وەکوو فەرهاد لە درەنگانی شەو ژووری داوە بەو کەسانەی کە لەگەڵ ژنە سۆزانییەکان بۆ سێکس کردن دێنە هوتێل، محەمەدی حاجی زادە لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا لەگەڵ فەرهاد، ڕووداوەکە دەگێڕێتەوە و دەڵێ: (ئەو نەوعانە زۆر دێن. ئەفریقی، تورک، بەتایبەتی عارەبی دەوڵەمەندی سعوودی و سووریایی. جارێکیان بەحرێنییەک هات، حاجی بوو، دیشداشەیەکی سپیی لەبەر، بەو شەوە، ژنێکی سۆزانیی فەرەنسیی لەگەڵ خۆی هێنابووە بەردەم پێشوازییەکە. ئەو دەوڵەمەندە بەحرێنییە ڕەش ڕەش ڕەش، ژنە فەرەنسییەکەش دەتگوت پەنیرە، سپی سپی سپی. هەفتەی بەلای کەمییەوە پێنج شەش کەسی لەم جۆرە دێنە هوتێلەکە. شەوی واهەیە، سێ چوار ژوور بەم شێوەیە بە کرێ دەدەم.. بەتایبەتی ڕۆژانی کۆتایی هەفتە. هەر عەرەبێکی دەوڵەمەندە و دێ ژنێکی سۆزانیی بەگەڵ خۆی داوە و داوای ژوورێک دەکات بۆ ماوەی تەنیا بیست دەقیقەیەک! بەینی خۆمان بێ، هەموو جارێک سێ سەد و پەنجا فرەنکەکە وەردەگرم و ڕێک دەیخەمە باخەڵی خۆمەوە... ئەگەر تۆ هەر لە سانت مالۆ بمێنیتەوە، لە ماوەی ساڵێکدا بۆ خۆم دەبمە ملیۆنێر)

محەمەدی حاجی زادە دوای گێڕانەوەی ئەم چیرۆکە دەڵێ: (ئەوروپاییەکان کاتێ تێک دەشکێن و بەم شێوەیە بەدبەخت دەبن، ئینجا دادەبەزنە خوارەوە بۆ ئاستی ئێمەی پەناهەندە... ئاغای فەرهاد!)

ئەمەو فەرهاد پیربال لە ڕۆمانی (هوتێل ئەوروپا)دا هۆکارێکی دیی نووسینی ئەم ڕۆمانەی بۆمان ئاشکرا کردووە، ئەویش پەیوەندی بە ڕژێمی ئێرانەوە هەیە. لە ڕۆمانەکەدا لە ڕێگای محەمەدی حاجی زادەوە کە لەسەر بیر و بۆچوونی جیاواز جلوبەرگی مەلایەتییان لێ سەندووەتەوە و لە پێش نوێژی و خوتبەخوێندن مەنعیان کردووە، هەر بەو هۆیەشەوە وڵاتی خۆی بەجێ هێشتووە و بووەتە پەناهەندە لە فەرەنسا.

محەمەدی حاجی زادەش پاڵەوانێکی دی سەرەکی ڕۆمانەکەیە، باسی ئەو فشارە زۆرە دەکات کە لە سەر بیروڕای ئازاد و قۆرخکردنی دەسەڵات لە لایەن نوخبەیەکی پیاوانی ئایینی و شیعە مەزهەبەوە هەیە.

فەرهاد پیربال لە ڕێگای محەمەدی حاجی



فەرهاد پیربال

## مسیۆ لووسینا عاشقی (زێبا)ی ئێرانی پێی وابوو وەهەم بۆ مرۆڤ لە هەقیقەت زۆر پێویستترە

زادەوە دەیەوێت ڕژێمی ئێرانمان پێ بناسێنێت و لە هەمان کاتیشدا سەرزەنشتی بکات.

لە لاپەڕە (١١) دا محەمەدی حاجی زادە دەڵێ: (لە ئێران هەر کاتێک ڕژێم بکەوێتە سەر مەلایەک کە دژی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە، یان ئەگەر هەست بکەن ئەو مەلایە بە تەواوەتی پەیڕەوی فەرمانەکانی ڕژێم ناکات، ئەوا دەسەڵاتی لێ دەسەننەوە و (خەلعی لیباس)ی دەکەن)

هەروەها محەمەدی حاجی زادە هۆکاری دوورخستنەوەی لە مەلایەتی و ئەندامێتی حەوزەی عیلمی تاران دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەوەی کە ئەو پێیوابووە دەبێت دین لە دەوڵەت جودا بکرێتەوە.کەئەمەش پێچەوانەی ئەوفەلسەفەیەیە کە حوکمڕانێتی ئێران لە دوای هەڵگیرسانی شۆڕشی خومێنی لە ساڵی (١٩٧٩)وە لە سەری دامەزراوە.

لەمبارەیەوە لە لاپەڕە (١١) دا دەڵێ: (من ڕام وابوو کە دین دەبێت لە دەوڵەت تا ڕادەیەک جودا بکرێتەوە)

هەروەها سەبارەت بە زەبروزەنگی ڕژێمی ئێرانی بەتایبەتی لە سەردەمی (ئایەتوڵڵا خەڵخاڵی)دا لە لاپەڕە (١٤-١٥)دا دەڵێ: (لە سەردەمی زەبروزەنگ و پەلامارەکانی (ئایەتوڵڵا خەڵخاڵی)دا، پاش ئەوەی خەلعی لیباسیان کردم و لە (حەوزەی عیلمی تاران) دەریانکردم، من دەمزانی کە ئیدی وازم لێ ناهێنن، دەمزانی لە ژێر چاودێریدا دەمێنمەوە و حەتمەن چەند حەفتەیەک دواتریش، بە هەر هەنجەتێک بێت دێن حەپسم دەکەن و دەمخەنە ناو سەدان مەلای دیکەوە کە خەلعی لیباسیان کردبوون)

هەروەها لە شوێنێکی دی لە ڕێگەی کەسایەتی محەمەدی حاجی زادەوە باسی نامۆڕالی هەندێک لە پیاوانی ئایینی دەکات لەپێناوی بەرژەوەندییە تایبەتییەکانیاندا چۆن دەستبەرداری پرەنسیپەکانی ڕەوشت دەبن.

لە لاپەڕە (١٥) دا دەڵێ: (من لە شەمزینلی لەگەڵ کچێکی ئازەری، کە کۆمۆنیست بوو و ئەویش وەکو من لە دەست کۆماری ئیسلامیی ئێران ڕای کردبوو، وا ڕێک کەوتین کە کاتێ خۆمان دەدەینە دەستی پۆلیسی تورکیا، لە کاتی توێژینەوەدا دەڵێین ژن و مێردین، من تا (شەمزینلی) ئەسڵەن ئەو کچە کۆمۆنیستەم هەر نەشدەناسی. کچەکە بە ئەسڵ خەڵکی تەوریز بوو، دەیگوت لە تاران دەژیم. ئەویش، ئۆپۆزیسیۆن، لەدەست ڕژێمی کۆماری ئیسلامی دەیویست ڕابکاتە ئەورووپا و خەباتی سیاسی خۆی دژ بە کۆماری ئیسلامیی ئێران، لە ناو هاوڕێ توودەییەکانی لە ئەورووپا درێژە پێ بدات. هەردووکمان لە ڕێگەی بەرە و ئەو شارە سنوورییەی تورکیا واتە لە ڕێگەی بەرەو (شەمزینلی) یەکدیمان ناسی)

محەمەدی حاجی زادە لە درێژەی قسەکانیدا لە لاپەڕە (١٦) دا دەڵێ: (بڕیارماندا لە لای پۆلیسی تورک بڵێین کە ئێمە ژن و مێردین، ئەم ڕێککەوتنەشمان تەنیا لە پێناو ڕزگارکردنی خۆمان بوو، بۆ ئەوەی زووتر و ئاسانتر ڕزگارمان ببێت. چونکە لە تورکیا، هەم لە لای پۆلیسی تورک و هەم لای پۆلیسی UN دەمانزانی، پەناهەندە ژن و مێردەکان زیاتر ڕێزیان لێ دەنرا و فایلەکەیان بە پەلەتر بەڕێ دەخرا و زووتر بەرەو ئەورووپا بەڕێ دەخراین)

فەرهاد پیربال لە ڕۆمانی (هوتێل ئەورووپا)دا پەردە لەسەر ڕووی هەندێک مەلای ئایینی لادەبات و ڕووی ڕاستەقینەیان پیشانی کۆمەڵگە دەدات.

فەرهاد بۆ ماوەیێکی کاتی دەچێتە دوورگەی سانت مالۆ و محەمەدی حاجی زادە لە جێگەی خۆی دادەنێت و زۆر جاران بە تەلەفۆن قسەی لەگەڵ دەکات و لە بارەی ئیش و کارەکانی هوتێل پرسیاری لێدەکات، دەڵێ: (محەمەدی حاجی زادە لە تەلەفۆن دەیگێڕایەوە دەیگوت: ئەم نەوعانە زۆرن دێن. ئەفریقی، تورک بەتایبەتی عارەبی دەوڵەمەندی سعوودی و سووریایی. جارێکیان بەحرێنیەک هات، حاجی بوو، دیشداشەیەکی سپی لەبەر، بەو

> "راستگۆیی و راشکاوی لە رۆمانی ژیاننامەییدا بابەتێکی پێویستە، یەکێکە لە رەگەزە گرنگەکانی بونیادنانی رۆمانەکە و متمانە لە نێوان رۆماننووس و خوێنەر دروست دەکات"

> ئەگەر ڕەگەزی ڕاستگۆیی لە ناو گێڕانەوەی ئەو بیرەوەرییانەدا لاواز بوو، ئەوە بە ژیاننامە دانانرێت، چونکە خەیاڵ بە جۆرێکی دی وێنای دەکات

شەوە، ژنێکی سۆزانیی فەرەنسی لەگەڵ خۆی هێنابووە بەردەم پێشوازییەکە. ئەو دەوڵەمەندە بەحرێنییە ڕەش ڕەش ڕەش، ژنە فەرەنسییەکەش دەتگوت پەنیرە، سپی سپی سپی)

محەمەدی حاجی زادە لە درێژەی قسەکانیدا، کە بۆ فەرهاد پاڵەوانی ڕۆمانەکە دەیگێڕێتەوە، لە لاپەڕە (١٨) دا دەڵێ: «هەفتەی بە لای کەمییەوە پێنج شەش کەس لەم جۆرە دێنە هوتێلەکە. دەزانی! ئەرێ ئەوە کاتی تۆش هەر وابوو؟ شەوی وا هەیە، سێ چوار ژوور بەم شێوەیە بە کرێ دەدەم. .. بەتایبەتی ڕۆژانی کۆتایی هەفتە. هەر عارەبێکی دەوڵەمەندە و دێ ژنێکی سۆزانیی بەگەڵ خۆی داوە و داوای ژوورێک دەکات بۆ ماوەی تەنیا بیست دەقیقەیەک!)

ئەمەو محەمەدی حاجی زادە لە کۆتایی قسەکانیدا لە لاپەڕە (١٨٠-١٨١) دا دەڵێ: (بەینی خۆمان بێ، فەرهاد! بەڵام یەکسەر دوای تەواوبوونی ئەوان، دەچم بە پەلە ناو نوێنەکە ڕێک دەخەمەوە و حەمامەکەش پاک پاک دەشۆم. بەڵام جاری واش هەیە ئەسڵەن، سەگبابانە، خۆشیان بسمیل ناکەن و حەمامەکە پاک پاک جێ دەهێڵن. ئەگەر تۆ هەر لە سانت ماڵۆ بمێنیتەوە، من لێرە لە ماوەی ساڵێکدا بۆ خۆم دەبمە ملیۆنێر)

## سێیەم: ڕاستی و خەیاڵ (الحقیقە والخیال)

ڕاستی و خەیاڵ دوو تایبەتمەندیی دژ بە یەکن، خەیاڵ ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە جیاکردنەوەی ژانرە ئەدەبییەکان لە یەکدی و جیاوازی نێوان جۆرەکانیان، ئازادیی لە بەکارهێنانی ڕووداوەکان، جیاوازی لە نێوان ڕۆمان و ژیاننامە دروست دەکات، ئەدیب ئازادییێکی تەواوی هەیە لە دروستکردن و بونیادناندا، هەروەها ئەو ئازادییەی هەیە کە وێنای ئەو حاڵەتانە بکات کە لە واقیعدا بوونیان نییە، هەروەها مافی ئەوەی هەیە ئەو تەوژمی ناوەوەی (التیار الداخلی) خۆی لە هەمان ئەو کارەکتەرانەدا زیاد بکات کە دەیکێشێت، بەڵام ئەم قسەیە لەسەر ڕۆمانەکانی ژیاننامەیی جێبەجێ ناکرێن، چونکە ڕووداوەکانی لە واقعی زیندووەوە وەرگیراوە، کە لە لایەن توخمە جۆراوجۆرەکانەوە پشتیوانی دەکرێن، وەکو نامە و ڕۆژژمێر و بیرەوەری، ڕۆمانی ژیاننامەیی پێویستە پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە واقیعەوە هەبێت و لە ناو خەیاڵدا نقوم نەبێت، هەروەها پێویستە پاڵەوان و کارەکتەرەکانی دیی ناو ڕۆمانەکە لەناو ڕووداوەکاندا ژیابن، ئەمەش مانای ئەوەیە ڕووداوەکانی ڕۆمانی ژیاننامەیی ڕووداوی ڕاستەقینەن لە سەر بنەمای واقیعی و سەرچاوەن بۆ خوێنەران، بەڵام ئەوە مانای ئەوە نییە کە نووسەر نەتوانێ جۆرێک لە ڕەنگکردن بە ڕۆمانەکەی بدات، وەکو زیادکردن و داهێنانی ڕووداوی لاوەکی، یان دروستکردنی ناوی نوێ بۆ کارەکتەرەکان. هۆکار هەن وا لە ئەدیب دەکەن پەنا بباتە بەر خەیاڵ و بە کاری بهێنێت بە مانایەکی دی بیئاخنێتە ناو ڕۆمانی ژیاننامەیی، یەکێک لەو هۆکارانە بارودۆخی سەردەمە، دەبینین نووسەر خۆی لە ڕاستی دەدزێتەوە و دەچێتە ناو خەیاڵەوە، ئەمەش ئەگەر هەر شتێک بێت ئەوە نیشان دەدات کە هۆکارێک هەیە بۆ ئەوەی نووسەر لەجیاتی ئەوەی بە ڕاشکاوی ڕاستییەکان بخاتەڕوو، پەنا بباتە بەر ئاماژە، هۆیەکەشی لەوانەیە بگەڕێتەوە بۆ ترس لە دەسەڵات، یان ئاشکراکردنی هزری نووسەر و ئەو ئایدیۆلۆژیایەی کە باوەڕی پێی هەیە، هەروەها پەرۆشی ئەو لە سەر هەستی کەسایەتییەکان، ڕەنگە نووسەر لە واقیع ڕابکات و پەنا بۆ خەیاڵ ببات، لەبەر ئەوەی شتێکی وەها لە واقیعدا نادۆزێتەوە کە باوەڕی پێی هەبێت، بۆیە پەنا دەباتە بەر خەیاڵ بۆ گۆڕینی ئەوەی کە هەیە، بۆ ئەوەی کە پێویستە ببێت.

ئەگەر سەیری ڕۆمانی (هوتێل ئەوروپا) بکەین دەبینی، دانەری ڕۆمانەکە (فەرهاد پیربال) لە جیاتی بەکارهێنانی ڕاناوی قسەکەری من، ناوی ڕاستەقینەی خۆی لە ناو ڕۆمانەکەدا بەکارهێناوە و هەر بەو ناوەش قسەی لەگەڵ دەکرێت و دەدوێت، هەر بەوەندەش نەوەستاوە، لە کۆتایی ڕۆمانەکەیدا لە لاپەڕە (٢٠٨)دا ڕوونکردنەوەیێکی بڵاوکردۆتەوە و تێیدا دەڵێ: (سەرجەم ڕووداوەکانی ئەم ڕۆمانە بەسەرهاتی ڕاستەقینەن و کەسەکان تا ئێستاش لە ژیاندان، بەڵام لەبەر باری ئاسایش و ژیانی کەسەکان ناوی زۆربەی پاڵەوانەکان و هەندێ لە شوێنەکانم لەم گێڕانەوەیەدا گۆڕیوە)

> **محەمەدی حاجی زادە شێوەی زۆر لە مسیۆ لووسینا دەچێت، بۆیە مسیۆ لووسینا بیر لەوە دەکاتەوە کە بە پاسپۆرت و ناسنامەی محەمەدی حاجی زادە سەفەرێکی ئێران بکات و بە دوای سۆراخی (زێبا)ی خۆشەویستیدا بگەڕێت و بیبینێتەوە**

## چوارەم: ڕاستگۆیی و ڕاشکاوی (الصدق والصراحه)

ڕاستگۆیی و ڕاشکاوی لە ڕۆمانی ژیاننامەییدا بابەتێکی پێویستە، یەکێکە لە ڕەگەزە گرنگەکانی بونیادنانی ڕۆمانەکە و متمانە لە نێوان ڕۆماننووس و خوێنەر دروست دەکات، ئەمە وادەکات دەقەکە بەهاییەکی مێژوویی و کۆمەڵایەتی هەبێت و وەکو ئاوێنەیەک ژیانی خاوەنەکەی تێدا بەدەرکەوێت، چونکە بیرەوەری باسی ژیانی مرۆڤ دەکات، بۆیە ئەگەر ڕەگەزی ڕاستگۆیی لە ناو گێڕانەوەی ئەو بیرەوەرییانەدا لاواز بوو، ئەوە بە ژیاننامە دانانرێت، چونکە خەیاڵ بە جۆرێکی دی وێنای دەکات.

ئیحسان عەباس لە بارەی ڕاستگۆیی و ڕاشکاویەوە دەڵێ: (ئەم بابەتە لە ڕۆمانی ژیاننامەییدا ڕێژەییە، هەرچەند ئەدیب توانای نووسینی باش بێت بەڵام لە کۆتاییدا بە ئاگا بێت، یان بێ ئاگا خۆی دەبینێتەوە تێوە گلاوە، واتە باسی هەندێک ڕووداو دەکات بێ ئەوەی بەرچاوی ڕوون بێت، ئەمەش وادەکات ژیاننامەکە لە ڕاستگۆیی و ڕاشکاویەوە دوور بکەوێتەوە)

لەبەر ئەوە ناتوانین بڵێین لە گێڕانەوەی ڕووداوەکانی ناو ڕۆمانی ژیاننامەییدا ڕاستگۆیی و ڕاشکاوی بە شێوەیێکی ڕەها پەیڕەو کراوە، بەڵکوو شتێکی ڕێژەییە، چونکە نووسەر ڕووداوەکان بە گوێرەی بایەخ و گرنگی و گونجاوییان لەگەڵ واقیعی خۆی هەڵدەبژێرێت، ئەمەش وادەکات ڕاستگۆیی لە ڕۆمانی ژیاننامەییدا شتێکی ڕێژەیی بێت.

ئەگەر سەیری ڕۆمانی (هوتێل ئەورووپا) بکەین، لەزۆر شوێن ئەوەمان بە ڕوونی بۆ بە دیار دەکەوێت، فەرهاد پیرباڵ ئەم ڕاستیەی نەشاردووەتەوە و لەو ڕوونکردنەوەیەی کە لەدوا لاپەڕەدا بڵاوی کردۆتەوە دەڵێ: (لەبەر باری ئاسایش و ژیانی کەسەکان ناوی زۆربەی پاڵەوانەکان و هەندێک لە شوێنەکانم لەم گێڕانەوەیەدا گۆڕیوە)

لە هەندێک شوێنی ڕۆمانەکە زۆر بە ڕوونی هەست بە ڕاستگۆیی و ڕاشکاوێتی ڕۆمانی (هوتێل ئەورووپا)ی فەرهاد پیرباڵ دەکەین لەوانە: (بۆ یەکەم جار لە سانت مالۆ بوو کە کەڵکەڵەی بینینەوەی دایکم و کەسوکارم، بە ڕاستی کەوتە مێشکمەوە. ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتریش غەریبی دایکم و شارەکەم و کەسوکاری خۆمم دەکرد، ڕاستیەکەش، زۆر جاران لەناو نۆستالۆژیای خۆمدا بە خۆمم دەگوت: ئەوا چەندین ساڵە من لە ئەوروپا دەسوورێمەوە؟ من لێرە کێم؟... چیم؟ من لە ئەوروپا مانام چیە؟ کێ دەمناسێت؟)

هەروەها لە شوێنێکی دییشدا بە ڕاشکاویەوە باسی ژیانی پەناهەندەیی خۆی دەکات لە فەرەنسا، دوای تێپەڕبوونی چەندین ساڵ بە سەر دوورکەوتنەوەی لە کوردستانی زێدی باب و باپیرانی، دەیەوێت ئەوەمان پێ بڵێ کە مرۆڤ تەنیا لەشوێنی خۆی ئاسوودە و بەختەوەرە و دەڵێ: (چەندین ساڵ هەموو ڕۆژێک هەمان شت بکەیتەوە و هەمان ڕێگە بکوتیتەوە و هەمان شت ببینیتەوە و هەمان شت بخۆیت و هەمان شت بخۆیتەوە و هەمان قسە ببیستەوە... بۆ من زۆر ناخۆش بوو. چەندین ساڵ، هەموو ڕۆژێک هەمان هوتێل، هەمان کار، دووبارە هەمان میترۆ، هەمان بۆنەکانی هەمان کەسەکان.... دەمویست لە دەست ئەم ڕۆتینە ڕزگار ببم)

دیمەنێکی دیی ئەم ڕاستگۆیی و ڕاشکاویە لە

ڕۆمانی (هوتێل ئەورووپا) دەبینین، نووسەر لەسەر زمانی محەمەدی حاجی زادە باسی ژیانی تەنیایی و پڕ مەینەتی پەناهەندەییمان لە دەرەوەی وڵات بۆ دەکات، زۆر بە جوانی وەسفی ئەوەمان بۆ دەکات کە ئەوانەی سەری خۆیان هەڵگرتووە و بۆ دەرەوەی وڵات ڕۆیشتوونە چۆن لەپێناوی پارویێک نان کاری قێزەون دەکەن، لەسەر زاری محەمەدی حاجی زادەوە دەڵێ: (ئەو گەنجە لوبنانی و فەلەستینییانەی لەسەرەتای تازە گەیشتنم بۆ پاریس لە کەمپەکەدا لە گەڵم بوون، سەبارەت بەوەی ئەوانیش وەکو من مافی نیشتەجێبوونیان هێشتا بۆ دەرنەچووبوو، دەچوون پارچە زێڕی بچووک و قەمسەڵە و پانتۆڕیان لە مغازە و سوپەرمارکێتەکانی پاریسدا دەدزی و لە بازاڕی ڕەش، یان لە بەردەم بازاڕی (تاتی) لە (مارکادی پواسۆنییێغ) بە هەرزانتر دەیانفرۆشتەوە. تەنانەت ڕۆژنامەنووسێکی بەحرێنی برادەریشم، کە ناوی سافی ئەیریس بوو، ئەویش هەر لە کۆتاییدا دەستی کردە دزیکردنی ناو مغازەکان. دوو برادەری عەرەبی عێراقیشم لەگەڵ بوون، هەردووکیان لە خەفەتی ئەوەی چوار ساڵ بوو هێشتا ئیقامەیان بۆ دەرنەچووبوو، خۆیان کوشت، یەکێکیان خۆی فڕێ دایە ژێر شەمەندەفەری ناو میترۆی (کلییان کوورت)و هەلاهەلا بوو، ئەوی دیکەش لەقاتی یازدەمی ساختمانێکی مۆنتپەرناسەوە خۆی توور هەڵدایە خوارەوە و گیانی سپارد. گورجستانییەکمان لەگەڵ بوو، ئەو لە داخان بەرگەی ئەو هەموو ساڵ چاوەڕوانییەی نەگرت، شێت بوو و بردیانەوە تفلیس. پەنابەرە نیپالی و ئەفغانییەکانیش هەرزۆر زوو تێگەیشتن کە وەرگرتنی مافی پەناهەندەیی لە فەرەنسا زەحمەتە، بۆیە ئەوانیش هەرزوو پاریسیان بەجێهێشت و سەری خۆیان هەڵگرت بەرەو (لەندەن). وەڵحاسڵ، لەناو برادەرە پەناهەندەکانی ئەو کەمپەم تەنیا منم ماومەتەوە. تەنیا منم ئەوا بۆ چوار ساڵ دەچێت بەرگەی ئەو هەموو ناهەموارییەی پەناهەندەییم گرتووە، بەبێ مافی ئیقامە، بەبێ پەساپۆرت، بەبێ کار، چی بکەم؟! خەریکە شێت دەبم. ناتوانم هیچ بکەم. من هیچ ناسنامەیەکم نییە.

> * فەرهاد پیربال بۆمان دەگێڕێتەوە دوای ئەوەی دەگاتە فەرەنسا و لە شاری پاریس نیشتەجێ دەبێت، لە هوتێلێکی سێ ئەستێرە بە ناوی (هوتێل ئەورووپا) لە کاتژمێر هەشتی شەو تا هەشتی بەیانی دەبێتە پاسەوان و لە هەمان کاتدا دوای خەوتنی میوانەکان خەریکی نیگارکێشان دەبێت

محەمەدی حاجی زادە دەیگوت: من تازە تێدەگەم کە مانەوەی پەناهەندەیەک بەبێ مۆڵەتی پۆلیس لە پاریس چەندێک سەختە! من دوایین پەناهەندەم لەناو برادەرانی کەمپەکەی خۆمدا، وا بۆ چوار ساڵ دەچێت... بە بێ ئیقامەم، بێ ماڵ و حاڵ!)

هەروەها لە شوێنێکی دیکەش لەسەر زاری محەمەدی حاجی زادەوە دەڵێ: (ئەورووپا تەنیا بۆ ئەو کەسانە خۆشە کە پارەیان هەیە، تەنیا بۆ ئەو کەسانەیە کە بۆ ماوەی تەنیا چەند هەفتەیەک بۆ گەشتەوەری دێنە ئێرە و پاشان دەگەڕێنەوە وڵاتی خۆیان)

هەروەها لە شوێنێکی دیکەشدا لەسەر زاری محەمەدی حاجی زادە باسی تێکشکان و بێ بەهایی مرۆڤی پەناهەندە دەکات لە دەرەوەی وڵاتی خۆی و دەڵێ: (وەک سەگ لەناو ئەو چێشتخانە پیسانەی کاریان تێدا دەکەم، مردم هێندەی پاشماوەکانی ناو مەتبەخ بلێسمەوە. من لە وڵاتی خۆمدا هیچ نەبووایە ماڵێکم هەبوو، حاڵێکم هەبوو، ناوبانگێکم هەبوو... لێرە ئەسڵەن هیچ ناسنامەیەکیشم نییە، من لێرە کێم؟ چیم؟!)

لەمیانی ئەم چەند بڕگانەدا بۆمان دەردەکەوێت کە فەرهاد پیربال کەسێکی واقیع بین بووە و بە ڕاستگۆیی و ڕاشکاویەوە باسی لە ژیانی پەناهەندەیی و دووری وڵات کردووە، کە خۆیشی ساڵانێکی زۆر لە دووری وڵات بە پەناهەندەیی ژیاوە.

لە کۆتاییدا دوای ئەم خوێندنەوەیە بۆمان دەردەکەوێت کە ڕۆمانی (هوتێل ئەورووپا) گشت ڕەگەزەکان و تایبەتمەندییەکانی ڕۆمانی ژیاننامەیی تیایە.

**ئەمەی خوارەوەش پوختە ڕۆمانەکەیە:**

ئەم ڕۆمانە باسی شەڕی عێراق و ئێران دەکات کە بە هۆیەوە دانەری ڕۆمانەکە کە لەهەمان کاتدا پاڵەوانی سەرەکی ڕۆمانەکەیە، باسی ژیانی پەناهەندەیی خۆی دەکات لە وڵاتی فەرەنسا.

فەرهاد پیربال بۆمان دەگێڕێتەوە دوای ئەوەی دەگاتە فەرەنسا و لە شاری پاریس نیشتەجێ دەبێت، لە هوتێلێکی سێ ئەستێرە بە ناوی (هوتێل ئەورووپا) لە کاتژمێر هەشتی شەو تا هەشتی بەیانی دەبێتە پاسەوان و لە هەمان کاتدا دوای خەوتنی میوانەکان خەریکی نیگار کێشان

**ئەدیب ئازادییێکی تەواوی هەیە لە دروستکردن و بونیادناندا، هەروەها ئەو ئازادییەی هەیە کە وێنای ئەو حاڵەتانە بکات کە لە واقیعدا بوونیان نییە**

دەبێت و ئەو تابلۆیانەش کە دروستیان دەکات، دەیانباتە گەلەری هاوڕێ نیگارکێشەکانی لە (مۆنتماخت- Montmarter) دەیانفرۆشێتەوە و بەو برە پارەیەی کە مانگانە لە هوتێل ئەوروپا وەریان دەگرێت لەگەڵ نرخی ئەو تابلۆیانەی کە لەو گەلەرییە دەیانفرۆشێتەوە دەژییت.

دوای ماوەیەک مەلایەکی ڕاکردوو لە زوڵم و ستەمی ڕژێمی ئێران بەناوی (محەمەدی حاجی زادە) دەناسێت و دەبێتە هاوڕێی.

محەمەدی حاجی زادە لەدوای فەرهاد پیربال (دانەری ڕۆمانەکە) دووەمین پاڵەوانی ڕۆمانەکەیە و لەو کاتەی کە لەگەڵ فەرهاد پاڵەوانی سەرەکی ڕۆمانەکە یەکدی دەناسن، زیاتر لە چوار ساڵ دەبێت لە پاریس بەبێ ئیش و کار دەسوڕێتەوە و بە دوای کاردا دەگەڕێت. لەبەر ئەوەی مافی نیشتەجێبوونی لە لایەن پۆلیسەوە پێنەدراوە، بۆیە هیچ هوتێلێک و سوپەر مارکێتێک تەنانەت هیچ کافتریایەکیش مۆڵەتی کارکردنی پێنەداوە.

محەمەدی حاجی زادە وەکو خۆی دەگێڕێتەوە پێشتر لە وڵاتی ئێران لە تاران مەلایەکی ئایینی بووە و ئەندامی (حەوزەی عیلمی تاران) بووە و لەسەر بیر و بۆچوونە جیاوازەکانی لەسەر پەیوەندی دین بە دەوڵەتەوە جلوبەرگی مەلایەتییان لێ سەندووەتەوە، بەمەش هیچی دی مافی ئەوەی نامێنێ کەشیدەی مەلایەتی لەسەر بنێت و پێش نوێژی بکات و خوتبە بخوێنێت.

محەمەدی حاجی زادە باسی هەڵاتنی خۆی دەکات لە ئێرانەوە بۆ تورکیا. بە نایاسایی لەگەڵ قاچاخچییەکان و لە ڕێگادا کچێکی کۆمۆنیستی ئازەری بەناوی (هومەیلا) لەگەڵ دەبێت و یەکدی دەناسن. کە دەگەنە تورکیا پێش ئەوەی لە شارۆچکەی (شەمزینلی) خۆیان بە دەستەوە بدەن، لەگەڵ ئەو کچە کۆمۆنیستە کە تەمەنی سی ساڵ دەبێت و پانزە ساڵ لەو بچووکترە، ڕێکدەکەون گرێبەستێکی هاوسەرگیریی ساختە لەنێوان خۆیان بنووسنەوە و تەنیا بەناو ببنە هاوسەری یەکدی، بۆ ئەوەی لەو کەمپەی کە لێی نیشتەجێ دەکرێن، لەچاو پیاوە سەڵتەکان زیاتر بایەخیان پێ بدرێت.

بەم شێوەیە چۆن نەخشەیان بۆ داڕشتبوو وا دەردەچێت، کە خۆیان ڕادەستی پۆلیس دەکەن، پیاوە سەڵتەکان هەموویان فڕێ دەدەنە ناو هۆڵێکی گەورەی گەڕەلاوژەی پڕ لە مێشوولە و محەمەدی حاجی زادە و هومەیلاش پێکەوە دەخەنە ناو یەک ژووری سەربەخۆی تایبەت بەو پەناهەندانەی کە هاوسەری یەکدین.

محەمەدی حاجی زادە دەڵێ: «زیندانەکەی من و هومەیلای هاوسەرم کەمێک لە زیندانە گەورەکەی پەناهەندەکانی دی خۆشتر بوو. هەر هەموو کەمپەکەشمان کەمێک لە زیندانی بە ڕاستی خۆشتر بوو.

محەمەدی حاجی زادە لە درێژەی قسەکانیدا لە گێڕانەوەی بەسەرهاتی خۆی و ئەو کچە ئازەرییەدا دەڵێ: «ژوورەکەمان سیسەمێکی نوێن تێدا ڕاخراوی پیسی دوو نەفەریی لێ دانرابوو. لەگەڵ تاخمێکی چاو سەبەتەیەکی ڕزیوی میوە... حەوت مانگی ڕەبەق لەناو ئەو ژوورەدا لەگەڵ ئەو کچە ئازەرییە تازە بەهارە مەمک قووت و تەڕ و برە چاوەکانی وەکو چاوی ئەو حۆرییە نازدارانەی کە لە سوورەتی (الواقعە) باسیان لێ کراوە، بە یەکەوە بووین.

هەموو ڕۆژێک بیست و چوار سەعات بە دیار ئەو کچە شۆخ و شەنگە، خۆم پێ ڕانەگیرا، مردم هێندەی ئایەتەلکورسی بۆ دوورخستنەوەی شەیتانی سێکس لە جەستەی خۆم بخوێنمەوە)

محەمەدی حاجی زادە لە کۆتایی قسەکانیدا ڕوو لە فەرهاد دەکات و دەڵێ: «سەرت نەیەشێنم ڕۆژێک، دەمەو عەسرێکی پایز، هێشتا زەنگی نانخواردنی ئێوارەیان لێ نەدابوو.... لەناو ژوورەکەماندا بە یەکدی وەنووساین، ئیتر هەر ئەم بە یەکتر نووسانە بوو... بەڕاستی بووینە ژن و مێردی یەکتر)

ئەمەو فەرهاد پاڵەوانی سەرەکی ڕۆمانی

**“ فەرهاد پیربال ئەم ڕاستییەی نەشاردووەتەوە و لەو ڕوونکردنەوەیەی کە لەدوا لاپەڕەدا بڵاوی کردۆتەوە دەڵێ: (لەبەر باری ئاسایش و ژیانی کەسەکان ناوی زۆربەی پاڵەوانەکان و هەندێک لە شوێنەکانم لەم گێڕانەوەیەدا گۆڕیوە) ”**

(هوتێل ئەوروپا) لەو ماوەیەی کە لەو هوتێلە کار دەکات، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتر متمانەی لووسینای خاوەنی هوتێلەکە بە دەست دەهێنێت و دواتر وەکو دوو هاوڕێیان لێ دێت. چەند جارێک لە ڕیستورانتە گرانبەهاکانی پاریس بە یەکەوەو بە دوو قۆڵی دادەنیشن و باسی بابەتە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییەکان دەکەن.

فەرهاد حیکایەتخوان و پاڵەوانی سەرەکی ڕۆمانەکە دەڵێ: (لە کۆتاییدا ئەو ڕۆژە هات مسیۆ لووسینا چیرۆکی گرینگی ژیانی تایبەتیی خۆی بۆم بگێڕێتەوە)

لە درێژەی قسەکانیدا دەڵێ: «کاتێ گەیشتینە ژوورەکەی خۆی و فەرمووی دانیشتنی لێ کردم، بەر لەوەی دابنیشم، پێش هەموو شتێک تاکێک پێڵاوی کچانە سەرنجی ڕاکێشام کە بە ناوەڕاستی دیوارەکەوە، لەپشت سەری خۆی، هەڵی واسیبوو)

لە گفتوگۆی نێوان فەرهاد و لووسینا بۆمان دەردەکەوێت کە ئەو تاکە پێڵاوەی لە ناو چوارچێوەیەک لە پشت سەری لووسینا هەڵواسرابوو، پێڵاوی ئەو کچە بوو کە خۆشی دەوێت. کچەکە ناوی (زیبا) بوو کچی خانەوادەیەکی دەوڵەمەندی ئێران شاری تاران بوو. بۆ خوێندن دێتە فەرەنسا و لە شاری پاریس دەیخوێند و لەو ماوەیەشدا بۆ ماوەی چوار ساڵ پەیوەندی سۆزداری لە نێوانیاندا دروست دەبێت، بەڵام دوای تەواوکردنی خوێندن لەسەر قسەی باوکی دەیەوێت بگەڕێتەوە تاران. لووسینا داوای لێ دەکات کە لە فەرەنسا بمێنێتەوە و هاوسەرگیری لەگەڵ بکات بەڵام زیبا هەر ڕژد دەبێت لەسەر بڕیارەکەی و دەگەڕێتەوە تاران.

ئەمەش وا لە مسیۆ لووسینای خاوەن سێ هوتێل و چەندین باڵاخانە دەکات بەهۆی گڕی ئەو عیشقەی کە لە ناخیدا بەرامبەر زیبا هەیەتی چێژ لەو سامانە زۆرە نەبینێ و هەمیشە لەناو خەیاڵدا بژییت. مسیۆ لووسینا عاشقی (زیبا)ی ئێرانی پێی وابوو وەهم بۆ مرۆڤ لە هەقیقەت زۆر پێویستترە، چونکە هیوات پێ دەدا، ئومێدێکی دیت دەداتێ.

ئەمەو فەرهاد حیکایەتخوان و پاڵەوانی سەرەکی ڕۆمانەکە لە گێڕانەوەی ژیانی خۆی لە پاریس دەڵێ: (لەم پاسەوانییەی هوتێل ئەوروپا وەڕس ببووم) بیر لەوە دەکاتەوە بۆ ماوەیێک دوور بکەوێتەوە و بچێتە کەناری دەریای بەلتیک، لەوێ پۆرترێت و نیگار بۆ تووریستەکانی قەراغ دەریا دروست بکات، بۆیە دوای چەندین ساڵ کارکردن بێ پچڕان لە (هوتێل ئەوروپا) ڕەزامەندیی مسیۆ لووسینای خاوەن هوتێلەکە وەردەگرێت و بۆ ماوەییکی کاتی محەمەدی حاجی زادە لە شوێنی خۆی دادەنێت.

محەمەدی حاجی زادە شێوەی زۆر لە مسیۆ لووسینا دەچێت، بۆیە مسیۆ لووسینا بیر لەوە دەکاتەوە کە بە پاسپۆرت و ناسنامەی محەمەدی حاجی زادە سەفەرێکی ئێران بکات و بە دوای سۆراخی (زیبا)ی خۆشەویستیدا بگەڕێت و بیبینێتەوە.

بەمشێوەیە ئەم بیرۆکەیە جێبەجێ دەکات و دەچێتە ئێران و ناگەڕێتەوە و بێ سەروشوێن دەبێت و فەرهادیش لەخەمی مسیۆ لووسینا و دووری وڵاتەوە بەرگە ناگرێت و لە کۆتایی ساڵی ١٩٩٤ بە یەکجاری دەگەڕێتەوە کوردستان.

**سەرچاوەکان:**

•فەرهاد پیربال: ڕۆمانی هوتێل ئەوروپا، دەزگای ئاراس، هەرێمی کوردستانی عێراق، ساڵی ٢٠١٠.

•تیتز ڕووکی: فی طفولتي (دراسه فی السیره الذاتیة العربیة) دیجمه طلعت الشایب، مراجعه وتقدیم رمضان بسطاویسی، المجلس الاعلی للثقافة، ط/١، القاهره، عام ٢٠٠٢.

•عبدالحکیم محمد الشعباني: السیره الذاتیه فی الادب العربی الحدیث، منشورات موسسة العراق للنشر والتوزیع، عمان، الاردن، ط/١، عام ٢٠٠١.

•أحسان عباس: فن السیرة، منشورات دار صادر، بیروت، لبنان، ط/١، ١٩٩٦.

•جورج ماي: السیره الذاتیة، تعریب أ.د. محمد القضی و أ.د. عبدالله صولة، منشورات دار الرویه للنشر والتوزیع، عام ٢٠١٧، القاهرة.

•میشال بوتور: بحوث فی الروایة الجدیدة، دیجمة فرید انگونیوس، منشورات عویداتن بیروت، ط/٣، عام ١٩٨٦.

# دەق

- **ملوانكە**

ئازاد ئەرگوشی

- **خەون پیشەمە**

چیرۆكی: گابریێل گارسیا ماركیز
وەرگێڕانی: عەبدولڕەحمان فەرهادی

- **باڵندەیەک لە نووتەكدا بەردەبێتەوە**

سروشت نەوزاد



# ملوانکە




ئازاد ئەرگوشی

لە ساڵوەگەڕی زەماوەندەکەیان، هەموو ساڵێک وەکوو ڕۆژی زەماوەند جلوبەرگی بووک و زاوایان لە بەر دەکرد. هەڵبەت بە ئامادەبوونی هاوڕێ و ئاشنایان، یادەکەیان زیندوو دەکردەوە. خێزانەکەی لەسەر ئەو ڕۆژە زۆر هەستیار بوو، هەموو هەوڵی ئەوە بوو هەر هەمان ڕۆژی زەماوەندەکەی دووبارە بکاتەوە، نەدەبووایە هیچ کەم و کوڕییەکی هەبێت. بە تایبەتی لە ڕووی جلوبەرگ و خشڵەوە، تەنانەت کراواتی مێردەکەشی دەبووایە هەر هەمان کراواتی ڕۆژی زەماوەندەکەیان بێت. هیچ شتێک لەبەر چاوی ون نەدەبوو. لە بەختی ڕەشی مێردەکەی، ئەوە ماوەیەک بوو کاژمێرەکەی ون کردبوو. ئەو ڕۆژەی خێزانەکەی کاتژمێرەکەی بە دیاری بۆی هێنا بوو، چەند جار لێی دووپات کردەوە، زۆر ئاگای لێ بێت، نەک ونی بکات، یان بە کەسێکی تر ببەخشێت. چونکە دەیزانی زۆر جار برادەرەکانی شتیان لێ بردووە، لە کراس بگرە تا دەگاتە پێڵاو، ئەویش بە بێ سێ و دوو پێشکەشیانی کردووە. بۆیە هەمیشە وەبیری دەهێنایەوە ئەوە یادگاری منە بۆ تۆ، وا بزانە من بەردەوام لەگەڵتم. دەنگی هەر چرکە و ساتێکی ئەو کاتژمێرە دەنگی خورپەی دڵی من بۆ تۆ لێدەدات!

جارێک پیاوەکەی بە گاڵتە پێی گوت: ئەی ئەگەر ڕۆژێک لە ڕۆژان خوا نەخواستە لە کار کەوت؟

خێزانەکەی بە تووڕەییەوە گوتی: ئەو کات دڵی منیش لە کار دەکەوێت.

پیاوەکە بۆی دەرکەوت کاتژمێرەکە بەلای خێزانەکەیەوە زۆر گرنگ و بایەخدارە تا ئەو ڕادەی کە بووەتە پێوەری خۆشەویستی نێوان ئەو و هاوسەرەکەی. مانەوەی کاتژمێرەکە نیشانەی وەفاداری ئەوە بۆ خۆشەویستییان. ئەویش زۆر ئاگای لە کاتژمێرەکە بوو، وایدەزانی ئەگەر ڕۆژێک خێزانەکەی کاتژمێرەکەی لە دەستی نەبینێت لە خۆشەویستیان دەکەوێتە گومانەوە، ئەمەش شتێک بوو کە هەرگیز نەدەبووایە ڕووبدات. کەچی ئەوە ماوەیەک بوو لەبەر گواستنەوەی ماڵەکەیان کاتژمێرەکەی ون کردبوو نەیدەزانی لە کوێ دایناوە. زاتی ئەوەشی نەبوو لەگەڵ خێزانەکەی باسی بکات. تەواوی ماڵەوەی سەرەوژێر کردبوو، بەڵام هیچ سوودێکی نەبوو. ڕۆژێک پێش یادەکە لە کاتی خواردنی نانی نیوەڕۆ خێزانەکەی لەناکاو لێی پرسی: شەپرزە دیاری خێرە، خۆ خوا نەخواستە هیچ ڕووینەداوە؟ هەست دەکەم یەک دوو ڕۆژە تەواو نیت. کابرا لە پرسیارە ناکاوەکەی خێزانی دەستپاچە بوو، بەڵام هەوڵیدا خۆی نەدۆڕێنێت و خۆی باڵادەست پیشان بدات، بە زەردەخەنەوە گوتی: نە، هیچ نییە، ئەم دوو ڕۆژە لە ئیدارە کارێکی زۆرم هەبوو، بەڕاستی ماندوویان کردم. ویستی بابەتەکەی بگۆڕی بە پێکەنینەوە قاپێکەی دایە دەست خێزانەکەی و گوتی:ئەمڕۆ زۆرم برسییە ئافرەت، دڵنیاشم خواردنێکی خۆشت لێناوە. خێزانەکەی بە گومانەوە تەماشایەکی نێوچاوانی کرد. قاپەکەی لێ وەرگرت، لە کاتی تێکردنی خواردنەکە سەعاتی خێزانەکەی بەربووە. بەربوونەوەی سەعاتەکە موچرکەی بە لەشیدا هێنا! ئەگەر پرسیاری سەعاتەکەی لێ بکات، دەبێ چ وەڵامێک بداتەوە. پیاوەکە لە دڵی خۆیدا گوتی: ئەمەش لەبەختڕەشی و چارەڕەشی و نەگبەتی منە، ئەگەر پرسیاری سەعاتەکەم لێ بکات چ بڵێم؟! خوا خوای بوو خێزانەکەی پرسیاری لێ نەکات، خێزانەکەی سەعاتەکەی هەڵگرتەوە و گوتی:ئەمڕۆ ئەوە ببە لای وەستا زنجیرەکەی تێکچووە، هیوادارم کاتژمێرەکەی تۆش تێکنەچووبێت. ئەرێ بە ڕاست لە دەستت نابینم، بە پێکەنینەوە درێژەی بە قسەکانیدا و گوتی: هیوادارم بە دیاری پێشکەشی برادەرێکت نەکردو بێت خۆت دەزانی خۆشەویستی پێشکەشکردنی نییە.

ئەویش بە بێ ئەوە خۆی تێکبدات گوتی: نا، نا، لە ترسی ئەوەی بیدەم بە برادەرێک تەنیا جار جارە لە دەستم دەکەم. خێزانەکەی بە پێکەنینەوە گوتی: حەدت چییە،خۆ تێکنەچووە، برۆ بێنە ئەگەر کێشەیەکی هەبێت ئەویش لە گەڵ سەعاتەکەم ببە، با بۆ سبەینێ ئامادەبێت، خۆت دەزانی دەبێ سبەینێ لە دەستت بێت.

سەرەتا ویستی پێی بڵێ دوێنێ تەماشام کرد، بینیم لە کار کەوتووە بۆیە لە ڕێگەی خۆم لای وەستام داناوە، هی تۆش دەبەم هەردووکیان پێکەوە دێنمەوە. کاتێک خێزانەکەی بێدەنگی ئەوی بینی گوتی:نەک داوبێتە کەسێکی تر.

پیاوەکە گوتی: نا، نا، چۆن کاری وا دەکەم.

-کەواتە هەستە بیهێنە....

پیاوەکە کەوتە دۆخێکی خراپەوە، لە مێشکیدا بە شوێن

وەڵامێکی گونجاودا دەگەڕا. بە لای خۆیەوە گوتی: پیاوی باش وەریسی درۆ کورتە، وا باشترە ڕاستییەکەی پێ بڵێی، مەرگ جارێک و شیوەن جارێک.

پیاوەکە بە نیگەرانییەوە گوتی: چیت لێ وەشێرم ئافرەت، لە دوای گواستنەوەی ماڵەکەمان لێم ون بووە هەرچی دەگەڕێم نایدۆزمەوە. خێزانەکەی بە بیستنی هەواڵی ون کردنی کاتژمێرەکە، یەک بە دەنگی خۆی قیژاندی و گوتی:چۆن بزرت کردووە؟! تاکە دیاری من لە لای تۆ ئەو کاتژمێرەیە، کە لە کاتێکی زۆر هەستیاردا بۆم کڕیوی، کەچی ئەویشت بزر کرد. دەزانی هەر کاتێک چاوم بەو کاتژمێرە دەکەوت ساتە خۆشەکانی سەردەمی خۆشەویستیمان وەبیر دەهاتەوە، بەڵام تۆ نەتتوانی بیپارێزی، ئاخر من ئێستا چیت پێ بڵێم؟

هەوڵیدا بە هەر شێوەیەک بێت خێزانەکەی هێور بکاتەوە بە هێمنی پێی گوتی: گەورەترین و بە نرخترین یادگاری تۆ لە دڵمدایە، ئەویش خۆشەویستی تۆیە، دڵنیابە بە ونبوونی کاتژمێرەکە هیچ لە ئاستی خۆشەویستیم بۆ تۆ کەم نابێتەوە. لەم بگرە و بەردەدا بوون کە تەلەفۆنی پیاوەکە زەنگی لێدا. تەماشای ژمارەکەی کرد، خانەی بەساڵاچووان بوو، دڵی داخورپا، وادیارە دایکی تەندروستی تەواو نییە. هەر واش بوو بە بیستنی دەنگی بەرپرسی خانەی بەساڵاچووان شڵەژا و خێرا تەلەفۆنەکەی دانا و گوتی: من دەبێ سەرێک لە دایکم بدەم.

خێزانەکەی بە تووڕەییەوە گوتی:کێیە؟

-خانەی بەساڵاچووان.

- چییە دووبارە دایکت کێشەی ناوەتەوە، یان دیسان داوای پارە دەکەن؟

-وادیارە کێشەی ناوەتەوە، ویستوویەتی بێتە دەرەوە، لە بەیانییەوە داوام دەکات، ئێستا لە ژوورەکەی دەرگەکەیان لەسەری کلیل داوە. دەبێ زوو بڕۆم نەک خوانەخواستە کێشەیەک بۆ خۆی دروست بکات.

وەک بڵێی هیچ شتێک ڕووی نەداوە، خێزانکەی بە هەناسەساردییەوە گوتی: با ئەمجارەش بەزمی ئەو بێت.

-بیری خراپ مەکەوە، بەتەمای خوا، ئینشائەڵا هیچی خراپ ڕووی نەداوە، جارێ من دەڕۆم.

-خۆ تۆ نانەکەشت بە تەواوی نەخوارد، نانەکەت تەواو بکە ئەوجا بڕۆ، خۆ دایکت هەڵناهێت.

-تێرم خوارد.

پیاوەکە خێرا ڕۆیشتە دەرەوە لە دواوە گوێی لە دەنگی خێزانەکەی بوو کە هاواری دەکرد: زوو بگەڕێوە بۆ سبەینێ زۆر کارمان لە پێشە، خۆت بەم شتانەوە خەریک مەکە.

پیاوەکە لەو هەموو هەناسەساردییەی خێزانەکەی ڕقی هەڵسا و ویستی بگەڕێتەوە و پێی بڵێ: لە کەیەوە دایکم بوویتە شت؟

بەڵام پەشیمان بووەوە، پێی باش بوو لەو کاتە و ساتەدا بەزمێک سازنەکات.

لەبەر خۆیەوە گوتی: واباشترە زووتر بە دایکم ڕابگەم، نەک خوا نەخواستە تووشی کێشەیەک ببێت. لە ڕاستیدا قسەکردنیشی هیچ شتێکی نەدەگۆڕی، چونکە پێش دەستپێکی ژیانی هاوبەشیان لەگەڵ خێزانەکەی، یەکەم مەرجی خێزانەکەی ئەوە بوو کە دایکی ببات بۆ خانەی بەساڵاچووان. خێزانەکەی دەیگوت: من تاقەتی پەرەستاریم نییە. دەبێ لە نێوان من و دایکت یەکێکمان هەڵبژێری.

ئەویش خێزانەکەی هەڵبژارد! بۆیە هەستی کرد مافی گلەیی کردنی نییە. خێزانەکەی مافی خۆیەتی چۆن بیردەکاتەوە، ئەوە ئەو بوو کە خۆی بە دەستەوەدا بوو. کابرا خۆشی نەیزانی چۆن و کەی گەیشتە خانەی بەساڵاچووان، خێرا خۆی کرد بە ژووری بەڕێوەبەرەکەوە، بەپەلە لێی پرسی: خێرە چی ڕوویداوە؟ بەڕێوەبەر بە هێمنی گوتی: جێگای مەترسی نییە. ئەوجا بە پەلە کلیلەکەی هێنا و دەرگای ژووری دایکی کردەوە. دایکی بە بینینی ئەو سەراسیما خۆی خستە باوەشی و دایە پرمەی گریانەوە. ئەویش لەگەڵی گریا. ناوە ناوە دایکی لە نێوان کوڵەی گریانەوە دەیگوت: بگری کوڕم، بگری، گریان باری خەمەکانی مرۆڤ سووک دەکات، لە خەمەکانی کەم دەکاتەوە. کوڕەکە ویستی لە باوەشی دایکی بکشێتەوە، دایکی بە گریانەوە گوتی: پەلەت لە چییە کوڕم، ئەوەندە لێم بێزاری، هێشتا نەهاتووی دەتەوێ بڕۆی. ڕاوەستێ با تێر تێر بۆنت بکەم.

کوڕەکە گوتی: ئەم قسانە چییە دایەگیان چۆن لێت بێزار دەبم؟

دایکی بە بێدەنگی تەماشای دەکرد، هەستی کرد بەم بێدەنگییە کۆمەڵێک پرسیاری ئاراستە کرد، من لێرە چ دەکەم؟ بۆ منت لێرە داناوە؟ ئەی نەتگوت تا ماوم خزمەتت دەکەم، ئەوە...و هەڵبەت وەڵامی هەموو ئەم پرسیارانە تەنیا بێدەنگییەکی پڕ لە شەرمەزاری بوو، بۆیە کوڕەکەی بە شەرمەوە گوتی:

دایەگیان من لێرەم چیت دەوێ بڵێ با بۆت جێبەجێ بکەم.

دایکی بە هێمنی دەستی بردە ژێر سەرینەکەی، کاتژمێرێکی دایە دەست کوڕەکەی، کاتێک کوڕەکەی تەماشای کاتژمێرەکەی کرد،بە سەرسووڕمانەوە بینی ئەوە کاتژمێرە ون بووەکەی خۆیەتی!! ئەو ماوەیەک بوو بە بزربوونی ژیانی لێ تاڵ ببوو، دڵنیاش بوو نەدۆزینەوەی لەلایەن خێزانەکەیەوە گران لەسەری ڕادەوەستێت، هەر بۆیە بە بینینی کاتژمێرەکە پڕیدایە دەستی دایکی و بە تووڕەییەوە گوتی: ئەمە لای تۆ چ دەکات؟ دەزانی ئەوە چەند ڕۆژە ئەرز وئاسمانم لێکداوە بۆ دۆزینەوەی، لەگەڵ خێزانەکەم تووشی کێشەبوومە لە سەر ونبوونی ئەم کاتژمێرە، باشە پێم ناڵێی ئەمە بە چ کەڵکت دێت؟ وادیارە

بەریشت داوەتەوە کار ناکات.

دایکی بە بیستنی ئەم قسانە ڕەنگی سوورهەڵگەڕا و لە ڕقان پەنجەکانی دەستی دەگوشی، هەر ئەوەندە ئاگای لێ بوو زللەیەکی خێواندە بناگوێی کوڕەکەی و گوتی: هەی ناخەلەفی شیرحەرام من تێکمداوە، من ئەم کاتژمێرە بەردەدەمەوە؟ من لەو ماوەیەدا بە هۆی بوونی ئەم کاتژمێرە بەرگەی دووری تۆم گرتووە، کاتێ گوێم لە دەنگی چرکە ساتەکانی دەبێت وا دەزانم دەنگی ترپەی دڵی تۆیە لە ژێر سەرینەکەمەوە دێت! هەموو بەیانییەک لە ژێر سەرینەکەم دەریدێنم و ماچی دەکەم، بۆنی دەکەم، وەک پیرۆزترین شت لە ژیانمدا دووبارە لە شوێنی خۆی دادەنێمەوە. خۆ تۆ هیچت پێنەداوم دڵێکت هەبوو ئەویشت بە خاتوونەکەت بەخشی. پیرۆزی بێت،خۆ من بەخیل نیم، مافی خۆیەتی، چونکە ئەویش دڵی خۆی پێ بەخشیوی، بەڵام وابزانم سۆزی دایکایەتیم بایی ئەوەندە هەبوو شوێنێکی هەر چەند بچووکیش بێت لە دڵی خۆت دا بۆم بە جێ بێڵی و بە ئاسانی پشتم تێنەکەیت. گەرچی ئەم قسانەی دەیکەم، هەر هەموویان زیادەن، من مافی گلەیی کردنم نییە، تەنیا ئارەزووی هەر دایکێک لە دونیادا بەختەوەری منداڵەکانیەتی، گرنگ ئەوەیە تۆ هەست بە بەختەوەری بکەیت، ئەگەر بە نەبوونی من ئێوە هەست بە بەختەوەری دەکەن، ئەوە بۆ من ئەوپەڕی ئاسوودەیی و خۆشحاڵییە، خۆ هیچ نەبێت ئەگەر من بۆ ئێوە هیچم پێنەکرێت دەتوانم بە دانبەخۆداگرتن بەو ژیانەی کە بۆتان هەڵبژاردووم بە دوورخستنەوەم لە خۆتان، بەشداربم لە دابین کردنی ژیانێکی خۆش و پڕ لە بەختەوەری بۆ ئێوە!

دایکی لە قسەکردن وەستا، دایە پرمەی گریان و دووبارە کوڕەکەی لە باوەش گرت، بە گریانەوەگوتی: یاخوا دەستم بشکێ کوڕم، جەرگەکەم، هەناسەکەم، ئەو کاتەی بینیم کاتژمێرەکە لە کارکەوتووە خەریک بوو شێت دەبووم، وام زانی .. وای خوایە نا، نا، زمانم لاڵ بێ... گریان ئەمانی پێنەدا... ئاخر وام زانی .. نا.. نا .. تۆبە خوایە ئەو ڕۆژە بە چاوی خۆم نەبینم... زیاتر کوڕەکەی لە باوەش گرت، گوتی: سوپاس بۆ خوا کە کوڕەکەم سەلامەتە.

ئەو کات کوڕەکە زانی کە بێئۆقرەیی دایکی لەبەر چییە. زۆر شپرزە بوو، دایکی درکی بەوە کرد، ویستی لە نیگەرانی کوڕەکەی کەم بکاتەوە و دڵخۆشی بکات. بە زەردەخەنەیەکی تاڵەوە گوتی: کوڕم خۆت سەغڵەت مەکە، هیوادارم لە گەڵ خێزانەکەت ژیانێکی خۆش و پڕ لە شادی بەسەر بەرن، مەگەر دایکێک لە خوا چی دەوێ.. دوای کەمێک بێدەنگی، وەک ئەوەی شتێکی گرنگی وەبیرهاتبێتەوە، خێرا جانتا بچووکەکەی بەرەو خۆی ڕاکێشا و دوای ئەملاو ئەولا کردنی شتومەکی ناو جانتاکە، ملوانکەیەکی دەرهێنا، گوتی: سبەینێ ساڵیادی زەماوەندەکەتانە من هیچم نییە بتان دەمێ، ئەمە تاکە یادگاری دایکمە بیدە خێزانەکەت، لە جیاتی من پیرۆزباییشی لێبکە، تەنیا ئاواتم ئەوەیە پێش ئەوەی بمرم گوێم لە دەنگی یەکەم زیقەی گریانی منداڵەکەتان بێت، گەرچی باش دەزانم لە باوەش گرتنی بۆ من زۆر ئەستەمە. چونکە ئەگەر ئێوە حەزتان لێبووایە من ئێستا لێرە نەدەبووم.

دایکی بەم قسانەی ئەژنۆی شکاند، نەیدەزانی چ بڵێ، لە ڕاستیدا لە بەرامبەر ئەم ڕاستییە تاڵانە هیچ وەڵامێکی پێ نەبوو، ئارەزووی دەکرد دایکی لە جیاتی ئەم قسانە و پێشکەشکردنی ملوانکەکە کۆمەڵێک قسەی ناشرینی پێگوتبووایە سەرکۆنەی کردووبایە، ئارەزووی دەکرد زەوی شەق بەرێ و لە شوێنی خۆی قووتی بدات. کوڕەکە هەر ئەوەندەی پێکرا لە بەرامبەر دایکی بکەوێتە سەر چۆکان. دەستی دایکی ماچ بکات. بە گریانەوە گوتی: دایەگیان ئێمە شایانی ئەو هەموو لێبووردەیی و خۆشەویستییەی تۆ نین، تۆ ڕۆژی زەماوەندەکەی ئێمەشت لە بیر نەکردووە.

دایکی بە میهرەبانییەوە گوتی: نارەحەت مەبە کوڕم، بڕۆ ئەو کاتژمێرەشم بۆ چاکبکەوە، من هیچی ترم ناوێ، ئەو کاتژمێرەت بە هەموو دونیا ناگۆڕمەوە. بڕۆ بەقوربانت بم، بڕۆ با نەبێتە درەنگ، مادەم سبەینێ ساڵوەگەڕی زەماوەندەکەتانە دڵنیام کارێکی زۆرتان لە پێشە، دەبێ یارمەتی خێزانەکەشت بدەیت.

کوڕەکە گوتی: باشە دایە گیان هەر ئێستا دەڕۆم، زوو دەگەڕێمەوە. خەریک بوو لە دەرگەی ژوورەکە ئاودیو دەبوو کە دایکی بە نیگەرانییەوە بانگی کرد: کوڕم لە بیرم نەکەی چاوەڕێی گەڕانەوەت دەکەم. لە دەرازینی دەرگەوە، لە چاوەکانی دایکی ڕوانی، پڕ بوون لە نیگەرانی و دڵەڕاوکێ، ئەویش بە نیگەرانییەوە گوتی: دڵنیابە دایەگیان بە زووترین کات دەگەڕێمەوە.

چی تر توانای نەبوو لەمە زیاتر لای دایکی بمێنێتەوە، چاوەکانی داکی پڕاوپڕ بوون لە خۆزیاو بریا، پڕ بوون لە خەم و خەفەت و ترس، ترس لە تەنیایی،کە بە وەستانی کاتژمێرەکە باڵی بەسەر ژیانیدا کێشابوو. کوڕەکە دەیویستی بە زووترین کات کۆتایی بە تەنیایی دایکی بێنێت. بە پەلە خۆی گەیاندە لای وەستای سەعاتچی. کاتژمێرەکەی هیچ بەلایەکی لێ نەبوو بێجگە لە تەواوبوونی پاترییەکەی، بە گۆڕینی پاترییەکەی کێشەکە چارەسەر بوو. زنجیری کاتژمێری خێزانەکەشی چاککردەوە. دوای تەواوبوونی کارەکەی لای وەستا، سەرەتا دوودڵ بوو لە بڕیاردان نەیدەزانی یەکەم جار بڕواتە لای دایکی، یان جارێ سەرێک لە ماڵەوە بدات، هەم کاتژمێری خێزانەکەی بداتەوە، هەم هەواڵی دۆزینەوەی کاتژمێرەکەی خۆشی بە خێزانەکەی بدات، سەرەنجام بڕیاری دا یەکەم جار

سەرێک لە ماڵەوە بدات، ئەوجا بگەڕێتەوە لای دایکی. خێزانەکەی بێ ئۆقرە چاوەڕێی گەرانەوەی دەکرد. هێشتا بە تەواوی پێی نەنابووە ژوورەوە کە لێی پرسی: خێربوو پارەیان دەویست؟

لە وەڵامی پرسیاری خێزانەکە کاتژمێرەکەی خۆی و خێزانەکەی بە بێدەنگی لەسەر مێزی ناندینەکە دانا. خێزانەکەی پڕیدایە کاتژمێرەکە، گوتی: لە کوێ بوو؟

کاتێک بۆی باس کرد کاتژمێرەکەی لەلای دایکی بوو و بە چ مەبەستێک لای خۆی هەڵیگرتووە، گەرچی لە کاتی قسەکردن فرمێسکەکانی دەهاتنە خوارەوە، وەلێ نە قسەکانی و نەفرمێسکەکانی کاریگەرییان لەسەر خێزانەکەی نەبوو، ئەو زۆر بە ئاسایی گوتی: ئەڵێن مەکری ژن تەواوبوونی نییە.

پیاوەکە بە تووڕەییەوە گوتی: ئافرەت کەمێک ویژدانت هەبێت، من دەبێ کاتژمێرەکەی بۆ بگەڕێنمەوە، بەڵێنم پێداوە.

خێزانەکەی بە تووڕەییەوە گوتی: شتی وا نییە، ئەم کاتژمێرە لای من دەبێ، بەیانی لە دەستت دەکەی. بێجگە لەوەش تۆ بۆت نییە دیارییەکەم پێشکەش بە دایکت بکەی، ئەوە ماوەیەکە بەبێ تۆ دەژی، قابیلە بە نەگەڕاندنەوەی کاتژمێرێک عەقڵی خۆی لە دەست بدات و خانەی بەساڵاچووان بشێوێنێت؟

وابزانم تۆ تێناگەی، دەڵێم ئەم کاتژمێرە لەکارکەوتبوو دایکم خەریک بوو دونیای خراپ دەکرد ئافرەت، دایکم سەبووریی بەم کاتژمێرە دێت.

تۆخوا واز بێنە ئەم قسە قۆڕانە چییە؟ من ئەو شتانە نازانم، نایدەمەوە تا سبەینێ لای من دەبێت ... پیاوەکە ویستی بە خورتی کاتژمێرەکە لە خێزانەکەی وەربگرێت، پڕی دایە دەستی، بەڵام لەو کاتەدا کەسێک لە دەرگەی دا . پیاوەکە دەرگەی کردەوە، خەسوو و خەزووری لە گەڵ دوو خوشک و برای خێزانەکەی خۆیان کرد بە ژوورەوە، ئیتر کردیان بە ڕۆژی خۆیان. ئەوانیش هەوڵیان دا زۆر ئاسایی هەڵسوکەوت بکەن، وەک ئەوەی هیچ شتێک ڕووی نەدابێت. سەرەڕای ئەمەش بیری لە دەرفەتێک دەکردەوە، بۆ ئەوەی بابەتی کاتژمێرەکە لەگەڵ خێزانەکەی یەکلا بکاتەوە، هەر چونێک بێت لەبەر دەستی دەربێنێت و بە زووترین کات بیباتەوە بۆ دایکی. ناچار بوو خێزانەکەی بانگی ژووری نووستنیان بکات. پیاوەکە لەگەڵ هاتنەژوورەوەی خێزانەکەی دەرگەکەی داخستوو پاڵی بە دەرگەکەوەنا. ئەمجارە بە شێوازی پاڕانەوە داوای لە خێزانەکەی کرد کاتژمێرەکەی بداتەوە، پێی گوت: ئافرەت، تکات لێدەکەم دەنگت بەرز مەکەوە، کاتژمێرەکەم بە خۆشی بدەرەوە با بیبەم، ئەو قوربەسەرە چاوەڕێم دەکات.

ئەگەر نەتدەمەوە چ دەکەی؟ پێم گوتی نابێ لەم ماڵە بڕواتە دەرەوە لەمە زیاتر گێچەڵم پێ مەکە، بڕۆ با دەنگم بەرز نەکەمەوە، دایک و باوکم لێرەن، با حەیامان نەچێت.

من دەزانم تۆ چ هەستێکت هەیە بەرامبەر بەم کاتژمێرە، من ئەو مافەت پێدەدەم، بەڵام خۆ دەبێ ڕەچاوی دایکیشم بکەی، وا دانێ لەو دونیایە لەو هەموو شتانەی کە هەتە داوای ئەو کاتژمێرەی لێکردووی، وابزانە نەخۆشێک داوای لێکردووی، ئایا ئامادەنیت یارمەتی نەخۆشێک بدەیت؟

نەخۆش نەخۆشە، لەمە زیاتر درێژەی پێمەدە. دووبارە بردنەوەی ئەم کاتژمێرە لە مێشکت دەربێنە، خۆت دەزانی ئەم کاتژمێرە لە چ کات و ساتێکدا کڕیومە، ئەم کاتژمێرە سیمبولی خۆشەویستیمانە، تۆ دەزانی خۆشەویستی مانای چییە؟

پیاوەکە کەمێک داماو، پاشان بە هێمنی سەری بەرز کردەوە، تەماشای ڕوخساری خێزانەکەی کرد و گوتی: ئەی تۆ لە خۆشەویستی دەزانی؟ بەتایبەتی خۆشەویستی دایک بۆ منداڵەکانی، خۆ تۆ لە دوای چوار ساڵ ژیانی هاوبەشمان هێشتا نەتتوانیوە ببیت بە دایک، بۆیە قەت هەست بە ئازاری دایکێک ناکەیت، ئەگەر منداڵمان هەبووایە دڵنیام لە هەستی دایکم تێدەگەیشتی، ڕەنگە بەم سانایییەش بۆ خانەی بەساڵاچووان بەڕێنەدەکرا، بەڵام بەداخەوە تۆ لە هەستی ناسکی دایکایەتی بێبەشی، بۆیە لە دایکم تێناگەی.

ئافرەتەکە بە بیستنی قسەی مێردەکەی وەک ئەوەی گۆزەیەک ئاوی سارد بە سەریدا کرابێت تەزوو بە لەشیدا هات، دەتگوت دونیا بە سەریدا ڕووخاوە، زۆر بە بێدەسەڵاتی لە شوێنی خۆی دانیشت، بە نائومێدی چاوەکانی پڕ لە فرمێسک بوون. پیاوەکە هەستی کرد دەست بۆ شوێنێکی زۆر هەستیار بردووە، بەم کارەی دڵی خێزانەکەی شکاند، تا ئەو ڕادەی کە چیتر توانای قسەکردنیشی نەمابوو، خەریک بوو خۆی دەخواردەوە، ڕەنگی سوور هەڵگەڕا و وردە وردە بێدەسەڵاتیەکەی شوێنی بە تووڕەیی و ڕق و قین دەدا، پیاوەکەش لە ترسی ئەوەی کە خێزانەکەی دەنگ بەرزبکاتەوە و دایک و باوکیشی لە کێشەکە ئاگادار بکاتەوە ئیتر ئەوانیش بە جۆرێک خۆیان لە ناو کێشەکەدا هەڵقورتێنن، ویستی هەر چونێک بێت دڵی خێزانەکەی بداتەوە تا مەراسمی سبەینێش تەواو دەکەن ئەوجا بیرێک بۆ چارەسەرکردنی کێشەی دایکیشی دەکاتەوە. بەڵام خێزانەکەی مۆڵەتی پێنەدا، وەک ورچێکی بریندار لە شوێنی خۆی هەستا و بە تووڕەییەوە گوتی:مادەم وای لێهات، زۆر باشە، من لە دایکت تێناگەم، خۆت گوتەنی ئەوە چوار ساڵە نەمتوانیوە ببم بە دایک، بۆیە لەمەو دواش نامەوێ لێی تێبگەم، ئەم کاتژمێرە لای من دەبێت، لە دەستی دەکەی ناکەی فلقیر

و جەهەنەم، بەڵام نایدەمەوە، چونکە نامەوێ ڕابردووم و سەرچاوەی بیرەوەرییە خۆشەکانم فڕێدەمە بەر دەست و پلی دایکت. پاشان خێرا لە ژوورەکە چووە دەرەوە.

بۆ ئەوەی کێشەکە لەوەی کە هەیە ئاڵۆزتر نەبێت، پیاوەکە بڕیاری دا دان بە خۆیدا بگرێت، وای بە باش زانی بۆ ئەوەی دایکی لەمە زیاتر چاوەڕێی نەکات تەلەفۆنێک بۆ بەڕێوەبەری خانەی بەساڵاچووان بکات، کە دایکی ئاگادار بکاتەوە، هێشتا کاتژمێرەکە چاکنەکراوەتەوە ڕەنگە چاککردنەوەی دووسێ ڕۆژی بوێت، هەر کە تەواو بوو بۆی دەباتەوە. تەلەفۆنەکەی کرد و چووە لای میوانەکانی، هەوڵی دا بەسەرخۆیدا نەهێنی کە شتێک لە نێوان ئەو و خێزانەکەی ڕوویداوە، وەکوو ڕۆژانی ئاسایی، بە قسە خۆشەکانی هەوڵی لەبیر بردنەوەی ڕووداوەکە لە لای خێزانەکەی دا، خێزانەکەشی بە بینینی ئەو هەڵوێستەی هاوسەرەکە زەردەخەنەیەکی سەرکەوتووانە هاتە سەر لێوی، قایمەیەک لە داواکاری پێداویستی بۆ ڕۆژی ساڵوەگەڕی زەماوەندەکەیان کە لە لایەن خۆیەوە ئامادە کرابوو دایە دەست مێردەکەی و گوتی: ئەمانەم پێویستن بۆ بەیانی، دەبێ ئێستا بڕۆی بۆم بێنی، بۆ ئەوەی دەست بەکار بین.

پیاوەکە بۆ ڕازی کردنی خێزانەکەی ئامادەبوو هەموو جۆرە هاوکارییەک بکات، بۆ ئەوەی مەراسمی بەیانی بە جوانی بەڕێوە بچێت، دەیزانی خێزانەکەی کۆمەڵێک میوانی دەبێت، کە خۆی بانگێشتیان دەکات. پیاوەکە هەموو هیوای ئەوە بوو لە دوای مەراسیمەکە بتوانێت کاتژمێرەکە بۆ دایکی بگەڕێنێتەوە. بۆ ئەوەی دڵی خێزانەکەی نەرم بکات. زۆر بە وردی گشت داواکارییەکانی ئەوی جێبەجێ دەکرد و بە دڵسۆزی ونەرم و نیانی هەڵسوکەوتی لەگەڵ هاوسەرەکەی دەکرد. پیاوەکە ئەوەندە سەرگەرمی ڕاپەڕاندنی کاروبارەکان بوو، کاتی سەر خوراندنیشی نەمابوو، لە کاتی یادەکە ئەو و خێزانی وەکوو نەریتی ساڵانی ڕابردوو بە جلی بووک و زاوا ئامادە بوون، ئەوجا دەستیان کرد بە بڕینی کێک و ئیتر بە چەپڵەڕێزان و فیکە فیکەوە لە لایەن میوانەکانەوە پیرۆزبایی و پێشوازییان لێ کرا. هەرکەس لە لای خۆیەوە دیاری پێشکەشی بووک و زاوای دەکرد، کە زاوا بە دیتنی دیاریەکان وەبیری هاتەوە کە دایکیشی ملوانکەیەکی پێداوە بۆ ئەوەی بیداتە خێزانەکەی. کاتێک ملوانکەکەی لە گیرفانی دەرهێنا و گوتی: ئەمەش دیاری دایکمە بۆ خۆشەویستەکەم. ئامادەبووان بە سەرسووڕمانەوە تەماشای ملوانکەکەیان دەکرد، ئاخر ملوانکەکە نەزێڕ بوو نە زیو، پارچە دارێکی خڕی داتاشراو بوو، لە جیاتی زنجیریش چەرمێکی ڕەش بەکار هاتبوو، هەموو ئامادەبووان دایانە قاقای پێکەنین،، خوشکی خێزانەکەی بە گاڵتە پێکردنەوە گوتی: وابزانم بەس زنجیرەکەی پەنجا مسقاڵ زێڕ دەبێت. ئیتر بەم قسەیە هەموویان دایانە قاقای پێکەنین. خێزانەکەی لە ڕقا ملوانکەکەی لە دەستی دەرهێنا و لەسەر مێزێکەی دانا و ئەوجا بە گاڵتە پێکردنەوە گوتی: هەرکاتێک سەفەری هێندوستانم کرد لە ملم دەکەم. گەرچی لە ڕوخساری خەسوو و خەزوری دیاربوو کە ئەم هەڵسوکەوتەی کچەکەیانی بە دڵ نییە. بەڵام بێدەنگیان نواند. ئەویش چارەی نەبوو دەبووایە دان بەخۆیدا بگرێت تا ڕۆیشتنی میوانەکان، بۆیە بە نابەدڵی خەندەیەکی کرد و ملوانکەکەی لە ناو گیرفانی دانایەوە، بەڵام لە هەڵسوکەوتی مێوانەکان و بە تایبەتی هەڵوێستی خێزانەکەی زۆر دڵی شکا، چونکە بە چاوێکی زۆر سووک تەماشای دیاریی دایکی کرد. دڵنیابوو ملوانکەکە پیرۆزترین یادگاری بوو لە لای دایکی کە لە ڕابردوو بۆی بەجێ مابوو. ڕەنگە تەنیا سەرەداوێکیش بێت بۆ بەستنەوەی دایکی بە ڕابردووی، کەچی لەم شتە پیرۆزەی خۆی چاو پۆشی دەکات و دەیکاتە دیاری بۆ بووکەکەی. پیاوەکە بۆ ئەوەی کەمێک پاڵەپەستوی مەراسیمەکە و دەنگی فشە و پێکەنینی ئامادەبووان لەسەر خۆی کەم بکاتەوە، لەگەڵ هەڵگرتنەوەی ملوانکەکە لە هۆڵەکە چووە دەرەوە.

نزیکەی شەو و ڕۆژێک بوو ئاگای لە دایکی نەمابوو، دەیزانی چاوەڕوانی بێتاقەتی کردووە، دیمەنی دوا نیگای دایکی لە دەرازینی دەرگەی ژوورەکەی هاتە بەر چاوی کە پڕبوو لە پاڕانەوە و نیگەرانی، وەک بڵێی هەستی بە شتێک کردبوو، فرمێسکەکانی هاتنە خوارەوە، هاوکات تەلەفۆنەکەی زەنگی لێدا، تەماشای کرد خانەی بەساڵاچووانە، بە بینینی ژمارەکە موچڕکە بە لەشیدا هات، لەو دیوی تەلەفۆنەکەوە ئافرەتێک داوای لێکرد سەردانی نەخۆشخانەی فریاکەوتن بکات، گوایە دایکی لەبەر نارەحەتی دڵ لەوێ خەوێندراوە.

لێی پرسی:لە کەیەوە لەوێیە؟

ئافرەتەکە گوتی: لە دوێنێ ئێوارەوە.

-ئەی بۆ ئێستا پێم دەڵێن؟

-ئێمە لەسەر داوای خۆی تەلەفۆنمان نەکردووە، گوتی یادی زەماوەندەکەتانە، نامەوێ ڕۆژە خۆشەکەیان لێ بشێوێنم. هیوادار بووین باری تەندروستی جێگیر ببێتەوە پێویست بەوە نەکات ئاگادارتان بکەینەوە، بەڵام بە داخەوە ئەوها دەرنەچوو، ئەوە یەک دووسەعاتە باری تەندروستی بەرەو خراپی دەڕوات، بۆیە لەسەر داوای بەڕێوەبەری نەخۆشخانە تەلەفۆنمان بۆ کردی. ئێستاش بردومانەتە ژووری چاودێری چڕ.

دوای تەواوبوونی تەلەفۆنەکە، خێرا خۆی گەیاندە هۆڵەکە و بە داوای لێ بوردن لە میوانەکان بە خێزانەکەی گوت: ئاگات لە میوانەکانت بێ من دەڕۆم بۆ نەخۆشخانە گوایە دایکم لەوێ داخل کراوە.

پیش ئەوەی خێزانەکەی قسەیەک بکات خێرا ڕۆیشتە

دەرەوە. میوانەکان بە بێدەنگی تەماشای یەکتریان دەکرد، خێزانەکەی گوتی: پێتان سەیرنەبێت لەو ماوەیەدا لەم بەزمانەمان زۆر بووە، دڵنیام سەلامەت دەبێت، با شەوەکەمان خراپ نەکەین. هەموومان دوعای بۆ دەکەین چاک دەبێتەوە ئینشائەڵا.

دایکی لە ژووری چاودێری ماسکی ئۆکسژێنی بە سەر دەمیەوە بوو، هێدی دەستی خستە ناو دەستی، دایکی بە هێمنی چاوەکانی کردەوە، فرمێسک لە چاوەکانیدا قەتیس مابوون بە زەردەخەنەیەکی تاڵەوە گوتی: پیرۆزە کورم ڕۆژە خۆشەکەشم لێ تێکدای.

کوڕەکەی خۆی پێڕانەگیرا، لە قەراغ تەختەکەی کەوتە سەر چۆکان بە گریانەوە دەستی کرد بە ماچکردنی دەست و پەنجەکانی دایکی. پەرەستارێک لەوێ خەریکی چاودێری کردنی ئامێری کۆنترۆڵی دڵ بوو، داوای لێکرد بڕواتە دەرەوە، مانەوەی دەبێتە هۆی ماندووبوونی نەخۆشەکە، ئەو پێویستی بە حەسانەوە هەیە.

تا دەهات باری تەندوستی دایکی بەرەو خراپی دەڕۆیشت، پزیشکێک هات و دوای پشکنینی نەخۆشەکە بە پەرەستارەکە دەڵێ خزم و کەس و کاری لێرەن؟

پیاوەکە خێرا خۆی لە دکتۆرەکە نزیک کردەوەو گوتی: من کوڕی ئەوم.

دکتۆر گوتی: کاکە گیان، هەڵبەت کێشەی لاوازیی دڵی دایکت زیاتر هی تەمەنیەتی، بەڵام هەست دەکەم ئەم ئافرەتە خەمێکی گرانی پێگەیشتووە کە بەم شێوەیە تووش بووە. ئەوانەی وەکوو دایکت زیاتر پێویستیان بە دڵسۆزی و بەزەییان هەیە تا دکتۆر، مرۆڤ کە دەگاتە ئەو تەمەنە هەست ناسک و دڵ ناسک دەبێت، دەبێ دەووربەریان زیاتر ئاگایان لە هەڵسوکەوتیان بێت و نازیان هەڵگرن. خوا ڕەحمی پێبکات.

ئەو شەو تابەیانی لە نەخۆشخانە مایەوە، خێزانەکەی درەنگی شەو تەلەفۆنێکی بۆ کرد. ئەویش پێی گوت کە تەندروستی دایکی تەواو نییە ناتوانێ بگەڕێتەوە ماڵەوە. شەو تا بەیانی لە پەنجەرەوە تەماشای دایکی دەکرد، لەگەڵ هەر جووڵەی دەموچاوی دایکی دەمرد و زیندوو دەبووەوە، بەلای خۆیەوە گوتی: ئەمجارە دایکم چاک بێتەوە، ئەگەر دونیاش خراپ بێت دەیبەمە ماڵەوە، جا خێزانەکەم چی دەکات با بیکات، لەوپەڕی بێدەنگی بڕیاری گەڕاندنەوەی دایکی بۆ ماڵەوە دا، بەبێ ئەوەی کەس گوێی لێ بێت تەنانەت دایکیشی! بەڵام لە بەرەبەیاندا باری تەندروستی دایکی بەرەو خراپی ڕۆیشت، کۆمەڵێک دکتۆر و پەرەستار لەسەر سەری کۆبوونەوە، لێدانی دڵی لە حاڵەتی ئاسایی دەرچووبوو، دکتۆرەکان هەموو هەوڵی خۆیان دا بۆ جێگیر کردنی لێدانی دڵی، لە شپرزەیی دەموچاوی دکتۆر و پەرەستارەکان زانی ئومێدێک بە چاکبوونەوەی دایکی نییە. نزیکەی سەعات هەشتی بەیانی تەلەفۆنێکی بۆ خێزانەکەی کرد، پێی گوت هیچ ئومێدێک بۆ چاکبوونەوەی دایکی نەماوە. دوای تەلەفۆنەکە زۆری پێنەچوو، خێزانی خۆی گەیاندە نەخۆشخانە. پیاوەکە لە پەنجەرەوە بە نائومێدی تەماشای دایکی دەکرد، خێزانەکەی لێی نزیک کەوتەوە بە شەرمەزارییەوە کاتژمێرەکەی لە جانتاکەی دەرهێنا، پیاوەکە بە بینینی سەعاتەکە بە گریانەوە گوتی: ئێستا؟ پاش چی؟ درەنگ هاتووی خاتوون. بە تووڕەیی کاتژمێرەکەی لە دەستی خێزانەکەی دەرهێنا و لە ناو گیرفانی دانا. ئەو ڕۆژە دەمدەمای نیوەڕۆ دایکی کۆچی دوایی کرد. دکتۆر پێیگوت: مەرگ و ژیان لە دەستی خوایە بەڵام دایکت تەنیایی کوشتی. کاتێک خێزانەکەی گوێی لەم قسەیە بوو، قەدەمی شکا، هەستی کرد تاوانێکی گەورەی ئەنجام داوە، ئیتر کار لە کار ترازا بوو، تەنانەت نەیدەتوانی داوای لێبووردنیش لە مێردەکەی بکات، چونکە وایدەزانی ئەمە خۆی لە خۆیدا دان پێدانە بە تاوانەکە. بۆ ئێوارەی هەمان ڕۆژ تەرمەکەیان ناشت. ئافرەتەکە زۆری هەوڵ دا دڵنەوایی مێردەکەی بداتەوە، بەشێوازێک تێبیگەیێنێت کە لە کردەوەی خۆی پەشیمانە، چەند جار داوای لێبووردنی لێ کرد. پیاوەکە بە بێ ئەوەی سەرنج بداتە قسەکانی خێزانەکەی خەریکی لێدانی قۆرتێک بوو لە تەک گۆڕی دایکی! ئەو کارەی خێزانەکەی نیگەران کرد بوو، وایزانی پیاوەکەی تێکچووە، دەنا ئەم قۆرتەی بۆچییە لە تەک گۆڕی دایکی لێی دەدات. دوای ئەوەی کە پیاوەکەی ئەو قۆرتەی کە مەبەستی بوو ئامادە کرد، دەستی بردە گیرفانی، کاتژمێرەکەی دەرهێنا، تەماشایەکی ماناداری کردە خێزانەکەی، چاوەڕێی کاردانەوەی کارەکەی بوو لەسەر خێزانەکەی، دەیویست بزانێت چ هەڵوێستێکی دەبێت. کاتژمێرەکەی خستە ناو چاڵەکەوە، پاشان ملوانکەکەی دایکی دەرهێنا و تەماشایەکی خێزانی کرد و گوتی: کە چوویتە هیندوستان دانەیەکی تر بۆ خۆت بکڕە. ئەوجا ئەویشی لەسەر کاتژمێرەکەی دانا و بە گریانەوە چاڵەکەی لە خۆڵ پڕکردەوە. هەرچی خێزانەکەی لە بەری پاڕایەوە کاتژمێرەکە و ملوانکەکەی لە قۆرتەکە دەربێنێت، بەڵام دەتگوت پیاوەکە کەڕە و ئاگای لە هیچ شتێک نییە، بۆ ماوەیەک پڕ بە دڵ بۆ دایکی گریا، خێزانەکەشی دەگریا بەڵام گریانی ئەو گریانی پەشیمانی بوو، گریانی دابڕان بوو لە ڕابردوو، گریان بۆ سڕینەوەی خۆشەویستییان. زۆر هەوڵیدا پیاوەکەی تێبیەگەیێنێت کە چەند پەشیمانە لە کردەوەکانی، مێردەکەی گوتی: ئافرەت، کاتێک مرۆڤ دڵی مرد، گوێی بیستن بۆ خۆشەویستی نامێنێ. بۆ دواجار کێلی گۆڕی دایکی ماچ کرد و بە خێزانەکەی گوت: هیوادارم مردنی دایکت شکۆمەندتر بێت لە هی دایکم. ئەوجا هێدی لە گۆڕستانەکە ڕۆیشتە دەروە.

٢٠٢١/١٢/٦

# خەون پیشەمە



چیرۆکی: گابریێل گارسیا مارکیز
وەرگێڕانی: عەبدولڕەحمان فەرهادی

سەعات نۆی بەیانی، لە هاڤانا نانمان لەسەر تارمەی ڕیڤیرا دەخوارد، شەپۆلێکی زۆری دەریا لەژێر تیشکی بریقەداری خۆردا، ژمارەیەک لەو ئۆتۆمبیلانەی بەهەوادا بەرزکردەوە کە بەشەقامی کۆرنیشەکەدا تێدەپەڕین، یان ئەوانەی لە تەنیشت شەقامەکە ڕاگیرابوون. یەکێ لەو ئۆتۆمبیلانە بەر لایەکی ئوتێلەکە کەوت و کەوتە ناویەوە، کە وەک تەقینەوەیەکی یەکجار گەورەی دینامێت وابوو و ترسی خستە نێو هەر بیست قاتی ئوتێلەکە و میناى ڕووی دەرەوەی هۆڵی ئوتێلەکەی هوردوخاش کرد، گەشتیاران لە موسافیرخانەکە بەخۆو بە تەدارەکی کورسی و مێزەوە بەرزبوونەوە و هەندێکیشیان بە پرۆشکی پارچە شووشەکان زامداربوون، بەڕاستی ئەمە ترسێکی زێدەی خستە نێو ئەو فرە ئازادییە. شەپۆلەکە بەنداو و ئەو جادە دوو سایدەیشی گرتەوە کە ئوتێلەکەی لە بەنداوەکە جیادەکردەوە و بەم جۆرە بە گەورەیی ڕووکارە شووشەییەکەی دەبڕی.

بۆ ماوەی نزیکەی شەش سەعاتان کوبییە خۆ بەختکەرە خورتەکان، هاریکاریی پیاوانی ئاگر کوژێنەوەیان کرد و وایان کرد لەو زیانە کەم بکەنەوە کە دەروازەی بەردەم دەریاکەی گرتبوو، شتەکانیان چاک دەکردەوە و هەوڵیان دەدا بارودۆخەکە وەک جاران لێ بکەنەوە، تا پێش نیوەڕۆ، کەسێ نەیتوانی توخنی ئەو ئۆتۆمبیلە بکەوێت کە کەوتبووە نێو دیواری لایەکی ئوتێلەکە و خەڵکەکە بەیەک لە ئۆتۆمبیلەکانی دیکەی تەنیشت شەقامەکەیان دەزانی. کاتێ ئۆتۆمبیلەکەیان لەژێر پاشماوەی ڕمانی دیوارەکە دەرهێنا، تەرمی ژنێکی شەتەک دراو بەقایشی پاراستنی شوفێر کەوتە بەرچاو، وادیار بوو پێکدادانەکە ئەوەندە قایم بوو، ژنە هێسکوپرووسکی ساغی نەمابوو، سەروچاوی هوردوخاش ببوو، پێڵاوێکی لە پێ بوو و جلوبەرگی لێک هەڵزڕابوو، ئەنگوستیلەیەکی زێڕی لە شێوەی مارێکی چاو زمرودی لەیەکێ لە پەنجەکانی دابوو. پۆلیس بۆیان دەرکەوت کە ئەمە بەڕێوەبەری باڵیۆزخانەی تازەی پورتوگالە، ژنەکە پازدە ڕۆژ پێشترێ لەگەڵ خاووخێزانی باڵیۆزەکە گەیشتبوونە هاڤانا و ئەم بەیانییە بە ئۆتۆمبیلە تازەکەی نیازی چوونە نێو بازاڕی هەبوو.

کاتێ کە ناویم لە ڕۆژنامەکاندا خوێندەوە، شتێکی وام بۆ دەرنەکەوت کە سەرنجم ڕاکێشێت، تەنیا ئەنگوستیلە زێڕە شێواز مارە چاو زمرودییەکەی نەبێ. بەڕاستی سەرنجی ڕاکێشام، بەڵام نەمتوانی بزانم داخۆ لە کامە پەنجەی بوو. ئەمە دەکرا تا ببێتە بەڵگەیەک بۆ ئەوەی ئەم ئەنگوستیلەیە هی ژنێک بووە کە بیرم ناچێتەوە و هەرگیز ناوی ڕاستەقینەشیم نەزانیوە، ئەویش ژنێک بوو کە ئەنگوستیلەیەکی لەو چەشنەی لە پەنجەتووتەی ڕاستەی دەکرد، ئەوکاتە ئەمە بۆ من شتێک نەبوو. ئەو ژنەی باسی دەکەم سی و چوار ساڵ لەوەبەر لە ڤیەننا ناسیاویم لەگەڵیدا پەیدا کرد، کاتێک کە لە یانەیەکی تایبەت بە قوتابیانی ئەمەریکای لاتین، پەتاتەی سوور و باسترمەم بە بیرەی نێو پیپ دەخوارد، ئەو بەیانییەی ڕۆژی پێشتر لە ڕۆماوە گەیشتبوومە ئەوێ، ئێستاش بیرمە ئەو ژنە چەندە سەرنجی ڕاکێشام، بەتایبەت سینگ و بەرۆکە نازدارەکەی و کلکە ڕێوییەکەی سەر یاخەی ساقۆی و ئەنگوستیلە شێوە مارییە میسرییە زمرودییەکەی زۆریان کارتێکردم، لەسەر مێزە دارینە درێژەکە بۆم دەرکەوت کە ئەمە تاکە نەمسابییە لەم یانەیەدا بەهۆی ئەو زمانە ئیسپانییە ساکارەی کە بێ ڕاوەستان پێی دەدوێت. بەڵام نا. ئەمە لە کۆلۆمبیا لەدایک بووە و لە سەردەمی جەنگەکاندا کە لە تەمەنێکی بچووکدا بووە چووەتە ڤیەننا و میوزیک و گۆرانیی خوێندووە. ئەوکاتە دوای ماندوویێتیی، خۆی لە سی ساڵیی دەدا. لە ڕووخساری وا جوان دەرنەدەکەوت و پێش تەمەنی خۆی کەوتبووەوە، بەڵام ئەوە هەبوو کە ژنێکی خۆشڕوو بوو و پیاو سڵی لێ نەدەکردەوە.

ڤیەننا، ئێستایشی لەگەڵدا بێ، شاری قەیسەرە و شوێنی جیۆگرافیی دەکەوێتە نێو دوو دونیای ناکۆک، پاشماوەی جەنگی دووەمی جیهان کردبوویە بەهەشتی بازاڕی ڕەش و سیخوڕێتیی جیهانی و هەرگیز نەمدەتوانی وەک وەفایەک بۆ ڕەچەڵەکی خۆم، خەیاڵی ئەوەم لا دروست بێ کە ئێرە کیشوەرێکی گونجاوی کچێکی هەڵاتووی وڵاتەکەم بێ کە لە گۆشەیەکی یانەکە دانیشتووە، ئەگەرچی خاوەن پارەوپوولێکی زۆریشە و دەتوانێ یانەکە بە هەموو ئەوانەشەوە بکڕێ کە تیایدان. هەرگیز ناوە ڕاستەقینەکەی خۆی ئاشکرا نەدەکرد و ناوەکەیمان نەدەزانی، تەنیا بەو سەرە زمانە ئەڵمانییە نەبێت کە قوتابییانی ئەمەریکای لاتین لە ڤیەننا پێیان دەگوت (فەروفریدا) هەر کە ناسیاویم لەگەڵ پەیدا کرد، دەمودەست جورئەتم دایە بەرخۆم و لێیم پرسی: «چۆن توانیوتە لەگەڵ ئەم دونیا دوور و نامۆیەی ئێرە، لەگەڵ کەڤری (کیفینیدۆ) خۆت بگونجێنیت؟» یەکەوڕاست وەرامی دامەوە: «ئەز خۆم بۆ خەونان بەکرێ دەدەم».

لە ڕاستیدا ئەمە تاکە پیشەی بوو، ئەو کچە سێیەم یازدە منداڵی پیاوێکی خاوەن دوکانۆچکەیەکی نالەبار بوو لە (کلداس)ی کۆن، بەزەحمەت فێرە قسەکردن دەبوو و توانایەکی باشیشی لە گێڕانەوەی خەونەکانی هەبوو، بەتایبەت ئەو کاتانەی کە هێزی پێشبینیکردنی لە پاکترین باریدا دەبوو. ئەو لە تەمەنی حەوت ساڵیدا بوو، کاتێ خەونی بەوەوە بینی کە تەوژمێکی ئاو یەکێ لە برا گچکەکانی دەبا، کاتێ کە دایکیشی باوەڕی بە خورافات هێنا، نەیهێشت کوڕەکەی چ کارێ بکات، گەر خۆی بۆی دیاری نەکات، بەتایبەت مەلەکردن لە کەنداوان، بەڵام (فەروفریدا) ڕێگای تایبەتیی خۆی هەبوو بۆ پێشتر ڕوونکردنەوە پێی گوت:

(خەون ئەوە ناگەیەنێ کە هەر دەبێت ئەو کوڕە بخنکێ، بەڵام بۆی نەبێ شیرنەمەنی بخوات). ئەمە تەنیا ئاماژەیەک بوو بۆ ئەو کوڕە کە ناتوانێت لەو تەمەنە پێنج ساڵییەیدا بێ شیرنەمەنی بژیێت. دایکی کە باوەڕی بەم هێنا، بەڵام تاکە جارێکیان دایکە ئاگابڕاو بوو لەوەی کوڕەکەی بە مژمژەیەک خنکا، هەرچی کار و هەوڵی ڕزگارکردنیشی بۆ درا، کەچی سوودی نەبوو.

(فەروفریدا) بیری لەوە نەدەکردەوە, ئەم توانایەی ڕۆژێ دەبێتە پیشە، تا ئەو کاتەی کە ژیان لە زستانێکی توندوتووشی ڤیەننا ڕایپچڵەکاند! یەکەمین دەرگای ماڵێکم کوتا، بە هیوابووم لەوێ بم و داوای کارێکم کرد. کاتێ کە



پرسیاریان لێ کردم دەتوانی چ کارێ بکەی. بە ڕاستی وەرامم دایەوە و گوتم: (خەون دەبینم). دوای باسێکی کەم، خانمی خاوەن ماڵ ڕازی بوو، پارەی کارەکەیشم بەشی سادەترین گەشتوگوزاری نەدەکرد، بەڵام ژوورێکی چاک و پوختەم بە سێ ژەم خواردنی ڕۆژانەشەوە دەست کەوت.

ژەمی ئێوارە گرنگترین شت بوو لای ئەو، چونکە ئەو کاتە هەموو ئەندامانی خێزانەکە لە دەوری خوانەکە کۆدەبوونەوە و لەبارەی ئەو شتە دەدوان کە نزیکە ڕوودانە.

باوکەکەیان ڕابەرێکی خانەنشینە و دایکەکەیشیان ژنێکی خۆش مەشرەب بوو کە ئارەزوومەندی میوزیکی ڕۆمانسیی نێو هۆڵەکان بوو، دوو کوڕیشیان هەبوو، یەکێکیان لە تەمەنی یازدە ساڵی و ئەوی دیکەیشیان نۆ ساڵان بوو، هەمووشیان دیندار بوون، هەر لەبەر هەندێش بوو باوەڕیان بە خوڕافات و باوەڕی کۆنینە هەبوو. (فەروفریدا)یان بە خۆشی و حەزێکی فرەوە لەباوەش گرت، ئەرکی ئەمیش تەنیا ئەوە بوو، چارەنووسی ڕۆژانەی بنەماڵەکە لە خەونەکانیاندا بخاتەڕوو.

(فەروفریدا) ئەرکەکەی خۆی بە پوختی و چاکترین شێوە و بۆ ماوەیەکی زۆریش بردە سەر، بەتایبەت لە ساڵانی جەنگدا کە حەقیقەت زێتر لە خەونی کابووس دایە و وابوو ئەو تاکە کەس بوو لە ماڵەکە لەکاتی چێشتی ئێوارەدا بڕیاری دەدا کە هەر تاکە کەسێکی ئەو ماڵە لەو ڕۆژەدا دەبێ چی بکا و چۆن بکا، بە ڕادەیەک پێشبینییەکانی بوون بە تاکە وشەیەک لە ماڵەکەدا کە هیچ شتێک بێ ئەو نەدەکرا، تەنانەت بچووکترین شت چییە! بێ پرسی ئەو جێبەجێ نەدەبوو.

لەو ماوەیەی کە لە ڤیەننا بووم خاوەن ماڵ کۆچی دواییی کرد، ئەو پیاوە خاوەن هەستێکی ناسک بوو، بەشێک لە مووچەی خانەنشینییەکەی تەرخان کردبوو تاکو ئەز ببمە خەونبینی بنەماڵەکە تا دواخەونی ژیانیان.. زیاتر لە مانگێک لە ڤیەننا مامەوە و چاوەنۆڕی ئەوە بووم هەندێ پارەوپوولم پێ بگات کە ئێستایشی لەگەڵدا بێت نەگەیشت.

(فەروفریدا) لەناکاو چاوتێرانە خۆی بە چێشتخانە هەرزانەکاندا دەکرد، ئەو کاتە بۆ وڵاتە هەژارەکەی ئێمە جەژن بوو. لەیەکێ لەو ئێوارە مەستییانەی کە پڕ لە بیرە بوو، لێم نزیک کەوتەوە و بێ ئەوەی خۆی دوابخات، چرپاندییە گوێم: «تەنیا بۆ ئەوە هاتووم پێت بڵێم دوێنێ شەو خەونم پێوە بینیوی، بۆیە پێویستە دەمودەست سەفەر بکەیت و تا پێنج ساڵی دی نەگەڕێیتەوە ڤیەننا».

ئەم باوەڕەی ئەو بە پلەیەک بوو کە هەمان شەو سواری شەمەندەفەر بم بەرەو ڕۆما، بەڕادەیەک کاری تێکردم کە وەهام دەزانی لە کارەساتێکی چاوەنۆڕ نەکراو ڕزگاریم بووە و تا ئێستایشی لەگەڵدابێت سەرم بە ڤیەننادا نەکردووەتەوە.

بەر لە کارەساتەکەی هاڤانا بەڕێکەوت و لەپڕ و چاوەنۆڕنەکراو (فەروفریدا)م دووبارە لە بەرشلۆنە دیتەوە. ئەمە ئەو ڕۆژە بوو کە (پاپلۆ نیرۆدا) بۆ یەکەمین جار دوای جەنگی نێوخۆ پێی نایە ئیسپانیا، کە وێستگەی وچان و پشوودانی بوو لەو گەشتە دەریاییە هێمنەی بۆ (ڤالبریاسۆ)و لەگەڵ ئێمەدا بوو و ڕۆژێکیشیان بەدوای کتێبخانەی کتێبە کۆنەکاندا گەڕا و کتێبێکی زۆر کۆن و پەڕزەرد و نیمچە دڕاویشی کڕی و نرخەکەیشی نەیدەکردە ئەو قازانجەی کە بە دوو مانگ ئەو کاتە لە کونسوڵخانەی (ڕانگۆن) بەدەستی هێنابوو. لە نیوەڕۆ هەموو شتێکی دەپێچایەوە، دونیای وەک یاری (کاتگری) دەهاتە بەرچاو کە بەهۆیەوە مرۆڤ ژیانی دەدۆزیەوە. هەرگیز یەکێکم نەناسیوە کە لە پاپای چاخی ڕێنیسانس بچێت، ئەو نەبێت. تینووی چێژ و خاوەن ڕۆشنبیرییەکی بەرز، سەرکردەیی ئەو مێزگردەی تا ڕادەیەک دژی ویستەکانی خۆیشی گرتەدەست. ژنەکەشی بەروانکەیەکی لەسینگ و بەرۆکی خۆی پێچابوو کە زیاتر بە بەروانکەی سەرتاشان دەچوو وەک لەوەی بە بەروانکەی چێشتخانان بچێت. ئەمەش تاکە هۆیەک بوو بۆ ئەوەی هەموو جەستەی لە بە شلە پیسبوون بپارێزێت، ئەوان ڕۆژان گەلە خۆش بوون و بیرمە سێ قرژانگی جۆری (لانگۆستن)ی خوارد، وەک نەشتەرگەران لە بارییەکی دەهێنانە دەر و بەجۆرێک دەیخواردن کە ئێشتیهای ئێمەیشی بە جۆرەها گیانەوەری سەدەفدار و زیندەی دەریایی دەورووژاند، وەک فەرەنسایییەکانیش لەکاتی خواردندنا لەبارەی جۆرەکانی خواردن، بەتایبەت سەدەفدارە دەریاییە ناودارەکانی شیلی نەدەدوا. لەهیکرا لە خواردن وەستا و پارچەیەک لە قرژانگەکەی دەستی بەرزکردەوە و چرپاندییە گوێم: «کێ لەپشتەوەم بێ پسانەوە تەماشام دەکات؟»

تەماشایەکی لای سەرووی شانیم کرد و سێ مێز دوورتر لەپشت ئەو، ژنێکی خورتی شەپقەلباد لەسەر، بە ڕامانێکەوە خەریکی جووینی خواردنەکەی ناودەمی بوو و بێ جوولە بەنیگایەکی خەستەوە تەماشای ئەوی دەکرد. یەکسەر ناسیمەوە، وادیار بوو هەندێک کەوتبووە تەمەنەوە، بەڵام ئەو بوو و ئەنگوستیلە مارییەکەشی لەپەنجەدا بوو.

بەهەمان کەشتی لە (ناپۆلی)یەوە وەک نیرۆدا سەفەری

دەکرد، بەڵام لە کەشتییەکە نەگەیشتبوونە یەک، ناردمانە دوای بۆ ئەوەی بفەرمووێ قاوەمان لەگەڵدا بخواتەوە و داوای لێ بکەین لەبارەی خەونەکانیەوە بدوێ تا شاعیرەکە بخەینە سەرسوڕمانەوە، چونکە ئەو هەر لە سەرەتاوە وای ڕوونکردەوە کە لەو باوەڕەدا نەبێت خەون شتێک بگەیەنێت، بۆیە گوتی:

«شیعر تەنیا ئەوەیە کە پێشبینی دواڕۆژ ناکات».

دوای نانخواردن، هەندێک خۆم لاتەریک گرت و مەبەستم ئەوەبوو نەختێک لە خەڵکە نامۆکە دوور بکەومەوە تا بیرەوەرییەکانم لەگەڵ (فەروفریدا) بگێڕمەوە، ئەویش بۆم دوا و پێی گوتم کەوا ماڵومڵکی خۆی لە نەمسا فرۆشتووە و بەگۆشەگیری لە پورتوگال لە خانوویکی نیمچە قەسری سەرگردۆلکەیەک دەژی کە لە دوورەوە، تەنانەت لەسەر ئۆقیانووسی ئارام و ئەمەریکاشەوە لە خەڵکەوە دیارە. گەر ڕاستیش نەدوێت لە قسەکانییەوە دیار بوو کە پلە بەپلە بەهۆی خەونەکانییەوە ئەم هەموو سەروەت و سامانەی بەدەست هێناوە، ئەمە تووشی سەرسوڕمانی نەکردم، چونکە ئەز بەردەوام وای بۆ دەچووم کە خەونەکانی هەر بۆ ئەوە نییە پێی بژیێت، ئەمەم کاتیخۆشی پێی گوتبوو.

دایە تریقەی پێکەنین و گوتی:

«دیارە ئێستایش لەسەر گێلاتییەکەی خۆت ماوی!» هیچی دیکەی نەگوت، چونکە خەڵکەکە وەستابوون و تەماشای نیرۆدایان دەکرد. داخوا کەی لە خەریک بوون بە تووتییەکان دەبێتەوە، کە پیشەی هەمیشەیی شیلییەکانە. کاتێک تێی هەڵچووینەوە، بابەتەکەی گۆڕی و گوتی: «هەر بەم بۆنەیەوە، ئێستا دەتوانیت بگەڕێیتەوە ڤیەننا».

هەر کە هەستم کرد سێزدە ساڵ بەسەر یەکدی ناسینمان تێپەڕیوە، پێیم گوت: «هەتا ئەگەر خەونەکانیش لە ڕاستییەوە دوور بن، ئەز جارێکی دیکە ناگەڕێمەوە ئەوێ».

بچینەوە ماڵەکەی ئێمە.. هەر دەبێت پەنجەرەیەک بکەمەوە و یەکێکی دی دابخەم تا هەوای ژوورەکە خۆش بێت و هەندێک ڕۆشنایی لە ژوورەکە بمێنێتەوە و تارادەیەک هێمنی بپارێزرێت. نیرۆدا دەمودەست کەوتە خەو و دوای دە خولەک وەک منداڵان قیت بۆوە، کە ئەمەی لێ چاوەنۆڕ نەدەکرا و هاتە ژووری دانیشتن و شوێنەواری نووسینی پیتەکانی سەر بالیفەکەی لە دەموچاوی نەخشابوو و گوتی:

«خەونم بەو ژنەوە بینی کە خەونان دەبینێ»

ماتیلدای هاوسەری داوای لێ کرد خەونەکەی بگێڕێتەوە:

«لە خەونێمدا ژنەکە خەونی بەمنەوە دەدیت»

گوتم: ئەمە لە بۆرگزە

بێ هەستوخوست دەیڕوانییە من:

- «ئایا ئەمە نووسراوە؟»

- ئەگەر نەشینووسیبێ، ئەوا وەختێک هەر دەینووسێت و دەبێتە یەکێک لە تیاوێڵبوونەکانی.

نێرۆدا وادەی وابوو سەعات شەشی ئێوارە سواری کەشتی بێت و خواحافیزیمان لێ بکات، ئەوەبوو چووە سەر یەکێ لە مێزەکان و پەڕەمووچە و مەرەکەبە سەوزەکەی دێڕە شیعریان لێ دەڕژا، بەوێنەی گوڵ و ماسی و باڵندان کتێبەکانی خۆی بەدیاری دەدات. کاتێک کەشتییەکە یەکەم فیکەی ئاگاداریی کەوتنە ڕێی لێدا، لەبارەی (فەروفریدا)وە دواین و دواجار لە بەشە گەشتیارییەکەی کەشتییەکەدا دۆزیمانەوە. ئەویش یەکەوڕاست لە ماوەی پشوودانەکەی خۆی قیت بووەوە و پێی گوتین:

(خەونم بە شاعیرەوە دیت، سەروڕووخساری واق وڕماوم ئەوی خستە سەرسوڕمان ،گوتم: «مەبەستت چییە؟» هەندێ جار دەکەویتە نێو ئەو خەونانەی کە پێوەندییان بە ژیانی ڕاستەقینەوە نییە)

دوای ئەوە نە بینیمەوە و نەبیریشم لێی کردەوە، تا ئەوکاتەی بەهۆی ئەنگوستیلەیەوە زانیم ئەو ژنەی بە کارەساتەکەی ئوتێلی ڕیڤیراوە سەری نایەوە، ئەو بوو. هەوڵم دا ئەمە لە باڵیۆزی پورتوگال نەپرسم، بەڵام خۆم بۆ نەگیرا و لە چاوپێکەوتنێکی دیبلۆماسیدا چاوم پێی کەوت, ئەویش بە ڕشت و خەفەتێکی زۆرەوە لەبارەی ئەو ژنەوە دەدوا: «نەتدەتوانی بێنیە بەرچاوت کە ئەو ژنە چ ئادەمیزادێکی ئاسایی بوو»

دواتر تێی هەڵکردەوە: «ناتوانی ئەو شتانەی ئەو دەیکردن بیانکەیتە چیرۆکێک؟»

بەهەمان شێوەزار، بە دووروودرێژی لەبارەیەوە دوا، بەڵام بەڵگەیەکی نەدامێ کە بزانم خۆیەتی، یان نا.

دواجار خاڵم لەسەر پیتەکان دانا و پێیم گوت:

- ئەو چ کارە بوو خۆی؟

- هیچ.

بەنەرمییەکەوە گوتی: (خەونی دەبینی)..

**سەرچاوە:**

* الثقافه الاجنبیه- العدد ٥٤



# باڵندەیەک لە نووتەکدا بەردەبێتەوە

سروشت نەوزاد

یەکەمین دێڕ دەستپێدەکات.
بەرەبەیانی ڕۆژێکی بەدبین، ئەگەر چی ڕۆژێکی تەواویش نا، تەنیا چەند کاتژمێرێک پاش کاتژمێر سێ و سی و دوو خولەکی پاش نیوەڕۆ، پازدەی ژوئیەی ساڵی هەزار و نۆسەد و حەفتا و دوو، کاتێک ئەپارتمانەکانی پرۆئیت ئیگۆی سانت لویس بەهۆی دینامێتەوە تەقێنرانەوە.

پاشان لە ناکاو باڵندەیەک لە نووتەکدا بەردەبێتەوە.
پاشان خۆرەکە چەشنی دەفرێکی سووری مس
پاش ئەوەی کە سپێدە دەخواتەوە،
بەرز بەرز هەڵدەکشێ و
کێوە زەبەلاحەکان بەجێ دەهێڵێت..

سەرەتای ڕۆژە،
ئەمە کاتێکە سەرتاپا جلەکانی خۆی گۆڕیوە و میلەکانی دادەکەنێت.
سەرەتای سەرەتا
ساڵانێک پاش گاگۆڵکێی نێو ئەشکەوتان*
سێبەری تیژڕەو
یاخود
شەقامێکی درێژ کە شەوانە ڕووناکییەکەی پێ دەکات و
هەردەم کەسێک بە خەیاڵی پەتییەوە
دەستی لە دەستی منداڵێکدا، پیاسە دەکات.

سەر لە دووی من ئەمێستا
تەنانەت کە دەشزانم شارەکانت دەئافرێنیت
بەجووتێک دەستی کارەبایی،
لە ڕازاوەترین ڕۆژەکانم ڕادەوەستیت.
سەر لە دووی تۆ، لەگەڵ بادا پۆرترێتەکانم دەکێشم
دەگمەن نەبێت پەنابەر و
شلە بەردی ئاگراوی نێو بورکانم.
سەر لە دووی تۆ وەختێ گەڕام
بنەچەی سەربڕاوی خۆم دۆزییەوە،
هاوارم کرد:
سەر لە دووی تۆ کاتێک

باڵندەیەکی زلی خەمبار لە حەوشەکەدا بەدیل دەگری و
بە پلیکانەکەدا دێتە خوار.

سەبارەت بە خەونم، ئەگەر چی نەمدەویست بتبینم
کاتێک بوتڵە بەتاڵەکان لە ژەنگی دەریاکە پڕ دەکەیت و
بەڕێدەکەویت لە ژێر تۆپەڵە هەورە چڕەکاندا،
دەربارەی ئەو زەوییەی کە دەیکێڵم
کاتێک لە کێڵگە دوورەکاندا شەو دادێت و
لەبیری دەکات بگەڕێتەوە،
من پاسەوانم،
ئەو ڕێگایە دەپارێزم کە لەژێر پێیەکانمدان.
من ڕێبەرم،
بەڵام پێڵاوەکانم هەرگیز هی من نین...

دەربارەی ڕۆژەکانی
بەرامبەر تیڤی تەنانەت کە دادەنیشێت و ئوتوو دەکات
کەسێک کە ڕۆژی ژیانی درێژ دەکشێ و دادەگیرسێ
کاتێک لەسەر کورسییەکە دەخوێنێتەوە،
وەک هەمیشە قاوە گەرمەکەی هەڵدەلووشێت.
کەسێک بەیانیان قاوەڵتی ئامادە دەکات و سەموون دەکڕێت
جار نا جار ئەلبوومەکە دەکاتەوە،
پرسەی نییە، ئەگەر چی وێنەی باوان، نەوە و مردووان...
مردووان مردووانن.
کەسێک دەستەکانی دەلەرزن
وەختێک سمتی ژنەکە دەگوشێت و زار دەکاتەوە.
مردووان مردووانن...
کەسێک کە دەیویست کاتژمێرەکە
لە مەچەک بکات و جلەکانی بگۆڕێ
کاتێک تەنانەت لەسەر مێز کە دادەنیشێت و ئوتوو دەکات.

کەسێک کە بە خێراییەکی زۆرتر نزیکتر دەبێتەوە
بە ئاڕاستەی دۆستێک لەو کاتەی لێزمە باران دەکوژێتەوە و
تەمەکە خەستتر دەبێتەوە
وەک ئەوەی بیەوێت ئەمیان لەودا پشووبدات،
بە خۆی و ڕوخسار گەلێک چین لەسەر چین کەڵەکە دەبن
کاتێک لە ژوورەکراوەکەدا دووگمەی تیڤی دادەگرێت و
زەنگ بۆ دۆستەکەی دەکات.
بە خۆی و زارێک کە شیعرێک دەخوێنێتەوە دەربارەی ئەوەی؛
باڵندەیەک لە نووتەکدا بەردەبێتەوە.
یا شیعرێک ناخوێنێتەوە دەربارەی ئەوەی؛
باڵندەیەک لە نووتەکدا بەردەبێتەوە.

پاشان بە ئاڕاستەی باڵندەیەک لە ناکاو کە بەر دەبێتەوە،
لەو شەقامەی کە شەوانە ڕووناکییەکەی پێ دەکات و
هەردەم کەسێکیش بەخەیاڵی پەتییەوە

دەستی لە دەستی منداڵێکدا،
ڕەنگبوو بیەوێت پیاسە بکات...

---

لە گفتوگۆی پەیوەست بە ڕزگاریی هەسارەکەوە، نەخشەکانیان هەڵدەواسن. پاش گەشتێک
بە نێو دارستان لە دامێنی درەختە ڕەق و وشک هەڵاتووەکاندا.
پیاوە گەنجەکەش لە بەردەمیان، سەر و سیمای هەڵبڕوسکاو، جێیەک کە تێیدا
لە پشتیەوە تەوژم دەدا و بە مێژوودا خۆی درێژ دەکات.
عەساکە زێڕینەکەی درێژ، لێ دەست نووقاو بە ئێسک و پروسکی ئەوانەوە کە خوازیاربوون بەر لە
تۆفان شارەکەیان جێبهێڵن و لە چیاکەدا بنیشنەوە.

پاپۆڕ گەلە سپی پۆشەکان بە بێ هیچ نیشانەیەکی لاڕێیان، لە جووڵەیان بەسەر چرکە زۆرەملێکاندا دەکەون. وەک ئەوەی دەردەکەوێ دەتوانرێ نزیکتر ببینرێت، ئەوێ دەریایە، ئیمپراتۆریەتێک لەو نەوانەی با لە زماندا دەکێڵن و پێی ئاسۆکە تاریک دەکەن. لەوێ زەنگەکە هەردەم دەزرنگێتەوە و دەنگەکان پێکدا دەدەن ، بە خۆیان و نامەی نووسراویان بە پۆستاڵ.

ئێوارەیەکی بەفرانبار** دواین زرمەی سامناکی بە هەواکەدا ڕۆکرد.
کەشتییەکە بەو کتێبەی گڵۆپەکەی دادەگیرساند لە ئەفسانەکەی نەپەڕییەوە.
بوونەوەرە کەم ناسراوەکەش وەک ئەوەی دەسەڵاتی لە گەردوون دزیبێت، بە جووڵەی قورس و برسێتییەکی دڕندانەوە لە نێوان زێیە باریکەکاندا بێ پشوودان دەیگرماند و غاری دەدا.

بەسەر قەرەوێڵەی خەوەکەدا و لە دامێنی، هزرە ترساوەکان کەڵەکەدەبن، بە پڕتاو لە ژێر پرچیدا ڕۆدەچن و گوێیەکانی دەسمن.
قاوشەکانیش سارد و بێ ڕەنگ لە کۆشی ئەو ژوورانەی چەشنی خاچ هەڵواسراو بە پلازما.
بوتڵی تۆقینەری هەناسە پێدەر و گەڵای وشک و ڕژاوی وەسیەت جار نا جارێک کە دەڕۆیشتن
با دەیبردن بە ڕووی ژێرەوەی زەوییەکە بۆ لای مێردمنداڵە نووستووەکەی.
لە دەرەوەش بە ئاڕاستەی پۆلیسەکان بە خۆیان و دەمانچەکانی کەمەریانەوە، لەژێر گڵۆپی سوور و زەردی ترافیکەکان، شەقامەکە پێڵاوەکانی هەڵدەکێشێ و خۆی لێ دەخوڕێت.
جیهانێکی ڕاوەستاوە، بە هەر بەرێکی شارەکەوە دەروازەکە خۆی ڕادەخات، لە نێوان تابلۆ تۆز لێ نیشتووەکان و ئەو درەختانەی لە دامێنی قیرەکاندا دەشنێنەوە لەو هەوایەی دەستەمۆیە.
دەشنێنەوە: لێ بە فریوی وەهمێک کە خوازیارن پێیان وابێت وا لە کاتژمێرەکە دەکەن
میلەکانی هەڵبسوورێت،
بێ لە تاقیگەکان و
ئەو پەککەوتووانەی لە نێو هەوری حەبدا دەلەرزن.

---

* (بیلی کۆلینس) لە شیعری ئەرستۆدا دێڕە شیعرێکی هەیە بەم شێوەیە: ئەمە زۆر زووە، ساڵانێک بەر لە کەشتی نووح.
** ئێوارەیەکی بەفرانبار/ ئاماژەی ئەو کات و ساتەیە کە ڤایرۆسی کۆرۆنا لەو پەڕی تەشەنەسەندن و بڵاوبوونەوەیدا بوو بە جیهاندا. لەو نێوەندەیشدا، باوکم و کەسانێکی دیکە لە هاوڕێ و دۆستانم، هەڵگری ڤایرۆسەکە بوون ومەترسی مردن و لەناوچوون لەسەر ژیانیان بوو.

# ڕۆشنبیریی گشتیی

- ***فزووڵی بەغدادی کورد بوو؟***

خالد عەلی موراد جاف

- ***تاوانی ناوزڕاندن لەیاسای ڕۆژنامەگەریدا***

مافپەروەر حوسامەدین سەرداری



# فزووڵی بەغدادی کورد بوو؟

**خالد عەلی موراد جاف**

فزووڵی ناوی محەمەد سلێمانە، ساڵی ١٤٩٤زایین لەدایک بووە، (هەرکەسێک شانازی پێوە کردبێت شوێنی لەدایک بوونی بردووەتە شارەکەی خۆی) بە (ئازەری، کەرکووکی، بەیاتی، بەغدایی، حیللە، کەربەلایی) ناویان هێناوە و شاعیری سەدەی دەیەمی کۆچییە و خاوەنی کتێبی (حەدیقەت و لسوعدا) و (حەدیقەت ولشوهەدا) و (داستانی لەیل و مەجنون) ...هتد. دەستنووسی دیوانەکەی لە مۆزەخانەی بەریتانیا پارێزراوە، لە ڕێکخراوی یونسکۆی نێو دەوڵەتی ساڵی ١٩٩٤ ڕێزی لە (فزووڵی) ناوە و سەرجەم کتێبەکانی بە چاپ گەیاندووە١

لە بارەی ئەم شاعیرەوە بیروڕای جیاواز زۆرن، بۆ نموونە پسپۆڕێکی ئازەری بە ناوی (عەباس زەمانۆف) لە بارەی فزووڵیی شاعیرەوە دەڵێت:(من حقنا أن نعتبر فضولي أذريا مثلما يعتبره العراقيون عراقيا، لاننا لا نتصور الشعب الاذربيجاني دون) واتە (ئێمەش مافی خۆمانە فزووڵی بە ئازەری بزانین، وەکو چۆن عێراقییەکان بە عێراقی دەزانن، چون بەبێ ئەو وێنای گەلی ئازەربایجان ناکرێت)٢

هەروەها لە سەرچاوەیەکی دیکەدا دکتۆر ئیبراهیم داقووقلی خاوەن بڕوانامەی دکتۆرا لەسەر (فزووڵیی بەغدایی) کە لە ساڵی ١٩٧٢دا بەدەستی هێناوە، بە زمانی حاڵ دەڵێت: لە ساڵی ١٩٨٦ لە کۆنگرەیەک بە ناونیشانی (الحياه الفكريه فی الولايات العربيه فی العهد العثمانی) لە تونس بەشدار بووم، وەکو خۆی دەڵێت: لەو کۆڕەدا دکتۆر عەبدولجەلیل تمیمی ڕاگری پەیمانگای دیراساتی عوسمانی لە تونس، منی بە ئافرەتێکی پرۆفیسۆر ناساند، کە لە بواری تورکناسیدا پسپۆڕێکی لێهاتوو بوو، بەو ئافرەتەی ڕاگەیاند کە من دکتۆرام لەسەر (فزولی شاعیر) بەدەست هێناوە، زۆر خۆشحاڵیی خۆی بەرامبەرم دەربڕی، منیش لێم پرسی: دیارە جەنابتان (شیعە مەزهەب و ئازەرین) لە وەڵامدا گوتی: ببوورە من کریستیانی کاسولیکم، ناوم (ئایرین ملیکۆف)ـە و خەڵکی ڕووسیام.

لێرەدا پرسیارەکەی داقووقلی خۆی لە خۆیدا وەڵامێکە بۆ ناسنامەی فزووڵی کە ئازەریە و شیعە مەزهەبە و کەرکووکی و خەڵکی شارەکانی دیکە نییە٣

لە کتێبی (تەزکرەی شوعەرای ئازربیجان) ناوی بە (فضولی اذربايجانی) هێناوە و بە تایفەی کوردی ئازربێجان ناوی هێناوە و دەڵێت: شیعرەکانی بە شێوە زاری ئازەری و فارسی و عەرەبی گوتووە٤ هەندێک لە کتێبە فارسییەکانیش کەباسی (فزووڵی) دەکەن دەڵێن: (شاعیری زمانی تورکی) نەک شاعیری بە ڕەگەز تورک، بەڵگەش بۆ ئەم قسەیە ئەوەیە گەر لە دیوانەکەیدا بڕوانینە دەقی پارچە شیعرێکی کە بە لاتینی تورکیی بڵاوکراوەتەوە، چوون وەک ڕووەکی خۆرسک لە خاکی ئێراندا بووژاوەتەوە و لە واتەی دەقی شیعرەکەیدا بە تورکی وا دەری دەخات، نەک هەر تورک نییە، بەڵکو وای بۆ دەچێت شێوەزار و زمانی تورکی بۆ ئەدەبی شیعر ناشێت و دەیشێوێنێت بۆیە دەڵێت:

***او سبتن فارسی لفزیلا چوکتر نزم کم***
***نزمی نازوک تورک لفزیلا ایان دژفار اولر***

> ***فزوڵی لە سەردەمی عوسمانیدا نازناوی سەرداری شاعیرانی پێدرا بوو، بەناوبانگترین شاعیری تورکە، بە ڕەچەڵەک دەگەڕێتەوە سەر عەشیرەتی دێرینی (بەیاتْ) کە بەیات بە بنەچە دەچنەوە سەر کورد***

***لهجيى توركى كبوولى نزمى تركيب اوليب***
***أكسـرى ألفـازى نا مربـوگ نا همڤار اولر***
***بنده تفييك أولسا أو دژڤارى أسان أيلرم***
***نڤبهار أولغج عدمدن بركـى گول أزهار أولر***

واتا:

«لەبەر ئـەوەی بە لەفزی فارسی زیاتر نەزمی (شیعر)م دەکـەم، نەزمی ناسک بە لەفزی تورکی دژوار دەبێت، ئەگەر بە لەهجەی تورکی نەزمێک دارێـژێت، زۆربـەی ئەلفازەکان نا پەیوەست و نا هـەموار دەبێت، بەندە گـەر تەوفیق ببێت ئەو دژوارییە ئاسان دەکەم، لە نەوبەهاری نەبوونەوە، بوونی گوڵ ئاشکرا دەکەم»

ئەمە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی فزووڵی تورک نییە و نەزمی شیعری بە تورکیی بە دژوار زانیوە، زیاتر دەرکی بە ناسکیی ڕیتم و ئاوێتەیی لەفزی زمانی شیعری کردووە بۆ نەزمی فارسی، لەبەر ئەوە لەفز و زمانی تورکی بۆ هۆنینەوە و نەزمی شیعر نابن٥

هەروەها نووسەر عەبدولڕەحمان پاشا، لە ڕۆژنامەی (باس)دا بە ناوونیشانی «فزووڵیی بەغدادی شاعیر کوردە و تورک نییە، زۆر بە زانستیی و بەڵگاندن فزووڵیی بە کورد بوونی ناساندووە ئاماژەی بە چەند سەرچاوەیەک کردووە، وەکو کتێبی (تەزکەرە شوعەرای ئازەربایجان) هەروەها باسی کەسێک دەکات بە نـاوی مامۆستا گریمیسکی لە کتێبی (مێژووی ئەدەبی تورکی)دا دەڵێت: فزووڵی یەکێکە لە کوردانی ئازەربایجان) لەکتێبی (الكرد فی دائرة المعارف الاسلامیـة)دا هـەمـان ڕاستـی دووپـات کراوەتەوە، لە کتێبی (مختصر تاریخچەی ادبیات ایـران) مامۆستا سەعید نەفیسی دەڵێت: ئەسڵ و بنەچەی فزووڵیی بەغدایی کوردە٦

لەلایەکی دیکەوە لەلایەن نـەوەی بەدرخانیانەوە لە ١٨٩٨ز لە قاهیرە لە ڕۆژنامەی (کوردستان)ی میقداد میدحەت دەرچووە، کەسێک نامەیەکی درێژی بە زمانی تورکی و خەتی عوسمانی نووسیوە، ناوی خۆی ناوە (کوردی) لە برگەیەکی نامەکەیدا (کوردی)ی مەدح و سەنای میللەتی کورد دەکات و دەڵێت: هەندێک جار میللەت بە ڕێگەی یەکێک لە ڕۆڵەکانییەوە بڵند دەبێت و دەناسرێتەوە، میللەتی ئێمەش بە شاعیرێکی وەکو (فزووڵیی بەغدایی) و قارەمانێکی وەکو (سەڵاحەدینی ئەییووبی)

ئێمە نەوەی ئەم زاتە گەورانەین، کە بە قەومی کورد ناسراون٧

هـەروەهـا عەباس عـەززاوی لەباسی فزووڵی دا دەڵێت٨: فزوڵی لە سەردەمی عوسمانیدا نازناوی سـەرداری شاعیرانی پێدرا بـوو، بەناوبانگترین شاعیری تورکە، بە ڕەچەڵەک دەگەڕێنەوە سەر عەشیرەتی دێرینی (بەیـات) کە بەیات بە بنەچە دەچنەوە سەر کورد. هەروەها لە هەمان سەرچاوەدا عـەززاوی دەڵێت: لە کۆنترین عەشیرەتی بەیاتی تورکمانە، بە (بەیات و دلیران)ی سەر بە پارێزگای واست (کووت) بە کۆنترین هۆزی تورکمان ناوی دەبـات و دەڵێت ئـەم هـۆزە تێکەڵن لە عـەرەب و تورکمان و کورد٩

لەبـاسی عـەشیـرەتی بـەیـاتـدا، مـەلا محـەمـەدی مەردۆخی ئەو عەشیرەتە بە کورد ناوی بردووە و دەڵێت: بەیات تیرەیەکە لە لوڕ، لوڕیشی کردووە بە دوو بەش (فەیلی و مامەسەنی) بە مامەسەنی دەڵێن لوڕی گەورە کە (٢٨) تیرەیە و یەکێک لەو تیرانە (بەیات)ە١٠

**سەرچاوە و پەراوێز:**

١- وتاری سێیەم (فزووڵی بەغدادی شاعیر کوردە و تورک نییە)/نوسینی عەبدولڕەحمان پاشا ڕۆژنامەی باس ژمارە ٣٣٥لە ٢٠١٧/٥/٢٣.

٢- ماڵپەڕی گۆڤاری سۆمەر، فضولي البغدادي وعولمي الثقافة العراقية، زاهد البياتي/ لاپەڕە ٢٢.

٣- ماڵپەڕی (tripod.com/dakoki.htm.http://alawi١٢) بابەتی (العلويون: اصحاب دين جديد أم طريقة تصوف او مذهب سياسي لعصر العولمة؟ ابراهيم الداقوقي، مدير مركز الدراسات الاكاديمية وتواصل الثقافات، فيننا. بڕوانە گۆڤاری (صوت الآخر)، ژمارە (٢٧٦)، ٢٠١٠/١/٢٠، بابەتی الراحل شيخ الباحثين وكتابه العلويون، عەبدولکەریم یەحیا زێباری، هەولێر.

٤- کتێبی تەزکرەی شوعەرای ئازربیجان/تاریخ زندگی و ئ‌پار/نووسینی محەممەد دیهیم، بەرگی پێنجەم/ چاپخانەی ئازەر ئابادگان /تەبریز ١٣٧١شەمسی لاپەڕەی(١٨٦).

٥- دیوانی فزولی لە ئامادە کردنی: عەبدولباقی گولپنارلی، چاپخانەی تان گازەتەست، ئەستەنبووڵ، ١٩٦١، بە تورکیی لاتینی: (Fuzuli Divani / Hazirlian: Abdulbaki Golpinarli/ Tan Gazetest Ve Matbaasi-Istanbul- ١٩٦١).

٦- بڕوانە ڕۆژنامەی باس هەر سێ ژمارەی یەک بە دوای یەک (٣٣٣) لە ٢٠١٧/٥/٩ ) و (٣٣٤) لە ٢٠١٧/٥/١٦)و (٣٣٥) لە ٢٠١٧/٥/٢٣) هەفتەنامەیەکی گشتییە کۆمپانیای ڤێرسای دەری دەکات.

٧- ڕۆژنامـەی (کوردستـان) ژمـارە ١٧ی ڕۆژی پێنج شەممەی ٨ی ڕەبیعول ئەووەلی ساڵی ١٣١٧ کۆچی بەرامبەر بە ١٨ی تەمووزی ١٨٩٩ زایین بڵاو بووەتەوە لە لاپەڕەی/٣.

٨- المحامی عباس العزاوی/ موسوعه تاريخ العراق بين الاحتلالين/بەرگی: ٤ /الـدار العربيه للموسوعات، بيروت، ٢٠٠٤،لاپەڕە(١٢٢)

٩- هەمان سـەرچاوەی پێشوو لاپـەڕەی موسوعه تاريخ العراق بين الاحتلالين /(٣٧٤) و (٣٧٦).

١٠- مەلا محەمەدی مەردۆخی/ کتێبی مێژووی کورد و کوردستان، بەشی یەکەمی وەرگێڕانی محەمەد فیدا، لاپەڕە (١٤٧)، چاپخانەی سەرکەوتن، بەغدا، ١٩٥٨.

# تاوانی ناوزڕاندن لەیاسای ڕۆژنامەگەریدا



مافپەروەر/ حوسامەددین سەرداری

سەرەتا پێویستە پێناسەی تاوانی ناوزڕاندن (تەشهیر) بکەین، کە بریتییە لە لکاندن و ئاراستە کردنی ڕەفتارێک یان سیفەتێکی نەشیاو بۆ کەسێکی دیکە بە ڕێگەیەکی ئاشکرا، ئەگەر ڕەفتارەکە ڕاست و دروست بێت، پێویست دەکات کەسەکە لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵگەکەی بە چاوێکی کەم و قێزەوەن سەیر بکرێت و کاریگەری خراپی لەسەر پێگەی کۆمەڵایەتی و ناوبانگی هەبێت، یان سزا بدرێت، ئینجا ئەگەر ناوزڕاندنەکە لە لایەن ڕۆژنامەنووسێک ئەنجام درابێت و لە یەکێک لە هۆیەکانی ڕاگەیاندن، خوێنراو، یان بینراو، یان بیستراو بڵاوکرابێتەوە، لەکاتی تۆمارکردنی سکاڵا، ڕۆژنامەنووسەکە لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا دەکرێت و لە دادگای سزاکان سزا دەدرێت و بۆ تاوانلێکراویش هەیە لە دادگای بەرایی داوای قەرەبووش بکات. پێش ئەوەی یاسای کاری ڕۆژنامەگەری ژمارە (٣٥ی ساڵی ٢٠٠٧) لە پەرلەمانی کوردستان دەربچێت، بە یاسای سزاکانی عێراقی بە بەندکران و پێ بژاردن بکەرەکە سزا دەدرا، بەڵام دوای دەرچوونی یاسای ئاماژەپێکراو، ڕۆژنامەنووس لەسەر تاوانەکەی تەنیا سزای پێ بژاردن دەیگرێتەوە و ئەگەر تاوانلێکراو داوای قەرەبووی زیانەکان بکات دادگا بڕیاری بۆ دەدات. لێرەدا بە پێویستی دەزانم داوا لە ڕۆژنامەنووسە بەڕێزە هاوپیشەکانم بکەم کە خۆیان دوور بگرن لە بڵاوکردنەوەی بابەتی ناوزڕاندن و تەشهیر، خۆیان پڕچەک بکەن بە زانیاری یاسایی تایبەت بە میدیا. با ڕۆژنامەنووس باش بزانیت کە بابەتێکی لەو جۆرە بڵاودەکاتەوە هەتا ئەگەر سەدا‌سەد ڕاست و دروستیش بێت و بەڵگەی سەلماندنیشی لا هەبێت دژی هاووڵاتییەکە، لە کاتی تۆمار کردنی سکاڵا لە دژی ڕۆژنامەنووسەکە، دادگای لێکۆڵینەوە و دادگای کەتنیش داوای سەلماندنی بابەتی ناوزڕاندنەکە لە ڕۆژنامەنووسەکە ناکات، بەڵکوو تۆمەتی ئاراستە دەکات و بە تاوانباری لە قەڵەم دەدات و سزای (غەرامەی دەکات، تاوانلێکراویش بۆی هەیە لە دادگای بەرایی داوای قەرەبووی زیانی ماددی و مەعنەوی لە دژی ڕۆژنامەنووسەکە و دەزگاکەی تۆمار بکات، بۆ نموونە بڵاوکردنەوەی (قوتابییەک قۆپییەی کردووە و فەسڵ کراوە، هاووڵاتییەک دزی کردووە و سزا دراوە، هاووڵاتییەک زینای لەگەڵ کچێکی ناکام کردووە.. هتد) بەڵام ئەگەر بابەتی ناوزڕاندن لە دژی فەرمانبەرێکی ڕاژەی گشتی، یان خاوەن سیفەتی نوێنەرایەتی (پەرلەمانتار یان ئەندامی ئەنجوومەنی پارێزگا) یان کارێک پەیوەست بێت بە بەرژەوەندی هاووڵاتییان و بابەتەکەش پەیوەندی بەکارە فەرمانبەرێتییەکەی هەبێت، ئەگەر ڕۆژنامەنووسەکە توانی بە بەڵگەی یاسایی ڕاست و دروستی بابەتەکەی، یان ناوزڕاندنەکە بسەلمێنێت ئەوکاتە تاوانی ئاراستە ناکرێت و بە تاوانبار لە قەڵەم نادرێت. بۆ نموونە (فەرمانبەرێک بەرتیلی وەرگرتبێت، فەرمانبەرێک ساختەکاری کردبێت).




دیدار
فەرهاد شاکەلی
جیاوازییەک لەنێوان
شیعری کلاسیک و مۆدێرن و
هاوچەرخدا نابینم

## چاوپێکەوتنێکی تایبەت بە ئەزموونی شیعریی



# فەرهاد شاکەلی:

# نە من وەک هیچ شاعیرێکی کورد دەنووسم و نە هیچ شاعیرێکی کوردیش وەک من دەنووسێت

**فەرهاد شاکەلی لە خانەیەکی داهێنان و ڕۆشنبیریی کوردیدا دەستنیشان ناکرێ. شاعیر، چیرۆکنووس، کوردیزان، زمانەوان، تەسەووفناس، توێژەر، وەرگێڕ، ڕۆژنامەنووس... تاد، ئێمە شاعیریەتییەکەیمان لە هەموو لایەنەکانی تر لا لە پێشتر و گرینگتر و کاریگەرترە، چونکە دوای گۆران، دەستپێشخەر و یەکەم هەنگاو فەرهاد شاکەلی و لەتیف هەڵمەتن. ئەوەی لەم کردەیەدا بەشدار بوون و کاریگەرییان هەبووە، بە دوای ئەواندا هاتوون. واتە: ئەوان (دامەزرێنەرن) و ئەوانی تر (بەشدارن). بۆیە ئەم چاوپێکەوتنەمان تایبەت کرد بە ئەزموونی شیعری ئەم شاعیرەمان.**

**دەبێ ئەوەش بڵێین، کە ئەم دیدارە بەشێوەی پرسیار و وەڵامی نووسراو ئەنجام دراوە. لەسەر داوای خۆشی، وەکو خۆی بێ هیچ دەستکارییەکی ناوەڕۆک و ڕێزمان و ڕێنووسەکەی بڵاوکراوەتەوە.**

**● ئایا ئەگەر شیعر پێناسە بکرێت، لەناو پێناسەدا نامرێت؟ بڵێین شیعر ئەمەیە و ئەوەیە، واتە: شیعر لە پێناسەدا لە دایک بووە و لە دایک دەبێت؟**

شاکەلی: پێناسەکردنی شیعر، یا هەر شتێک و هەر دیاردەیەک و هەر بەشێکی زانست و زانیاری، پێویستییەکی مرۆڤانەیە. شیعر و دیاردە و زانستەکان خۆیان هەن و پێویستیشان بە ناساندن نییە. ئەوە ئێمەین کە دەمانەوێ بە کورتترین ڕێگا پەی بە شێوە و ناوەڕۆکی شتەکان ببەین.

لە کلاسیکی عەرەبی و ڕۆژهەڵاتیدا شیعر وا ناسێنراوە کە گوتارێکە کێش و قافییەی هەبێت و واتایەک بگەیێنێت. لە زانستی ئەدەبی ئەمڕۆدا وەک ژانرێکی ئەدەبی ناوی دەبرێت. زۆر جاریش شاعیران و زانایانی ئەدەب ڕستەی ڕەنگاوڕەنگ و پێچەڵپێچ دەڕازێننەوە بۆ پێناسەکردنی شیعر، کە ڕەنگە خوێنەر دوای خوێندنەوە یا بیستنیان، نە هۆشیاری و نە زانیارییەکی زیاتری دەست بکەوێت.

پێناسەی شیعر هەرچییەک بێت و هەرکێیەک

بیکات، هیچ لە ناوەڕۆکی شیعر و لە جیهانبینیی شاعیر ناگۆڕێت. کامە شاعیری دنیا، مەبەستم شاعیری ڕاستگۆ و باشە، گوێی داوەتە ئەم یا ئەو پێناسە؟ ڕاستییەکەی ئەوە شیعرە کە پێناسە دروست دەکات. واتە شاعیر پێشتر شیعر دەنووسێت و لێکۆڵەرەوە و زانایانی ئەدەب دواتر دێن و پێناسەی بۆ دادەنێن. شاعیران هەزاران ساڵە شیعری خۆیان نووسیوە و بیریان لە پێناسە نەکردووەتەوە. شیعری جوان و بەرز ماوەتەوە و ئەوی دیکەیش پواوە و لە بیر چووەتەوە. دەمەوێ بڵێم هەبوون و نەبوونی پێناسە هەرگیز کار ناکاتە سەر شیعر و شاعیر.

**● شیعری هاوچەرخ دەبێ لە شیعرییەتدا، یان شێوان، یان فیکر، لە چیدا خۆی بنوێنێ؟**

شاکەلی: من باوەڕ ناکەم شاعیری ڕاستین هەرگیز خۆی بەو تێرم و زاراوانەوە خەریک بکات یا ئەوانە ببنە بڕیاردەری ئەو تێکستەی دەینووسێت. کەم جار شاعیر دەتوانێت پێشەکی نەخشە بۆ شیعر بکێشێت. لەوەیە هەندێ تێکستی درێژی چیرۆکەشیعر و گێڕانەوەی مێژوویی پێویستی بەوە بێت کە شاعیر پێشەکی بیری لێ بکاتەوە و نەخشەی بۆ دابنێت و بەپێی نەخشەیەک کاری تێدا بکات، بەڵام ئەو شیعرانەی باسی ناوەوەی شاعیر دەکەن وەک لێزمەی باران، وەک کڵپەی ئاگر، وەک گریان، وەک شەپۆلی زەریا نە دروست دەکرێن و نە ڕێیان لێ دەگیرێت.

من جیاوازییەک لەنێوان شیعری کلاسیک و مۆدێرن و هاوچەرخدا نابینم. تێکستی شاعیر یا شیعرە یا شیعر نییە. لەو سێ چوارچێوەیەی ناوتان هێناون، پێم وایە شیعرییەت لەوانی دیکە زیاتر لە چەمکی شیعری باش یا شیعری ڕەسەنەوە نزیکە. شیعرییەت، هێندەی من لێی تێگەیشتووم، هەموو لایەنە جوان و باش و بەرز و قووڵەکانی شیعر دەگرێتەوە، لە کاتێکدا شێواز تەنیا یەکێکە لە گەلێک تایبەتمەندیی شیعر. هەرچی فیکرە، ئەگەر وەک فکری فەلسەفی لێکی بدەینەوە، باوەڕ ناکەم لەگەڵ شیعردا گونجاو بێت. بیری شیعری، پەیامی شیعری، بێگومان فەلسەفەی خۆی هەیە، بەڵام ناکرێ ئەو پەیامە بە زمان و تێرمینۆلۆگی و چەمکی فەلسەفی پێشکەش بکرێت. فەلسەفە بە زمانی عەقڵ و لۆگیک [منطق] دەدوێت و شیعر بە زمانی دڵ. پێم وایە ئەنجامی بۆچوونەکەم ئەوە دەگەیێنێت

**باوەڕ ناکەم خۆهەڵکێشان بێت ئەگەر بڵێم، کەم کەس لە کورددا هەیە هێندەی من شێخ ڕەزا بناسێت**

کە شیعر لە شیعرییەتدا دەتوانێت (یا دەبێت) خۆی بنوێنێت.

**● شیعر یەکێتیی نێوان وشە و ژیانە، هەندێک شاعیر شیعرەکانیان لە ژیانی ڕۆژانەیان دوورە، خۆی لەناو کۆمەڵگەدا کەسایەتییەکی بێهێزی هەیە و شیعرەکانی شتی دیکەن، نەیتوانیوە وشە و ژیانی یەک بخات، یان لێک نزیکیشیان بکاتەوە، ئایا شیعر ستراتیژیەتی بوونە، یان تاکتیکی ڕۆژانە؟**

شاکەلی: لەوەیە بەو ئاسانییەیش نەبێت. ئەو یەکێتییەی تۆ باسی دەکەیت، باسی شێوەی دەرەوەیە، باسی ڕوخساری ئەزموونی شاعیرە. بەڵام ئێمە چوزانین ناوەوەی شاعیر چۆنە و چی دەڵێت؟ با وای دابنێین شاعیر، بە




دەربڕینەکەی ئێوە، کەسایەتییەکی بێهێزی هەیە، بەڵام خۆ ئێمە نازانین ئەو لە ناوەوەی خۆیدا، لە نەستی خۆیدا، چۆن بیر دەکاتەوە. دیارە چاوەڕوانیی ئێمە وەک خوێنەر ئەوەیە کە قسەی دڵ و قسەی زمانی شاعیر هەر یەک شت بن.



**شاکەلی لە تەمەنی حەوت ساڵاندا**

بەڵام چونکە ئێمە دڵی شاعیرمان لێوە دیار نییە، ئەو چاوەڕوانییەیش هەر وا بە ئاسانی نایێتە دی. لە مێژووی ئەدەبدا، بۆ نموونە ئەدەبی عەرەبی، شاعیر هەن کە سەرتاپێی شیعرەکانیان باسی پاڵەوانەتییە، بەڵام مێژوو پێمان دەڵێ خۆیان کەسانی ترسنۆک بوون. ئەلموتەنەبی [المتنبي] یەکێکە لەوانە. موتەنەبی خۆی بە قارەمانی هەموو بوارەکان دادەنێت. ئەو بەیتەی هەر زۆر ناسراو و ناودارە کە دەڵێ:

**الخَيْلُ وَاللّيْلُ وَالبَيْداءُ تَعرِفُني**
**وَالسّيفُ وَالرّمحُ وَالقرْطاسُ وَالقَلَمُ**

ئەگەر ئەمە ڕاست بێت، کەواتە هیچی بۆ کەس نەهێشتووەتەوە. بەڵام، من چەند ساڵێک لەمەوپێش کتێبێکی نووسەر و بیریار و ڕەخنەگری گەورەی عەرەب تاها حوسەین [طه حسين]م خوێندەوە کە دەڵێ موتەنەبی کابرایەکی ترسنۆک بووە و زۆریش ترسنۆکانە کوژراوە. من خۆم موتەنەبیم زۆر خۆش دەوێت و پێم وایە شاعیرێکی یەکجار گەورەیە، ئیتر ڕەخنەگران و مێژوونووسانی ئەدەب چی دەڵێن، کارم بەوە نییە. گرنگ ئەوەیە ئەو کۆمەڵێک تێکستی جوان و بەرز و بەهێزی بۆ جێ هێشتووین.

لە ئەدەبی کوردییشدا دەکرێ باسی شێخ ڕەزای تاڵەبانی بکەین. باوەڕ ناکەم خۆهەڵکێشان بێت ئەگەر بڵێم، کەم کەس لە کورددا هەیە هێندەی من شێخ ڕەزا بناسێت. جارێکیان لەگەڵ خزمێکی شێخ ڕەزادا دانیشتبووین، باسی شێخ ڕەزامان دەکرد. ئەو خزمەی شاعیر وتی: تۆ دەزانیت، شێخ ڕەزا ئەم قسانەی هەر بۆ خۆشی نووسیوە. وتم: نەخێر، من پێم وایە شێخ ڕەزا باسی ئەزموونێکی کردووە کە هەیبووە و لە شارەزایی و زانینەوە قسە دەکات. دەزانم خزمەکەی شێخ ئەم وەڵامەی منی پێ خۆش نەبوو. ئێمە لێرەدا دەگەینە سەرەتای دووڕییانێک: یا دەبێ بڵێین شێخ ڕەزا ڕاستگۆ بووە و باسی ئەزموونی خۆی کردووە، یا دەبێ بڵێین درۆی کردووە (بە دەربڕینی خزمەکەی شێخ، هەر بۆ خۆشی ئەم قسانەی نووسیوە). من خۆم ڕێگای یەکەمم پێ دروستترە. تۆ سەرنجی شتێکی دیکەیش بدە: شێخ ڕەزا کە باسی سێکس دەکات، خۆی دەکاتە گەورەترین پاڵەوان [پاڵەوانێکی قەوی و قۆڵە...] و زۆر شتی دیکەی لەو بابەتە، بەڵام کە باسی شەڕ دەکات، هەرگیز خۆی نەکردووەتە پاڵەوان. ئەو باسی خزمانی وەک (شێخ ستار و عەبدولوەهاب و عوبێد) دەکات، کەچی هیچ خۆی هەڵناکێشێت، تەنیا دەڵێ منیش لەو نەسلەم. بۆچی باوەڕ بەمەیان بکەین و باوەڕ بەوی دیکە نەکەین؟

من باسەکە ناخەمە چوارچێوەی ستراتیژی و تاکتیکەوە، بەڵکە دەمەوێ ئەوە جەخت بکەمەوە کە شاعیر چەندە لەگەڵ دەروونی خۆی و لەگەڵ دڵی خۆیدا ڕاستگۆیە.

**● چی لەبارەی ئیلهامەوە دەڵێیت. هەندێک پێیان وایە ڕووداوێک، یان هەستپێکردنێک دەبێتە بونیادێکی خەملیو، دواتر لە نادیارییەک بەسەرتدا دەڕژێ، لەم بەسەر ڕژانەدا خاڵی بینینی شیعر پەیدا دەبێت، یان چی لەبارەی ئەو خاڵە نادیارەوە دەڵێیت، کە دۆخی نووسینی شیعر لای شاعیر پەیدا دەکات؟**

شاکەلی: ئیلهام هەیە، بەڵام دەبێ جیاوازیی (ئیلهام) و (بەهرە)یش تێبگەین. یەکگرتنی ئەو دووە، بەرهەم و ئەنجامێکی باش دەبەخشێت. ئیلهام سنوورێکی نییە، دەکرێ شتێک، ڕووداوێک، کەسێک، جێگایەک یا هەرشتێکی جوان و خۆشیبەخش یا کارەساتبار و خەماوی بێت. زۆر جار شاعیر، بەهرەی شاعیرانەی دێت بە هاواریەوە و ئەو [خاڵە نادیارە] بە شیعر دەردەبڕێت، بەڵام کەسێکی دیکە، کە شاعیر نییە، یا بەهرەی دیکەی نییە، نیگارکێشی، پەیکەرتاشی، گۆرانی یا هەر هونەرێکی دیکە، ناتوانێت دەریببڕێت. یا ڕەنگە بەوەی شاگەشکە ببێت یا بگریێت، دەریببڕێت. شاعیریش، جاری وا هەیە، ناتوانێت بە شیعر هەستی خۆی دەربڕێت، ناچار بە شێوەی دیکە دەیکات. من خۆم چەند جارێک بە سەرمدا هاتووە، کە بە گریان هەستی خۆم دەربڕیوە.

کە کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجە ڕووی دا، بە جۆرێک هەژاندمی، نەمتوانی گەرماوگەرم هیچی بۆ بنووسم. شەوی سەری ساڵی ١٩٨٩ لە پاریس بووم، لەگەڵ هاوڕێیەکی خۆشەویست و کچێکی هاوڕێیدا کە ئەمەریکی بوو، لە ڕێستۆرانتێک دانیشتبووین. لە یەکەم دەقیقەی سەری ساڵدا، واتە سەعات دوانزدە، ئەوروپاییەکان دەیکەنە هۆسە و هەرا و خۆشی و ماچ ماچێن و هیوا خواستنی ساڵ و ژیانێکی خۆش. من بە دەستی خۆم نەبوو، لەو کاتەدا گازبارانی هەڵەبجەم بیر کەوتەوە، کە دە مانگ و نیو بوو ڕووی دابوو، دامە پرمەی گریان، هێندە بە کوڵ گریام کە سەرنجی خەڵکی مێزەکانی نزیکمانی ڕاکێشا. ئەو گریانە، بۆ من، لە شیعر و لە پەیکەر و لە تابلۆ و لە مۆسیقا جوانتر و گرنگتر بوو. دوو ساڵ زیاتری پێ چوو تا شیعرێکم بۆ هەڵەبجە نووسی.

وەک گەرمیانییەک، دەبوو لە شاعیر و نووسەری دیکە، زیاترم لەبارەی (ئەنفال)ەوە بنووسیایە، بەڵام تا ئێستایش شیعرم بۆ ئەنفال نەنووسیوە. کەچی دەیان جار بە بینینی فیلمی دۆکومێنتەری یا ئەو کتێب و باسانەی لەبارەی ئەنفالەوە نووسراون، بۆ نموونە هەندێ کاری کاک (عارف قوربانی)، یا ئەو ژن و دایک و کچانەی ئەزموونی خۆیان لە تۆپزاوە و نوگرەسەلمان دەگێڕنەوە، تێر تێر گریاوم.

**• هەندێ شاعیر هەن حەز دەکەن بەردەوام تیشکیان بخرێتە سەر و وەک ئەستێرەیەک بەرچاو بن. کەمتر هەوڵ دەدەن جوانی و درەوشانەوەی داهێنان ببەخشن؟**

شاکەلی: شاعیر و هونەرمەند و داهێنەر ئەگەر بەرهەمەکەی نەبێت، مرۆڤێکە وەک هەموو مرۆڤەکانی دیکە و ڕەنگە شایانی هیچ باسکردن و تیشک خستنەسەرێک نەبێت. ئەوەی مرۆڤ جوان یا ناشیرین دەکات، ئاکار و کردار و بەرهەم و هەڵسوکەوتەکەیەتی. بەهرە و بەرهەمی جوان لایەنە فیزیکی و بایۆلۆگییەکانی مرۆڤ دەشارێتەوە یا دەخاتە لاوە. شاعیرێکی وەک بەدر شاکر سەییاب هێندە ناشیرین بووە، کە خۆی لە شیعرێکدا گلەیی دەکات، ڕووی لە هەر کچێک ناوە، خۆشی نەویستووە، بەڵام من کە شیعرێکی سەییاب دەخوێنمەوە دەروونم پڕ دەبێت لە تیشک و بەرامە و هەزار ڕەنگەی وشە و وێنەکانی. ئێ، خۆ ئەوەیش شاراوە نییە، کە شاعیر دەمرێ و دەخرێتە ژێر خاک و دەبێتە مشتێک خۆڵ و ئێسک، بەڵام شیعرەکەی نەک ساڵان، بگرە چەند سەدەیەک یا هەتا هەتایە دەمێنێتەوە.

تۆ دەڵێی (هەندێ شاعیر) بەڵام من دەڵێم زۆربەیان وەهان. خۆشبەختانە، من خۆم یەکێک لەوانە نیم. دەیان جار ڕووی داوە و ڕوو دەدات کە تەلەڤیزیۆن، ڕادیۆ، ڕۆژنامە، گۆڤار داوای دیداریان لێ کردووم، بەڵام من نەمویستووە و پێم خۆش نەبووە دیدارم لەگەڵ بکەن. تەنانەت



**هێمن موکریانی و فەرهاد شاکەلی**

> **"چەند ساڵێک لەمەوپێش کتێبێکی نووسەر و بیریار و ڕەخنەگری گەورەی عەرەب تاها حوسەین [طه حسین]م خوێندەوە کە دەڵێ موتەنەبی کابرایەکی ترسنۆک بووە و زۆریش ترسنۆکانە کوژراوە"**

لە بڵاوکردنەوەی شیعر و نووسینەکانیشمدا هەر وەهـام. بەشی زۆری شیعرەکانم سێ ساڵ و چوار ساڵ و بگرە زیاتریشیان بەسەردا تێپەڕیوە، ئەوسا بڵاوم کردوونەوە. بە یارمەتیت، با هەندێک لە وشەکانی دوا ڕستەی پرسیارەکەت بە کار بهێنم. هونەرمەند دەبێ جوانی و درەوشانەوەی داهێنان ببەخشێت، نەک خۆ دەربخات.

**● بێ هیچ گومانێک شیعر فیکری تێدایە، بێ فیکر شیعر ناگات بەهیچ شوێنێک، بەڵام ئایا شیعر فەلسەفە بەرهەم دێنێت، یان ئەو فیکرەی لەناو شیعردا هەیە تایبەتە. فیکرێکە تایبەت بە شیعر و بە لای فەلسەفەدا ناچێت. سەر بە ڕەگەزی هەستەکانە و ڕوانینی هەستییە و سوود لەمان وەردەگرێت؟**

شاکەلی: بـاوەڕ ناکـەم تۆ، لـە پرسیارەکەتدا، وشەی فیکرت بە واتای فەلسەفە بە کار هێنابێت. تۆ مەبەستت بیر، بیرۆکە، بیرکردنەوە، خەیاڵ یا پەیامە. ئەمانە هیچیان فەلسەفە نین. بیری فەلسەفی چوارچێوە و قانوونی تایبەتی خۆی هەیە. لێت ناشێرمەوە، لەم باسانەدا، من زیاتر بیرکردنەوەی ئەورۆپاییەکانم بە دڵە (ئەوەت لە بیر نەچێت کە ئێستاکە چلوپێنج ساڵی ڕێکە من لە ئەورۆپا دەژیم). لێرە، جاروبار، بە بیرێکی سادەیش دەڵێن فەلسەفە. بۆ نموونە کابرا دەڵێ: فەلسەفەی ژیانی من ئەوەیە چێژ لە خۆشیی ئەمڕۆ وەربگرە و بیر لە سبەینێ مەکەرەوە. یا یەکێکی دیکە دەڵـێ: ژیـان کاتێک بایـەخ و مەعنا پەیدا دەکـات، کە لەپێناوی مرۆڤایەتیدا بیگوزەرێنیت.

شیعر و فەلسەفە پێکەوە ناگونجێن. هـەر بە گشتی کاتێک شیعر بـاسـی هـەنـدێک بابەتی بێگیان و ساردوسڕ بکات، ئیدی شیعر نییە. تۆ کە هەزاربەیتەی ئیبن مالیک (ألفية إبن مالك) دەخوێنیتەوە، یا (نـەوبـار)ی ئەحمەدی خانی، یا (ئەحمەدی)ی شێخ مارفی نۆدەیی، دەزانیت ئەمانە شیعر نین، بەڵام بۆ گەیاندن یا ئاسانکردنی پەیامەکەیان، ناچار بوون لە چوارچێوەی شیعردا جێیان بکەنەوە.

ئـەو فـیـکـرەی لـە شـیـعـردا هـەیـە، دەکـرێ ڕەگـوڕیـشـەیـەکـی فـەلـسـەفـیـی هـەبـێـت، بـەڵام سەرچاوەکەی و شێوەی ڕێکخستنی و دەربڕینی بەپێی گەز و گرێی فەلسەفی ڕوو نادات. وەک خۆت دەڵێیت سەر بە ڕەگەزی هەستەکانە. شاعیر

> **ئیلهام هەیە، بەڵام دەبێ جیاوازیی (ئیلهام) و (بەهرە)یش تێبگەین. یەکگرتنی ئەو دووە، بەرهەم و ئەنجامێکی باش دەبەخشێت**

بیرەکەی بە کەرەستەی شیعری هەڵدەچنێت. ئـەوە پەیامە، بیرە، کـاردانـەوەیـە، هەڵچوونە، هەڵوێستە.

با لێرەدا جۆرێکی فیکر جیا بکەینەوە، کە ئەویش تەسەووفە. تەسەووف، وەک بنەما و تێکست و تیۆری لە فەلسەفەوە نزیکە، بەڵام هیچ شاعیرێکی گەورەی سۆفی نەهاتووە بیروباوەڕی سۆفییانە بە شێوە فەلسەفییەکەی لە شیعردا دەرببڕێت. تەنانەت تیۆری و فەلسەفەیەکی قووڵی وەک یەکێتیی هەبوون (وحدة الوجود)ی ئیبن عەرەبی (١١٦٥-١٢٤٠)، لای شاعیرانی سۆفی، بە شێوەی مێتافۆری شیعری و بە کەرەستە و زمانی شیعری پێشکەش کراوە. من کە شیعری مەلای جەزیری دەخوێنمەوە، بنەماکانی فەلسەفەی (وحدة الوجود)ی ئیبن عەرەبی یەک یەک دەناسمەوە. بەڵام خۆ جەزیری نەهاتووە بڵێ: جەنابی خوێنەر من ئێستا باسی ئەو تیۆرییە و ئەو فەلسەفەیەت بۆ دەکەم. ئەو خۆی فەلسەفەکەی لە کتێبەکانی ئیبن عەرەبیدا خوێندووەتـەوە، بـەڵام دێت بە کوردی و بە وێنە و دەربڕینی شیعری هەست و ئەزموونی سۆفییانە و وجوودییانەی خۆیمان بۆ دەگێڕێتەوە.

**● ئایا شیعر موڵکی خوێنـەرە. ئـەی ئەگەر خوێنەرێک خاوەنی ڕۆشنبیرییەکی هونەری نەبوو، چۆن ئاستی دەقێکی قووڵ و هاوچەرخ لێک دەداتەوە. تۆ پێوەرت چییە بۆ خوێنەرێک کە بتوانێت دەق بکاتە موڵکی خۆی؟**

شـاکـەلـی: شـیـعـر مـوڵـکـی مـرۆڤ و موڵکی مرۆڤایەتییە، بەڵام خوێنەر لە خەڵکی دیکە زیاتر دەستی پێ دەگـات و چێژی لێ وەردەگرێت. خوێنەریش بۆ ئـەوەی لـە شیعر بگـات، بۆ ئـەوەی لایەنە ئێستێتیکی و زمانەوانییەکانی و مەعنا و سیمبۆڵە جۆراوجۆرەکانی بۆ لێک

بدرێتەوە و نرخیان بزانێت، دەبێ گەیشتبێتە پلەیەکی فەرهەنگی و چێژداریی وا کە خۆشی لە تایبەتمەندیی زمانەوانی و سیمبۆلی و میتافۆر و ڕەوانبێژیی تێکست وەربگرێت. ئەم بەهرەیە بە یەک ڕۆژ و دوو ڕۆژ دروست نابێت.

لایەنێکی دیکەی باسەکە ئەوەیە کە شیعریش شتێکە وەک ئاو، وەک زەوی، وەک هەوا. ئەمانە بۆ هەموو مرۆڤ و بۆ هەموو گیاندارانن. خۆ ئێمە ناتوانین سنوور دابنێین و بڵێین کێ مافی بەکارهێنانی ئەو شتانەی هەیە و کێ نییەتی. بەڵام هەموو مرۆڤ و گیانداران وەک یەک لە زەوی و ئاو تێناگەن و چێژیان لێ وەرناگرن. هەیە هەتا دەمرێت هەر بیری لێ ناکاتەوە، هەیشە کە بە ساڵان خوێندوویەتی و لێی ورد بووەتەوە.

من کوردی خوێندەوار دەناسم، کە باسی شیعرم لەگەڵ کردووە، وتوویەتی بە خوا من شیعر بخوێنمەوە سەرم دێتە ئێش. با باسی خەڵک نەکەین، من باسی خۆمت بۆ دەکەم. من کە ڕۆژنامە یا گۆڤارێک دەخوێنمەوە، هەرگیز لاپەڕەکانی ئابووری و وەرزش ناخوێنمەوە و تەماشایشیان ناکەم. دەی، ئەمە بۆ ئابووریناسێک یا وەرزشوانێک بگێڕەرەوە، جا بزانە چی دەڵێ؟ ساڵانێک لەمەوپێش برادەرێکم هەبوو، کە باسی چێژ و تێگەیشتنی جیاوازمان بکردایە، دەیگوت: هەیە دوو کەباب بە نانێکەوە دەخوا، هەشە کەبابێک بە دوو نانەوە دەخوات. وا نییە؟

**• ناونیشانی کۆمەڵی شیعری یەکەمت (پرۆژەی کوودەتایەکی نهێنی) بوو. ئایا ئاماژە و هێمایە بۆ دەسپێکردنەوەی شۆڕشی کورد، کە پێشبینیت کردبێ حکوومەتی ناوەند لەگەڵ سەرکردایەتیی کورد ڕێک ناکەون و ڕێککەوتنامەی یازدەی ئازار هەڵدەوەشێتەوە و دەبێتەوە شۆڕش، کە خۆت یەکێک بووی لە پێشمەرگەکانی؟**

شاکەلی: نا، نا. هیچ پێوەندییەکی بە هەڵگیرسانەوەی شۆڕشەوە نییە. ئەوە ناوی شیعرێکمە کە ڕۆژی ١٤-٢-١٩٧١ نووسیومە و هەر لەو ساڵانەیشدا لە یەکێک لە گۆڤارە کوردییەکاندا، پێم وایە گۆڤاری بەیان بوو، بڵاو کراوەتەوە. ئەو شیعرەم نارد بۆ خوالێخۆشبوو مامۆستا لەتیف حامید. پێشتر بیستم و دواتریش خۆی پێی وتم کە شیعرەکەی زۆر بە دڵ بووە، بەڵام هەر زۆرتر عاشقی ناونیشانی شیعرەکە بووبوو. کاک لەتیف هەڵمەت بۆی گێڕامەوە، وتی مامۆستا لەتیف حامید، هەر زوو زوو لەسەر یەکە، بە دەنگێکی بەرز، دەیگوت و دووبارەی دەکردەوە: پرۆژەی کوودەتایەکی نهێنی، مشروع إنقلاب سري. ئیتر کە دیوانەکەم بۆ چاپ ئامادە کرد، پێم خۆش بوو هەر ناوی ئەو شیعرەی لێ بنێم. با ئەوەیش بڵێم، ئەگەر ئێستا ئەو شیعرەم بنووسیایە، یا ئەو دیوانەم چاپ بکردایە، نێوم دەنا [پرۆژەی نهێنیی کوودەتایەک].

هەڵگیرسانەوەی شۆڕش ڕاستییەک بوو پێویستی بە ژیری و لێکدانەوەیەکی زۆر نەبوو. زۆربەمان دەمانزانی شەڕ دەبێتەوە. ڕژێمی بەعس و بە تایبەتی سەددام خۆی، هیی ئەوە نەبوون متمانەیان پێ بکرێت. ئەوان ئەو ڕێککەوتنەیان بۆ ئەوە کردبوو تا پشوویەک بدەن و خۆیان دابمەزرێنن و خۆیان بەهێز بکەن. کوردیش پێویستی بە پشوودانێک هەبوو. من پێم وایە گەورەترین دەستکەوتی ئەو چوار ساڵەی ڕێککەتننامەکە بۆ کورد، گەشەکردن و پێشکەوتنی زمان و فەرهەنگی کوردی بوو.

**• خوێندنەوەی ئەزموونی فەرهاد شاکەلی لەسەر ئاستی شێواز و هونەر چ لێزیادبوونێکی لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا کردووە، کە ڕەخنەی کوردی خۆی لە ئاستی بێدەنگ کردبێت؟**

شاکەلی: لە یەک دوو دیداردا وتوومە: نە من وەک هیچ شاعیرێکی کورد دەنووسم و نە هیچ شاعیرێکی کوردیش وەک من دەنووسێت. ئەمە خۆهەڵکێشان نییە، بەڵکە خوێندنەوەی ئەزموونێکە کە لە زۆر ڕووەوە تایبەتمەندیی خۆی هەیە. بەڵام



**فەرهاد شاکەلی و سەلیم بەرەکات**




من نایێم خۆم لە جێی ڕەخنەگری کورد دابنێم و بە بەژنوباڵای ئەو ئەزموونەدا هەڵبڵێم. چاوەڕوانی ئەوەیش نیم ڕەخنەی کوردی گەیشتبێتە ئاستێکی وا، کە دادوەرانە و بەرپرسیارانە و زانستییانە ئەزموونی من هەڵسەنگێنێت. ڕەخنەی کوردی دیلی سێ دەردی بێدەرمانە: پێوەندیی تاکەکەسی، ئینتیمای سیاسی و شۆڤینیزمی ناوچەگەری.

بێجگە لە زمان و ئەدەبی کوردی، من تا ڕادەیەک بە چوار زمانی دیکە دەخوێنمەوە و ئاگاداری ئەدەب و فەرهەنگی ئەو چوار زمانە، یا ئەو چوار نەتەوەیەم. باوەڕ بکە ئەو بەرەڵایی و گاڵتەجاڕییەی لە ڕەخنەی کوردیدا هەیە، نموونەی وەها لە هیچ زمان و فەرهەنگێکی دیکەدا شک نابەم.

**● ئایا ئەزموونی تۆ، توانیویەتی پەخشانە شیعری کوردی بۆ ئاستێکی باڵا و دەگمەن بگوێزێتەوە؟**

شاکەلی: تۆ دەزانیت، ناکرێ من بێم پەسنی ئەو ئەزموونەی خۆم بدەم و نرخاندنی بۆ بکەم. ڕەنگە بتوانم هەندێک ڕاستیی بنەڕەتی و بێلایەنانەی ئەزموونەکە دەربڕم. باوەڕ ناکەم هیچ شاعیرێکی کورد هێندەی من کاری لەسەر پەخشانە شیعر کردبێت و هێندەی من تازەکاری و نوێکردنەوەی لەو بوارەدا پێشکەش کردبێت، بە تایبەت ئەگەر قسە لەسەر لایەنی زمانەوانی بکەین. ئێستا دەتوانم تەنیا هێندە بڵێم. ئەوی دیکەی بۆ خوێنەری کورد بە جێ دەهێڵم.

**● لە پەخشانە شیعر، یان لە شیعردا دەگەیت بە شیعرییەت. واتە: شیعرییەتی پڕ؟**

شاکەلی: پەخشانە شیعر چارەسەرێک یا ڕێگەیەکی جوان و هونەرمەندانەیە بۆ دەربڕینی وزە شاردراوەکانی شیعرییەت، بەڵام ڕێگەیەکی ئاسان نییە، دەتوانم بڵێم ڕێگەیەکی دژواریشە. لە نووسینێکمدا وتوومە، پەخشانە شیعر ناکرێ وا لێک بدرێتەوە کە تێکستێکی، یا شیعرێکی، بێ کێش و سەروا (قافییە)یە. تۆ ئەگەر دەستبەرداری کێش و قافییە ببیت، واتە چەکێکی گرنگ و بەهێزت لە دەست چووە و دەبێ شتێکی دیکەی بەهێزتر جێی کێش و قافییە بگرێتەوە. لێرەدایە کە نەخشی زمان و مۆسیقای ناوەکی دەردەکەوێت. دەیان کەس و بگرە زۆر زیاتریش لە کورددا هەن کە پەخشانە شیعر دەنووسن، بەڵام چەندیان توانیویانە تێکستێکی جوان و بەهێز و مەعنادار ببەخشنە زمان و فەرهەنگی کورد؟

باوەڕ بفەرموو بەشێکی زۆری شاعیرانی کورد، ئەگەر کێش و قافییە لە شیعرەکانیان دەر بهێنیت، تەنیا توپەڵە وشەیەکی بێ ڕەنگ و بێ بەرامە و بێ ناوەڕۆکیان لێ دەمێنێتەوە، کە کەس نایخوێنێتەوە و هیچ بە خوێنەرناڵێت. نامەوێ ناوی کەس بهێنم، بەڵام زۆر لەو ناوانەی کە وەک مامۆستا فلان و مامۆستا فیسار ناو دەبرێن، لەم جۆرە شاعیرانەن. ئەوەی پاراستوونی و ناوەڕۆکی چۆڵ و ناهونەریی تێکستەکانی شاردوونەوە، کێش و سەروایە، نەک شیعرییەت و هونەر و داهێنان.

**● ئەو بەیانە شیعرییەی لە سەرەتای حەفتاکاندا لەگەڵ (لەتیف هەڵمەت) بە دەستنووسی ڕاتانگەیاند، تییدا دەڵێن: دەمانەوێ مەیموونی شیعری کوردی بکەین بە مرۆڤ، ئایا ئەگەر کردووتانە بە مرۆڤ، بووەتە مرۆڤێکی (وریا و کاریگەر) یان هەر خۆخستنەڕوویەکی ورووژێنەر بوو بەس، یان کاردانەوەیێکی بەیاننامەی (ڕوانگە) بوو؟**

شاکەلی: ئەو بەیانە شیعرییە دەکرێ بە زۆر شێوەی جیاواز بخوێنرێتەوە. لەوەیە تێکەڵاوییەک بووبێت لە هەموو ئەو شتانەی باست کردوون. بەڵام لە پاڵ هەموو ئەوانەیشدا چەند ڕاستییەک هەن کە نابێ بشێردرێنەوە. ئێمە دوو شاعیری لاوی بەهرەدار و بەرزوویست و دڵسۆزی شیعر

> **من کە ڕۆژنامە یا گۆڤارێک دەخوێنمەوە، هەرگیز لاپەڕەکانی ئابووری و وەرزش ناخوێنمەوە و تەماشایشیان ناکەم**

و فەرهەنگ و زمانی کوردی بووین. زۆر گرنگ بوو دەنگ و ڕەنگی خۆمان بگەیێنینە نووسەران و ڕووناکبیرانی ئەو سەردەمەی کوردستان. کۆنگرەکەی یەکێتیی نووسەران کە لە هاوینی ١٩٧١دا لە هەولێر بە ڕێوە چوو، دەرفەتێکی چاک بوو بۆ ئێمە. پێم وایە تا ڕادەیەکی باشیش ئامانجەکانمان پێکان، بەڵام ئەگەر کەسانێک بە شێوەیەکی دیکە بینیویانە و دەیبینن، ئەوە هەڵەی کردار و تێکستەکەی ئێمە نییە، بەڵکە هەڵەیەکی لۆگیکی (منطقي) و عەقڵانی لە تێگەیشتنی ئەواندا هەبووە و هەیە.

ڕاستییەکی دیکە لەبارەی ئەو تێکستەوە ئەوەیە، کە بەیانەکەی ئێمە زۆر لە بانگەوازەکەی برایانی ڕوانگە پێشکەوتووترە. ئێمە باسی شیعرمان کردووە، بەڵام ئەوان باسی سیاسەت و باری کۆمەڵایەتی دەکەن.

ئێمە وتوومانە دەمانەوێ مەیموونی شیعری کوردی بگۆڕین و بیکەین بە مرۆڤ. ئەم وێنەیە خۆی لە ڕاستیدا لە تیۆرییەکەی چارلس داروین (١٨٠٩-١٨٨٢)ەوە وەرگیراوە، کە ئەو هاوینە بڕێکم لێ خوێندبووەوە. وەڵامی ئەو بانگەشەیەی ئێمە، ئەو بەرهەم و تێکستانە، ئەو دیوان و کتێب و تەرجەمە و لێکۆڵینەوانەن کە تا ئەمڕۆ پێشکەشمان کردوون. بەڵام وەک پێشتریش وتم، ناکرێ ئێمە خۆمان بێین پێگەی ئەدەبیی خۆمان و بەرهەمی خۆمان هەڵسەنگێنین. بە ڕاستی ئەگەر ئەو هەموو ناهەقی و بێدادی و بێویژدانییە نەبووایە کە بەرانبەر ئێمە کراوە و دەکرێ، نە ئەوسا پێویستمان بە بەیانی شیعری دەبوو، نە ئێستایش دەبوو ئەوەندە بەرگری لە خۆمان بکەین.

**● لەو بەیاننامەیەی بە یەکەوە دەرتان کرد، لەچ خاڵێکدا یەکتان دەگرتەوە و لە چ خاڵێکیشدا لێک جیا دەبوونەوە؟ ئەدی سروشتی پەیوەندیتان لەگەڵ یەکدا چۆن بوو؟ ئەی ڕەشنووسی یەکەمی بەیانەکە کامەتان نووسیوتانە، دواتر بە یەکەوە تاوتوێتان کردووە؟**

شاکەلی: ئەوە چیرۆکێکی دوورودرێژە و لە یەک دوو دیداردا، پێشتر باسم کردووە. کاک لەتیف هەڵمەت هاوڕێیەکی خۆشەویست و بەڕێزمە و لە پاییزی ساڵی ١٩٦٥دا یەکمان ناسی و خۆشبەختانە ئەو دۆستایەتییە تا ئەمڕۆیش بەردەوامە. من ئەو پاییزە لە پۆلی یەکەمی ناوەندی، لە قوتابخانەی ئامادەیی کفری، دەستم بە خوێندن کرد. ئەو کاتە هەڵمەت لە پۆلی سێیەمی ناوەندیدا بوو. لەتیف ٤-٥ ساڵێک لە من بەتەمەنترە. بنەماڵەکانمان بە هۆی ئامۆزایەکی ئەو و ئامۆزایەکی منەوە یەکتریان دەناسی. ئەو پاییزە لەتیف و منیش بووین بە هاوڕێ. ئەو هاوڕێیەتییە ڕووداوێکی مێژوویی بوو، چونکە پێکەوە بووین بە نوێنەر و سیمبۆلی ئەو ڕەوتە ئەدەبییەی دواتر وەک قوتابخانەی کفری لە شیعری کوردیدا ناسرا. ناکرێ بڵێین هەر لە سەرەتاوە ئێمە لەسەر هەموو شتێک ڕێک کەوتووین و بنەڕەتی ڕەوتێکی ئەدەبی یا شیعریمان داڕشتووە.

لە ماوەی ئەو دوو سێ ساڵەدا کە پێکەوە لەو قوتابخانەیەدا دەمانخوێند، دەتوانم بڵێم هەر شەش ڕۆژەکەی حەفتە کە لە قوتابخانە دەبووین، من و لەتیف پێکەوە دەبووین و باسوخواسی سەرەکیمان ئەدەب و شیعر بوو. دوای نیوەڕوانیش، کە دەچووینەوە بۆ ماڵ، هەر زوو لە ماڵ دەردەچووین و بەناو شاری کفریدا، کۆڵان و جادە نەدەما سێ جار و چوار جار پێیدا نەڕۆین. هەر کتێبێکمان دەست بکەوتایە هەردوومان دەمانخوێندەوە و قسەمان لەبارەیەوە دەکرد. بە ڕاستی، ئەگەرچی ئەزموونێکی ئەوتۆی نووسین و ژیانیشمان نەبوو، بەڵام لە ڕووی بیرکردنەوەوە هێندە بوێر بووین کە باسی هەموو شتێک بکەین و ڕەخنەیش لە زۆر نووسەر و زۆر کتێبیش بگرین.

ئەم پەیوەندییەی ئێمە جاروبار ناوبڕی تێ دەکەوت. هۆیەکەیشی ئەوە بوو کە لەتیف وا بزانم سێ ساڵ پۆلی سێی ناوەندیی خوێند، بەڵام هەر بۆی تەواو نەکرا. ئیتر دەبوو بچێتە سەربازی. ماوەیەکیش لە کەرکووک ژیا، لە ماڵی مامۆستا لەتیف حامیددا، بەڵام هەر کاتێک سەری ماڵی باوکی دەدایەوە لە کفری، دیسان

> “ **شێخ ڕەزا کە باسی سێکس دەکات، خۆی دەکاتە گەورەترین پاڵەوان [پاڵەوانێکی قەوی و قۆڵە...] و زۆر شتی دیکەی لەو بابەتە، بەڵام کە باسی شەڕ دەکات، هەرگیز خۆی نەکردووەتە پاڵەوان** ”



**لەتیف هەڵمەت و فەرهاد شاکەلی**

تێ هەڵدەچووینەوە و باسوخواسمان هەر بەردەوام بوو. هەر لەو ساڵانەدا هەردوومان شیعرمان دەنارد بۆ ڕادیۆی کوردیی بەغدا و دەخوێنرانەوە. من یەکەم شیعرم هاوینی ١٩٦٧ لە ڕۆژنامەی [دەنگوباس]دا بڵاو کرایەوە. لە ساڵانی ١٩٦٨ تا ١٩٧٠ چەند شیعرێکم لە گۆڤاری (کاری میللی) و حەفتەنامەی (هاوکاری)دا بڵاو کرانەوە و یەک دوو نووسینیشم بە زمانی عەرەبی لە ڕۆژنامەی (النور)دا. لەتیف پاییزی ١٩٧٠ دیوانی [خوا و شارە بچکۆلەکەمان]ی بڵاو کردەوە. من هاوینی ١٩٧٠ چووم بۆ بەغدا و بۆ یەکەمین جار کۆمەڵێک لە نووسەر و شاعیرانی کوردم ناسی، کە هەندێکیان سەر بە گرۆی ڕوانگە بوون. لەتیفیش هەر ئەو ساڵانە ئاشنایەتیی لەگەڵ نووسەرانی ڕوانگە و نووسەرانی دیکەدا پەیدا کردبوو. ئێمە هەر لەو کاتەوە ئەو هەستەمان لا پەیدا بوو، کە برایانی ڕوانگە زۆر دژایەتیی ئێمە دەکەن و پێیان خۆش نییە لە خۆیان بەولاوە شاعیری نوێخواز و داهێنەر هەبێت. لەبەر گەلێک هۆیش، لە ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکاندا دەستیان دەڕۆیشت و ڕێگرییان لە نووسینی ئێمە و دەرکەوتنی ئێمە دەگرت. ئەم هەلومەرجە بوو بە هۆی ئەوەی ئێمەیش هەوڵ بدەین زیاتر لە یەکدی نزیک ببینەوە و دەنگی خۆمان بگەیێنینە خوێنەری کورد. دەبێ ئەو ڕاستییەیش بڵێین کە سەرەڕای هەڵوێستی نادۆستانەی ئەوان، بەڵام نەیاندەتوانی نکۆڵی لە بوون و بەرهەم و

> "باوەڕ ناکەم هیچ شاعیرێکی کورد هێندەی من کاری لەسەر پەخشانە شیعر کردبێت"

داهێنانی ئێمە بکەن. تۆ سەرنجی ئەوە بدە کە لە ژمارەی یەکەمی «گۆڤاری ڕوانگە»دا بێجگە لە بەرهەمی نووسەرانی ڕوانگە خۆیان، بەرهەمی سێ کەسی دیکەیان بڵاو کردووەتەوە کە سەر بە ڕوانگە نین: فەرهاد شاکەلی، عەبدوڵڵا پەشێو و ئەحمەد شاکەلی. تەنانەت ئەوان بێ ئەوەی پرس بە خۆم بکەن شیعری (ونبوون لەناو وشەدا)ی منیان هەڵبژاردبوو و لە گۆڤارەکەدا بڵاویان کردبووەوە. لە ژمارەی دووەمی ڕوانگەدا، کاک حسێن عارف لێکۆڵینەوەیەکی لەسەر شاعیرانی یاخی و بەگژاچوو نووسیوە، کە تەرخانی کردووە بۆ باسی شیعری دوو شاعیری ڕوانگە، شێرکۆ بێکەس و جەلالی میرزا کەریم، بەڵام هاوکاتیش دەڵێ کە شاعیرانی یاخی و بە گژاچوو هەر ئەو دووە نین. لەوێدا ناوی جەمال شارباژێڕی و عەبدوڵڵا پەشێو و سەلاح شوان و لەتیف هەڵمەت و فەرهاد شاکەلی دەهێنێت، کەچی باسی ڕەفیق سابیر و سامی شۆڕش و سەلام محەمەد ناکات.

ئەم پێشەکییە درێژەم بۆیە هێنایەوە، بۆ ئەوەی خوێنەر پاشخانی پێوەندیی ئێمە و گرۆی ڕوانگە تێبگات. ئێمە، بە قەولی کوردەواری، هەر زوو کەوتینە خۆمان، ئەگەرچی هەندێ جاریش سەر نەدەکەوتین دەنگی خۆمان بگەیێنین. لە کۆنگرەی دووەمی یەکێتیی نووسەرانی کورددا، تەممووزی ١٩٧١، لە هەولێر بەیانی [شێتەکان: سەرنج، هەڵوێست، پرۆژە]مان هەر بە دەستخەتی خۆمان بڵاو کردەوە. بەیانەکە بەرهەمی بیرکردنەوەی هەردووممانە. هەر ئەو جۆرە بۆچوون و باوەڕانەمان تێدا نووسیون کە لە قسە و باسی خۆماندا دەیان جار دووبارەمان دەکردنەوە. بەڵام داڕێشتنی تێکستەکە، لە سەرەتادا هەمووی من نووسیبووم و لەگەڵ خۆمدا بردم بۆ کەرکووک. کە ڕۆژی پێش کۆنگرە چووم بۆ کەرکووک و میوانی ماڵی مامۆستا لەتیف حامید بووم، مەبەستەکەم ئەوە بوو هەڵمەت ببینم و پێکەوە ڕێکی بخەین. دیارە هیچیشمان بۆ مامۆستا لەتیف حامید باس نەکرد، کە نیازێکی وامان هەیە. کە شەو بۆ خەوتن، چووینە سەربان، بۆ هەڵمەتم باس کرد. زۆری پێ خۆش بوو. تێکستەکەم پێشانی دا، ئەویش پێشنیازی گۆڕینی هەندێ ڕستە و دەربڕین و خستنەسەری هەندێ بیر و ڕستەی تازەی کرد و ئەو بەیانەمان پێکەوە نا.

پێوەندیی هەڵمەت و من، کە ئێستا خۆی دەدا لە ٥٧ ساڵ، هەمیشە دوولایەنە بووە. لە لایەکەوە

زۆر دڵگەرمانە هەوڵمان داوە نوێگەری و داهێنان و یاخیبوون بهێنینە ناو شیعر و زمان و فەرهەنگی کوردییەوە و بەرانبەر نەیارانی ئەدەبیمان یەکگرتوو بین و کۆڵ نەدەین، لە لایەکی دیکەیشەوە هەر یەکێکمان کەسایەتیی ئەدەبی و فەرهەنگی و شێوازی شیعری و زمانی تایبەتی خۆمان هەبووە و هەیە. دید و بۆچوونی ئەدەبی و فەرهەنگی و زمانەوانییشمان مەرج نییە لە هەموو ڕوویەکەوە هاوشێوە بووبێت. زۆر باس و بابەت هەن کە بە شێوەی جیاواز بیری لێ دەکەینەوە و دەریدەبڕین. هاوکاتیش خۆشەویستی و دۆستایەتی و هاوڕێیەتی و ڕێزگرتنی یەکدی، هەمیشە بنەمای سفت و پتەوی ئەو پێوەندییە بووە. هەر لە سەرەتایشەوە، بە هۆی ئێمەوە بنەماڵەی هەڵمەت و بنەماڵەی ئێمە ئاشنایەتی و پێوەندییان پەیدا کرد و ئێستا خوشک و برا و خزم و کەسوکاری هەردوو لامان یەکدی باش دەناسن. خۆشبەختانە ئەو ئاشنایەتی و پێوەندییەی من و لەتیف هەڵمەت بوو بە دوو ڕووباری ڕەنگین و بەخوڕ و وێڕای چەندان ڕووباری دیکە ڕژانە ناو زەریای ئەدەب و زمان و فەرهەنگی کوردییەوە.

**● ئایا کەلەپووری کوردی بنەما و ڕوانینی سۆفیگەریی تێدایە، یان نا؟ بەو مانایەی، تۆ ئاگاداری دەقی سۆفیگەرییت و دەینووسیت و بۆچوونیشت لەبارەیەوە ڕوونە. کار بۆ ئەوە دەکەیت هەستیاری و مەودای سۆفیگەری لە شیعردا بدۆزییەوە؟**

شاکەلی: پێم وایە لێرەدا لە جێی وشەی [کەلەپوور] زاراوەی [سامانی فەرهەنگی] بە کار ببەین چاکترە. بە ڕاستی ئێمە نازانین سامانی فەرهەنگیمان کەی دەستی پێ کردووە؟ ئەوەیش نازانین ئێمە لە کەیەوە کوردین و فەرهەنگی تایبەتی خۆمان هەبووە؟ بەڵام ئەوە دیارە کە تەسەووف لە دەوروبەری سەدەی ١٠-١١ی مەسیحییەوە گەیشتووەتە کوردستان. ناوی هەرە دیاری ئەو سەرەتایە بابا تاهیری هەمەدانی [عوریان]ە. دواتریش کەسانی دیکە پەیدا بوون کە وەک سۆفی ناسراون، بەڵام لەبەر ئەوەی بە کوردی بەرهەمیان نەبووە، بۆ نموونە سوهرەوەردیی کوژراو (١١٥٥-١١٩١)، دەر و دەراوسێ ناو و بەرهەمی ئەوانیان داگیر کردووە و کردوونیان بە هیی خۆیان.

ناوێکی هەرە گەورە و گرنگ و پایەدار و کوردانە، شاعیر و سۆفیی کورد مەلای جەزیرییە (١٥٧٠-١٦٤٠). جەزیری هەم دیوانێکی جوان و سۆفییانە و دەوڵەمەندی بە زمانی کوردی هەیە و هاوکاتیش لە شیعرەکانیدا سێ جار ناوی کوردستانی هێناوە. دوای ئەویش ئەحمەدی خانی دێت (١٦٥١-١٧٠٧) کە ئەویش ناوێکی تیشکپرژێن و گەورە و گەش و سۆفییە و لە کوردایەتییشدا بە باوکی بیری نەتەوایەتیی کورد دەژمێردرێت. هەروەهایش مەولەوی و مەحوی و مەولانا خالید و شێخ عومەری زیائوددین و سافیی هیرانی و بێخود و چەند شاعیری دیکە. زۆر جاریش توێژەرانی کورد بە زۆری زۆردارەکی دەیانەوێ بەشێک لە شاعیرانی کلاسیکی کورد وەک سۆفی پێشکەش بکەن، کە لەوەدا هەڵەن. هەر بۆ نموونە دەڵێم، نالی سۆفی نییە و ئەمەیش هیچ لە پلەی شاعیرێتیی نالی کەم ناکاتەوە. لە ڕۆژگاری ئەمڕۆیشدا شاعیری کورد هەن، ڕەنگە کەمیش نەبن، کە خۆیان بە سۆفی دادەنێن، بەڵام لە ئەلفوبێی تەسەووفیش نەگەیشتوون.

من لە تەمەنی سەرووی سی ساڵیدا بوو کە ئاشنایەتیم لەگەڵ ئیسلامدا پەیدا کرد [یا با بڵێم پەیدا کردەوە]، بەڵام هەر زوویش تەسەووفم ناسی و بە دڵ و بە گیان عاشقی بووم. ئاشنایەتی لەگەڵ تەسەووفدا کات و پشووی درێژی دەوێت. ساڵانێکی دوورودرێژە کە من سەرچاوە جۆراوجۆرەکانی تەسەووف دەخوێنمەوە و هەوڵم داوە لە بنەما گرنگەکانی تێبگەم، بۆ نموونە تیۆریی یەکێتیی هەبوون [وحدة الوجود]، کە دەیان سەرچاوەی چاک و گرنگم لەبارەوە خوێندبوونەوە، کەچی بۆ یەکەمین جار ساڵی پار بۆم گونجا ٧-٨ مانگ تەرخان بکەم بۆ خوێندنەوەی کتێبەکانی ئیبن عەرەبی [إبن عربي] لەو بوارەدا و هەروەهایش لێکۆڵینەوە و

**“ بەدر شاکر سەییاب هێندە ناشیرین بووە، کە خۆی لە شیعرێکدا گلەیی دەکات، ڕووی لە هەر کچێک ناوە، خۆشی نەویستووە، بەڵام من کە شیعرێکی سەییاب دەخوێنمەوە دەروونم پڕ دەبێت لە تیشک و بەرامە و هەزار ڕەنگەی وشە و وێنەکانی ”**

**- بەشی زۆری شیعرەکانم سێ ساڵ و چوار ساڵ و بگرە زیاتریشیان بەسەردا تێپەڕیوە، ئەوسا بڵاوم کردوونەوە**

نووسینەکانی هەندێک تەسەووفناسی ئەوروپایی، جاپانی و ئەمەریکایی.

ناساندن و دۆزینەوەی تەسەووف مەگەر تەنیا لە بواری توێژینەوە و لێکۆڵینەوەی زانستیدا، بتوانرێ کاری بۆ بکرێت، ئەگەرنا کەسێک ئەگەر خۆی ئامادەگی و عیشقێکی وەهای لا پەیدا نەبووبێت، ئێمە ناتوانین ئەو باوەڕە و ئەو خواستە ڕۆحی و ئەدەبییەی لا دروست بکەین.

**• لە ئەزموونی ئەو دوایەتدا وا دەبینرێ بەرەو (ئەزموونگەری) دەڕۆیت و سەرکەوتووانە بە کاری دەهێنیت، ئایا ئەمە ئارەزوویەکە لە لات دەجووڵێ؟ یان پلانێکی ڕۆشنبیرییە و بە ئاگاییەوە دەچیتە ناوی و لەناوی دەمێنیتەوە، یان ئەوە دەنووسیت کە ڕازیت دەکات؟**

شاکەلی: ئەزموونگەری هەمیشە نیشانەی ئەوە نییە کە شاعیر خوێندەوارێکی بەرزە یا شاعیرێکی گەورە و لێهاتووە. جاری وا هەیە کەسێک، شاعیرێک/نووسەرێک، بێ هیچ شارەزایی و ئاشنایەتییەک خۆی و تێکستەکانی دەخاتە ناو گۆمی ئەزموونگەرییەوە، بەڵام دەتوانم بڵێم بە زیندوویی لێی دەرناچێت، چونکە هونەری مەلەکردن لەو گۆمەدا نازانێت.

من لەنێوان ژانرە ئەدەبییەکاندا هاتوچۆ دەکەم، بە تایبەت دوای ئەوەی بووم بە نیشتەجێی ئەورۆپا، ئەگەرچی هەوڵی ئەزموونگەریم زۆرتر لە بواری شیعردا بووە. هێندەی خۆم بناسم ویستوومە ئەزموونگەرانە دەست بۆ زمان و فۆرمی شیعر ببەم. ئەگەر وەک ناوەڕۆک بەرەو شیعری سۆفییانە ڕۆیشتووم، ئەوەیان نە نەخشەم بۆ کێشاوە، نە بڕیارم بۆ دەرکردووە و نە کەسیش ئامۆژگاریی کردووم. ئەوە ئەنجامێکی سروشتیی خوێندنەوە و ئەزموونی تەمەن و جیهانبینیی فەلسەفی و هونەری و ئێستێتیکیی خۆمە. لە بواری کورتەچیرۆکیشدا هەندێ هەوڵی ئەزموونگەرانەم داوە، بەڵام لای خوێنەری کورد کەمتر ناسراوە.

**• لەئەزموونی شیعری هەموو گەلاندا، تەنیا ئەو شیعرانە ماونەتەوە کە بەئەزموونێکی کامڵ و هەمەچەشن نووسراون، ئامانجیان شیعرییەت بووە و بەس. لە شیعری کوردیدا، ناوەند و حزب هەنە، هەرچی دەسەڵاتی مادی و مەعنەوییان هەبووە بۆ چەند شاعیرێکیان بە کار هێناوە تا وەک دیاردە و ڕووداوێک پێشکێشی بکەن، بەڵام تۆ سەر بە هیچ ناوەند و حزبێک نەبوویت. بۆیە هیچ ناوەند و حیزبێکیش کاری بۆ نەکردووی. بەهات بۆ شیعر و شیعرییەت هێشتۆتەوە. ئەمەیان خەسڵەتی شاعیریەتییێکی (خانەدان) و (داهێنەر)ە؟**

شاکەلی: هەرچی حیزبی سیاسیی دنیا هەیە، کۆ ببنەوە ناتوانن شاعیرێکی داهێنەر دروست بکەن، بەڵام لەوەیە بتوانن دەیان شاعیری بوودەڵە و هەندێکی باشیش بکڕن. شاعیری سیاسی کەم جار شاعیرێکی باش و داهێنەرە. تۆ سەرنج بدەرە ئەدەب و شیعری میللەتان، دەبینی ئەو شاعیرانەی کە دەتوانی ناویان بنێی شاعیری سیاسی و هاوکاتیش شاعیری داهێنەر و سەرکەوتوو، یەکجار کەم و دەگمەنن. من ئەگەر بە دڵنیاییەوە قسە بکەم، دەتوانم تەنیا ناوی سێ شاعیری لەو جۆرەت پێ بڵێم: نازم حیکمەت، پابلۆ نێروودا و مەحموود دەرویش. لەوەیە هیی دیکەیش هەبن، بەڵام من ناوم نەبیستبن یا بەرهەمیانم نەخوێندبێتەوە، دەنا شاعیرانی دیکەی سیاسی هەموو لە پلەی دووەم و سێیەم و چوارەمدا دێن. ئەوجا با چەمکێکی یا لایەنێکی دیکەی شاعیری سیاسییشت بۆ باس بکەم. شاعیر و نووسەری وا هەن کە تێکستی سیاسییش نانووسن، یا کەم دەنووسن، بەڵام دەسندەخۆر و سەرشۆڕی حیزبی سیاسی و دەستەڵاتی سیاسین. لە سێبەری حیزب و دەستەڵاتدا نەبێت ناتوانن بژین، چاوپۆشی لە هەموو دڕندەیی و خوێنڕێژی و دزی و خۆفرۆشی و گەندەڵییەک دەکەن. ئەمانە تەنیا شاعیران نین، بەڵکە بەشێکی بەناو ڕووناکبیرانیش وان.

ئێمە کە ئاوەها باسی شاعیری سیاسی دەکەین، مەبەست ئەوە نییە بە تاوانبار یا خائینی دابنێین. تەنیا لە دوو پلەدا دەکرێ بیخەینە ژێر پرسیارەوە:

"دەیان جار ڕووی داوە و ڕوو دەدات کە تەلەڤیزیۆن، رادیۆ، ڕۆژنامە، گۆڤار داوای دیداریان لێ کردووم، بەڵام من نەمویستووە و پێم خۆش نەبووە دیدارم لەگەڵ بکەن"

پێم وایە گەورەترین دەستکەوتی ئەو چوار ساڵەی ڕێککەتننامەکە بۆ کورد، گەشەکردن و پێشکەوتنی زمان و فەرهەنگی کوردی بوو

ئایا دەبێتە دەسندەخۆرێکی وەها کە چاو لە تاوان و بەدکارییەکانی حیزب و دەسەڵات بپۆشێت؟ دووەمیش ئایا جوانی و ئێستێتیکی شیعری دەکاتە قوربانی سیاسەت و دروشمی سیاسی؟ شاعیرێکی وەک مامۆستا گۆران، لە سیاسەت چیی دەست کەوت؟ ئەوە نەبێت کە بە ساڵان خرایە زیندانەوە و ئازار و ئەشکەنجە درا. بەڵام گۆران باوەڕ ناکەم لەسەر شیعر خرابێتە زیندانەوە، بەڵکە لەسەر ئەوەی ئەندامی حیزبی کۆمونیستی عیراق بووە. لەناو سەد شاعیردا ڕەنگە تەنیا یەکێکیان بتوانێت شیعرێکی سیاسیی وا جوان بنووسێت، کە نرخە زمانەوانی و ئێستێتیکییەکانی نەدۆڕاندبێت، ئیتر ٩٩-یەکەی تر تەنیا دروشمی سیاسیی بێتام ڕیز دەکەن. بە داخەوە گۆران و هێمن و هەژار و جگەرخوێن و کامەران موکری و زۆری دیکەیش تووشی ئەو پەتایە بوون و بەشێک لە شیعرەکانیان، زۆر پێش کۆچی خۆیان، گیانیان سپارد.

**● ئەو شاعیرە نوێخواز و سۆفیگەر و یاخییەی ناوی (فەرهاد شاکەلی)یە. ئایا بۆ خەڵاتی نۆبێل هەوڵ دەدا، یان بۆ ئەزموونی شیعریی پڕ و جیاواز. (نەجیب مەحفووز) کاتێک خەڵاتی نۆبێلی وەرگرت، دوای خەڵاتەکە بە ماوەیەکی کورت چاوپێکەوتنێکی لەگەڵدا کرا گوتی: پێش ئەوەی خەڵاتەکە شایەنی ئەزموونی من بێت لە جیهانی داهێنانی عەرەبیدا شایەنی (عەبدولوەهاب بەیاتی)یە. ئایا ئەگەر تۆ خەڵاتی نۆبێل وەربگری، ئەو ڕاشکاوی و لەخۆبردووییەت لا ڕوودەدات. دانپێدانێکی وەک ئەوەی ناوبراوت لێ ببیسین، یان کێ پێش خۆت هەڵدەبژێری؟**

شاکەلی: پرسیارەکە پێویستی بە دوو ڕوونکردنەوە هەیە: یەکەم، خەڵاتی نوبێل، ساڵانێکی دوورودرێژە، لەوە دەرچووە خەڵاتێکی ئەدەبی بێت، بەڵکە خەڵاتێکی سیاسییە و بە بڕیاری سیاسی دەدرێت بە نووسەران، بەڵام هەر ١٠-١٥ ساڵ جارێک وەک ڕیزپەڕ (إستثناء) خەڵاتەکە دەدەن بە کەسێکی جیاواز، کە ئەوەیش بۆ خۆی تاکتیکێکی سیاسییە، تەنیا بۆ پاراستنی ناوبانگی دەستگاکەی خۆیان و بۆ هەڵخەڵەتاندنی کەسانی ساویلکە؛ دووەمیش، کورد، یا نووسەری کورد، زۆری ماوە خەڵاتی نوبێل وەربگرێت. هەر کاتێک کێشەی سیاسیی کورد هێندە چووە پێشەوە کە زلهێزەکانی ڕۆژاوا بە ڕاستی پشتی بگرن، ئەودەم خۆیان «نووسەری لەبار» دەدۆزنەوە

**باوەڕ بکە ئەو بەرەڵایی و گاڵتەجاڕییەی لە ڕەخنەی کوردیدا هەیە، نموونەی وەها لە هیچ زمان و فەرهەنگێکی دیکەدا شک نابەم**

و بەرهەمەکانی تەرجەمەی پەنجا زمان دەکەن و دواییش خەڵاتی دەکەن.

من ئەوە باش دەزانم کە هەرگیز خەڵاتی نوبێل وەرناگرم، بەڵام لەپێناوی پرسیارەکەی ئێوەدا با وای دابنێین کە لە ڕۆژی پێنجشەممەیەکی



**شاکەلی - پێشمەرگایەتی ١٩٧٤**



**فەرهاد شاکەلی و هەژار موکریانی**

مانگی تشرینی یەکەم (ئۆکتۆبەر)ی ساڵێکدا بڕیار درا خەڵات بکرێم، بێگومان ئەگەر پێم وا بێت، لەو کاتەدا، نووسەرێکی کوردی لە من شایانتر هەیە، دەڵێم دەبوو بدرێت بە ئەو نووسەرە. ئەگەر ئێستا، ئەمساڵ، ئەوە ڕوو بدات، من یەک نووسەری کورد بە شایانی ئەو خەڵاتە دەزانم، کە ئەویش [سەلیم بەرەکات]ە و بە داخەوە بە کوردی نانووسێت، بەڵام کوردێکی باش و نووسەرێکی گەورەیە.

> “ من یەک نووسەری کورد بە شایانی ئەو خەڵاتە دەزانم، کە ئەویش [سەلیم بەرەکات]ە ”

با پرسیارەکەت لە ڕوانگەیەکی دیکەوە تەماشا بکەین! ئەگەر نووسەری شایانی خەڵاتی نوبێل بە پێوەری بەشی زۆری ئەو نووسەرانە بێوین کە لە ماوەی ٥٠-٦٠ ساڵی ڕابوردوودا وەریانگرتووە، پێم وایە لەناو کورددا ٤-٥ نووسەری وامان هەن کە هیچیان لەو خەڵاتوەرگرانە کەمتر نییە.

**• فەرهاد شاکەلی مەشخەڵی نوێخوازیی لە شیعری کوردیدا داگیرساند، لە ئەزموونی ئەودا شیعر بوو بە (دۆزینەوە) و (کرانەوە). ئەو گۆڕان و داهێنانە چی بوون، کە لەدۆزینەوە و کرانەوەدا بەرپات کرد؟**

شاکەلی: دەبوو ڕەخنەی کوردی وەڵامی ئەو پرسیارە بداتەوە. ئەگەر تەنیا باسی بەرهەمی شیعری بکەم، لە پرسیارێکی پێشتردا بە جۆرێک وەرامی ئەو پرسیارەم داوەتەوە. پێم وایە لە تەشک (فۆرم) و زمانی شیعردا نوێخوازی و گۆڕان و داهێنانم بەخشیبێتە ئەدەبی کوردی.

لایەنێکی دیکەیش، دیسان لە شیعردا، ئەوەیە کە من بیروباوەڕی تەسەووفم بە شێوەیەکی زۆر تازە و جیاواز لە شاعیرانی دیکەی کورد، چ کلاسیک و چ مۆدێرن، پێشکەش کردووە. هەرچۆنێک بێت، لەم ڕووەوە بڕیاری کۆتایی لای من نییە، لای خوێنەر و توێژەر و ڕەخنەگری کورد و لای مێژووی ئەدەبی کوردییە.

**• ڕەخنە بە هەردوو ئاراستەیەوە، هەست دەکەیت سوودی بە ئەزموونی تۆ گەیاندبێت؟**

شاکەلی: نا. باوەڕ ناکەم. ئەگەرچی دەیان جار لەسەر بەرهەمەکانم، چ شیعر و چیرۆک بێت، یا لێکۆڵینەوە، نووسراوە. لێرەدا من باسی ڕەخنەی کوردی دەکەم، کە یا هێرشی بێبناخە و ناڕەوایە، یا پەسندانی بەلاش. بەڵام ئەو ڕەخنانەی بە عەرەبی، سوێدی یا ئینگلیزی لەسەر بەرهەمەکانم نووسراون، سوودم لێ وەرگرتوون و هەست دەکەم ڕەخنەگرەکان بەرپرسیارانە تێکستەکانی منیان خوێندوونەوە و لە خۆیانەوە قسە ناکەن.

**• فەرهاد شاکەلی لە کۆمەڵە شیعرێکەوە بۆ کۆمەڵێکی دی وەک شاعیرێکی نوێ لەدایک دەبێتەوە و هەستیارییەکی سەرسووڕهێنەر لە بەها و بونیاددا پێشکێش دەکات، واتە: کۆمەڵە شیعرێکی، کۆمەڵە شیعرەکەی دی ناسڕێتەوە، بەڵکوو چین چین تەلار بەرز دەکاتەوە و لە بێدەنگییەکی شیعریدا دەدرەوشێتەوە؟**

شاکەلی: سوپاسی ئەو بۆچوون و هەڵسەنگاندنەتان دەکەم. دڵنیام کەسانێکیش هەن ڕێک پێچەوانەی ئەوە دەڵێن.

**• زۆر وتارت لەبارەی شیعرەوە نووسیوە، بەڵام بە لای تیۆریی شیعریدا نەچوویت. ئایا بە لاتەوە تیۆری شیعر لە قاڵب دەدا و تۆش ناتەوێ ئەزموونت لە قاڵب بدرێ؟**

شاکەلی: لە دوو سێ دیداری دیکەدا ئەو پرسیارەیان لێ کردووم. ئێستا دوای ئەوەی کە هەزاران ساڵە شیعر دەنووسرێت و ملیۆنان شاعیر هاتوون و ڕۆیشتوون، نە دەکرێ پێناسەیەکی دیاریکراو بکەینە پێوەر بۆ ناساندنی شیعر و نە دەتوانین تیۆرییەکی تایبەت بکەینە بنچینەی لێکدانەوە و نرخاندنی شیعر. سەدان و هەزاران شت لەبارەی شیعرەوە گوتراوە و نووسراوە. هەر شاعیرێکی خوێنەوار و شارەزای ئەم جیهانە بگریت، تیۆریی تایبەتی خۆی هەیە و بە باوەڕێکی بتەویشەوە بەرگریی لێ دەکات.

هۆیەکی دیار و بەرچاوی ئەو هەموو جیاوازییە لە ناساندن و بەتیۆریکردنەدا هیی ئەوەیە کە لە سەردەمە جۆراوجۆرەکانی مێژوودا ئەرکی جیاواز بۆ شیعر و بۆ شاعیر دیاری کراوە و هەروەها پێکهاتەی شیعر خۆیشی گۆڕانی بەسەردا هاتووە. من تیۆرییەکی تایبەتم لەبارەی شیعرەوە دانەڕشتووە، بەڵام لە زۆر نووسین و دیداردا لە بارەی شیعرەوە قسەم کردووە. لەوەیە ئەگەر ئەو بۆچوونانەم کۆ بکەمەوە شتێکیان لێ دەربچێت، لە تیۆری بچێت. بەڵام نە جیهانی شیعر پێویستی بە تیۆریی من هەیە و نە منیش خۆم بە تیۆریداڕێژ دادەنێم.

**● گرنگترین شیعر ئەو شیعرانەن، کە زۆر پێیدا دەچێتەوە. ئایا تۆ دڵڕەقیت بەرانبەر شیعرەکانی خۆت، زۆر پێیدا دەچیتەوە و دەیهێڵیتەوە، جا بڵاوی دەکەیتەوە، یان بۆچوونت چییە لەبارەی ئەوەی شیعر لەلای شاعیر زۆر بمێنێتەوە، جا بڵاوی بکاتەوە؟**

شاکەلی: هێندەی لە بیرم بێت، هەرگیز بۆ بڵاوکردنەوەی شیعر یا بەرهەمی دیکەم پەلەم نەکردووە. جاری وا هەیە، شیعرێک یا تێکستێکی دیکە، شەش ساڵ، حەوت ساڵ دوای نووسینی بڵاوم کردووەتەوە. بەرانبەر شیعر و نووسینی دیکەیشم تا بڵێی دڵڕەق و سەختگرم. تێکستی وام هەیە، ٢٠ تا ٣٠ جار پێیدا چوومەتەوە و دەستکاریم کردووە، ئەوسا بڵاوم کردووەتەوە.

تۆ دەزانیت، بە هۆی ئەوەوە کە لێکۆڵینەوەی زانستی لە چەند بوارێکدا دەنووسم، ساڵانە چەند جارێک بانگهێشت دەکرێم بۆ وڵاتانی جیاواز، بۆ بەشداری لە کۆنفرانس و سەمیناری زانکۆکاندا. ناخۆشترین و بێتامترین بانگهێشت هیی زانکۆ و دەستگاکانی کوردستانە، چونکە تەنیا یەک مانگ یا دوو مانگ پێش کۆنفرانسەکان ئاگادارم دەکەن. جاری وایش هەبووە کە سێ ڕۆژ پێش کۆنفرانس پێیان وتووم. منیش ناچارم بەشداری نەکەم، چونکە دەبێ کاتێکی باشم بە دەستەوە هەبێت بۆ نووسینی لێکۆڵینەوە و هەروەهایش پێداچوونەوەی.

> ئێمە وتوومانە دەمانەوێ مەیموونی شیعری کوردی بگۆڕین و بیکەین بە مرۆڤ. ئەم وێنەیە خۆی لە ڕاستیدا لە تیۆرییەکەی چارلس داروین (١٨٠٩-١٨٨٢)ەوە وەرگیراوە

بە لای منەوە نووسین، هەموو جۆرە نووسینێک، بەرپرسیارەتییەکی ئەخلاقی و مێژوویی و هونەرییە، ناکرێ هەروا بە گاڵتە وەریبگرین و لە کۆڵی بکەینەوە. زۆرم پێ سەیرە کە دەبینم شاعیرێک یا نووسەرێک، تێکستێک لە ڕۆژنامەیەکدا لە ڕۆژی، با بڵێین، پانزدەی مانگدا بڵاو دەکاتەوە، لە ژێر تێکستەکەیشدا دەڵێ چواردەی مانگ نووسراوە. کەواتە هەر دوێنێ نووسیویەتی و هەر دوێنێیش ناردوویەتی بۆ ڕۆژنامەکە. ئەمە ئەوپەڕی نابەرپرسیارەتی و بێدەربەستییە.

دەبێ ئەوەیش بڵێم، شیعری وام هەیە کە هەر هەمووییم بێ ناوبڕ و بەسەر یەکەوە نووسیوە، دواتر چەند جارێکیش خوێندوومەتەوە، بەڵام وام هەست کردووە کە پێویستی بە دەستکاریکردن نییە. لەوە بترازێت، ئیتر شیعر و چیرۆک و تەرجەمە و لێکۆڵینەوەکانم، چەندان جار پێیاندا دەچمەوە و دەستکارییان دەکەم، ناوەڕۆک و ڕێنووس و ڕێزمانیش دەستکاری دەکەم، تا دەگەمە سنوورێک کە دەزانم ئیتر دەبێ لێیان بگەڕێم و وازیان لێ بێنم، ئەگەرنا لەوەیە زیانیان پێ بگەیێنم.

**● لە ژیانی ئەدەبیتدا زۆر کتێبی شیعریت بە چاپ گەیاندوون، ئەگەر دەزگایەکی بڵاوکردنەوە داوات لێ بکات لەو خەرمانە زۆرەتدا (بژاردەیەک) هەڵبژێری. ئەمە بە کرۆکی ئەزموونی خۆت دەزانی. خوێنەر و ڕەخنەگر و زانکۆکان تەنیا مامەڵە لەگەڵ ئەو هەڵبژاردەیە بکەن، تەواوی شاعیریەتیت لەم هەڵبژاردەت ببینن؟**

شاکەلی: زۆر جار بیرم لەوە کردووەتەوە هەڵبژاردەیەکی پوختەی شیعرەکانم ئامادە بکەم و وەک کرۆک و نقێشکی ئەزموونی شیعریم بیخەمە بەردەستی خوێنەر و توێژەر و ڕەخنەگری کورد، بەڵام لێتی ناشێرمەوە، کە زۆر جاریش هەر خۆم سەرزەنشتی خۆم دەکەم و دەڵێم هێشتا زووە. لەوە دەترسێم هەرگیز فریای

> “ یەکەم شیعرم هاوینی ١٩٦٧ لە ڕۆژنامەی [دەنگوباس] دا بڵاو کرایەوە. لە ساڵانی ١٩٦٨ تا ١٩٧٠ چەند شیعرێکم لە گۆڤاری (کاری میللی) و حەفتەنامەی (هاوکاری)دا بڵاوکرانەوە و یەک دوو نووسینیشم بە زمانی عەرەبی لە ڕۆژنامەی (النور)دا بڵاوکرانەوە ”



**شاکەلی لای پابلۆ نیروودا**

ئەو هەڵبژاردنە نەکەوم.

**● لە ئاستی زمان، شێواز و خەیاڵ و جیهانبینی و بوێری ئاژاوە، هەندێ جار لە دادائیزم و سوررياليزم نزیک دەبیتەوە، لەم نزیکبوونەوەیەت (چییەتی) بەرزبوونەوە و هاتنە خوارەوە، کە ئەم دوو تەوژمە ویستوویانە بیکەن بە (چارەنووسی مرۆڤ) دەردەکەوێ، کەچی شیعری کوردی لە شەستەکان تووشی جۆرێک لە مەنگی دەبێت و تۆ دەیجووڵێنێت و مانای شۆڕشگێڕیی نوێی پێ دەدەیت. لە ئاستی یەکەم نزیکبوونەوە لەو دوو تەوژمە جۆرێک ئاژاوە دەنێتەوە. لە ئاستی دووەم مانادانێکی هاوچەرخ و شۆڕشگێڕییە ناتەبابییەکی فیکری لەم دوو ئاستەدا دەردەکەوێ.**

شاکەلی: بزووتنەوەی سورریالیزم، ئەگەرچی بە ڕوواڵەت وەک ئاژاوەگێڕی و ناماقووڵ دەردەکەوێت، بەڵام بە ڕاستی پرۆتێست و تووڕەبوونێکی جوان و هونەرمەندانە و داهێنەرانە بوو. من خۆم لە سەرەتای شیعرنووسینمدا کارکردی شاعیرانی سورریالیست بە شیعرەکانمەوە دیارە. شاعیری سوێدی لارش بێکستروێم، کە بەشێک لە شیعرەکانمی تەرجەمەی سوێدی کرد و پێشەکیی بۆ یەکەم دیوانی سوێدیم نووسیبوو، لەو پێشەکییەدا باسی ئەوە دەکات کە شوێنەواری سورریالیزم لە شیعرەکانمدا بەرچاوە. من خۆم هەرگیز باسی ئەوەیشم بۆ نەکردبوو کە ماوەیەک ئەو شیعرانەم خوێندوونەوە.

لایەنی هونەریی تەسەووفیش لە هەندێ ڕووەوە لە بەرهەمی سورریالیستەکان دەچێت، یا بە پێچەوانەوە، چونکە تەسەووف نزیکەی هەزار ساڵ پێش سورریالیزم دەستی پێ کردووە. تۆ شەتحییات [شطحيات]ی سۆفییەکان بخوێنەوە بزانە چەندە گەوهەری جوانی وشە و دەربڕین دەدۆزیتەوە. تەواسین [طواسين]ی حەڵلاج یەکێکە لەو تێکستە بەرز و نایاب و تیشکهاوێژانە. یا نووسینەکانی نیففەری [محمد بن عبدالجبار بن الحسن النفري، ساڵی ٩٦٥ مردووە] بخوێنەوە، هێندە جوان و بەرزن، کە دەگەیتە کۆتاییی کتێبەکانی [المواقف و المخاطبات] دەڵێی خۆزگە دووهەزار لاپەڕەی دیکەی نووسیبایە. ڕەنگە جیاوازییەکی ئاشکرای سۆفییەکان و سورریالستەکان لەوەدا بێت، کە تەسەووف شۆڕشێکی ڕۆحییە، بەڵام سورریالیزم یاخیبوونە لە سەرمایەداری، لە سروشتی شەرخوازانەی سیستێمە سیاسی و ئابوورییەکانی ئەورووپا و ڕۆژاوا و ئەو ئەنجامە کارەساتبارانەی تووشی مرۆڤایەتی بوون. ئەزموونی تەسەووفیش زۆر هەوراز و نشێوی تێدایە (ئەوەی تۆ پێی دەڵێی بەرزبوونەوە و هاتنەخوارەوە)، چ لە مەودای دووری ژیاندا و چ لە ژیانی ڕۆژانەدا. هەردوو حاڵی (القبض والبسط) لەو ئەزموونانەن کە سۆفی خۆیشی ناتوانێت تەفسیری بکات.

بەرهەم و داهێنانی هونەری و زمانەوانی و ئێستێتیکیی سۆفییەکان، ئەگەرچی ڕەنگە وەک ئاژاوە دیار بن، بەڵام ئاژاوە نین، بەڵکە بەرهەمی دەردکێشانێکی مرۆڤانە و ئەزموونی عەقڵی و ڕۆحین و ڕووبەرێکی گەورە و پانوپۆڕیان لە نەخشەی فکر و داهێنانی مرۆڤایەتی داگیر کردووە. داهێنانی سورریالیستەکانیش بەرهەمی دەردکێشانن، بەڵام ئەوان لە ناوەندە

> **بەیانەکەی ئێمە زۆر لە بانگەوازەکەی برایانی ڕوانگە پێشکەوتووترە. ئێمە باسی شیعرمان کردووە، بەڵام ئەوان باسی سیاسەت و باری کۆمەڵایەتی دەکەن**

ڕۆحییەکانەوە دوور بوون و زیاتر بەرەو چارەسەری ماددی ڕۆیشتوون: سێکس و بەنگکێشان و بەکاربردنی بابەتی هۆشبەر و خۆکوشتن و شتی دیکەی لەو بابەتە. دیارە وەک فکر، عەقڵانییەت و مەنتیقیبوونێک لە بەیاننامەکانیاندا بە دی دەکرێت، بەڵام لە نووسین و بەرهەمە هونەرییەکانیاندا کەمتر.

سوررپیالیزم نەخشێکی ئەوتۆی لە ئەدەبی کوردیدا نەبووە و نییە، بەڵام تەسەووف گەنجینەیەکی یەکجار گەورە و سامانێکی ڕەنگاوڕەنگ و جوانی بەخشیوەتە زمان و فەرهەنگی کورد.

**● حەز دەکەین بۆچوونت لەبارەی ئەم ناوانەوە بزانین؟ [لیستەکە ناوی دە شاعیری تێدا بوون].**

شاکەلی: بە ڕاستی هەرگیز پێم خۆش نەبووە و پێم خۆش نییە بۆچوون و دیدی خۆم لەبارەی شاعیرانی دیکەوە بڵێم. لەوەیە قسەکردن لەبارەی شاعیرێکەوە کە لە ژیاندا نەمابێت ئاسانتر بێت، چونکە ئەزموون و ژیانی گەیشتووەتە کۆتایی و وەک پاکەتێک لە بەردەستدایە، چیرۆکی ژیانی بڕاوەتەوە و لایەنە چاک و خراپەکانی خۆی وەک تاکەکەس و هیی شیعر و بەرهەمەکانی هەموو هەن و دەستمانی پێ دەگات. شاعیرێک کە لە ژیاندا نەبێت، تۆماری کردار و نووسین و داهێنانی پێچراوەتەوە، تازە ئیدی نە چاکتر و نە خراپتر دەبێت، بۆیە باشتر دەتوانین ژیان و کارەکانی هەڵسەنگێنین. بەڵام شاعیرێک کە هێشتا لە ژیاندایە و ئەزموونی شیعری و ئەزموونی سیاسی و کۆمەڵاتی و زانستیی هێشتا لە دروستبوون و کامڵبووندایە، لەوەیە هەرچییەک ئێستا بیڵێم یا بینووسم چوار ڕۆژی دیکە ڕاست دەرنەچێت. شاعیر مرۆڤە و مرۆڤیش لە گۆڕاندایە. ئەوەی ئەمڕۆ پاڵەوان و شۆڕشگێڕە، لەوەیە ساڵێکی دیکە ببێتە کەسێکی هەڵپەرست و دەسندەخۆر و شیعرفرۆش. ئەگەر ئەمڕۆ دەتوانێت تێکستی جوان پێشکەش بکات، لەوەیە دوو ساڵی تر پێنووسەکەی وشک بکات، یا شتێک بنووسێت ئاوڕووی ئێستا و ڕابردووی ئەدەبیی خۆیشی پێ ببات.

مامۆستا گۆران پیاوێکی مرۆڤدۆست و ڕووناکبیرێکی تێکۆشەر بووە. لە قۆناغی کلاسیک و لە قۆناغی ڕۆمانتیکی ئەزموونی شیعریی خۆیدا دەیان تێکستی نایاب و جوان و بەرزی بە زمان و فەرهەنگی کورد بەخشی. بەڵام هەر ئەو مامۆستا گۆرانە کە دەبێتە کۆمونیست و ئەندامێکی کارای حیزبی کۆمونیستی عیراق، لە ڕووی ئەدەبییەوە «نابووت» دەبێت. بەشی هەرە زۆری ئەوەی لە ١٥-١٦ ساڵی پێش مەرگیدا نووسیویەتی، قسەی پووچ و دروشمی بێتام و تێکستی ناشیعرییە. زۆر کەس ئەم ڕاستییە باش دەزانن، بەڵام ناوێرن بە دەنگی بەرز بیڵێن یا تەنانەت بیری لێ بکەنەوە. ئەمە ئەنجامێکی بیر و باوەڕ و تیۆرییە فەرهەنگییەکانی ژدانۆڤە (١٨٩٦-١٩٤٨)، تیۆریی ژدانۆڤیزم، کە لە سەردەمی ستالیندا پەرەی ستاند و لەناو حیزب و بزووتنەوە کۆمونیستەکانی سەر بە یەکێتیی سۆڤیەتدا برەوی پەیدا کرد. ئەم بەرهەمانەی گۆران کەم نین، نزیکەی سێیەکی دیوانەکەی دەگرنەوە. زۆر جێگای داخە، گۆرانێک کە شیعری [لە سەرەمەرگی هیوادا، نیاز، شیوەنی گوڵاڵە و جوانی بێناو]ی نووسیوە، دواتر دێت تێکستی وا دەنووسێت، مرۆڤ حەز ناکات باوەڕ بکات ئەوانە شیعری گۆرانن.

شێرکۆ بێکەس، لە سەرەتای حەفتاکاندا، کە پێشەوای گەورەی کورد بارزانی دەستەڵاتی هەیە، شیعری نایاب و جوانی بۆی نووسیوە، کەچی هەر ئەو کاک شێرکۆیە، ساڵانێک دواتر، هێرشێکی نارەوا دەکاتە سەر بارزانی و بە شێوەیەکی ناشیرین باسی دەکات. کاک شێرکۆ یەکێکە لە لایەنگرانی پەرگری شەڕی براکوژی و بە ئاشکرا هانی حیزبەکەی خۆی دەدات بچن نەیارانی کوردیان بکوژن و تەفروتوونا بکەن.

مامۆستا هێمن کە بەشی هەرە زۆری شیعرەکانی سیاسین و بۆ خەباتی سیاسی و کوردایەتی نووسیونی، ئەو ساڵانەی کە هێشتا لە ئێران دەژیا و نەهاتبوو بۆ کوردستانی باشوور، شیعرێکی بۆ لەدایکبوونی کوڕەکەی شای ئێران نووسیوە و تێیدا دەڵێت:

***خودا ڕۆڵەی بە شاهەنشا ڕەوا دی***

***خەڵک وێکڕا هەموو بوون غەرقی شادی***

***ئیلاهی! سەڵتەنەت هەر بەردەوام بێ***

***شەهەنشاهی مەزن هەر شادکام بێ***

مام هەژاریش وەڵامێکی ڕەخنەگرانەی بۆ هێمن نووسیوە و تا ڕادەیەکی زۆریش برینداری کردووە:

> **"باوەڕ بفەرموو بەشێکی زۆری شاعیرانی کورد، ئەگەر کێش و قافییە لە شیعرەکانیان دەر بهێنێت، تەنیا تۆپەڵە وشەیەکی بێ ڕەنگ و بێ بەرامە و بێ ناوەڕۆکیان لێ دەمێنێتەوە، کە کەس نایخوێنێتەوە و هیچ بە خوێنەر ناڵێت"**

***بولبولی کورد وەکو قەل دەنوێنی***
***بێزی بێ بۆ کوڕی شا بخوێنی***
***باڵی بشکێ و پەڕ و پۆی هەڵبوەرێ***
***مەل بکا زەمزەمە بۆ جاشەکەرێ***

ئەمانەم بۆیە باس کردن، تا ئەوەتان بۆ ڕوون بکەمەوە، قسەکردن لەسەر شاعیرانی دیکە زۆر ناخۆشە. ئەگەر بکرایە ئێمە تەنیا باسی شیعر، باسی تێکستی شاعیرەکە بکەین، یا ئەگەر ئێمە لەبارەی شاعیرەوە، وەک تاکەکەس، هیچمان نەزانیبایە و ئاگاداری وردەکارییەکانی ژیانی نەبووینایە، ئەرکەکە ئاسانتر دەبوو. بەڵام من کە لە ماوەی ٤٢ ساڵدا (١٩٧١-٢٠١٣) کاک شێرکۆم ناسیوە و دۆستایەتییەکی دوورودرێژمان لەنێواندا هەبووە و جاروباریش ناکۆکی کەوتووەتە نێوانمانەوە و دڵی یەکترمان ئێشاندووە و هەر زوویش ئاشت بووینەتەوە، ناتوانم تەنیا باسی

> ***به داخەوە گۆران و هێمن و هەژار و جگەرخوێن و کامەران موکری و زۆری دیکەیش تووشی ئەو پەتایە بوون و بەشێک لە شیعرەکانیان، زۆر پێش کۆچی خۆیان، گیانیان سپارد***

شیعرەکانی بکەم. کاک عەبدوڵڵا پەشێو و مام هێمن و مام هەژاریشم ساڵانێکی دوورودرێژ ناسیون. خوای گەورە لە کۆچکردووەکان خۆش بێت و یادیان بە خێر، ئەوانەیش کە ماون خوا تەمەندرێژ و شاد و سەرکەوتوویان بکات.

**● دوو شاعیر (ئەنوەر قادر محەمەد) و (فەرهاد شاکەلی) دوو داهێنەر و ڕووناکبیری نەوەی حەفتاکانی شیعری کوردین، چ وەکوو تەمەن، چ وەکوو داهێنان و ئەزموون هەڵبژێردراون ئەزموونی شیعریی خۆتان بنووسن، خوێنەرانتان چاوەڕوانی ئەوەن، لەپاڵ کارە شیعریەکانتاندا کتێبی ئەزموونیشتان لەناو کتێبخانەکاندا هەبێت. بۆ کار بۆ ئەو چاوەڕوانییەی خوێنەرەکانتان ناکەن. داهێنەری کورد کەمتر پەنای بۆ ئەم شێوازی نووسینە بردووە. ئایا ئەمە کەمتەرخەمی نییە؟**

شاکەلی: بە داخەوە شاعیر و نووسەری کورد لەم ڕووەوە زۆر بێدەربەست بووە. تۆ دەبینیت شاعیرێکی گەورەی وەک مامۆستا گۆران ئەو هەموو گۆڕانەی لە شیعری کوردیدا بەرهەم هێناوە، کەچی نەهاتووە باسی ئەزموونی خۆیمان بۆ بکات، پێمان بڵێ چۆن بوو بیری لەوە کردەوە واز لە کێشی عەرووزی بهێنێت؟ پێمان بڵێت شیعر بە لای ئەوەوە چییە و دەبێ چۆن بێت؟ پێمان بڵێت تەکنیکی نووسینی چۆن بووە؟ زۆرتر بە شەو شیعری نووسیوە یا بە ڕۆژ؟ ئەی ئەزموونی لەگەڵ دڵداری و خۆشەویستی و ژندا چۆن بووە؟ دەیان پرسیار هەن کە من حەزم دەکرد وەڵامەکانیان لە زمانی گۆران خۆیەوە، مەبەستم بە نووسینی خۆی، بخوێنمەوە.

لەم ڕۆژانەدا بیستم کە کاک ئەنوەر کتێبێکی لەبارەی ئەزموونی خۆیەوە نووسیوە. بێگومان کارێکی باشی کردووە و پێم خۆشە بیخوێنمەوە. منیش دوو وتارم لەبارەی ئەزموونی خۆمەوە نووسیون و بڵاو کردوونەوە: [بە جامی ئەوینێک گیان مەستە و تەن وێران] و [پڕۆژەی ئاشکرای کوودەتایەک]. ئەوەی یەکەمیان تەرجەمەی زمانانی ئینگلیزی و سوێدی و ئیتالیایی کراوە.

کاک شێرکۆ بێکەس کتێبی [نووسین بە ئاوی خۆڵەمێش]ی نووسیوە، کە لێرە و لەوێ باوەڕ و بۆچوونەکانی خۆی لەبارەی شیعرەوە دەربڕیوە، بەڵام ئەوانە زۆر نین. لەو کتێبەدا کە دوو بەرگە و نزیکەی ٨٥٠ لاپەڕەیە، دەبوو بەشێکی زۆری بۆ بابەتە تیۆرییەکانی لەمەڕ شیعر و زمان و جوانی تەرخان بکردایە، کەچی بەشی هەرە زۆری ئەو کتێبە بیرەوەرییە نەک ئەزموونی شیعری.

هیوادارم خوای گەورە ئەوەم پێ ڕەوا ببینێت، تەمەن و تەندروستی و ئاوەزم هێندەیان بە بەرەوە مابێت، فریای ئەوە بکەوم، لەپاڵ هەندێ پرۆژەی ئەدەبیدا، ئەزموونی شیعریی خۆم لە قاڵبێکی جوان و پوخت و بەرزدا پێشکەش بە خوێنەری کورد بکەم.

# هونەری

- **دڵەڕاوکێی کۆمەڵگە و داگیرکردنی کلتووری لە فیلمی «ئەزموون»دا**

حەمەسوار عەزیز

- **مالیێا ... بەتاڵبوونەوەی بەهاکان لە مانا**

نووری بێخاڵی

# دڵەڕاوکێی کۆمەڵگە و داگیرکردنی کلتووری لە فیلمی «ئەزموون»دا



حەمەسوار عەزیز

فیلمی «ئـەزمـوون» نوێترین ئـەزموونی فیلمی درێـژی سیناریست و دەرهـێـنـەری ناسراوی کورد (شەوکەت ئەمین کۆرکییە) لە بەرهەمهێنانی (محەمەد ئەکتاش) و سیناریۆی هاوبەشی دەرهێنەر (محەمەد ڕەزا جەوهەری) یە، بەرهەمی هاوبەشی (هەرێمی کوردستان و ئەڵمانیا و قەتەر)ە لەلایەن هەردوو کۆمپانیای «میتۆس فیلم» و «مەستی فیلم» بەرهەمهێنراوە، کۆمەڵێک ئەکتەری دیاری کوردستان و هەندێک فەیسی تازە لە پاڵەوانێتی فیلمەکە بەشدارن، لەوانە (حەمە ڕەشید هەرەس، شوان عەتووف، حوسێن حەسەن، عادل عەبدولڕەحمان، نیگار عوسمان، کاوە قادر، هۆشیار نێرەویی، ئاڤان جەمال، ڤانیا سالار، زەریا سامی و چەندانی دی).

ئەم فیلمە لە چەندین فێستیڤاڵی گرنگی عەرەبی و جیهانی خەڵاتی جۆراوجۆری وەرگرتووە و بۆتە مایەی سەرنجی بینەرانی کورد و بیانی، بۆ یـەکـەم جاریش لە فێستیڤاڵی سینەمای نێودەوڵەتی دهۆک نمایش کراوە، لە ئێستاشدا بە سپۆنسەری کۆمپانیای «مەستی فیلم» لە هەموو شارەکانی کوردستان نمایش دەکرێت و پێشوازییەکی جەماوەری گەورەی لێکراوە.

ئەم فیلمە چـوارەم ئەزموونی فیلمی درێژی (شـەوکـەت ئـەمـیـن)ە پـێـشـتـر دەرهـێـنـەر فیلمەکانی (پـەڕینەوە لـەغوبار، ساتێک بۆ یاری، بیرەوەرییەکانی سەربەرد)ی پێشکەش بە سینەمای کـوردی کـردووە، هـەریـەک لەو فیلمانەش کاردانەوەی ئەرێنی بـەدوای خۆیدا هێناوە و لە دەیان فێستیڤاڵی گرنگی جیهانیدا خەڵاتی شایستەی وەرگرتووە.

وەکو هزر و بیرکردنەوە و ستایلی کارکردن ئـەم فیلمەی دەرهـێـنـەر تـەواو جـیـاوازە لە ئەزموونەکانی پێشووی، ئەگەر پێشتر دەرهێنەر جۆرێک لە مارکێتینگی نەتەوەیی لە ڕێگەی فیلمەکانی کردبێت، لەم فیلمەدا تا ڕادەیەک لەم ڕووبەرە دوور دەکەوێتەوە و فیلمەکەی دەکاتە ئاوێنەکی تایبەت بۆ تیشک خستنەسەر کۆمەڵێک دیـاردە و ئاریشەی کۆمەڵایەتی و سیاسی ترسناک کە کۆمەڵگەی کوردی بەرەو هەڵدێر دەبەن، دڵەڕاوکێیەکی گەورەیان لەنێو تاک و خێزانەکانی کۆمەڵگەی کوردی دروستکردووە، ئەگەر لە فیلمەکانی پێشوودا دەرهێنەر زیاتر لەنێو هزری نەتەوەیی و ئەنتۆلۆژیای نەتەوەیی بیری کردبێتەوە، بەو پێیەی هەوڵیداوە هەمیشە وێنەیەکی جیاوازی تاکی کورد لە ڕێگەی سینەماوە لە زەینی ئەوانی دی وێنا بکات و ئەو هەموو جوانی و مرۆڤ دۆستییەی تاکی کورد بە بینەری دەرەوە و ناوەوە ئاشنا بکات، لەم فیلمەدا زیاد لە ئەزموونەکانی پێشوو نەتەوەییانە بیر دەکاتەوە، کاتێک دەیەوێت بەنێو ئەو واقیعە کۆمەڵایەتیی و کلتووری و سیاسییە شۆڕبێتەوە و ڕەخنە لەو هەموو دیاردە ترسناکانە بگرێت کە لە دەلاقەی حوکمڕانی دەسەڵاتی کوردیدا ڕژاونـەتـە نێو کۆمەڵگەی کوردی و بەشێکی گەورەی ئاکارە جوانەکانی کۆمەڵگەی کوردییان



شێواندووە، بۆیە ئەو سینەما ڕەخنەگریەی کە «شەوکەت» لە فیلمی ئەزموونیدا پیادەی دەکات، بە شێوەیەک لە شێوەکان وەکو فۆرم و ناوەڕۆک و تەرزی گێڕانەوەی چیرۆک، دەچێتە ژێر کاریگەری ئەزموونی سینەمای ئێرانی، بەڵام بەهیچ شێوەیەک ناچێتە نێو ڕووبەری لاساییکردنەوە و کۆپیکردنی ئەو ئەزموونە گرنگەی سینەمای ئێران کە لەهەموو دونیادا ڕێز لێ گیراوە «شەوکەت ئەمین» لەم فیلمەدا سینەما دەکاتە چەکی هەڵماڵینی ڕووپۆشی ساختەی ناشیرینی و قێزەوەنییەکانی نێو کۆمەڵگە کاتێ لەڕێگەی نیشاندانی بازرگانێکی بێ ویژدان یاری بە چارەنووسی چەند خوێندکار و مامۆستایەک دەکات و پرسیارەکانی تاقیکردنەوەی وەزاری بە خوێندکارەکان دەفرۆشێتەوە، ئەم وێناکردنە ئەوە نیشان دەدات کە بازرگان و دەسەڵاتدارەکان چۆن خەریکن زۆرینەی سێکتەر و کەرتە گرنگەکانی بونیادنانی پایەکانی کۆمەڵگەی شارستانی و مۆدێرن، بە قازانجی چاوچنۆکی خۆیان لەناو دەبەن، بۆیە ئەوەی شەوکەت لەم فیلمەدا دەیکات، هەرگیز سووکایەتی نییە بەکۆمەڵگەی کوردی و وێنەی کورد ناشیرین ناکات وەکو ئەوەی بەشێک ئەو ڕەخنەیە لەو فیلمە دەگرن، لە ڕاستیدا ئەوە تێنەگەیشتنە لە ڕۆڵ و پەیامی سینەمای ڕەخنەگریی، کە وەزیفیەتی چاو لە ناشیرینییەکان نەپۆشێت و بیانخاتە بەردەم ڕای گشتی، با فیلمەکەش لە وڵاتانی دی نمایش بکرێت، ئەمە بەهیچ شێوەیەک سووکایەتی نەتەوەیی بۆ تاکی کورد تێدا نییە، چونکە سینەما دەبێت ڕاستگۆ بێت و درۆ لەگەڵ بینەری خۆی نەکات، وەکو ئەوەی بەشێکی زۆری سینەمای ئێرانی لەسەر ئەو ڕێچکەیە کار دەکات.

من پێموایە «شەوکەت ئەمین» لەم فیلمەدا زۆر بە ڕاستگۆیی کاری کردووە و هەوڵیداوە وەکو دکتۆرێکی دەروونی هەموو ئەو فشارە دەروونی و کۆمەڵایەتی و کلتووریانە وێنا بکات، کە خەریکە کۆمەڵگەی کوردی ڕادەکێشنە نێو ئەو ڕووبەرە نامۆیەی، کە خەریکە هەموو بەها جوانەکانی ئەم کۆمەڵگەیە لەناو دەبات، بە قازانجی چەند بازرگانێکی چاوچنۆک و چەند سیاسییەکی گەندەڵ کە پشتیوانی مانەوەی ئەو ڕەوشە ناتەندروستە دەکەن، یەکێک لە وەزیفەکانی هونەر و سینەما ئەوەیە کە ڕاشکاو بێت و ببێتە ئاوێنەیەکی ڕاستەقینەی کۆمەڵگە و درۆ لەگەڵ خۆی و لەگەڵ بینەرەکانیدا نەکات، بۆیە کاتێک سینەماکار بە ڕاستگۆیی لە واقیعێکی دیاریکراو دەدوێت و دەیکاتە باسی ڕۆژ و دەیخاتە بەر دیدەی کۆمەڵگە، ئەوە ڕێک وەکو ئەو دکتۆرە وایە کە ئەو بەشانەی جەستە دیاری دەکات کە بۆگەنی کردووە و ڤایرۆس لێیداوە، تا عیلاجی پێویستی بۆ بنووسرێت و چارەسەر بکرێت.

ئەو دڵەڕاوکێیەی شەوکەت لەم فیلمەدا نیشانی دەدات، کورتنەکراوەتەوە لە دڵەڕاوکێی قوتابی و خوێندکار لە کاتی تاقیکردنەوەدا، شەوکەت وەکو سیناریست و دەرهێنەرێکی تایبەت هەموو

**“ئەم فیلمە لە چەندین فێستیڤڵی گرنگی عەرەبی و جیهانی خەڵاتی جۆراوجۆری وەرگرتووە و بۆتە مایەی سەرنجی بینەرانی کورد و بیانی”**



دڵەڕاوکێکانی کۆمەڵگە دەباتە نێو ئەو هۆڵە، ئیدی ئەو هۆڵەی کە تاقیکردنەوەی لێ دەکرێت لەوە دەردەچێت، کە هۆڵێکی ئاسایی پەڕینەوە بێت لە قۆناغێک بۆ قۆناغێکی دیکەی خوێندن، ئەم هۆڵە دەبێتە ڕووبەڕێکی کۆمەڵایەتی تێیدا مرۆڤ ڕووبەڕووی هەموو ئەو ئاڵنگارییە کۆمەڵایەتی و کلتووری و سیاسی و ئابوورییانە دەبێتەوە، کە هەمیشە تاکی کورد دەخاتە نێو دڵەڕاوکێیەکی بەردەوام، تاقیکردنەوەی قوتابی و خوێندکارەکان لەم فیلمەدا، تاقیکردنەوەیەک نییە لە فیزیا و کیمیا و ئینگلیزی و عەرەبی و بیرکاری، ئەوە تاقیکردنەوەیەکی کۆمەڵایەتی سەخت و دژوارە، ڕەنگە لە داهاتوودا گۆڕانکاری گەورە لە تەواوی سیستەمی ژیان دروست بکات، ئەمە بۆ کارەکتەرەکانی کۆمەڵگە وەکو هێڵی ڕووبەڕوونەوەی جەنگە، یان بە سەرکەوتوویی غەنیمەوە لێی دەردەچیت، یا بە شکست و تەفروتونا بوون، بۆیە ئەو کۆتاییەی هەریەک لە (ڕۆژین، ڤانیا، سالار) ڕووبەڕووی دەبنەوە، دەرەنجامی ئەو فشارە سەختەیە، کە کۆمەڵگە لەسەر ئەو کارەکتەرانەی دروست کردوون، نەک خودی ئەزموونەکان.

ئەوەی چەند ساڵە وایکردووە کە ئەو کارەکتەرە نەتوانێت ئەو ئەزموونە تێپەڕێنێت، خودی ئەزموونەکە و جۆری پرسیارەکانی نییە، ئەوە ئەو فشار و دڵەڕاوکێیەیە کە کۆمەڵگە بۆی دروستکردووە و وایکردووە ببێتە مرۆڤێکی ڕووخاوی بێ متمانە، بەشێوەیەک نەتوانێت متمانە بە مێشک و زاکیرەی خۆشی بکات، بۆ ئەوەی چەند زانیارییەکی تیادا هەڵبگرێت و لە تاقیکردنەوەکاندا یارمەتی بدات، بۆیە دیمەنی کۆتایی ئەم خوێندکارە لەسەر ئەو پردە، دیمەنێکی یەکجار ئاڵۆزە، پێویستە لە دەیان ڕوانگەی کۆمەڵایەتی و کلتووری و سایکۆلۆژی و ئابووری و سیاسییەوە لێکبدرێتەوە، لەبەر ئەوەی ئەم شکستە لەو تاقیکردنەوە و ئەزموونە، تێکشکاندنی خەونەکانی مرۆڤێکە کە ڕەنگە داهاتووی لەسەر بونیاد بنرێت، ئێرە کۆمەڵگەیەکە کە هەمیشە دەتخاتە ژێر گەورەترین تاقیکردنەوە، دەبێت هەمیشە وەڵامی هەموو پرسیارە سەخت و ئەستەمانەت لا بێت، پرسیارەکانی ژیان و توانای مانەوە لە کێبڕکێکانی ڕۆژانەی ژیان، ئەوەتا پیاو لە کەمترین گومان بەرانبەر خێزانەکەی، دەمانچە دەکرێت و بیر لە کوشتن و توندوتیژی دەکاتەوە، چونکە کۆمەڵگەی ئێمە وای ڕاهێناوە کە جیاوازی نەکات لە نێوان کوشتنی ماسییەک و کوشتنی ژنێک، ئەو بە ئاسانی دەتوانێت ورگی هەردووکیان بدڕێت و بۆشی بچێتە سەر.

کارەکتەری ئەو مامۆستایەش، کە وێنەی پرسیارەکان دەگرێت و بۆ موهەندیسی دەنێرێت، بە هەمان شێوە قوربانی ئەو سیستەمە ئیدارییەیە، وایکردوە مرۆڤ چاو لە بیروباوەڕە ئەخلاقییەکانی بپۆشێت و بیر لە ژیان و گوزەرانی خۆی بکاتەوە، بۆیە کاتێ مامۆستاکە دان بەو تاوانەدا دەنێت، پێمان دەڵێت کە ئەو

لە بنەڕەتەوە تاوانبار و پرسیار فرۆش نییە، ئەوە سیستەمی ئیداری و بەڕێوەبردنی سەقەتە بۆتە هۆی ئەوەی ئەو تاوانە ئەنجام بدات، بۆیە مامۆستاکە تەنیا کەرەستەی ئەو تاوانەیە، ئەوەی تاوانەکە دەکات موهەندیس و ئەو ئاغا چاویلکە ڕەشانەن کە لەپشتی موهەندیسەوەن، من پێموایە دەرهێنەر لە ڕێگەی کارەکتەری موهەندیسەوە دەرگا بەسەر ئەو ڕێڕەوە درێژ و تاریکەدا دەکاتەوە کە تێیدا دەیان و سەدان کارەکتەری دەسەڵاتداری وڵات تێیدا وەستاون و لە تاریکییدا بڕیار دەدەن، چارەنووسی تاک و کۆمەڵگە بەرەو ئەو هەڵدێرە دەبەن کە فیلمەکە نیشانی دەدات.

فیلمەکە هێشتا لەبەر هەندێک ئیعتیبار خاتری کۆمەڵگەی کوردی و دەسەڵاتی سیاسی و ئیداری نێو ئەو کۆمەڵگەیەی گرتووە، کاتێ چاوپۆشی لە کۆمەڵێک دیاردە و حاڵەتی زۆر لەوە قێزەونتری کردووە، وەکو ئەوەی کوڕی دەوڵەمەند و بەرپرسەکان شەوی تاقیکردنەوەکان تەواوی پرسیارەکانی تاقیکردنەوەکانیان بەشیکارکراوی پێدەگات و دەیانیان نمرەی سەد لە تاقیکردنەوەکان دێنن و دواتریش لە کۆلێژە باڵاکان وەردەگیرێن و دەبنە هاوشانی دەیان کوڕە هەژار، کە شەونخوونی زۆر دەکەن تا نمرەیەکی باش بهێنن، کەچی سەیر دەکەن ئەم کوڕە دەوڵەمەندانە هەمیشە لە پێشی پێشەوەن، بەهۆی بەرتیل و پارە و شەهادەی بەرز، پلەی ئیداری بەرزیان پێ دەدرێت، من پێموایە فیلمەکە دەبوو هێشتا ڕاستگۆتر و بوێرتر بێت و چاو لەو حاڵەتانەش نەپۆشێت.

خاڵێکی دیکەی گرنگ لەم فیلمەدا، ئەو ئاماژە کورتەیە کە شەوکەت لە کۆتایی فیلمەکەدا نیشانی دەدات، دیمەنێکی کورت و ڕاگوزەر بەڵام هەڵگری دەیان ئاماژەی قووڵ و ترسناک، کاتێ لەسەر باڵەخانەکەی موهەندیس تابلۆی (چێشتخانەی تورکی) جێگیر دەکرێت، ئەم دیمەنە ئاماژەیەکی زەقە بۆ ئەو داگیرکەرییە تورکییەی کە خەریکە هەموو وڵات دەخاتە ژێر چەمۆڵەی خۆیەوە، ئەو داگیرکەرییەی تورکیا هەر بەوە نەوەستاوە کە سەروەت و سامانی ئەو وڵاتە تاڵان بکات، یان لە ڕێگەی دراما ئابرووبەرەکانیان شیرازەی کۆمەڵگە و خێزانی کوردی هەڵبوەشێننەوە، لەوە زیاتر خەریکە کلتووری کوردی لەناو دەبەن، کاتێک دەیانەوێت لە ڕێگەی دەیان چێشتخانەی تورکییەوە مرۆڤی کوردی لەسەر چێژی خۆیان ڕابهێنن و وایان لێبکەن تووشی دابڕان بن لەگەڵ بنەچە و ئەسڵی خۆیان، وایان لێ دەکەن هەمیشە خۆیان وەکو لادێی و گوندی ببینن، بە بچووکی و لاوازی لە کلتوورەکەی خۆیان بڕوانن و ئەوەی لە چێشتخانە و کافێ و هۆتێلە تورکەکان نان بخوات بە ڕۆشنبیر و خاوەن ئەتەکێت بزانرێت، بۆیە چەند ساڵێک پێش ئێستە، یەکێک لە شاگردەکانی چێشتخانە تورکییەکان لە هەولێر، سووکایەتی بە خەڵکی هەولێر دەکات و دەڵێت: خەڵکی هەولێر ئەتەکێتی نانخواردنیان نییە، چونکە ئەوان هەمیشە وەکو نەتەوەیەکی سەردەستە بیردەکەنەوە و پێیانوایە تەنیا ئەو شێوازەی ئەوان نانی پێدەخۆن ئەتەکێتە و ئەوەی دی هەمووی دواکەوتن و پاشەگەردانییە، لە کاتێکدا ئەتەکێتی نانخواردن لە کۆمەڵگەی کوردیدا هەر تەنیا پەیوەست نییە بە نانخواردن لەسەر مێزێکی ڕازاوە و تێربوون لە خواردنی جۆراوجۆری هاوردەکراو، بەڵکو ئەتەکێتی نانخواردن لە کۆمەڵگەی کوردی دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی و ئەخلاقیی و کلتوورییە کە پێش ئەوەی کۆبوونەوەی نانخواردن بێت، پەیمانێکی کۆمەڵاتی و ئەخلاقیی و مرۆڤدۆستییە، بەڵام تورک هەرگیز لەمە تێ ناگات و خۆی بە بچووک دەبینێت بەرامبەر ئەو ئاکارە ئەخلاقی و کۆمەڵایەتییە، بۆیە دەیەوێت ئەمە لە ڕەگوڕیشەوە دەربهێنێت و وڵاتەکەمان پڕ دەکەن لە ڕێستۆرانت و کافتریا و مەلها و قومارخانە و کۆمپانیای تورکی، بۆ ئەوەی هەموو ئەو ئینتیما کلتوورییە لەناو ببەن کە کیان و بوونی نەتەوە و شیرازەی خێزان و تاکی کورد دەپارێزن.

لایەنێکی دیکەی جوانی ئەم فیلمە ئەوەیە کە دەرهێنەر و سیناریست کاریان لەسەر چەمکی پاڵەوان نەکردووە، هەوڵیان نەداوە پاڵەوانی ساختە دروست بکەن، لێرەدا پاڵەوان مرۆڤەکانی ناو کۆمەڵگەن کە ڕووبەڕووی دەیان و سەدان فشار دەبنەوە و بیر لە چارە و دەرچەی جیاواز دەکەنەوە، بۆ ئەوەی کێشەکانیان چارە بکەن، لێرەدا مرۆڤەکان وەکو مرۆڤ ڕەفتار دەکەن کە پڕن لە چاکە و بەهیچ شێوەیەکیش بەتاڵ نین لە خراپە و لادان، چونکە ئەوەی وێنای ڕەفتارەکانیان دەکات کۆمەڵگە و سیستەمی پڕ

**“ ئەوەی شەوکەت لەم فیلمەدا دەیکات، هەرگیز سووکایەتی نییە بەکۆمەڵگەی کوردی و وێنەی کورد ناشیرین ناکات وەکو ئەوەی بەشێک ئەو ڕەخنەیە لەو فیلمە دەگرن ”**

**خاڵێکی دیکەی گرنگ لەم فیلمەدا، ئەو ئاماژە کورتەیە کە شەوکەت لە کۆتایی فیلمەکەدا نیشانی دەدات، دیمەنێکی کورت و ڕاگوزەر بەڵام هەڵگری دەیان ئاماژەی قووڵ و ترسناک، کاتێ لەسەر باڵەخانەکەی موهەندیس تابلۆی (چێشتخانەی تورکی) جێگیر دەکرێت، ئەم دیمەنە ئاماژەیەکی زەقە بۆ ئەو داگیرکەرییە تورکییەی کە خەریکە هەموو وڵات دەخاتە ژێر چەمۆڵەی خۆیەوە**

پاشەگەردانی کۆمەڵگەیە، ئەوان زۆربەی کات بە ناچاری ڕووبەڕووی ئەو بڕیارە سەختانە دەبنەوە، کە ناچارن بیدەن و دەرەنجامەکانی لە ئەستۆ دەگرن.

ئەگەر سەیری ستایلی وێنەگرتن و مۆنتاژی ئەم فیلمە و جۆری گرتەکانی بکەین، دەبینین هەماهەنگییەکی ناوازە لە نێوان ناوەڕۆک و فۆرمی فیلمەکە دروستکراوە، بە شێوەیەک هەر یەکەیان ئەوی دی تەواو دەکات، شێوازی جووڵەی کامێرا و مۆنتاژ و جووڵەی ئەکتەر لەنێو کادیردا، هەمیشە جۆرێک لە دڵەڕاوکێ و هەڵچوونی دەروونی کارەکتەرەکان پیشان دەدات، تەنانەت خودی میوزیک و کارتێکەرە دەنگی و ڕەنگییەکان و ڕووناکی بە هەمان ئاقار تێپەڕ دەبن و هەست دەکەین کە فەزایەکی دەروونی سەخت باڵی بەسەر تەواوی کەشی فیلمەکەدا کێشاوە، دەرهێنەر زۆر زیرەکانە ئەو یەکانگیرییەی لە نێوان بابەتی فیلمەکە و فۆرمی بەرهەمهێنانی (جەستەی تەکنیکی) دروستکردووە، بە شێوەیەک کە هەندێک جار تەکنیک زیاد لە کارەکتەر وێنای ئەو ڕەوشە سەختە دەکات کە کارەکتەرەکانی نێو فیلمەکە بەریدەکەون.

ئاکتینگ لەم فیلمەدا زۆر ناوازە و تایبەتە، بەتایبەتی ئەدای خاتوو ئاڤان جەمال لە کارەکتەری شیلان و پاڵەوانی فیلمەکە بۆ من زۆر موقنیع و جێگەی سەرنج بوو، ئەدایەکی تا سەر ئێسقان عەفەوی و خۆڕسک تەژی لە ڕاستگۆیی و گەیاندنی ئاسان، بە هەمان شێوە ڤانیا سالار لە کارەکتەری ڕۆژین، بۆ یەکەم جاریش نیگار عوسمان بە شێوەیەکی جیاواز و تایبەت لە کارەکتەری بەڕێوەبەری هۆڵی تاقیکردنەوەکە دەردەکەوێت، ئەمە جگە لە توانای بەرزی ئەداکردنی حوسێن حەسەن و شوان عەتووف، ئەدای وشیار نێروەییش لە کارەکتەر موهەندیسدا زۆر سادە و پڕ ڕاستگۆیی و سروشتی بوو، بە شێوەیەکی گشتی دەرهێنەر زۆر زیرەکانە سوودی لە توانای ئەکتەرەکانی بینی بوو، بە شێوەیەک توانی جۆرێک لە هارمۆنیا دروست بکات کە بتوانێت هەموو ئەکتەرەکانی بخاتە نێو ئەو فەزا گشتییەی کە فیلمەکەی تێدا ڕەسمکراوە.

تاکە سەرنجی کۆتاییم لەسەر ناونیشانی فیلمەکەیە کە پێموایە لە ڕووی مارکێتینگ زۆر سەرنج ڕاکێش نییە و دەکرا دەرهێنەر بۆ ئەوەی ئاستی پێشبینیکردنی بینەر باڵاتر بکات و وای لێ بکات پێش فیلمەکەش بیر لەو ناونیشانە و ناوەرۆکی فیلمەکە بکاتەوە و چیرۆکی تایبەتی خۆی بۆ دروست بکات، دەبوو ئەدرەسێکی دی بۆ فیلمەکەی دەستنیشان بکات، بەتایبەت کە خودی وشەی (ئەزموون) مانای دروستی ناونیشانە ئینگلیزییەکە نادات، لەبەر ئەوەی ئێگزام واتە: تاقیکردنەوە، ئەزموونیش زیاتر بە واتای تەجروبە دێت، نەک تاقیکردنەوە، بۆیە دوو باندۆری جیاوازن، کە بەداخەوە چەندین ساڵە ئەمە لە کوردستان بەهەڵە بەکاردێت و دەستەواژەی ئەزموون دەخەنە شوێنی وشەی تاقیکردنەوە.



نووری بێخاڵی

# مالێنا ... بەتاڵبوونەوەی بەهاکان لە مانا

ئەگەر زۆربەی ئەوانەی سەیری فیلمی (مالێنا)یان کردووە بیاندوێنیت، ڕەنگە یەکڕاست، باسی سپی و سفت و سۆڵیی سینگ و سمت و کەفەڵی (مۆنیکا بلۆچی – مالێنا) باسی بەرزی و نزمیی جوگرافیای جەستەی، باسی نیگا و لەنجە و لارە وروژێنەرەکانی، باسی گرتە و گۆشە سێکسییەکان بکەن! بە دەگمەن، دەنا وێناچێت کەسیان بیریان بە لای پەیامی شمشێر و تیغ ئاسای فیلمەکە، بە لای ژێر پێخستنی بەها کۆمەڵایەتی و نیشمانییەکان، بە لای خۆخواردنەوەی (مالێنا) بە دەست ئازاری برینەکانی ناوەوەی، بە لای غایلەکانی هاوسەرەکەی، بە لای کۆمەڵگەی نێرسالاریی گەڵبرسیی، بە لای بێ بەهابوونی چەمکی نیشتمانپەروەری و قوربانیدانەوە بچێت! لە فیلمەکەدا کە گێڕانەوەی ڕووداوەکانی سەردەمی جەنگی دووەمی جیهانییە، ئیتاڵیا لە بەرەی ئەفریقا لە دژی بەریتانیا لەجەنگدایە و هاوسەری (مالێنا) وەکو جەنگاوەرێک، لە بەرە و سەنگەرەکانی پێشەوەی شەڕە، کەچی لە وڵاتەکەی خۆی، هاوشارییەکانی، ئەو هاونیشتمانیانەی گوایە ئەو بەرگرییان لێ دەکات، لە غیابی ئەودا چاویان بڕیوەتە ئابرووی ژنەکەی.

هاونیشتمانیگەلێک، کە بە گەنج و پیریانەوە، تینووی ئەوەن ئاڵووشیی ئاژەڵییان لەو ژنە بەتاڵ بکەنەوە، کە هاوسەرەکەی لە سەنگەرەکانی پێشەوەی جەنگدا، بەرگری لە سەروەریی وڵاتەکەی و شکۆی ئەوان دەکات!



لەنێوان چاوتێبڕینی هەوەسبازانە، گێچەڵیی سێکسیی هەرزەکار و گەنج و پیرەکان، ئیرەیی و ترِ و تەشقەڵەی کچ و ژنەکان، کە هاونیشتمانیی و هاوزمان و هاوگەڕەکەکانی جەنگاوەرەکەی بەرەکانی پێشەوەی جەنگ و هاوسەرەکەین، بەتایبەتی دوای مردنی باوکە پیرەکەی و بێ نوا و لانە مانەوە.

(مالێنا)ی هاوسەری جەنگاوەرەکە (نینۆ) ناچار بە کاری لەشفرۆشیی دەبێت، کەچی هەر ئەو کچ و ژنە هاوشارییانەی، دوای سووکایەتیی پێکردنێکی زۆر و سفرکردنی قژی و تێهەڵدانی، مالینا شاربەدەر دەکەن! واز لە گرتە و دیمەنەکانی فیلمەکە و چیرۆکی شەیدایی و هۆگربوونی هەرزەکارەکەش (ڕیناتۆ) بە (مالێنا) بێنن، گوێی دڵتان بۆ دیالۆگەکان ڕادێرن، لە گوزارشت و دەربڕینی نامە و یاداشتەکانی هاوسەری (مالێنا) ورد ببنەوە، ڕەنگە فیلمەکە باشتر و کاریگەرتر ختووکەی ویژدان و دیوە ڕەسەنەکەی مرۆڤبوونتان بدات، کە وێناچێت پەیامی ناو دیالۆگەکان و نامەکانی هاوسەرەکەی، وەک ئەزموونی دوور و نزیک، بۆ هیچ کاممان نامۆ بێت! هەر بۆ نموونە، هاوسەرەکەی کە دوای تەواوبوونی شەڕ و ساڵانێک بێ سەر و سۆراخی، بە کەمئەندامیی دەگەڕێتەوە شارۆچکەکەی و هاوسەرەکەی نادۆزێتەوە و لێرە و لەوێ، لەم و لەو چیرۆکە تراژیدییەکەی ژنەکەی دەزانێت.

دوای گەڕانەوەی مێردەکەی لە نامەیەکیدا کە بۆی نووسیوە، دەڵێت: (جێی هەرچی ئاوی ڕووبارەکان هەیە لە دەممدا دەکەمەوە، دەیکەمە تف و لەو نیشتیمانەی دەکەم، کە گیانمم لە پێناویدا بەختکرد و دوای من، دڵی دایکمی تێدا شکا و تۆی تێدابووی بە سۆزانی!)

"جێی هەرچی ئاوی ڕووبارەکان هەیە لە دەممدا دەکەمەوە، دەیکەمە تف و لەو نیشتیمانەی دەکەم، کە گیانمم لە پێناویدا بەختکرد و دوای من، دڵی دایکمی تێدا شکا و تۆی تێدابووی بە سۆزانی!"

**هاونیشتمانیگەلێک، کە بە گەنج و پیریانەوە، تینووی ئەوەن ئاڵووشیی ئاژەڵییان لەو ژنە بەتاڵ بکەنەوە، کە هاوسەرەکەی لە سەنگەرەکانی پێشەوەی جەنگدا، بەرگری لە سەروەریی وڵاتەکەی و شکۆی ئەوان دەکات**

*مالێنا (Malena – Malèna) فیلمێکی درامیی ڕۆمانسییە لە پاڵەوانییەتی (مۆنیکا بلۆچی و جۆزێف سولفارۆ).

* چیرۆکی فیلمەکە بۆ ڕووداوەکانی سەردەمی جەنگی دووەمی جیهانی دەگەڕێتەوە (لۆسیانۆ فیسێنزۆنی) نووسیویەتی و (جۆزێف تۆرانتۆری) سیناریۆکەی ئامادەکردوە و کاری دەرهێنانی بۆ کردووە، ساڵی ٢٠٠٠ بەرهەم هێنراوە.

* کاستی فیلمەکە: مۆنیکا بلۆچی لە ڕۆڵی (مادلێنا سکۆردیا کە بە مالێناش ناسراوە، جۆزێف سولفارۆ لە ڕۆڵی (ڕیناتۆ ئەمۆرۆسۆ) لۆسیانۆ فیدریکۆ لە ڕۆڵی (باوکی ڕیناتۆ) ماتیلدێ پیانا لە ڕۆڵی (دایکی ڕیناتۆ) پیترۆ نۆتاریانی لە ڕۆڵی مامۆستا (بۆنسینۆری) گایتانۆ ئارۆنیکا لە ڕۆڵی (نینۆ سکۆردیا - هاوسەری مالێنا) گیلبێرتۆ ئادۆنیا لە ڕۆڵی پارێزەری (سینتۆربی) ئەنجیلۆ پێلیگرینۆ لە ڕۆڵی (سەرۆکی حزبی فاشی).

# خوێندنەوەی کتێب

- ***تراژیدیای مێژوو لەڕۆمانی (لالەکانی لالش)دا***

فەرەیدون سامان

- ***ڕۆمانی (کوێرەی چاوساغ)ی سابیر ڕەشید***

هۆشەنگ شێخ محەمەد

- ***قوربانی ژمارە ٢٥٦ ...***

مەسعودی مەلا هەمزە

# تراژیدیای مێژوو لەڕۆمانی (لالەکانی لالش)دا



**فەرەیدون سامان**

لە ئەدەبیاتی کوردیدا بەتایبەت لە بواری ڕۆماندا، تاڕادەیەک زەحمەتە ئاماژە بە ئامارەکانی دەقی ئەدەبی جەنگ، یان ئەدەبی بەرخودان بکەین، بەڵام بە چاوپێخشاندن و لێکۆڵینەوەیەکی خێرا بۆ کار و بەرهەمە ئەدەبییەکانی نووسەرانی کورد کە باسیان لەو ژانرە ئەدەبییە کردووە، بەتایبەت لەم سەردەمەدا، دەتوانین ئاماژە بە چەند دەقێکی ناوازە بکەین، کە گوزارشت لە کۆژان و مەینەتی قۆناغەکانی خەباتی شاخ و شار، خەباتی زیندان، لە کۆمەڵکوژی و ئەنفال و کیمیاباراندا، تراژیدیای مێژوویی کۆمەڵگەی کوردی تیشک بخەینە سەر برینە سارێژنەبووەکانمان و شرۆڤەکارانە لە نەهامەتییەکانی گەلی کوردستان بدوێین، ڕۆمانەکانی (کتێبی پێنجەم)ی جەبار جەمال غەریب و (بەهاری ڕەش)ی ئەحمەد محەممەد ئیسماعیل و (کەناڵی مەیموونە چەکدارەکان)ی کاروان عومەر کاکەسوور و (ڕۆژانێک لەو ساڵانە هەڵدەگرم)ی ئارام محەمەد و (پاکیزەکانی بیابان)و (فرمێسکی بەفر)ی عەبدولقادر سەعید و (شاری مۆسیقارە سپییەکان)ی بەختیار عەلی، نموونەیەکن لەو ڕۆمانە کوردییانە گەرەکە قسەیان لەسەر بکرێت، یەکێک لەو ڕۆمانە هونەرییە ناوازانەش کە باس لە کۆمەڵکوژی و مەینەتییەکانی کوردانی ئێزیدی دەکات (لالەکانی لاش)ی ڕۆماننووس کامەران خۆشناوە.

## تراژیدیا و ئەدەبیاتی جیهانی:

بە ئاوردانەوەیەکی خێرا دەتوانین بڵێین کە مێژووی کاریگەری جەنگ لەسەر ئەدەبدا بۆ سەردەمی پێش زایین دەگەڕێتەوە، لەوانەش داستانی (ئەلیادە وئۆدیسا)ی هۆمیرۆسی شاعیری گریک، کە بە کۆنترین دەقی ئەدەبی تراژیدی لەمێژوودا دەژمێردرێت، هۆمیرۆس لەو داستانەدا باس لە زنجیرەیەک جەنگی وێرانکاری گەلانی ناوچەکە دەکات، لەوانەش جەنگی تەروادە.

بەڵام ئەم نموونانە جیاوازن لەگەڵ دەقی ڕۆمانی مێژوویی، کە لە سەردەمی پۆستمۆدێرنیتەدا وەدەرکەوتوون و نووسراون، چونکە تا ڕادەیەک بنەماکان، یان ڕەگەزە هونەرییەکانی ئەدەبیاتی جەنگیان تێدا بەرجەستە نابێت، جگە لە نیشاندانی هاوسۆزی بۆ قوربانیانی جەنگ و تراژیدیاکانی ئەو خەڵکانەی کە ڕووبەڕووی کۆمەڵکوژی دەبنەوە، نووسەرانی ئەم ژانرە ئەوەی باسی لێوە دەکەن شتێک نییە لە ڕاڤەکردنی ڕەگەکانی ئەو کۆژان و تراژیدیایە، جگە لە وێناکردنی تراژیدیای نیشتمانی، یان ئەفراندنی داستانە قارەمانییەکان، کاتێکیش لەسەردەمی نوێخوازیدا نزیک دەبینەوە دەبینین بازنەکانی ئاراستەکردن بەرەو تێڕامان بۆ

ناواخنی ئەم کارەساتانە فرەوانتر دەبێتەوە، لەڕۆمانی (شالیر)دا شکسپیر پیاو بە جەنگاوەر و گەمژە پێناسە دەکات، هەروەها لورانس سترینی نووسەری ئێرلەندی لە ڕۆمانی (تریسترام شندی) گاڵتە بە جەنگاوەرەکانی دەکات، دواتر لەسەروبەندی شۆڕشی گەورەی فەرەنسادا لە ساڵی ١٧٨٩، دوای دامەزراندنی ئیمپراتۆریای ناپلیۆن. کۆمەڵێک ڕۆمانی تازە و ژمارەیەک لە ڕاوبۆچوونی نوێ بە قەڵەمی ڕووناکبیر و بیرمەندانی وەکو هیگڵ و کانت و سپینۆزا وەدەرکەوتن.

ڕۆماننووسی ناوداری فەرەنسا ستاندال (١٧٨٣-١٨٤٢) کە جەنگاوەرێکی ڕیزی سوپاکەی ناپلیۆن بووە، لە ڕۆمانی (سوور و ڕەش)دا بەتوندی و گاڵتەجاڕی ڕەخنە لە ئامادەکارییە سەربازییەکانی جەنگ دەگرێت، کە ڕووبەڕووی کیشوەری ئەوروپا بووەوە، هەروەها سەرڤانتسی ئیسپانی کە بە باوکی ڕۆمانی نوێ لە ئەوروپا ناسراوە، لە ڕۆمانە ناودارەکەی (دۆن کیشۆت)دا ئاماژە بە کۆتایی ئەو قۆناغەی جەنگاوەران دەکات، فیکتۆر هۆگۆ بەشێکی گرنگی لە ڕۆمانی (کڵۆڵەکان)ی بۆ تانەدان لەو جەنگە خوێناوییە بووە، کە لە کۆمۆنەی پاریسدا دەگریا بەسەر جەستەی جەنگاوەرەکانی. سەرەتای سەدەی بیستەم و هەڵگیرسانی هەردوو جەنگی خوێناوی جیهانیی و بەهۆی ئەو هەموو کوشتار و قڕکردنە، ئەدەبی جەنگ تەکانێکی بەخۆوە بینی، بەتایبەت ژانری ڕۆمانی وابەستە بە کۆمەڵکوژییەکان، ئەو ڕۆمانە تراژیدیانەی بوونە دەروازەیەک بۆ یاداشتکردنی بەسەرهات و گێڕانەوەی تاوانەکان، کە گرنگترینیان ئەو ڕۆمانانە بوون کە باسیان لە کۆمەڵکوژی ئەرمەن کردووە، هۆلۆکۆست، سەربڕخانەکانی بۆسنیا و هێرزەگۆڤین، تاوانەکانی کەمبۆدیا، قڕکردنی گەلی هۆتسی و فەرمانەکانی دژ بە گەلی شێخادی لە شنگال و ئەنفالی گەلی کوردستان. کە گرنگترین ئەو ڕۆمانانەی لەم بوارەدا چاپ کراون ئەمانەن:

• ڕۆمانی (غەوارە)ی نووسەر ڤالیری تۆرانیان، لەمەڕ جینۆسایدی گەلی ئەرمەن.

• ڕۆمانی (زۆڵەکەی ئەستەنبوڵ)ی نووسەر ئەلیف شەفەق، سەبارەت بە جینۆسایدی گەلی ئەرمەن.

• ڕۆمانی (منداڵە بێجامە خەتخەتەکە)ی نووسەر جۆن بوین، سەبارەت بە هۆلۆکۆست ( کۆمەڵکوژیی جووەکان).

• ڕۆمانی (هۆتێلی سپی)ی نووسەر دی ئێم تۆماس، سەبارەت بە هۆلۆکۆست.

• ڕۆمانی (کتێبدز)ی نووسەر مارکۆس زۆساک، سەبارەت بە هۆلۆکۆست.

• ڕۆمانی (چیرۆکی سەربرینیتسا)ی نووسەر ئیسنام تالیچ، سەبارەت بە کۆمەڵکوژییەکانی بۆسنە.

• ڕۆمانی(دروونەی کەللەسەرەکان)ی نووسەر عەبدوڵڵا وابیری، لەمەڕ کۆمەڵکوژییەکانی ڕاواندا.

**باس لەهەندێ ڕووداوی مێژوویی دەکات، کە تەنانەت لای خودی ئێزدییەکانیش نوێن**



کامەران خۆشناو

• ڕۆمانی(خەندە لەمیانی فرمێسکەکان)ی نووسەر ڕۆبرت بازامبانزا، سەبارەت بە کۆمەڵکوژییەکانی ڕواندا.

• ڕۆمانی (نۆتردامی نیل)ی نووسەر سکۆلاستیک موکاسونگا، سەبارەت بە کۆمەڵکوژییەکانی ڕواندا.

**ئەدەبیاتی کوردی و تراژیدیا:**

بۆئاوڕدانەوەلەئەزموونیڕۆماننووسانیکورد لەو بوارەدا دەتوانین هەر بۆ نموونە ئاماژە بە ڕۆمانەکانی (بەهاری ڕەش)ی ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل و (کەناڵی مەیموونە چەکدارەکان)ی کاروان عومەر کاکەسوور، (ڕۆژانێک لەو ساڵانە هەڵدەگرم)ی ئارام محەمەد بکەین، بەڵام ئامانجی لێکۆڵینەوەکەی ئێمە قسە کردنە لەسەر ڕۆمانی (لالەکانی لالش)ی کامەران خۆشناو، کە سفرێکی ئێزدی پاراوە، گەشتێکە بە برینە سارێژنەبووەکەیان، لەو ڕۆژەی خودا گەردوونی ئەفراندووە، گەڕانێک بەدرێژایی ئەو برینە خوێن لێهاتووەی مێژووە درێژەکەیان، بە بەڵگەکردنێکی تراژیدیاکەیانە لە فەرمانی یەکەمەوە، ئەوەی بە دەستی بەدرەدین لوئلوی فەرمانڕەوای موسڵ سازدرا، تا دەگاتە دەوڵەتە ڕەشستانەکەی داعش، یاداشتکردنی چیرۆکی گەشمردە و ڕزگاربووانە، ئەوانەی بەخوێن و فرمێسک چیرۆکی سەرکەوتنی ڕۆحیان بەسەر شمشێردا تۆمارکردووە.

بە گەواهی خوشک و برایانی ئێزدی، ڕۆمانەکە ئینسکلۆپیدیایەکی تەواوە بەشێوەیەک کە پێشتر هیچ نووسراوێک هێندە زانیاری سەبارەت بە گەلی شێخادی لەخۆوە نەگرتووە، ئەوەتا لە دووتوێی ڕۆمانەکەدا باس لە دەیان چیرۆکی نەگێردراوە کراوە، ئەوەی پەنهانە و ئەمەش بەشێوەیەکی وێژەیی تۆکمە، جوانی چیرۆکەکان لەوەدایە کە هەمووان بەزمانی خاوەن چیرۆکەکەیە، واتا کەسی ئاخێوەر باس لە بەسەرهاتەکە دەکات، کە مەرج نییە گیانلەبەر بێت، بەڵکو نووسەر دار و بەرد و ئاسمان و ڕێسمان دێنێتە گۆ، تا باس لە چیرۆکی نامۆی ئەوتۆ بکەن، کە بڕواکردن پێیانەوە ئەستەمە، لەو کاتەی هەمووی چیرۆکی ڕاستەقینەن. جێگای ئاماژەیە کە نووسەر ڕۆمانەکەی پێشکەش بە منداڵێکی تەمەن چوار ساڵان کردووە بە ناوی

> **یەکێک لە جیاکارییەکانی ڕۆمانەکە ئەوەیە کە سەر لەبەری بەزمانی ئاخێوەر نووسراوە و هەموو چیرۆکەکان لەلایەن خاوەن ڕووداوەکان دەگێڕدرێتەوە**

(عەزیز) ئەوەی لە لایەن بازوانییەوە جێهێڵدرا و کەس نەچوو بەلایدا و تا چاوانی کوێر بوون گریا و دواتر لەبەر بێکەسی و بێنازی گیانی لەدەستدا.

**هەندێ زانیاری خێرا:**

• ڕۆمانەکە (٥٩٠) لاپەڕەیە و بەتێکڕای زیاتر لە (١٤١،٠٠٠) وشە و بە زمانی کوردی ناوەند نووسراوە.

• بریتییە لە (٧٩) بەش و بە قەبارەی (٢١×٢٤) سم.

• لە هەولێر لە چاپخانەی ڕۆژهەڵات و بەژمارە سپاردنی (٧١٧) لە ساڵی (٢٠١٩) چاپکراوە.

• ڕۆمانەکە لە لایەن نووسینگەی ڕزگارکردنی ڕفێندراوانی ئێزیدی و لەسەر ئەرکی نووسینگەی سەرۆکی پێشووی حکومەت چاپکراوە.

• هاوشانی (٧) کتێبی دیکە(کە سێیان کوردی و یەکیان ئینگلیزی و سێیانی دیکەش عەرەبی بوون) لەڕێکەوتی (٢٠١٩/٩/١٢) و لەڕێوڕەسمێکی شایستەدا لە هەولێر هاتە وەشاندن.

• پزیشکی پسپۆڕ (ڕێدار محەمەد ئەمین) کە بۆردی لە نەخۆشییە دەروونییەکان هەیە و هاوکات نووسەرە، پێشەکی بۆ نووسیوە.

• ڕۆمانەکە زیاتر لە (٤٠٠) چیرۆکی ڕاستەقینەی دوا فەرمان لەخۆ دەگرێت، ئەوەی نووسەر و لەمیانی گەڕان و گوێبیستن و بینینی فلیمی دیکۆمینتاری و لە ڕێگای شایەدی کەسە ڕزگاربووەکانەوە کۆی کردوونەتەوە، لەمبارەشدا زۆر سوودی لەکتێب و نووسین و پێگەی فەرمی چەند کەسایەتییەکی بەڕێزی ئێزدی وەرگرتووە و ئاماژەی پێکردوون.

• وەک ئەمانەتێکی مێژوویی، نووسەر لەبەشی کۆتایی و لەژێر ناونیشانی سەرچاوەکان، ئاماژەی بە (٣٠) کتێب و بابەتی جیاواز کردووە و بە (کوردی، عەرەبی، فارسی،ئینگلیزی) ئەمە جگە لەبەرنامە تەلەفزیۆنییەکان.

• نووسەر یەک ساڵی بۆ کۆکردنەوەی زانیاری و نووسینی ڕۆمانەکە تەرخان کردووە، لەو کاتەی کە خاوەن چەندان ڕۆمان، کورتەڕۆمان و دەقی شانۆییە.

**ناوی ڕۆمانەکە:**

یەکێک لەجوانییەکانی ڕۆمانەکە ناوەکەیەتی، کە لە دوو وشەی هاویەکی هاوڕیتمی موزیکی پێکدێت، ناوچەی ئێزدیاتی بەگشتی و لالش بە تایبەتی بە سەوزایی و کولیکەنیسان و لالەی گەورە ناسراوە، هەر لەبەر ئەوەشە کە نووسەر لە ڕۆمانەکە بەکاری هێناوە، ئەوەتا لەبەشی (٧٥) ئەوەی بەناوی (من هۆزانڤانم)ە، باس لەبەسەرهاتی ڕفێندراوێکی ڕۆشنبیر دەکات، کە سەرباری ئەوەی خوێندکاری زانکۆیە.. هۆزانڤانە و هەموو گەشتەکەی لەمیانی چەند کورتە پەخشانێکی جوانی واتادار دەخاتەڕوو.

یەکێک لە پەخشانەکانی بەناوی (لالەکانی لالش)ە لەوێ زۆر بەڕوونی باس لەو هەموو لالەی پیدەشتەکەی لالش دەکات، ئەوەی بۆ ئاهەنگی سەری ساڵ دەیانچنی، کە منداڵ بووە سەیری پێهاتووە، ئەم هەموو گوڵە جوانە سوورە لەم ناوچەیە چ دەکەن، کەچی ئەم فەرمانە بۆی ڕوون دەکاتەوە، کە ئەمانە ڕۆحی ئەو پاکیزانەن، ئەوانەی لە فەرمانە یەک بەدووی یەکەکاندا ڕفێندراون و لە دوورەوڵاتدا سەریان ناوەتەوە، دوای مردن ڕۆحەکانیان هاتوتەوە و بەشێوەی لالەی سوور و بەشەرمەوە سەریان لەنێو خاکدا دەرهێناوە، تا لێرەوە لەپاڵ لالشی پیرۆز هەست بە ئارامی بکەن و چیدی دوور نەخرێنەوە، بەڵێ هەر لالەیەک پەرییەکە، هەر لالەیەک گەواهی چیرۆکێکە، هەر لالەیەک خوێنێکی ئاڵی بەناحەق ڕژاوە، فرمێسکی تکاوە، ئاهێکی تاساوە، ناڵەیەکی نەبیستراوە.

**ناواخنی ڕۆمانەکە:**

ئەوەی ڕۆمانەکە بەسەر پێیی بخوێنێتەوە وا دەزانێت لە کۆمەڵە چیرۆکێکی جیاواز پێکدێت، ئەوانەی بە زۆری لەگەڵ یەکدیدا یەکخراون، کەچی خوێنەری هۆشیار ئەو هەودا باریکە بەدی دەکات، ئەوەی سەرلەبەری ڕووداوەکانی ڕۆمانەکەی بەیەکدی گرێداوە، بەشێوەیەک کە هەر بەشێک خوێنەر ڕادەستی ئەوەی پاشتری دەکات.

هەربەشێک باس لە ڕووداوێکدا دەکات، ئەوەی بایەخی خۆی هەیە لە ماجەرای ڕووداوەکاندا، هاوکات جۆرێک لە کەلتوور، خوورەوشت، جلوبەرگ، هەڵسوکەوتی گەلی ئێزدیخان دەخاتەڕوو، ئەمەش بەپێی پێویست و دوور لە درێژدادڕی.

دەسپێکی ڕۆمانەکە بە سفری دروست بوونی ئێزدی دەست پێدەکات، بۆچوونی گەلی شێخادی بۆ چۆنیەتی پەیدابوونی گەردوون، کاتێ ئەم ئاسمانە پان و فراوانە بریتی بووە لە تاریکاییەکی چۆڵ و هۆڵ، ئاو لە ژێریدا شەپۆلی دەدا.

ئەم گێڕانەوەیەش لەسەر زاری باڵندەیەکی ئاسمانییە بەنێوی (ئەنفرا) ئەوەی چل هەزار ساڵ دووڕرە خوداییەکەی لەسەر پشت هەڵدەگرێت بەر لەوەی بەسەریدابقیژێنێ ولەمیانی قلێشانەوەی دوورەکە زەوی لێ بێتە بەرهەم.




دواتر تووتییەکە (ئەنفرا) لەشەقەی باڵ دەدات و دەرگای ڕۆح واڵا دەکات تا سەرجەمی ڕۆمانەکە بخاتەڕوو، وەکو زانراوە ڕۆح لای گەلی شێخادی نەمرە، بۆیە بەباشترین کارەکتەر دانراوە بۆ گێڕانەوەی سەرجەم ڕووداوەکانی ڕۆمانەکە، ئەم ڕۆحە نەمرە دەیان کراس دادەدڕی و لە کات و شوێنی جیاوازدا چیرۆکەکان دەگێڕێتەوە.

جێگای ئاماژە بۆ کردنە کە یەکێک لە

جیاکارییەکانی ڕۆمانەکە ئەوەیە کە سەر لەبەری بەزمانی ئاخێوەر نووسراوە و هەموو چیرۆکەکان لەلایەن خاوەن ڕووداوەکان دەگێردرێتەوە، نەمگوت پاڵەوان، چونکە لەهەندێ چیرۆک خراپترین کارەکتەر لە سونگەی دید و بۆچوونی خۆیەوە باسەکە دەکات!

لەم پێناوەدا مەرج نییە ئاخێوەر مرۆڤ بێت، نەخێر، بۆ گەیشتن بە ڕاستییەکان و گێڕانەوەی تەواو، نووسەر دار و بەرد و ئاسمان و ڕێسمانی هێناوەتە گۆ، ئەوەتا کەڵەگا، وڵاغ، دەمانچە، قەمە، بەرد، چاو، ئاڵا، هامڤی... هتد، قسە دەکەن، هەریەک بەپێی سروشت و شێوازی خۆی دەئاخڤێت، کە لەمەشیاندا نووسەر هەوڵیداوە ڕۆح بێنێتەبەر ئەم هەموو بێگیان و بێزمانانە، بە جۆرێک هەر یەکێ لەمانە بەپێی سروشتی خۆی قسە بکات و زانیاری جوان و نوێ هەڵبژێرێت، بۆ نموونە لە بەشی (١٤) بەنێوی (من مردنم) و کاتێ مردن دێتە قسان، کۆمەڵێک زانیاری نامۆ و سەرنجڕاکێش سەبارەت بە مردن دەخاتەڕوو، کە بۆ خۆم تازە بوون.

> وەکو زانراوە ڕۆح لای گەلی شێخادی نەمرە، بۆیە بەباشترین کارەکتەر دانراوە بۆ گێڕانەوەی سەرجەم ڕووداوەکانی ڕۆمانەکە

لە بەشی یەکەمدا، ئەوەی بەنێوی (من کەللە سەرم) نووسەری ڕۆمانەکە لە چاڵێکی لە بیرکراوەوە دەست پێدەکات، وەکو ئاماژەیەک بۆ کێشە لە بیرکراوەکەی گەلی شێخادی، ئەوەی سەرباری ئەوەی نزیک سەر ڕووی زەوییە، کەچی بەئەنقەست پشتگوێ خراوە و کەس ئاوڕی لێناداتەوە.

لەم بەشە کەللەسەری (چۆلۆ خەنجەر) دەماندوێنێ، ئەوەی دوور لە لاشەی لە چاڵێک فڕێدراوە، باس لە ڕووداوی کوشتنی عەلی ئاغای باڵتەیی سەرۆکی ئەرگوشییەکان دەکات، ئەوەی بە ناپاکی لە لایەن عەلی ئاغای ئێزدی کوژرا و دواتر بەم پاساوەش میر محەمەدی پاشای سۆران لەشکرکێشیەکی گەورەیان دەکاتە سەر، بەڵێ لە ساڵی (١٨٣٢) پاشای گەورە فەرمانێکی ستەمکارانەی کوردکوژی بەسەر گەلی ئێزدی هێناوە.

ئەم کەللەسەرە جگە لە باسی کارەساتەکە، زۆرێک لە شێوازی پرسەگێڕی، مردوو ناشتن و کێلسازیمان بۆ دەخاتەڕوو، بە جۆرێک کە چۆلۆی هیواخواز، خێزان و منداڵەکانی بۆ سازکەن، ئاواتە خوازیشە بۆ جارێک بێت

> ئەوەی ڕۆمانەکە بەسەر پێی بخوێنێتەوە وا دەزانێت لە کۆمەڵە چیرۆکێکی جیاواز پێکدێت

چاوی بە ماڵباتەکەی بکەوێتەوە و ئەم هیوایە لە دوا بەشی ڕۆمانەکە دێتە دی.

لە بەشی دووەمدا (میرزا خەنجەر)ی کوڕی چۆلۆ و لەمیانی دەمەتەقێیەک لەگەڵ دۆتمامەکەی، زۆرێک لە دابونەریت و نزاکاری دەخاتەڕوو، لەوکاتەی نووسەر دەست بە بنەماکانی ڕۆماننووس دەگرێت و وەک کەسی سەربەخۆ مامەڵەی لەگەڵدا دەکات، کە ڕووداو گرێی خۆی هەبێت و هەر نەبێتە گێڕانەوەیەکی ڕووت، بەش و ڕووداوەکانی نێو ڕۆمانەکە بەم شێوەیە بەردەوام دەبن، تا لە ئۆپەراسیۆنی ڕزگارکردنی موسڵ و ڕێک لە (١٥)ی مایسی ساڵی (٢٠١٦) و لەمیانی گیانگۆری شاهین خەلەف ڕەشکانیی لاوی ئێزدی لە پرۆسەی ئازادکردنی موسڵدا، سەرجەم گرێیەکانی ڕۆمانەکە دەکرێنەوە و باسەکە تەواو دەبێت.

هەرچەندە ڕۆمانەکە لە دروستبوونی کنیاتەوە و تا ئێستا و بە درێژایی (٧٤) فەرمان، باس لە خۆڕاگری و ئازایەتی گەلی ئێزدی دەکات، بەڵام مەودای زەمەنی (١٨٤) ساڵە و سەرجەم ڕووداوەکانی ئەوکاتە لەخۆ دەگرێتەوە و جاروبار دەچێتەوە پێشتر.

کەواتە دەتوانین بە ئێزدینامەیەکی بزانین و زۆرێک لەزانیارییەکانی وابەستەی فەرمانەکانی لێ بخوێنینەوە.

باس لەهەندێ ڕووداوی مێژوویی دەکات، کە تەنانەت لای خودی ئێزدییەکانیش نوێن (وەک چەند هاوڕێیەکی ئێزدی بۆیان باس کردم) بۆ نموونە لەبەشی پێنجەمدا ئەوەی بەنێوی (عەمجای ماردینیم) باس لەو کۆمەڵە گەنجە ئەرمەنییە دەکات، ئەوانەی هانایان بۆ ئێزدیخان هێنا کاتێ لە زستانی ساڵی (١٩١٥) لە دەست کۆمەڵکوژییەکەی عوسمانیان ڕایانکرد، زۆر بە جوانی و درێژی باس لەو بەسەرهاتە دەکات،

ئەمەش بەپێی یادداشتەکانی قەشە (ئیسحاق ئەرمەڵە) ئەوەی بەنێوی ( القصاری فی نکبات النصاری) ساڵی (١٩١٩) لە بەیروت چاپکراوە.

لەبەشی دواتر (٦) ئەوەی بە نێوی (هۆی هۆی هۆی مەمۆ)یە باس لە پاڵەوانێکی لە یادکراو دەکات بە نێوی مەمۆ عەلیکی، ئەو جوامێرەی لە شۆڕش (دواوودل داوود) بەشداری کرد و قارەمانیەتێکی بێ وێنەی تۆمارکرد و تا گەشمردە بوو چەکی دانەنا، ئەمەش کاتێ سوپای عێراق و فڕۆکە بەریتانییەکان لەساڵی (١٩٢٦) هێرشیان کردە سەر ئێزیدخان. بەدیدی من هەڵدانەوەی ئەم دوو لاپەڕە پەنهانە کارێکی جوانە و پێویستە برایان لە ئێزیدخان ئاوڕی باشتری لێبدەنەوە.

لە هەمان تەوەردا و لە بەشی دواتر (٧) لەوەی ناونراوە (من قاترم) باس لە ئەنفالکردنی سەدان خێزانی پێشمەرگە دەکات لەچیای گارە، ئەوانە ساڵی (١٩٨٧) خۆیان ڕادەستی حکومەتی عێراق کرد، کە زۆربەیان کادری حزبی شیوعی بوون و هێشتاش چارەنووسیان دیار نییە، نووسەر زۆر جوان ئەم تراژیدیایە لەسەر زمانی وڵاغێک وە دەردەخات کە هێندە ئازار دەبینێ و لە کۆتاییدا خۆی هەڵدەدێرێ و ناهێڵێ سەربازەکان دەستیان بگاتەکچێکی کورد.

ئەوەی لەم بەشەدا سەرنجی ڕاکێشام زمانی نووسینەکە بوو، کە نووسەر زۆربەی هەرەزۆری وشەکانی فەرهەنگی کوردی ئەوانەی بەپیتی (ع) دەست پێدەکەن، لەم بەشەدا بەکارهێناوە، بەڵام بەشێوەیەک کە هەریەکە و لەشوێنی خۆیدا بێت و بێ ڕیزکردنی هەڕەمەی ئەوتۆ کە لە واتای ڕۆمانەکە کەم بکاتەوە، بۆیە لەمیانی گێڕانەوەی تراژیدیایەکە وشەکانی خستۆتە گەڕ و چێژێکی دیکەیان بە بابەتەکە بەخشیوە.

لەلایەکی دیکەوە لە بەشی(١٧)دا ئەوەی بە نێوی (ناوم سنجەقە) نووسەر زۆر بە وردی باس لە سەنجەقی هۆلی ئێزدییان دەکات، ئەمەش لەسەر زاری خودی سنجەق، کە باس لە هەوڵەکانی شێخ حەسەن دەکات بۆ هەڵگیرساندنی شۆڕشێکی چاکسازی و نشوستهێنانی و کوژرانی شێخ.

لەم بەشەدا نووسەر باس لەشتێک دەکات، کە گومان دەکەم کەسێک بەر لەو درکی پێکردبێت، یان باسی لێوە کردبێت، من لێرەدا پێشدەستی دەکەم و زۆر بە ڕوونی دەیخەمە بەرباس.

لە لاپەڕە (١١٦)دا باس لە بابەتێکی گرنگ دەکات، لە وێکچوونی (سنجەق)ی گەلی شێخادی لەگەڵ بەیداخی شانشینی (حەزەر) ئەوەی بە (سمیا) ناسراوە، جێگەی ئاماژەیە کە ئەوانیش لە بنەچەدا وەکو ئێزدییەکان خۆرپەرست بوونە، لەم بەشەدا نووسەر زۆر بە وردی باس لە هەردوو بەیداخان دەکات و سەرجەم هێما و ئاماژەکانیان شیدەکاتەوە و نیشان دەدات، کە تاکە جیاوازییان ئەوەیە لە تۆقەڵانی سنجەقەکەی سمیا لە بڕی تاووس هەڵۆیەک دانراوە، چونکە حەزەرییەکان هەڵۆیان بە پارێزەری خۆر زانیوە، کە ئەمەش بابەتێکی نوێیە و پێویستە توێژینەوەی زیاتری لەسەر بکرێت.

> بەدیدی من هەڵدانەوەی ئەم دوو لاپەڕە پەنهانە کارێکی جوانە و پێویستە برایان لە ئێزیدخان ئاوڕی باشتری لێبدەنەوە

یەکێک لەو خاڵانەی جێگای هەڵوەستەن ئەوەیە، زۆر بەشێوەیەکی ئەدەبی جوان باس لەڕووداوە خەمناکەکەی بەردباران کردنی دوعا دەکات، گلەیی ئەم گەلەکۆمەیە لە خەڵکی ناوچەکە دەکات و هۆشداری دواهاتەکان دەکات، واتە: نووسەر سەرجەم خاڵە ئەرێنی و نەرێنی مێژووییان باس دەکات و بە مایکرۆسکۆبی هۆشەوە دەیخاتە بەر دیدی خوێنەر، تا ئەویش بە تەرازووی ژیرییەوە حوکمیان لەسەر بدات.

لێرەدا جێگای خۆیەتی دەستخۆشی لە برایانی ئێزدی بکەم کە بەسنگفراوانی ئەو ڕەخنەیان پەژراندووە و ڕۆمانەکەیان بڵاوکردۆتەوە، لەم بەشەدا نووسەر بە شێوەیەکی وێژەیی و بە گێڕانەوەی بەردێکی بێگیانی بێزمان باس لەو کارەساتە دەکات، بە شێوەیەک، کە سەرجەم دیمەنەکانی ئەم تراژیدیایە تۆمار دەکات و تەنانەت کاتێ بە زمانی بەردەکە دەنووسێت کە چۆن سەنگی خۆی قورس کردووە تا کەس هەڵی نەگرێت و تەنانەت کە هەڵگیراوە هەوڵیداوە لە ئاسماندا ئاڕاستەی بگۆڕێت یاخود هەر هیچ نەبێت کێشی کەمبکاتەوە و بەهێواشی بەرجەستەی دوعا بکەوێت... بەڕاستی گوزارشتێکی جوانە.

لەوانەیە بە خوێندنەوەی ئەم بەشە، خوێنەر هەستێکی ناخۆشی بەرامبەر ئێزدییەکان لا دروست بێت، بەڵام لەبەشی (١١) ئەوەی بەنێوی (فەقیر دینۆم) باس لەو دۆزەخە

دەکات ئەوەی لە بەرامبەر کوژرانی دوعا قاعیدە بۆ ئێزدییانی نێلدا و باس لە تراژیدیا خوێناوییەکەی سێشەممەی سوور دەکات، ئەوەی بە تەقینەوەکانی قەحتانییە ناسراوە، کاتێ بەرەبەیانی چواردەی ئابی ساڵی (٢٠٠٧) چەند تانکەرێکی نەوتی بۆمبڕێژکراو تەقینەوە و سەدان ژن و پیاو و منداڵیان لە گوندی سیبای شێخ خدر و کۆمەڵگەی قەحتانییە خەڵتانی خوێن کرد.

نووسەر هەر لێرەدا ناوەستێ، بەڵکو لە بەشی دواتر (١٢) ئەوەی بە نێوی (تانکەری نەوتم) زۆر بەجوانی گوزارشت لە بارودۆخی عێراق دەکات، کە ئەم نەوتەی ژێر خاک بۆتە مۆتەکە بەسەر عێراقییەکاندا، لە میانی تەمەنی تانکەرێکی نەوتدا لە کاتی دەرچوونی لە کارگەدا تا تەقاندنەوەی لەنێو ژن و پیاو و منداڵانی ئێزدی دیمەنە ناخۆشەکان باس دەکات،

وێستگەکانی ژیانی نەوتەبەرێک، بەتایبەت کاتێ توندڕەوان تووشی بێوەژنێک دەبن، لە گوندێکی دووردەدەست، ئەوەی هەتیوەکانی لە سەرمان هەڵدەلەرزن و ناچاری دەکەن جەستەی خۆی بفرۆشێت، تا چۆڕە نەوتێک بخەنە ناو بەرمیلە قۆپاوەکەی، ئەمە گوزارشتێکی تاڵی خەمبارە و بە زمانێکی ئەدەبی نووسراوە (بڕوانە لاپەڕە ٨٢).

لە بەشی (٤٥) ئەوەی ناوی (پێم دەڵێن می حەقدە)یە نووسەر باس لە بەسەرهاتی فرۆکەوانی گیانگۆر (ماجید عەبدولسەلام ئەلتەمیمی) دەکات، ئەو سەرلەشکرە لەخۆبردووەی فرۆکەکەی لەسەر چیای شەنگال کەوت و شەهید بوو.

لەم بەشەدا زۆر بە جوانی باس لە ڕووداوەکە دەکات و تەواوی ژیانی ئەم شەهیدە دەخاتەڕوو، ئەمەش بە شێوەیەکی وێژەیی جوان و هەمووشی لەسەر زمانی هەلیکۆپتەرە ڕووسییەکەیە، ئەوەی لە جۆری (می حەقدە)یە.

بەهۆی ئەوەی کامەران خۆشناوی نووسەر خۆی موسوڵمانە و پاشخانێکی مەعریفی بەبنەماکانی ئایینەوە هەیە، بۆیە ئاگاداری زۆرێک لەو دەستەواژە و هێما و فەلسەفییانەیە، ئەوەی ئیسلامییەکان بە بنەمای دەزانن و پشتی پێدەبەستن، خەڵکی عەوامی پێ چەواشە دەکەن لەپێناو گەیشتن بەمەرامەکانیان، بۆیە لە زۆرێک لە بەشەکانی ئەم ڕۆمانەدا شەنوکەویان دەکات، ئەوەتا لە بەشی (٢٠) کە بە نێوی (پێم دەڵێن ئاڵای ڕەش)ە باس لەو ئاڵایە دەکات کە داعش خەڵکی پێ چەواشە کرد.

دواتریش لەبەشی (٤٩)دا ئەوەی بەنێوی (دادگای شەڕ..عی)یە باس لەو هەموو تاوانانە دەکات ئەوەی بە نێوی ئایین و شەرعەوە دەکرێت، تەنانەت وشەی شەرعی لێک کردۆتەوە وەک گوزارشتێک بۆ شەرعیەتدان بە شەڕ!

ئەمە جگە لەو چەواشەکارییانەی خەڵکی کاڵفام (بەتایبەت لاوانی هۆشکۆڵ) پێ دەنێرنە کردە خۆکوژییەکان، ئەمەش بەڕوونی لە بەشی (١٣)ی بەنێوی (من خۆکوژم) نووسراوە.

لەم بوارەدا بەشی (٧٤) زۆر سەرنج ڕاکێشە، لەو بەشەی کە بەنێوی (زۆر پەشیمانم) و لەمیانی چیرۆکێکی ڕاستەقینەی گەنجێکی سعودی ڕابوو لە وەهمی خیلافەت و چەواشەکارییەکانی داعش، باس لە ڕەوشی ناو ئەندامانی گروپەکە دەکات، بەتایبەت ئەو دەستەیەی لە درۆکان تێگەیشتووە و لەبەر تێوەگلانی بەکردارە خوێناوییەکانەوە ناتوانێت دەستبەرداریان بێت.

ڕۆمانەکە گەشتێکی ورد دەکات بەو فەرمانەی دوایی و باس لە لایەنێکی پەنهان دەکات، کە کەم باسی لێوە کراوە، ئەوەی تایبەتە بە منداڵە ڕفێندراوەکان، ئەوانەی دوای کوشتنی باوانیان پەلکێش کراونەتە ئۆردوگاکانی مەشقی سەربازی و لەژێر ناوی (بەچکەشێرانی خیلافەت) دەکرانە بۆمبی ئامادەکراو بۆ تەقاندنەوە دژ بەنەتەوە و ڕەگەزی خۆیان، ئەوەتا لە بەشی (٧٣)ی بەنێوی (نامەیەکی بێ ناونیشان) و لەمیانی چیرۆکێکی دیکەی جەرگبڕ باس لەیەکێک لەو سێوییانە دەکات، ئەوەی دوای کوشتنی باوک و دایکی لەبەر چاوی خۆی و برایەکی بچووکتری دەکەنە جەنگاوەر، ئەم منداڵە و لەمیانی نووسینی نامەیەکی کراوە بۆ دایکە گەشمردەکەی هەموو شتێک باس دەکات، چیرۆکێکی لێوان لێو لە ئازار و ئەشکەنجە و برسی بوون و دوورولاتی، تا ئەو کاتەی دەگەڕێنەوە کوردستان.

ئەم بەشە زۆر بەوردی نووسراوە و زۆر کاریگەرە، بەتایبەت کاتێ لەبەر چاوی منداڵان سەری پێشمەرگەیەک لێ دەکەنەوە، یان ئەو کاتەی فەرمانیان پێدەکەن تیرەندازی لەسەر شێوازی کافران بکەن و منداڵەکەش وێنەی

**«چونکە حەزەرییەکان هەڵۆیان بە پارێزەری خۆر زانیوە، کە ئەمەش بابەتێکی نوێیە و پێویستە توێژینەوەی زیاتری لەسەر بکرێت»**

**لەبواری خاڵبەندی و ڕێنووس پێویستی بەچاو خشاندنەوەیە، کە دەبووایە لایەنی وەشێنەر خەمی لێخواردبا؛ بەڵام ئەمە هیچ لەناواخنی ڕۆمانەکە کەم ناکاتەوە**

باوکی دێتە بەرچاو، لەم بەشەدا نووسەر و پاڵپشت بە چەندان سەرچاوە و گێڕانەوە وێنایەکی ئەو دۆزەخە دەکات، ئەوەی منداڵانی ئێزدییان تێئاخێنرابوون.

هەر لە باسی منداڵان و لەبەشی (٣٤)دا ئەوەی بەناونیشانی (نازانم ناوم چییە) باس لە چیرۆکی لە دایکبوونێکی نامۆ دەکات، مەلۆتکەیەک لە ناو ئاپۆرای کۆمەڵکوژی باوک و مام و خاڵانی لە دایک دەبێت، بەشێکی سەیر و جوانە و شایستەی خوێندنەوەیە.

هەر لەم بوارەدا لە بەشی (٧١) ئەوەی بەنێوی (پۆلە پەپوولە)یە باس لە چارەنووسی زۆرێک لەو منداڵانە دەکات، ئەوەی چارەنووسیان دەکەوێتە دەست داعش، کە تەنانەت ئەوان دەستیان لێ ناپارێزن و بەشێوازی جیاواز و لەژێر ئەشکەنجەدان دەیانکوژن، بەشێکی زۆر تراژیدییە، بەڵام شایەدمانییەکە بۆ مێژوو و زۆرێک لەتاوانەکانی تیادا یادداشت کراوە.

لەبەرامبەردا، بەساڵاچووانیش بەشی خۆیان لەم ئەشکەنجەدان و کۆمەڵکوژییە بەرکەوتووە، ئەوەتا لەبەشی (٧٢)ی بەنێوی (تاووسەکانی تەوەس) و لەمیانی بەسەرهاتی (کەنیَ حەسەن) ئەو تەمەندارەی لە ناو پێچەکانی چیای شەنگال ڕێی لێ ون دەبێت و دواتر تەرمەکەی دەدۆزرێتەوە، باس لە چارەنووسی سەدان تەمەندار دەکات، کە چۆن داعش سەرباری ئەشکەنجەدان، سووکایەتی پێکردن و بە ژەهرخواردکردن لەناویان دەبات، جگە لەمەو لەبەشەکانی (٤٠،٤١،٥٥،٦٤) چیرۆکی نامۆی دیکە باسیان لێوە دەکرێت، کە هەمووان ڕاستەقینەن و کارەکتەری سەرەکی لێیان بەساڵاچوو و تەمەندارانن.

هێندێک لە چیرۆکەکان هێندە نامۆ و خەمگینن کە لەگەڵیدا مرۆڤ هەڵوەستە دەکات و گەر گێڕەوەیان کارەکتەرەکان نەبن، ئەستەمە بڕوای پێبکرێت، لەوانەش، بەشەکانی ( ٢٩، ٣٠، ٣٢، ٣٥، ٣٦، ٣٩، ٤٢، ٥٠، ٥١، ٥٢، ٥٧، ٥٩، ٦١، ٦٢، ٦٣، ٦٥، ٦٦، ٦٧، ٧٠) کە خوێنەر لەکاتی خوێندنەوەی ڕووداوەکاندا هەناسەبڕ دەبێت و هەر دێرێک چەند بارە دەکاتەوە، تا لەڕاستی نووسراوەکاندا بێگومان بێت.

سەبارەت بە چیرۆکی خاتوو (نادیە موراد) ئەوا نووسەر زۆر بە جوانی و بەدرێژی لە بەشی (٤٨)دا کە بە نێوی (شەوێک لەدۆزەخ)ی یادداشت کردووە، کە باس لە تەواوی بەسەرهاتەکەی دەکات، هەرچی چیرۆکی (جەیلان)ی گیانگۆرییە، ئەوا لە بەشی (٥٢) و بەنێوی (ئاسکی باسک خوێناوی) بە تەواوی دەیخاتەڕوو.

لەبەرامبەردا و بە گشتی بۆ خستنەڕووی هەڵسووکەوتی ژنە داعشییەکان و بەتایبەتیش هاوسەرانی پیاوە دەستڕۆیشتووەکانیان، لە بەشی (٦٠) بەنێوی (عەزیمە سە) زۆر بەجوانی باری دەروونیان شیدەکاتەوە. ئەو هەموو گرێ و ڕق و هەست بە کەمایەتییەی ناخیان دەخاتەڕوو، ئەوەی ئەوانی لە هەستی مرۆڤایەتی شۆردۆتەوە و کردوونی بە زڕەدێو.

لە بەشی (٣٨) کە ناوی (پێم دەڵێن گۆڕی بەکۆمەڵ) نووسەر زۆر بەجوانی قۆناغەکانی کۆمەڵکوژی دەخاتەڕوو، ڕوونی دەکاتەوە کە ئەو هێزەی کۆمەڵکوژی ساز دەکات، ئەرکەکە بە کۆمەڵە کەسێکی جیاواز دەسپێرێت، کە هەر دەستەیەکیان بەرپرسی وردەکاری و بەشێکی بچووکن، بەم شێوەش هیچ کامیان ئۆباڵەکەی ناخەنە ئەستۆی خۆیان و بەبێباکی ئەنجامی دەدەن!

لەبەشی (٥٤) ئەوەی بەنێوی (بیری عەلۆ عەنتەر)ە باس لە بێ سەروشوێنکردنی سەدان گەنج و پیاوی ئێزدی دەکات، ئەوانە لەڕێکەوتی (٢٦)ی شوباتی ساڵی (٢٠١٥) لە گەڕەکی خەزرای تەلەعفەرەوە ڕاپێچی چارەنووسێکی نادیار کران.

بەشی (٥٣) ئەوەی بەنێوی (بازاڕی عوکازە) بەشێکی زۆر سەرنجڕاکێشە، لەوێ نووسەر زۆر بەوردی باس لە بازاڕەکانی فرۆشتنی

**”**

**یەکێک لەو خاڵانەی جێگای هەڵوەستەن ئەوەیە، زۆر بەشێوەیەکی ئەدەبی جوان باس لەڕووداوە خەمناکەکەی بەردباران کردنی دوعا دەکات**

**“**

ڕفێندراوان دەکات، بەشێوەیەک بازاڕی پاکیزەکان جیاواز بوو لە هی ژنان، هی لاوان جودا و تایبەت بوو بە دەستڕۆیشتوو و ئەمیران و لە شوێنی داخراوی تایبەتی دوورەدەست دەکرا، هەرچی ئافرەتانی ئاسایی و تەمەندارەکان بوون، ئەوا لەشوێنی کراوە و جەنجاڵ دەخرانەڕوو، ژن هەبوو بە پێنج منداڵەوە بەنرخێکی کەم هەراجکراوە، ئەم بەشە زۆر کاریگەرە و زۆرێک لە ڕاستییە تاڵەکانی لەخۆ گرتووە، ئەوەی خوێنەر لە ئاستیاندا هەڵوەستە دەکات و پرسیاری ئەوەی لا دروست دەبێت، ئاخۆ داعشەکان مرۆڤن؟

**زمانی نووسین:**

هەر چەندە زمانی نووسەری ڕۆمانەکە کوردییەکی پاراوە و زۆرێک لە وشەی جوان و پاراو و پەتی بەکارهێناوە و ڕۆمانەکەی پێ ڕازاندۆتەوە، بەڵام ئەمە ئەو ڕاستییە ناشارێتەوە کە لەبواری خاڵبەندی و ڕێنووس پێویستی بەچاو خشاندنەوەیە، کە دەبووایە لایەنی وەشێنەر خەمی لێخواردردبا؛ بەڵام ئەمە هیچ لەناواخنی ڕۆمانەکە کەم ناکاتەوە.

لە کۆتاییدا دەڵێم ئەم ڕۆمانە تەرزێکی جیاوازە لەو ڕۆمانانەی خوێندومەتەوە بەجۆرێک هەم بەشێوازی گێڕانەوە، هەم بە تەرزی وێناکردن بە قەڵەم. خوێنەر هەست دەکات پێ بەپێ لەگەڵ کارەکتەرەکان دەجوڵێتەوە و هەست و تام و بۆنی ڕووداوەکانی پێدەکات و خۆی بەبەشێک لە ڕووداوەکان دەزانێت.

**پوختە:**

ئەم ڕۆمانە گەشتێکی دوورودرێژە بە ئێش و ئازاری گەلێک کە مێژوویەکی درێژخایەنی هەیە لە چەوسانەوە و فەرمان و کۆمەڵکوژی، گەلێک کە دوای هەر شکستێک هەڵساوەتەوە سەرپێ و لە هەوڵی پارێزگاری کردن لە بوون و ناسنامەی خۆی بووە لە نێو کۆمەڵگەیەکی ئایین جیاوازی هاوڕەگەزی دواکەوتوو.

ڕۆمانی لالەکانی لالشی کامەران خۆشناوم خوێندەوە، چێژی پێبەخشیم، زانیاری نوێم دەستکەوت و سەربار، ئاشنای تەرزێکی نوێ بووم لە ڕۆمانی کوردی. جێگای ئاماژەیە کە دەستنیشان کردنی ژانری سەرەکی ئەم ڕۆمانە ئاسان نییە و پۆلێنکردنی وردبینی دەوێت، ئەمەش بە هۆی درێژی و فرەمەودایی کە سەدان ساڵی پڕ لە ڕووداو دەگرێتەوە، تەنانەت پێشەکییەکەی باس لە ئەفراندنی گەردوون دەکات، ئەمەش کارەکەمان ئاڵۆزتر دەکات، دوای خوێندنەوەی ڕۆمانەکە؛ ئەوا سەرجەم جیاکارییەکانی ژانرەکانی ئەدەبی جەنگ و مێژوویی و دیکۆمینتاری و دیستۆپیا و فەنتازیا و دەروونشیکاری و نیشتمانم تێدا بە دی کرد، کەچی بە ڕوانینی خۆم بە ژانری جەنگ بەگشتی و بە تەرزی ئەدەبیاتی کۆمەڵکوژی پۆلێن دەکەم.

## سەرچاوەکان


١- خۆشناو، کامەران، ڕۆمانی لالەکانی لالش- هەولێر ٢٠١٩، چاپخانەی ڕۆژهەڵات.

٢- ڕەحمان، عەبدوڵڵا، بنیاتی گێڕانەوە، چەند لێکۆڵینەوەیەکی ئەدەبی٢٠١٤، خانەی موکریان بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە.

٣- باییز، هەڵمەت، دەقاوێزانی لە ڕۆمانی دوایەمین هەناری دونیای بەختیار عەلی. یەکیتی نووسەرانی کورد، مەڵبەندی گشتی، ٢٠١٤.

٤- عەبدوڵا، ئیدریس، جوانکاری لە ئەدەبی کوردیدا، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلیمانی. ٢٠٠٣

٥- چارلز بریسلەر، ڕەخنەی ئەدەبی و قوتابخانەکانی، عەبدولخالیق یەعقوبی، بڵاوکراوەی ئاراس. ٢٠٠٣

٦- تانیا ئەسعەد، بونیاتی شوێن لە دوو ڕۆمانی کوردیدا، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی سەردەم. سلێمانی ٢٠١١

٧- گێڕانەوە، گۆڤار، ژمارە ١ و ٢، تایبەت بە گێڕانەوەناسی، بەهار و هاوینی ٢٠٢١.

٨- میران جەلال: بنیاتی ڕووداو لە ڕۆمانی کوردیدا، مەڵبەندی کوردۆلۆجی، چاپخانەی ڕەنج، ٢٠٠٩.

٩- نەجم خالد ئەلوەنی، کارەکتەر لە ڕۆمانی ئێوارەی پەروانەی بەختیار عەلی دا.



# ڕۆمانی (کوێرەی چاوساغ)ی سابیر ڕەشید



هۆشەنگ شێخ محەمەد

**(١)**

(کوێرەی چاوساغ) ڕۆمانێکی دیکەی (سابیر ڕەشید)ی ڕۆماننووسە. بابەتە سەرەکییەکەی (کوردایەتی) و (پێشمەرگایەتییە)، کە لەڕێی ئەم بابەتەوە، ڕۆ دەچینە نێو ژیانی پێشمەرگایەتی و ماهییەتی کوردایەتی و ناوەڕۆکی بزاوی ڕزگاریخوازی کورد.

لەم ڕۆمانەدا (سابیر ڕەشید) بەهەمان تەکنیکی ڕۆمانی (شمشێری مووسا) خۆی وەک ڕۆماننووس کەشف دەکات، بەمەبەستی بەشداریکردن لەپێشبڕکێیەکی ڕۆمان نووسیندا لەبارەی (پێشمەرگە)ەوە، حەز دەکات ڕۆمانێک بنووسێت شایانی بردنەوەی خەڵاتی ڤیستڤاڵ و کێبڕکێکە بێت. بۆ ئەمەش پێویستی بەچیرۆکێکی گەورە و گرانە!. ئەم چیرۆکانەش لەنێو مێژووی (کوردایەتی)دا دەست دەکەون، هەر لەماڵی خۆیانەوە دەتوانێت چیرۆک و بەسەرهاتەکانی باوکی بکاتە ڕۆمانێک لەبارەی پێشمەرگەوە، بەڵام ئەمە بەس نییە چونکە ئەو دەیەوێت بەرهەمێکی تژی جووڵە و نوێ و جیاواز بنووسێت، تا بەرهەمەکەی لەبەشداربووانی دیکەدا جوانتر بێت.

لێرەدا ئێمە تێدەگەین، (سابیر ڕەشید)ی نێو ڕۆمانەکە، دەیەوێت واقیعێکی ڕاست بخاتە نێو جیهانی ڕۆمانێکەوە. واتە پێشمەرگە لەجیهانی واقیعەوە بۆ جیهانی ڕۆمان «وشە و زمان» بگوازێتەوە. کوردایەتی وەک بابەتێکی گەورە و ماددەیەکی قورس، پێشمەرگەش وەک کارئەکتەرێکی سەرەکی و خاوەن مەقامێکی پیرۆز لەنێو ئەم بزاوەدا، لەواقیعدا بۆ نێو زمانیان دەبات.

ئەم گواستنەوەیە لەجیهانی واقیعەوە بۆ جیهانی زمانەوە، گواستنەوەی واتاکانی کوردایەتی و پێشمەرگەیە بۆ نێو زمان بەدوو مەبەست:

١- بردنەوەی خەڵاتی کێبڕکێ و ڤیستڤاڵەکە.

٢- ئاشکراکردنی نهێنی ئەو پێشمەرگەیەی نەفرەت لەکوردایەتی و ناوی حکومەت و سروودی ئەی ڕەقیب دەکات؟!.

مەبەستی یەکەم، مەبەستێکی هونەری و تەکنیکی و ئەدەبییە لەڕۆمانەکەدا، بایەخ و قورساییەکەی وەک مەبەستی دووەم نییە، چونکە ئاشکراکردنی نهێنی بێزاری و تووڕەبوونی پێشمەرگەیەک (کوێرەی چاوساغ) دەبێتە گرێی ڕۆمانەکە و (سابیر ڕەشید)ی نێو ڕۆمانەکە، هەموو واقیعی ژیانی خۆی دەگۆڕێت تا بتوانێت گرێی ئەو نهێنییە بکاتەوە.!

سابیر ڕەشید، دەیەوێت جیهانی ڕابردوو، لەگەڵ واقیعی ئێستا لەڕێی زمان و گێڕانەوەدا ڕۆشن بکاتەوە، پارچەکانی ڕابردوو لەڕێی ڕۆمانەکەیەوە بەئێستا گرێ بداتەوە، لەڕێی زماندا پێوەندی نێوان (ناشیرینییەکانی واقیعی ئێستا) و (جوانییەکانی ڕابردوو) بدۆزێتەوە.

> **سابیر ڕەشید، دەیەوێت جیهانی ڕابردوو، لەگەڵ واقیعی ئێستا لەڕێی زمان و گێڕانەوەدا ڕۆشن بکاتەوە**

هەر لەڕێی زماندا لەکەسێکەوە بچینە نێو شۆڕشێکەوە، لەپێشمەرگەوە بچینە نێو مێژووی بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردەوە، هەر لەکۆماری مەهابادەوە تا ساتی نووسینی ڕۆمانەکە کە ئێستایە. دۆزینەوەی ئەو پێوەندییە، یان ڕاستتر زمانی (سابیر ڕەشیدی) دەرەوەی ڕۆمانەکە، ئەو پێوەندییە کەشف دەکات، کە کەس و شوێن و دەم و ڕابردوو و ئێستا پێکەوە دەبەستێتەوە. هەروەها زمانەکە پەردە لەسەر ناوەڕۆکی ئەو بابەتە (کوردایەتی) و (پێشمەرگە) لادەبات. دەمانباتە جیهانێکی بەرزتر لەواقیع تا لەوێوە لەنێو جیهانی زماندا تەماشای واقیعی ڕاستەقینەی شۆڕش و کوردایەتی بکەین.

**"ئەم ڕۆمانە لەڕووی تەکنیکەوە، دووبارەی ڕۆمانی (شمشێری مووسا)یە، هاوزمان و هاوئاهەنگ و هاوکۆتاییە! دەکرا تەکنیکی ئەمە جیاوازتر بووایە، ڕۆمانی شمشێری مووسای تێپەڕاندبا و تەنانەت لاوکەکەی (کاوێس ئاغا)یشی دووبارە نەکردبایەوە!"**

### (٢)

لەگەڵ ئەم ڕۆمانەدا دوو سابیر ڕەشید دەدوێن، (سابیر ڕەشید)ی نێو ڕۆمانەکە، کە دەیەوێت جیهانی (کوێرەی چاوساغ) بخاتە نێو جیهانی ڕۆمانەکەی، لەهەمان کاتدا (سابیر ڕەشید)ی دەرەوەی ڕۆمانەکە، ئەو ڕۆمانەی لەنێو ڕۆمانەکدا دەنووسرێت، دەخاتە نێو جیهانی زمانێکی دیکەوە، کە پەردە لەسەر زمانی یەکەم لادەبات، واتە ئەگەر زمانی (یەکەم سابیر ڕەشید) کە لە نێو ڕۆمانەکەدایە، باسی کوردایەتی بکات، ئەوا زمانی (دووەم سابیر ڕەشید)ی دەبێتە زمانی دووەم، کە لەسەرووی زمانی یەکەمە، واتاکانی ئەو زمانی دووەمە لەسەرووی واتاکانی زمانی یەکەمن. گرنگی و قورساییەکەش لەمەدایە، کە واتاکان دژی یەکدین!. بۆ نموونە ئەگەر لەزمانی یەکەمدا، لەڕێی پێشمەرگەوە، (کوێرێکی چاوساغ) نیشان بدات، ئەوا لەزمانی دووەمدا، (چاوساغێکی کوێر) دیار دەدات!!.

ڕەنگە ئەم لێکدانەوەیە بۆ (سابیر ڕەشید)یش هێدمە بێت! چونکە ئەو لەتەواوی ڕۆمانەکە دەیەوێت ئەوە بڵێت کە پێشمەرگەکەی ئەو (کوێرەی چاوساغ)ە، واتایەکی ئەرێنی بەم کەسایەتییە دەبەخشێت، بەڵام زمانی دووەم پێچەوانەی ئەمەمان پێدەڵێت، نەخێر ئەو پێشمەرگەیە، (چاوساغی کوێرە)، واتا بارێکی نەرێنی پیشان دەدات.




دوو بارەکە تەواو پێچەوانەی یەکدین، لەیەکەمدا پێشمەرگە سیمبولی خەبات و ئازادی و دەستپاکی و ڕاستگۆیی و هەموو بەهایەکی مرۆییانەی گرنگە، بەڵام لەدووەمدا پێشمەرگە کەسێکی نەزان و نابینا و بێ لێکۆڵینەوە و بێ پێشبینی و بێ چاوە! ڕاستییەکان نابینێت و ئەوەی بەناوی خەبات و تێکۆشان بۆ گەل و وڵات دەیکات لەهەڵخەڵەتاندنێکی گەورە هیچی دیکە نییە و ئەو بەدوو چاوی ساغەوە ئەم ڕاستییە نابینێت!.

کە تەماشای چارەنووسی پێشمەرگە دەکەین، دەزانین لەژینگەیەک بووەتە پێشمەرگە (کە کۆماری کوردستان)ە، ئەو ژینگەیە، بێ ئەوەی (سابیر ڕەشید) بیەوێت بەنێگەتیڤی بیگوازێتەوە، خۆی لەبندەستی ئەو زمانە دەدزێتەوە و بارە نەرێنییەکەی خۆی دەگوازێتەوە نێو جیهانی زمانی دووەمەوە! ئەو دۆخەی کۆماری مەهاباد تێیدا پەیدا دەبێت و گەشە دەکات و تا دەڕووخێت، سیما سەرەتایی و ڕووکەشی و ڕواڵەتییەکان و کەسایەتییەکانی ئەو کۆمارە نیشان دەدەن، کە چۆن بەئاسانی دەڕوخێت و لەنێو دەچێت، ئەو گیانەی لەپێشمەرگەکانەوە

**کە تەماشای ڕووداوەکانی ئێستا دەکەین، تێدەگەین (ئێستا) زادەی ئەو (کوردایەتی)یەیە، کە لەچلەکانەوە تا ئێستا پێشمەرگە پەیدای دەکات**

تاو دەداتە ژیان و ئەزموونی جیهان و بوونیان، ئەوەیە کە کەسێکی وەک (بایز ئاغا) ئەفسەری کۆمار، لەپاداشتی پارە و پوول لەهەولێر سەردەبڕدرێت، کەسەکی دیکە، کە ڕەمزیی چاوساغی و قارەمانییتی و نەبەردی پێشمەرگەیە، کوڕەکانی لەنێوان حزبە خۆکوژەکانی کورددا، بە بەدیلی یەکدی دەکوژن!! ژن و کچەکەی دەبنە قوربانی بەدەستی جەلادەکانی بەعس، دواترین کەسیی دەبێتە قوربانی کۆمەڵگەیەکی دواکەوتوو و بێ ڕوحی مرۆڤانە!.

. پێشمەرگە ئەگەر لەڕۆمانی یەکەمدا، گیانی بەرخۆدان و قارەمانی بێت، لەجیهانی زمانی دووەمدا دەبێتە کادیرێکی دواکەوتووی یەکێک لەحزبەکانی کورد، کە بەهەموو هێزیانەوە، شەڕی خۆکوژی دەکەن و دەیگەیەننە ئاستێک، کە (نەرمی)کورد لەسەر دەستی پێشمەرگە بە (توندترین) وێنەی وەحشییانەی خۆی بگات! ئەو جیهانەی (سابیر ڕەشید)ی یەکەم بەشێوەیەکی نیەتپاکانە بۆ قارەمانییتی پێشمەرگە بینای دەکات، (سابیر ڕەشید)ی دووەم، لەزمانی جیهانێکی باڵادا، بەسەر سەریدا دەیهێنێتە خوار و وردوخاشی دەکات!

## (٣)

ئەم ڕۆمانە، بەهەر مەبەستێک نووسرابێت، لەناوەڕۆکی خۆیدا، جیهانی زمانەکەی، ڕۆمانەکە دەکاتە شایەتییەک لەسەر ڕۆحی کرمێبووی (کوردایەتی) و جیاوازی گەورە و گرانی لەگەڵ (کوردبوون)دا! کوردبوون شتێکە، کە جیهانی زمانی دووەم پێمان دەڵێت لەنێو بزاوی (کوردایەتی)دا غایب بوو! کوردایەتی دەربڕینی لەهەر شتێک کردبێت، دەری‌ڕینی لە (کوردبوون) نەکردووە! کوردبوون وەک بارودۆخێکی ئەنتۆلۆجی ئێمە، وەک ڕوحێک کە دەبوو لەبزاڤی ئێمەدا جیلوە بکات. پەیدا نەبوو! پێشمەرگە نەیتوانی پەردە لەسەر ئەو ڕوحە هەڵبداتەوە، بۆیە ئەو خەبات و قوربانیدانە بێ پەروا و نەپساوەیە، گیانی کوردبوونی ئێمەی نەدرەوشاندەوە، مرۆڤبوونی ئێمەی ڕۆشن نەکردەوە، کوردبوون لەنێوماندا حزووری پەیدا نەکرد، تا جیهان و خود و جوانی و بەهاگەلی ئازادیخوازییمان بۆ ڕووناک بکاتەوە! بەپێچەوانەوە، کوردایەتی بووە هۆی چەپاندن و کوشتنی گیانی کوردبوون و مرۆڤبوونمان!

## (٤)

ئەم ڕۆمانە لەڕووی تەکنیکەوە، دووبارەی ڕۆمانی (شمشێری مووسا)یە، هاوزمان و هاوئاهەنگ و هاوکۆتاییە! دەکرا تەکنیکی ئەمە جیاوازتر بووایە، ڕۆمانی شمشێری مووسای تێپەڕاندبا و تەنانەت لاوکەکەی(کاوێس ئاغا)یشی دووبارە نەکردبایەوە! ڕۆمانێکە شایانی خوێندنەوە و ئەم جۆرە تەئویلەیە. لەپێناو ئەوەی زمانی یەکەم ڕۆمان و دووەم ڕۆمانی نێو ئەم ڕۆمانە ڕۆشن بکەینەوە! بڵێین کوێرە چەند چاوساخە، چاوساغیش ئەوەندە کوێرە!





# قوربانی ژمارە ٢٥٦

## ئەنفالکراوێکی کیمیابارانکراو ... زیندوودێکی دڵ و ڕۆح مردوو



مەسعودەی مەلا هەمزە

ڕزگاربوویەکی پاشماوەی ئەنفالی ئەسڵ کەرکووکی، لە هەڵەبجە دەژیێت و لە ڕۆژگاری کیمیابارانکردنی شارەکە لە مەرگ ڕادەکات و ڕێگای هات و نەهاتی دەگرێتە بەر، دواجار دەگاتە ئێران و هەموو خزم و دۆست و کەسوکار و هاوڕێیانی لەدەست دەدات و لەدوای ژیانێکی پڕ لەکولەمەرگی و ناخۆش و چەوساندنەوە لەلایەن زڕباوک و کۆمەڵگا و بێ ڕەحمی زەمانە، دواجار لە فەرەنسا دەگیرسێتەوە.

ئەو پەرەگرافەی سەرەوە کورتەی چیرۆکی ڕۆمانی «قوربانی ژمارە ٢٥٦»ە کە لە لایەن گەلاوێژ نەزەریان نووسراوە و ڕێباز مستەفا وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی و لە دوو توێی «٢٩٦» لاپەڕەدا چاپکراوە.

بەر لەوەی دەست بە خوێندنەوەی ڕۆمانەکە بکەیت، کە سەیری بەرگی کتێبەکە دەکەیت تێدەگەی چیرۆکی ئەم ڕۆمانە باس لە کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجە دەکات، بۆیە بۆ تاکی کورد لەڕووی سۆزەوە حەزدەکەی دوانەکەوی و دەست بە خوێندنەوەی ڕۆمانەکە بکەیت.

پێش ئەوەی بێمە سەر ناوەرۆکی ڕۆمانەکە و قسە لەسەر وەرگێڕانەکەی «ڕێباز مستەفا» بکەم، دەمەوێ ئەوە بڵێم لە سەرەتادا وامزانی ئەم ڕۆمانە نووسەرێکی فارس نووسیویەتی، دوای بەدواداچوون بۆم دەرکەوت کە نووسەری ڕۆمانەکە بە ئەسڵ کوردە و بەرهەمەکەی بە زمانی فارسی نووسیوە، بەڵام کە ڕۆمانەکە دەخوێنیتەوە هەست ناکەیت نووسەرەکەی کوردبێت و خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بێت، بەڵکو ڕێک هەست دەکەی نووسەری ئەم ڕۆمانە کچێکی جوانکیلەی هەڵەبجەییە و لەنێو ورد و درشتی ئازارەکانی خەڵکی هەڵەبجە بووە و بە چاوی خۆی چرکەساتی کیمیابارانکردنی شارەکەی بینیوە و بست بە بست لە هەڵەبجەوە ڕایکردووە تا گەیشتۆتە گوندە سنوورییەکانی ئێران.

**خوێنەر کە خەریکی خوێندنەوەی دەبێت واهەست دەکا خۆی لەنێو ڕووداوەکاندایە و ئێستا نا ئێستا دەمرێت و دەکەوێتە سەر لاشەی قوربانییەکانی دی**

به شێوەیەکی گشتی، نووسەری ئەم ڕۆمانە زۆر کوردانە کاراکتەرەکانی بونیاد ناوە و چیرۆکەکانی دارشتووە، کاراکتەری سەرەکی نێو ڕۆمانەکە «ئاسۆ» مێردمنداڵێکە و ئەسڵی کەرکووکییە، دایکی کە ڕزگاربووی ئەنفالە و لەلایەن کوردێکی خۆفرۆشی بەعسیەوە بە دزیەوە لە شاڵاوەکانی ئەنفال ڕزگارکراوە، لەبەرامبەر ئەو ڕزگارکردنەدا کابرا لەخۆی مارە کردووە و کردوویەتیە ژنی خۆی، بەڵام ئەم کابرایە کە ناوی «عومەری شەهلا»یە پیاوێکی خراپ و درندەیە و لە سەرەتاوە تا کۆتایی بۆ «ئاسۆ» زڕ باوکە و بە توندترین شێوە سزای دەدات، تەنانەت ئاسۆ ناتوانێ مومارەسەی بچووکترین مافی خۆی بکات کە کچێتیە و باوک و باپیرەی شێوەیەکی کوڕانەیان پێی بەخشیوە و زۆرترین کەس لە دەرەوە هەر لای وایە ئاسۆ کوڕە و بە بەردەوامی جلی کوڕانە دەپۆشێ و قژی کورتە و ناشوێرێ زۆر تێکەڵی کچان بێت.

ئەم ڕۆمانە کە لە «١٠» بەشی جیاوازدا چیرۆکەکان دەگێڕێتەوە، لە شەوی کیمیابارانکردنی هەڵەبجەوە دەست پێدەکات، دواجار بە سەفەرکردنی ئاسۆ بۆ فەرەنسا کۆتایی دێت، نووسەر لەڕێگەی کاراکتەرە جیاوازەکانی نێو ڕۆمانەکەی هەوڵیداوە دۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەوسای هەڵەبجە و کوردستان بخاتەڕوو، کاتێک نووسەر لەڕێگەی کاراکتەری «عومەری شەهلا» کە پیاوی ڕژێمە و یەکجار خراپە، هەموو کارە ناشیرین و قێزەوەنەکانمان نیشان دەدات کە ڕژێمی بەعس و پیاوانی دەیخەنەڕوو.

لەملاوە، لە بەرامبەر عومەری شەهلا، نووسەر لەڕێگەی کاراکتەری «زریان» کە خێزانی عومەری شەهلاو دایکی «ئاسۆ»یە وێنەیەکی جوانی دایکێکی میهرەبان و کوردمان پیشان دەدات، تا دواجار ئەم دایکە میهرەبانە لە ڕاکردنەکە و لەڕێگای نێوان هەڵەبجە و ئێراندا گیان دەسپێرێت و بە دووگیانیەوە دونیا بەجێدەهێڵێت.




**«کە سەیری بەرگی کتێبەکە دەکەیت تێدەگەی چیرۆکی ئەم ڕۆمانە باس لە کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجە دەکات»**

بەشێکی گرنگی ئەم ڕۆمانە ڕووداوەکانی چرکەساتی کیمیابارانکردنی هەڵەبجە و هەوڵدانی خەڵکەکەیەتی بۆ ڕزگاربوون لەم کارەساتە و دۆزینەوەی ڕێگای دەربازبوون، نووسەر پێ بە پێ لەگەڵ قوربانییەکان ڕادەکات و هەموو ئەو چیرۆکانەی لەو ڕێگایە ڕوودەدەن بۆمان دەگێڕێتەوەو تابلۆی مردنی بەکۆمەڵی خەڵکمان بۆ دەکێشێت.

خوێنەر کە خەریکی خوێندنەوەی دەبێت واهەست دەکا خۆی لەنێو ڕووداوەکاندایە و ئێستا نا ئێستا دەمرێت و دەکەوێتە سەر لاشەی قوربانییەکانی دی، ئەمە جگە لەوەی کە نووسەر بە بەردەوامی هەوڵیداوە ڕووداو لەنێو ئەو کەسانە بخولقێنێ کە هێشتا زیندوون و ڕادەکەن لەپێناو ڕزگاربوون لە مەرگ.

> **خاڵی گرنگ و جەوهەری ئەم ڕۆمانە کەسایەتی «عومەری شەهلا»یە کە ناو بەناو خۆی دەکاتەوە بەناو ڕووداوەکاندا و وەک هەمیشە خەریکی جاسووسی و کاری خراپ و چەوساندنەوەی خەڵکە و لە هەر شوێنە و ناوێکی هەیە**

بە کورتی، سەرباری ئەم چیرۆکە جوانانە و تەوزیفکردنی لەنێو کاراکتەرە جیاوازەکانی ڕۆمانەکەدا، هاوکات نووسەر لەم ڕۆمانەیدا کە لە چاپە فارسیەکەی بەناوی «کلاغی لای موهایم» چاپکراوە، بەوردی کاری لەسەر چەند خاڵێک کردووە کە بریتین لە:

یەکەم: نووسەر لەرێگای کاراکتەری زریان و ئاسۆ (دایک و کچ) گرنگی و پیرۆزی کەرکووک بۆ کورد دەخاتەڕوو، کە هەمیشە ئەم کەسانە چاویان لە شارەکەی خۆیانە و دەیانەوێ بیگێڕنەوە، هاوکات هەر لەم ڕێگایەوە نووسەر ئەوە بەخوێنەر دەڵێ کە کورد لەلایەن ڕژێمی سەدامەوە هەر کیمیاباران نەکراوە، بگرە ئەنفالیش کراوەو، تەنانەت بەژمارەش ١٨٢ هەزار قوربانیەکە دەخاتەڕوو.

دووەم: وەکو کەسێکی ورد و شارەزای ناوچەکە، بەشێک لە دابونەریتە کۆمەڵایەتییەکان و چەوساندنەوەی ژن و لێدانی منداڵ و چەوساندنەوە و چەندین نەریتی دی دەخاتەڕوو کە ژیانی واقیعی کۆمەڵگەی کوردین و ناکرێت بەبێ خستنەڕووی ئەم ڕاستیانە ڕۆمان لەبارەی ئەو سەردەمەوە بنووسرێت.

سێیەم: لە ڕێگەی کەسایەتی «مەردۆخ» هۆگری تاکی کورد بۆ خاکەکەی و ئامادەنەبوون بۆ جێهێشتنی دەخاتەڕوو.

چوارەم: خراپی زڕباوک و زڕ باپیر کە چۆن ئامادەن منداڵ بچەوسێننەوە، هاوکات حەزی پیاوی کورد بۆ منداڵی کوڕ و ڕق بوونەوە لە منداڵی کچ و شاردنەوەی کەسایەتی کچەکە، کە ئەمە بەشێکی زۆر گرنگی ڕۆمانەکەیە و بەدرێژایی ڕووداوەکان کەسایەتی ئاسۆ هەمیشە لەگەڵ خۆی و کۆمەڵگە لە شەڕدایە و ناتوانێت خۆی لەم بارودۆخە ڕزگار بکات.

خاڵی گرنگ و جەوهەری ئەم ڕۆمانە کەسایەتی «عومەری شەهلا»یە کە ناوبەناو خۆی دەکاتەوە بەناو ڕووداوەکاندا و وەکو هەمیشە خەریکی جاسووسی و کاری خراپ و چەوساندنەوەی خەڵکە و لەهەر شوێنە و ناوێکی هەیە، تەنانەت لەکۆتایی ڕۆمانەکەشدا نووسەر ئەم کەسایەتییەی بەنادیاری هێشتۆتەوە، ئەمەش وەکو نیشانەیەک بۆ بەردەوامی خراپە و کەسایەتی ناپەسند لەنێو کۆمەڵگەدا، هەر ئەمەشە هۆکارە کە کەسایەتی «ئاسۆ» لە فەرەنساش گومانی هەبێت کە ڕۆژێک لە ڕۆژان «عومەری شەهلا»ی لێ دەردەکەوێتەوە و ژیانی لێ تاڵ دەکات، ئەمەش وەکو هێمایەک بۆ بەردەوامی خراپە و شەڕ و شەڕخوازی، کە لەهەموو شوێنێکی دونیادا هەن و هەرکات بیانەوێت سەرهەڵدەدەنەوە.

بەکورتی، ئەم ڕۆمانە ڕۆمانێکی کوردانەیە و بەزمانی فارسی نووسراوە، سەرجەم ڕووداوەکان و بونیادی کاراکتەرەکان و تەنانەت ڕووداوەکانیشی هەمووی کوردانەیە و تایبەتە بە دۆخی کورد لەم ناوچەیەدا، ئەمە جگە لەوەی لە بەشەکانی دیکەی ڕۆمانەکەدا نووسەر ژیان و دۆخی گوزەرانی ئاوارەکانی کورد لە ئێران و دابەشبوونیان بەسەر ناوچە جیاوازەکاندا دەخاتەڕوو، کە لە سەرەتادا چۆن لە ژیانێکی قورس و کوولەمەرگیدا دەژین و دواجار وردە وردە لەگەڵ دۆخەکە ڕادێن.

دەستخۆشی لە نووسەری ئەم ڕۆمانە و «ڕێباز مستەفا» دەکەین کە بەکوردییەکی یەکجار جوان و پاراو ئەم ڕۆمانەی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی و هەوڵیشیداوە هەندێک وشەی کوردی دەگمەن بەکاربێنێ و لەڕێگەی پەراوێزەوە جارێکی دی ماناکانی بەخوێنەر بڵێ، کە ئەمەش جێی دڵخۆشی و دەستخۆشییە، لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا پێویستە ئەوە بڵێم کە بەداخەوە کتێبەکە لەهەڵەی ئیملایی و زمانەوانی بەدەر نییە و دەکرا باشتر پێداچوونەوەی پێدا بکرێت و ئەم هەڵانە کەمتر بکرێنەوە.

# لەبری بیرەوەری

- شەو لەکێوان ( بەشی ٦ )

د. ئەرسەلان بایز




# ئەو لەکێوان



د. ئەرسەلان بایز

(٦)

**ئەو ناوچەیە، یان ئەو دۆڵە بە (دۆڵی بالیسان) ناسراوە.**

(بالیسان) گوندێکی قەشەنگی پڕ لە کانیاو و ڕەزوباخە. لەپاڵ گوندی (بێتواتە) ناوەندێکی سەرەکی تیرەی (میر یوسف)ی عەشیرەتی خۆشناوەتییە. شیاوی باسە ئەو عەشیرەتە بەسەر سێ دۆڵی گەورە و سەرەکیدا دابەش بوونە (دۆڵی بالیسان، دۆڵی هیران و نازەنین، دۆڵی سماقوولی) گەورە و سەرۆکەکانی دۆڵی بالیسان زیاتر لە گوندی بێتواتە و بالیسان نیشتەجێ بوونە، پێیان دەگوتن بەگ.

(ئەنوەر بەگی بێتواتە و ئەنوەر بەگی بالیسان و کەمال بەگی وەرێ) ناسراوترین کەسایەتی ئەو دۆڵە بوون. شارۆچکەی شەقڵاوەش ناوەندی سەرەکی تیرەی (میر محەمەد)ە کە دۆڵی هیران و نازەنین دەگرێتەوە. هەر بۆیە بە سەرۆکی ئەو تیرانەیان دەگوتن (میرانی شەقڵاوە).

ناوەندی دۆڵی سماقوڵیش (سماقوڵی سەروچاوە)یە کە مەڵبەندی تیرەی (میراودەل)ییان پێدەڵێن. بە گەورەکانی ئەو تیرەیان دەگوتن (کوێخا) (کوێخا عەزیز و کوێخا عەبدە) ناسراوترین کەسایەتی ئەو تیرەیە بوون.

بەشێوەیەکی گشتی تاکو شەستەکانی سەدەی ڕابردوو (شەقڵاوە) بە ناوەندی سەرەکی عەشیرەتی خۆشناو ناسرابوو، چونکە وەکو ئیدارە قەزا بوو، کەوتبووە نسێی چیای سەفین، بەهۆی کانیاوە سازگار و باخ و دار گوێزەکانی ببووە مەنزڵگەی سەرجەم گەشتیاری پێکهاتەکانی عێراق.

(سدیق میران) کە (نائب) بوو لە پەرلەمانی سەردەمی پاشایەتی عێراق، کاریگەری لەسەر ناو و پێگەی شەقڵاوە و عەشیرەتەکە هەبوو.

دانیشتووانی ئەو شارۆچکەیە لە موسڵمان و کریستیان پێکهاتووە. کریستانەکان سەرتۆپی بەڕێوەبردنی هۆتێل و کافتیریا و قاوەخانەکان بوون. لەدوای هەڵگیرساندنی شۆڕشی ئەیلوول و بەهۆی ناکۆکی نێوان میرانی شەقڵاوە و سەرکردایەتی شۆڕش. لەپاڵ شەقڵاوە گوندی بێتواتە بوو بە ناوەندێکی گرنگی خۆشناوەتی. چونکە ئەو ساڵانە (ئەنوەر بەگی بێتواتە) پێوەندی لەگەڵ سەرکردایەتی شۆڕش باش بوو. چیای سەفین، لە زستاناندا بەفرێکی زۆری لێ دەبارێت و ساردە. کوانووی هەڵگیرساندنی یەکەمین دەستەی خەباتی پارتیزانی شۆڕشی ئەیلوول بوو. لەو شاخەدا یەکەمین چەخماخەی شۆڕشی گەلی کورد لە ساڵی (١٩٦١) گڕدرا، دواتر هەموو کوردستانی گرتەوە. هێزە چەکدارەکانی ڕژێمی عێراق دەیان جار پەلاماری ئەو شاخەیان دا و نەیان توانی داگیری بکەن. بۆیە لەنێو شۆڕش و خەڵکە تێکۆشەرەکەی ئەو قسەیە باوبوو کە دەیانگوت: (چیای سەفینم لە پشت بێت تف لە ئاسنیش دەکەم) واتە: سەفین پشتوپەنای شۆڕش و گەلی کورد بوو. لانەی خۆراگری و بەرگری بوو.

بە درێژایی دۆڵی بالیساندا جادەیەکی قیرتاو بە ناوەڕاستیدا دەڕۆیشت. ناحیەی خەلیفانی بە ئۆردوگای حاجیاوا گرێ دەدا، لەوێشەوە بە جادەی سەرەکی ڕانیە. گوندەکان ئەمبەر و ئەوبەری دۆڵەکە بەقەد پاڵ و دامێنی شاخەکانەوە بوون. شاخەکانیش باوەشیان بۆ هەزاران ڕەگ و چلۆپۆپی دار بەڕووەکان کردبووەوە. لە هاویندا ئاووهەوایەکی سازگار و فێنکی هەبوو. لە زستانیش بەفر سەرجەم گوندەکانی ناوچەکەی دادەپۆشی. چیاکانی (هەورێ و شیشار و کڵاو قاسم) ناسراوترین لووتکە و چیای دۆڵەکە بوون. تا ئەوساتەش، جیا لە گوندی بێتواتە هیچ ئیدارەی دەوڵەتی عێراق، یان ڕەبیە و سەربازگەیەکی ڕژێم لە ناوچەکەدا بوونیان نەبوو. بۆیە پێشمەرگەکانی (ی.ن.ک)

جیا لە مەترسی پەلاماری هێزی حزبەکانی دی، هیچ مەترسییەکی سوپای عێراقیان لەسەر نەبوو. مەگەر (تمشیط) یان مەترسی کۆپتەر و فڕۆکە جەنگییەکان نەبێ.

لەبەر ئەوەی (ئەو) لە دایکبووی گوندێکی دەشتی هەولێر و گەرمیان بوو. بۆیە جیاوازییەکی گەورەی لەنێوان گوندەکەی خۆیان و گوندە چیایی و کوێستانییەکان دەدیت. ئەو هەموو ڕەزی ترێ و دار هەنار و هەنجیر و سێوە لا سوورە و دار بەڕووە ڕەگ داکوتراوەکانی قەدپاڵ و نسێی چیاکان. سەردەمی منداڵی هێنایەوە بیر. کاتێ بەیانیان یان ئێوارانی هاوینان دەنگی (خۆشناو)ێک لەسەر بانی یەکێ لە گوندەکەیان دەیگوت: (دە وەرنە ترێیان، دە وەرنە هەناران).

(ئەو)یش لەگەڵ براکانی وەکو دەیان منداڵی گوندەکەیان لە باوکیان دەپاڕانەوە دوو مست گەنمیان بداتێ تاکو بچن لەگەڵ ترێ، یان هەنجیر و هەنار بیگۆڕنەوە. چونکە تا ئەو ساڵانەش دەشتی هەولێر ڕەزی ترێ و داری بەری هەنار و قەیسی و سێو و هەرمێی نەبوو. دەشتی هەولێر لە ناوچەکانی (مولکیە، شەمامک، کەندیناوا، قەراج) پێکهاتووە. بە کشتوکاڵی گەنم و جۆ بە ناوبانگە. بەڵام لەم دواییەدا سەدان ڕەز و باخی (قەیسی، هەرمێ، ترێ، یەنجی دونیا، هەنجیر.... هتد) لێ پەیدا بووە. تا شەستەکانی سەدەی ڕابردووش ناوچەی خۆشناوەتی بە پشتی ولاخ میوەیان دەهێنایە گەرمیان و بە گەنم ساغیان دەکردنەوە.

دۆڵی (هیران و نازەنین) دەکەونە نێوان چیاکانی (هەورێ) لە باکوور و (سەفین) لە باشوور. لە شارۆچکە و هاوینەهەواری (شەقڵاوە) دەست پێدەکات و لە پردی (هیزۆپ)ی سەر ڕێگای ڕانیە کۆتایی دێت. هیران و نازەنین بە کانیاو و



> هێزەکەی بیرێژی شکستی خوارد و بە ناچاری پاشەکشەی کرد، ئەو شەڕە بۆ (ئەو) یەکەمین ئەزموونی ژیانی بوو کە ڕاستەوخۆ لە نزیکەوە شەڕێک ببینێت کوژراو و برینداری لێ بکەوێتەوە و خوێنی کورد بە دەستی کورد بڕژێت

هەناری شیرین و مێخۆش ناسراون. خەڵکەکەی لەچاو گوندەکانی دی پاک و خاوێن و شارستانی تر بوون. ئاوی کانیاوەکان بە زۆربەی حەوشی ماڵەکاندا تێدەپەڕی. بۆیە کاتێک دەچوویتە ئەو دوو شوێنە خۆت لەنێو سێبەری دار هەنار و هەرمێ و سێوە لاسوورە لێ بزر دەبوو. قەدپاڵی شاخ و تەپۆڵکەکانیش بە ڕەزی ترێ داپۆشرابوون.

کاتێ شنەی فێنکی شەماڵی بەیانیان یاری بە گەڵا سەوزەکانی شۆڕەبی و سوورە چنار و ئەسپیندارەکانی گوێ چەم و کانیاوەکانی دۆڵەکە دەکرد. هەروات دەزانی هەناسەی کوڕە گەنجە تیلاک خوارەکانە کە لەکاتی ژوان و ڕاموسانیان، شابسکە بە گروازەکانی کچە باڵا بەرزە دامێن شۆڕەکانی دەشتی دزەییان دێنێتە لەرزە و سەما.

(مەلا غەفوور) ئەندامی کۆمەڵە، بە ڕەچەڵەک خۆشناو و خەڵکی گوندی (عالـلاوە)ی دۆڵی سماقووڵی بوو، پیاوێکی شۆڕشگێڕ و پێشمەرگەیەکی خۆڕاگر بوو، لەکاتی خوێندنی (فەقێ)یەتی لە مزگەوتی ناحیەی (دیبەگە) لەسەر دەستی (مەلا سمایل) خوێندبووی هەر لەوێ دڵی چوو بووە کچێکی شارۆچکەکە و خواستبووی. کاتێ لێیان دەپرسی: هاوڕێ...! لەو هەموو کچە جوان و سوور و سپیەی خۆشناوەتی کە بە مێوژ و هەنار و گوێز گەورەبوون، کەچی دڵت چووە ئەو کچە ئەسمەرانەی دزەیی. ئەویش لە وەڵامدا دەیگوت: ئای... ماڵتە ئەگەر بە چاوی من سەیری ئەو کچە شل و مل و چاو بە کل و گەردەن کێل و باخەڵ شۆڕە دزەییانە دەکەیت، کە لەکاتی ڕۆیشتندا، هەر دەڵێی قورینگن لەکاتی فڕینیاندا ناز بەسەر پانتایی ئاسماندا دەکەن، واتان نەدەگوت.

***

نیوە شەوێکی چلەی زستان تەق تەق لە دەرگای حەوشی ماڵەکەی (ئەو)انیاندا، هەموویان شڵەژان، دەبێت بەو نیوە شەوە چ ڕووی دابێت. کێ بێ لە دەرگا بدات؟! چونکە ترسی هێرشی سوپا و عەشیرەتە (بدو)ە عەرەبەکان لە ئارادا بوو. کاتێک دەرگاکەیان کردەوە (کاک داودی کوڕی مام حاجی ئیبراهیم حەمەڕەش)و یەکێ لە براکانی شڵەژاوانە خۆیان کرد بە ژوورەوە، مام (مەحموود)ی مامی (ئەو) لێیپرسین: خێرە بەو نیوە شەوە و وا شڵەژاون؟ (کاک داود) گوتی: وەڵڵا بڵێم چی، باوکم بە پەلە پەل ئێمەی ناردووە، ئەمشەو سەگەکان زۆر دەوەڕین. ئێمەش گوتمان نەوەک گورگ، یان کەسێک بۆ دزی هاتبن فیشەکێکمان تەقاند. کەچی دواتر بوو بە هاوار هاواری زەلامێک، بەپەلە چووین سەیر دەکەین (مام حەسەن خۆشناوی هەرتەلیە)و دووبارە تووتنی هێناوە. فیشەکەکە بە سمتی کەوتووە و خوێنەکەی ناوەستێت. جا باوکم هاواری بۆ ئێوە ناردووە. مامیشی کە پیاوێکی کارا و خەمخۆری خەڵکەکە بوو. یەکسەر لەگەڵ (داود)و براکانی چوونە ناحیەی دیبەگە و بە دزی ئیدارەی حکومەت (مضمد)ەکەیان لەگەڵ خۆیان برد بۆ چارەسەرکردنی.

خۆشناوەکان بەو جۆرە تووتنیان دەهێنا بۆ فرۆشتن، کە قاچاغ بوو، ئەگەر دەست حکومەت بکەوتایە دەستیان بەسەردا دەگرت و خاوەنەکەشیان سزا دەدا، ئیدی (مام حەسەن) بۆ ماوەی پانزە ڕۆژ مایەوە تاکو برینەکەی چارەسەر کرا، دواتر بە ئۆتۆمبێل گەڕایەوە خۆشناوەتی.

***

دوای چەند ڕۆژێک مانەوە لە گوندەکانی بالیسان و دەوروبەری، دوای هەست ڕاگرتن لە بارودۆخی ئەمنیی ناوچەکە. دانانی بەرنامەی چۆنیەتی خۆ ئاشناکردن بە جووتیارەکان، باس لەوەکرا کە هێزێکی شەست حەفتا پێشمەرگە بە فەرماندەیی (سلێمان بیرێژی) ماوەیەکە لە ناوچەکە هەن و خۆیان بە خاوەن و حوکمڕانی ناوچەی خۆشناوەتی دەزانن. هەتا بۆیان بکرێت ڕێگا بەهیچ هێزێکی دی نادەن حوکمڕانی ناوچەکەیان لێ بسەنێ. (سلێمان بیرێژی) پێشمەرگەی کۆنی شۆڕشی ئەیلوول و خەڵکی گوندی (بیرێژ)یانی یەکێ لە دۆڵەکانی بناری شاخی سەفین بوو، بە ڕووکاری باشوور، پیاوێکی وریا و جەربەزە و شارەزای کاری پارتیزانی بوو، هەندێک لە پێشمەرگەکانی هێزەکەشی پیاوی زۆر بە ئەزموون و ئازا و دەست وەشێن بوون.

دوای ئەوەی گەیشتنە دۆڵی بالیسان، ئیدی ژیانی تایبەت بە خەباتی پارتیزانی دەستی پێکرد. ئێواران دوای دابەشبوون بەسەر ماڵی جووتیارەکان و نان و چا خواردنەوە. هەر



لە هەمان ماڵ ژەمی بەیانیش، ئەوەی خوا بە ماڵەکەی دابوو لەگەڵ بەتانی، یان جاجم، یان لێفەیەک کە لە ماڵەکەیان وەردەگرت، ئیدی بەپێی نەریت و بەرنامەی هێزەکە چەند سەد مەترێک لە گوندەکە دوور دەکەوتنەوە و لەسەر لووتکە، یان بناری شاخ، یان قەدپاڵێک دەگیرسانەوە، دوای دەرکردنی یەکەکانی پاسەوانی لەچەند سەد مەترێک دوورتر، بە ئاسوودەیی لێی دەخەوتن، بەیانیانیش دوای چێشتەنگاو، دوای دڵنیابوون لە نەبوونی هیچ هێرش و مەترسییەکی دوژمن وردە وردە دەهاتنە خوارەوە و بەرەو گوندەکان شۆڕ دەبوونەوە.

بۆخۆ پارێزی خۆشیان نەدەبوو لە ڕۆژێک، یان دوو ڕۆژ زیاتر لە گوندێک بمێننەوە چونکە لەوە دەترسان هەواڵی بوونیان لە گوندەکە بگاتە دوژمن و ئەوانیش پەلاماریان بدەن.

لە ناوەڕاستی مانگی شەشی ساڵی (١٩٨٠) لەگەڵ ژمارەیەک پێشمەرگە شەو لە گوندی (شێخ وەسانان)ی ناوچەی خۆشناوەتی خەوتن، بەیانیەکەی زوو لە ترسی سوپا و چەکدارەکان و فڕۆکەی ڕژێم گوندەکەیان جێهێشت. چوونە دەوروبەری کانیاوەکەی قەدپاڵی پشتی گوندەکە. بەهۆی ئەوەی (ئەو) زۆر چڵکن بوو. ئەسپێ سەرچۆپیان لە گیرفانەکانی گرتبوو، خۆشی پێشتر بەو حاڵە ئاشنا نەبوو، بۆیە مەنجەڵێکی گەورەی لە دێیەکە وەرگرت و هەندێک تایتی پەیدا کرد. دوای کۆکردنەوەی هەندێک داری وشک و چیلکە، لەسەر کانیاوەکە ئاگرێکی گەورەی خستە ژێر مەنجەڵە پڕ ئاوەکە، کاتێک ئاوەکە قوڵپیدا هەموو جلەکانی خستە ناو ئاوی مەنجەڵە کوڵاوەکە. جار جارەش بە دارێک جلەکانی هەڵگێڕ و وەرگێڕ دەکرد، جەنگێکی بێ پایانی لە دژی لەشکری ئەسپێکان بەرپا کرد. قرق قرق ئەسپێکان دەتەقین و دەمردن و سەنگەرەکانیان چۆڵ دەکرد، بەمجۆرە قڕی بە لەشکری ئەسپێکان هێنا.

لەپڕ حەرەسی سەر یاڵەکە هاواری کرد، ئاگادار بن دەنگی کۆپتەر دێت. (ئەو)یش ڕووت و قووت بوو تەنیا شۆرتێکی لەبەر بوو، هەرچی پێشمەرگە بوو ڕایان کردە سەرووتری یاڵەکەو خۆیان لە پەنا تاوێرەکان حەشاردا. (ئەو)یش بەپەلە قەمسەڵەکەی لە ئاو دەرهێناو هەر بە تەڕی لەبەری کرد. تاخمەکەی لەخۆ بەست و دەستی دایە چەکەکەی وەکو پێشمەرگەکانی دی ڕای کردە سەر یاڵەکە و خۆی لە پەنا بەردێکی گەورە حەشاردا.

بەڵێ، دوو کۆپتەر بە نزمی دەهاتن. ئەوانیش هەموویان ئامادەیی حاڵەتی خۆپارێزی و شەڕیان وەرگرت، بەڵام دیاربوو کۆپتەرەکان بە کارێکی فەرمی خۆیان بەوێدا تێپەڕین و هیچ کارێکیان بە وان نەبوو، دوای تێپەڕبوونی کۆپتەرەکان بە ماوەیەک هەموویان هاتنەوە خوارەوە (ئەو)یش جلەکانی شۆری و لەسەر لقە دارەکان هەڵی خستن. دوای وشک بوونەوەیان خۆشی شۆری، ئیتر بە پاک و خاوێنی و دڵنیایی لێی دانیشت.

**مامۆستا بەکر مستەفا گێڕایەوە:**

ماوەیەک دوای هەڵگیرساندنی شەڕی (عێراق-ئێران) ڕژێم وردە وردە هەندێک لە ڕەبیەکانی سوپاکەی لەناوچە شاخاویە دوورە دەستەکانی

**(ئەنوەر بەگی بێتواتە و ئەنوەر بەگی بالیسان و کەماڵ بەگی وەرێ) ناسراوترین کەسایەتی ئەو دۆڵە بوون**

کوردستان چۆڵکرد و هێزەکانی ڕەوانەی بەرەکانی شەڕی ئێران کرد. ئیدی مەترسییەکان لەسەر پێشمەرگە و شۆڕش کەم بوونەوە. تەنانەت هەندێک ناوچەش وەکو ناوچەی ئازاد و دەسەڵاتی شۆڕش سەیر دەکران.

هەروەکو چۆن سوپای عێراق و کۆپتەرەکانی لە چەندین لاوە هێرشیان دەکردە سەر پێشمەرگە، لەشکری (ئەسپێ)ش دوژمنێکی دیکەی شۆڕش بوون. بۆیە سەر لە بەیانیەک (مامۆستا بەکر مستەفا و سابیر ڕەسووڵ). (سابیر ڕەسووڵ) لە بنەماڵەیەکی تێکۆشەری گوندی (بنەسڵاوە)ی سەر بە ناحیەی قوشتەپە بوو. دوو برای شەهیدی هەبوو، خۆشی پیاوێکی ئازا و خاوەن ڕای خۆی بوو. ماوەیەک فەرماندەی هێزەکانی دەشتی هەولێر بوو. لە شەڕەکان بریندار بوو و چاوێکی لە دەستدا. دواتر لە دەرەوەی وڵات کۆچی دوایی کرد، لە گوندی (بێراوە)ی دۆڵی بالیسان دوو مەنجەڵی گەورە وەردەگرن و دەچنە سەر جۆگەلە ئاوەکەی خوار گوندی بالیسان بە دووری سەد مەترێک لە جادە سەرەکییەکەی دۆڵەکە. دوو ئاگری گەورە دەکەنەوە و مەنجەڵە پڕ ئاوەکان دەخەنە سەر ئاگرەکان، تا دەکوڵێن. ئیدی وردە وردە جلەکانیان دادەکەنن و دەیخەنە ناو ئاوە کوڵاوەکە، هەر تەنیا جامانەکانیان دەمێنێت کە وەکو پەشتەمار (خاولی حەمام) لە خۆیانی دەپێچن، شەڕی نێوان ئەو پێشمەرگانە و لەشکری ئەسپێکان توند دەبێت، لەپڕ دەنگی ئۆتۆمبێل دێت. کە سەیر دەکەن سێ چوار ئیڤای پڕ لە سەربازی عێراق وردە وردە بە جادەکەدا دێن. ئەوان وایان زانیبوو ڕژێمی عێراقە و هێرشی کردووە. بۆیە بەپەلە لەسەر جامانەکانیان تاخمەکانیان دەبەستن و بەرەو پەنا تاشە بەردەکان ڕادەکەن، هیلاکی و هەناسە بڕکێ بڕشتیان لێ دەبرێت چونکە شوێنی ئەوان بۆ پشتی تاشە بەردەکان دوور بووە. لەپڕ ئاوڕێ لە جادەکە و ئیڤاکان دەدەنەوە. سەیر دەکەن ئۆتۆمبێلەکان بەرەو دۆڵی ئاڵانە دەگەڕێنەوە. هیچ چالاکییەک ناکەن، ئەوانیش هەناسەیان دێتەوەبەر و هەتا توانایان هەیە بە خۆیان پێدەکەنن (مامۆستا و کاک سابیر) پێیان وابووە. ئیڤاکان ڕێگایان هەڵە کردبوو. ئیدی بە دڵنیایەوە هێرش دەکەنەوە سەر لەشکری ئەسپێکان و دەیانشکێنن.

***

“

**لەبەر ئەوەی (ئەو) لە دایکبووی گوندێکی دەشتی هەولێر و گەرمیان بوو. بۆیە جیاوازییەکی گەورەی لەنێوان گوندەکەی خۆیان و گوندە چیایی و کوێستانییەکان دەدیت**

”

**(مەلا غەفوور) ئەندامی کۆمەڵە، بە ڕەچەڵەک خۆشناو و خەڵکی گوندی (عالڵاوە)ی دۆڵی سماقووڵی بوو، پیاوێکی شۆڕشگێڕ و پێشمەرگەیەکی خۆڕاگر بوو، لەکاتی خوێندنی (فەقێ)یەتی لە مزگەوتی ناحیەی (دیبەگە) لەسەر دەستی (مەلا سمایل) خوێندبووی هەر لەوێ دڵی چوو بووە کچێکی شارۆچکەکە و خواستبووی**

گوندەکانی ئەمبەر و ئەوبەری بناری شاخەکان و جادە سەرەکییەکەی دۆڵەکە خاوەنی کانیاوی سازگار و ڕەز و باخێکی زۆر بوون. لە سەرەتای وەرزی بەهاراندا کاتێ چرۆ و گوڵی دارەکان تازە سەریان دەردەهێنا گیانیان وەبەر قەدی تەڕ و ناسکی دارە ماندووەکانی بەر سەرمای زستانی ڕابردوودا دەکردەوە، لە وەرزی هاوینانیشدا گەڵا سەوزەکانی داربەڕوو، مازو، هەرمێ کێویلە، گێوژ، دار قەزوان، کرۆسک تابلۆیەکی سروشتی جوانیان بە دۆڵەکە بەخشیبوو.

ئەو دۆڵە لە زستانانادا سارد و بەفر گربوو، لە هاوینانیش فێنک و شەوانی هەندێ سارد بوو، کاتێ شنەی شەماڵی فێنکی بەیانیانی یاری بە گەڵا سەوزەکانی دار چنار و سوورە چنارەکان دەکرد، لەگەڵ تێکەڵ بوونی دەنگی باڵندەکان، هەروات دەزانی لە ئاهەنگێکی مۆسیقا دانیشتوویت.

ترێی ڕەش و جوانی ڕەزی قەدپاڵی شاخەکانیش، کاتێ بە دەست و پەنجە ماندووەکانی خانمانی پێست سوور و سپی خۆشناوەتی دەخرانە قەرتارەوە، هی ئەوە بوو لە کارگەیەکی هاوچەرخدا خۆشترین شەرابی مەستی عاشقانی لێ دروست بکرێت.

***

ژمارەیەک لە پێشمەرگەکانی ئەو (ڕەتڵ)ەی لە گەرمیانەوە بە فەرماندەیی کاک سامان گەرمیانی هاتبوون لەگەڵ دوو کادیری ناوچەکە دوو ڕۆژ پێشتر چوونە گوندی (چیوەی سەلام) کە دەکەوێتە باوەشی قەدپاڵی یەکێ لە گەلییەکانی چیای (هەورێ) بە دیوی ڕۆژهەڵاتدا، پاش نیوەڕۆی ڕۆژی دواتر (مەلا بەختیار)ی فەرماندەی هێزەکە و ئەو ڕەتڵەی لە هەورامان و شارەزوورەوە بە فەرماندەیی کاک (محەمەدی حاجی مەحموود) هاتبوون و پێشتر چووبوونە گوندەکانی (هەرتەل و زێوە) لەگەڵ چەندین لە کادیرە هەولێرییەکان لە گوندەکانی (شیرێ) و بالیسان بەرەو گوندی (چیوەی بەدیع) کە دەکەوتە نزیک جادە سەرەکییەکەی دۆڵی بالیسان بەڕێ کەوتن. پێش گەیشتنە گوندەکە و لەنێوان تەپۆلکەکانی دامێنی گوندەکە کەوتنە بۆسەی هێزەکەی (سلێمان بیرێژی) ئیدی تەقە و شەڕێکی گەرم ڕوویدا. (ئەو) لەگەڵ ژمارەیەک لە پێشمەرگە و کادیرەکانی هەولێر، بە فەرماندەیی پێشمەرگەی وریا و ئازا و بە ئەزموون (هاوڕێ کاوە مەخموور)ی لە دیوی ئەودیوی تەپۆلکەیەکی شەڕەکە بوون، مەیدانی شەڕەکە چەند سەد مەترێک لەوان دوور بوو، بۆیە هەر بۆ خۆپارێزی بە فەرمانی هاوڕێ (کاوە) لە دەوروبەری خۆیان دامەزران، دوای نیو سەعات تەقەی گەرم و شەڕ، هێزەکەی گەرمیان کە پێشتر چووبوونە (چیوەی سەلام) بەپەلە بەقەد پاڵی چیاکەدا هاتنە خوارەوەو بەرەیەکی دیکەیان لە دژی هێزەکەی (سلێمان بیرێژی) کردەوە و لە دوو لاوە فشاریان خستە سەر، بۆیە هێزەکەی بیرێژی شکستی خوارد و بە ناچاری پاشەکشەی کرد، ئەو شەڕە بۆ (ئەو) یەکەمین ئەزموونی ژیانی بوو کە ڕاستەوخۆ لە نزیکەوە شەڕێک ببینێت کوژراو و بریندراوی لێ بکەوێتەوە و خوێنی کورد بە



**لەنێو شۆڕش و خەڵکە تێکۆشەرەکەی ئەو قسەیە باوبوو کە دەیانگوت: (چیای سەفینم لە پشت بێت تف لە ئاسنیش دەکەم).**

دەستی کورد بڕژێت.

دوای کۆتایی هاتنی شەڕەکە (ئەو) لە لایەکەوە خۆشحاڵی ئەوەبوو کە هێزەکەی (ی.ن.ک) بۆسەکەیان شکاند، لەلایەکی دیکەیشەوە خەمباری بریندار بوون و خوێن ڕشتنی پێشمەرگەکان بوو.

لە ڕاستیدا بۆسەدانانەوەی هێزەکەی (سلێمان بیرێژی) بە چل پەنجا پێشمەرگە لە هێزێکی زۆری شارەزا و بە ئەزموونی (٢٠٠) پێشمەرگەی ئازای گەرمیان و هەورامان خۆی لەخۆیدا جۆرێک لە ئازایەتی و جەربەزەیی پێوە دیاربوو.

دوای چارەسەر و گواستنەوەی بریندارەکان هێزەکان لە مزگەوتی گوندی (چیوەی بەدیع) کۆبوونەوە (مەلا بەختیار) گوتارێکی پێشکەش کرد، کە تێیدا لە لایەکەوە دەست خۆشی سەرکەوتنەکەی لە هێزەکە کرد و لەلایەکی دیکەیشەوە هۆشیاری دایە هێزەکە لەوەی زیاتر وریا و بە ئاگا بن.

ئێوارەی ڕۆژی دواتر، دوای نانخواردنی ئێوارە فەرماندەی هێزەکە بڕیاری مانەوەی هێزە هاوبەشەکەی هەورامان و شارەزووری دا کە بۆ سەقامگیری (ی.ن.ک) لە ناوچەکە بمێننەوە، بۆ چاوساغی هێزەکە و ئاشناکردنیان بە ناوچەکە، بەشێک لە کادیرەکانی بە ڕەچەڵەک خۆشناو و خەڵکی ناوچەکەشی لەگەڵ هێزەکە هێشتەوە (مەلا بەختیار) و هێزەکەی گەرمیانیش لەگەڵ ژمارەیەک کادیری دی هەولێر، یەک یەک بە هەورازەکەی چیای (هەورێ) دا هەڵگەران، دوای یەک سەعات و نێو هەموو هێزەکە سەرکەوتن. دیوی (چیای هەورێ) بە ڕووکاری دۆڵی هیران و نازەنین، هەندێک تەخت و لە چەشنی (بان)ەکانە، هەر ئەو شەوە گەیشتنە گوندی (فریز) کە یەکەمین گوندی دۆڵی هیران بوو، گوندی (فریز) لە چەند ماڵێک پێکهاتبوو، کە ژیانیان زیاتر لەسەر ڕەزی میوە و ئاژەڵداری و وڵاخداری بوو، سەرچاوەی ئاوی خواردنەوەیان کانیاوێک بوو، لە ناوەڕاستی گوندەکە، کە هەر هێندەی (سۆندە)یەک ئاوی پێدا دەهات، بەهۆی ئەوەی ژمارەی دانیشتووانی گوندەکە کەم بوو، بۆیە ژمارەیەک لە هێزەکە وردە وردە بەرەو خوارتر بوونەوە، تاکو لە گوندێکی دی ئۆقرە بگرن و دابمەزرێن، بەڵام چونکە بە درێژایی جادەی نێوان هیران و پردی هیزۆپ ڕەبیەی سوپای عێراق هەبوو بۆیە ئەبوو زۆر بە وریایی لە جادەکە بپەڕنەوە.

دوای شەو و ڕۆژێک مانەوە لە گوندی (فریز)و تەپۆلکەکانی دەوروبەری، دوای ناردنی چەند یەکەیەکی شارەزا بۆ (استطلاع)ی ناوچەکە، بەرە بەری ڕۆژاوای ڕۆژی دواتر، یەک بە دوای یەک بەرەو جادە سەرەکییەکەی دۆڵی هیران و نازەنین بەڕێکەوتن، لەنێوان بانگی ئێوارە و خەوتنان، دوای کەوتنی تاریکی شەو، دوای ئامۆژگاری کردن لەهەر جووڵە و دەنگە دەنگ و جگەرەکێشان و لایت داگیرساندنێک، بەرەو گوندی نازەنین لە جادەکە پەڕینەوە، کە هەر تەنیا چەند سەد مەترێک دوورتر لە شوێنی پەڕینەوەکەدا لە گوندی (کۆلکەڕەش) لەسەر جادە سەرەکییەکە ئۆردوگایەکی سەربازی ڕژێمی عێراقی لێبوو، جار جارەش بە ڕۆژ و شەوانیش چەند زرێپۆش و ئۆتۆمبێلێکی سەربازی وەکو (دەورییە) بە جادەکەدا دەهاتن و دەچوون. دوای پەڕینەوە لە جادەکە کەوتنە نێو تەپۆڵکە و ڕەز و باخ و وشکەکەلەکی باخچەکانی هەنار و لە مەترسی ئاشکرابوون ڕزگاریان بوو.

# وێستگەی دیوان

- (١) پرسیار
- کەڵەشێر و مریشکی (سەید ئەحمەدی نەقیب) و شێخ ڕەزای تاڵەبانی

هۆشیار عەبدوڵڵا

- چاپخانەی عەبدولخالیق مەعرووف چۆن دامەزرا؟

ئەحمەد عارف

- تیپی مۆسیقای مەولەوی لە ئامێری خەڵکی هەولێردا

جەمالی دەلاک

- گۆشـەی دیوان

# دیوانی (سەمای بەفری ئێواران)ت چۆن و لە کوێ نووسی؟




یادەوەری نیوسەدەی بۆ گەڕاندمەوە، بیرمە، گەنجێکی یاخی، بەهرە هەڵقوڵاو و شەیدای شیعر بووم! زوو تێگەیشتم هەست وشە جوان دەکات، وشەم ڕاستگۆیە لەگەڵ هەستم، لەگیانەوە دەنووسم (ئەوانە تا ئێستە تایبەتمەندی شیعری منن) بۆ شیعری نوێ چاوم لە ڕۆژاوا بوو، ستایل و دونیابینی شاعیران، بۆدلیر، ڤرلین، سان جۆپیرس، ڕۆبرت فرۆست سەرنجیان ڕاکێشام. لەناو سروشت لە دایکبووم، لەوێندەر فێری ساکاری ژیان بووم، بەڵام ئەوکات منداڵ بووم، منداڵیش هەمیشە دەبێتە بەشێک لە دیمەنەکان، وەکوو گەورە، سەرسامی خۆی دەرنابڕێت، بەڵام بێ ئەوەی ئاگاداربم ئەو دیمەنانەم لە زەینم هەڵدەگرتن.

ساڵی ١٩٧٧ لە گوندێکی ناو شاخان «سکتان» مامۆستا بووم، ئەوێندەر شوێنی لە دایکبوونی ئەو دیوانەیە. ئەوجارە سروشتم بە دیدێکی دی دەبینی، لە گۆڕانی ڕەنگی وەرزەکان ورد بوومەوە، لەگەڵ شەپۆلی ڕووبار دەڕۆیشتم، هەستم دەکرد گەڕایمەوە سەرەتاکانی ژیان، دیمەنەکان تێکەڵ بە هەستم بوون، بوونە توخمێکی دیکەی نووسین، بەڵام لاسایی کردنەوە، یان لاواندنەوە و کەوتنە ناو دونیایی ڕۆمانسیەت نین، بەشێکن لە بوون و پێکهاتەی شیعریم. ئەوکات نەتەوەکەم لە تاریکدا دەژیا، ئەوانە هەموویان کاریگەرییان

> ساڵی ١٩٧٧ لە گوندێکی ناو شاخان «سکتان» مامۆستا بووم، ئەوێندەر شوێنی لە دایکبوونی ئەو دیوانەیە





دووڕیان

بەو دووڕیانێ دەڕۆین
یا پێک دەگەین
یا لێک تری تێدەپەڕین
ڕێبواری زۆر لەو دووڕیانە
پێک گەیشتوون
زۆریش لێی لێک دابڕاون
ئەوە دووڕیانە؟
هەترسی یە،
جیاوازی نێوان هەردوو جیهانە!.

١٩٧٧ گوندی سکتان

شیعرێک لە دیوانەکەیدا بە دەستوخەتی ئەبوبەکر خۆشناو

بەسەر ئەزموونی شیعریمەوە هەبوو. هەرزوو هەوڵمدا ببمە خاوەن دەنگ، دید و ستایلی خۆم، جووڵەی نوێ بە زمان بکەم، جیاواز بنووسم.

شارەزایی فۆڕمی شیعری هایکۆی یابانی نەبووم، نەمدازانی دەبێت سێ دێر بێت و دێری یەکەم پێنج بڕگە و دووەم حەوت و سێیەمیش پێنج بێت، دێرەک لەسەر سروشت بێت، نازانم ئەگەر شاعیرانی کورد پێشتر بەو فۆڕمەیان نووسیوە، بەڵام لە (سەمای بەفری ئێوارن) شیعری کورتم هەیە «پەخشان بوو شیعری بردە سەماکردن» کە لەو قسەیەی ڤالیری ڕادەمام هەستم دەکرد لە نووسینی پەخشاندا، خەیاڵ ئازادە، بە شیعری پەخشان دەستم پێکرد، چیرۆکم بە شیعر دەگێڕامەوە، لە گێڕانەوەدا هەوڵم دەدا وشە خەسار نەکەم، لایەنی هونەری و جوانی لەبەرچاو بگرم. دوایی چاپ کردنی «پیاوە بێجامە شینەکە» لە ساڵی ٢٠١١ بە ئینگلیزی لە کەنەدا، ساڵی ٢٠١٥ زانکۆی ئەلبێرتا و زانکۆی مەشیگان لە ئەمەریکا بڕیاریاندا هەڵبژاردەیێک لە شیعرەکانم بە ئینگلیزی چاپ بکەن، هەموو دیوانە شیعرییەکانم کە ئەوکات ئەمانە بوون: سەمای بەفری ئێواران، گەرم نەبوونەوە، بارانی ڕەحمەت، یادەوەری کەسێکی بەربا، ناوم بنێن ماڵەوە، بە یەکەوە تەنیاین و هەوڵدانێکی دیکە بۆ گرتنی مەوداکان، کرانە ئینگلیزی، چونکە بیرۆکەکە چاپ کردنی هەڵبژادە بوو، دەبووایە لێژنەیێک کە هەموویان پسپۆری شیعربوون، شیعرەکان هەڵبژێرن، جگە لە (سەمای بەفر ئێوارن) شیعریان لەهەموو دیوانەکانی دیکەم لادا، لێرە دەگەینە ئەو ڕاستییە کە بۆ ناسینی دەقی جوان ستاندارێک هەیە خوێنەری بە زەوق لەهەموو شوێنێک لە سەری هاوڕان. لەسەردەمی ڕژێمی بەعس کە ئازادی ڕادەبڕین نەبوو، سەمای بەفری ئێوارن دووجار لە سانسۆر ڕەفز کرا، جاری سێیەمین دوای لێدانی ختمی سووری (ممنوع) لەچەند شیعرێک و بڕگەیێکی کە وەکوو گیانێکی بریندار دەهاتە بەرچاو، ڕێگەی پێدرا. ڕەوانشاد ئەبوبەکر خۆشناو خەتی خۆش بوو دیوانەکەی بۆ نووسیمەوە، دارا محەمەد عەلی، دیزاینی کرد، ئامادە بوو بۆ چاپ، ئەوکات ژمارەی چاپخانەکانی کوردستان لە پەنجەکانی دەست ڕەتیان نەدەکرد لە هەولێر چاپخانەی کوردستان و سەلاحەدین هەبوون، هیچیان کتێبەکەی منیان چاپ نەکرد. لە موسڵ چایخانەیەکم دۆزیەوە (٣) هەزار دانەم لێی چاپ کرد، لەماوەی ٣ مانگدا هەمووی فرۆشرا. ئێستە دوای ئەو هەموو بەرهەمە چاپ کراوەم، کەنەدای لێ بچێتە دەرەوە پێم دەڵێن: (پیاوە بێجامە شینەکە) دەنا لە ناوعاشقانی شیعری کوردی، بە سەمای بەفری ئێواران ناسراوم و بووە شوناسی شیعریم.

**جەلال بەرزنجی**



**جەلال بەرزنجی / فۆتۆ: فرمان سادق**



# کەڵەشێر و مریشکی (سەید ئەحمەدی نەقیب) و شێخ ڕەزای تاڵەبانی

هۆشیار عەبدوڵڵا

دەڵێن خوالێخۆشبوو (سەید ئەحمەدی نەقیب) کە دەکاتە باوکی (سەید نووری نەقیب زادە) زۆر حەزی لە گاڵتەی شێخ ڕەزا بووە، هاوتەمەنی (شێخ ڕەزا)ش بوو، شێخ ڕەزا کە چووبایە شاری سلێمانی میوانی سەید ئەحمەدی نەقیب دەبوو، جەنابی (نەقیب زادە)ش لەسەر شەرەفی شێخ ڕەزادا زۆربەی ئەدیب و شاعیرانی شاری دەعوەت دەکرد، کۆڕی شیعر و ئەدەبیان گەرم دەکرد.

جارەکیان (شێخ ڕەزا) نامەیەکی هەڵبەست دەنێرێت بۆ (سەید ئەحمەدی نەقیب) لە نامەکەیدا داوای کەڵەشێر و مریشکی لێ دەکات، ئەمە هەر بۆ گاڵتە و گەپ بوو، ئەگەرنا شێخ چی داوە لە کەڵەشێر؟! وا دیارە (نەقیب زادە) ئەو جۆرە کەڵەشێرەی کە (شێخ ڕەزا) وەسفی کردووە و داوای کردووە، پێی پەیدا نەبووە، بۆیە نایینێرێت، بەڵام لەو دەمەدا خەبەر دەگاتە (شێخ ڕەزا) کە (حەسەنی مەحموود ئاغای زەنگەنە) ئەمەی بیستووە، کەڵەشێرەکی چاو کوێر و دوو مریشکی ئامادەکردووە و بەم زووانە دەینێرێت، شێخ ڕەزاش شیعری بۆ دەڵێت.

دەبێت ئەم حەسەن ئاغایە کێ بێت؟ حەسەن ئاغای کوڕی مەحموود ئاغای زەنگەنەیە، یەکێک بووە لە سەرکردە گەورەکانی عەشیرەتی زەنگەنەی، سەردەمی خۆی ناوناوبانگی زۆری هەبوو لە ناوچەی گەرمیان و دەڤەرەکەدا، بە فەرمانی دەوڵەتی عوسمانی دەکرێت بە (بیگباشی) لە شارەبان (میقدادییە)ی ئێستە، قایمقامی ئەو شارە بووە، کاتی خۆی کە بووە قایمقام (٥٠-٦٠) ماڵە زەنگەنەی لەگەڵ خۆی بردووەتە ئەوێ، هەنووکەش ئەو بنەماڵە زەنگەنانەی کە لەوێ ماون پاشماوەی ئەوانن.

لەپاش کۆچکردنی (حەسەن ئاغا) عەلی کوڕی جێگای گرتووەتەوە ئەویش پیاوێکی چاونەترس و ئازا بووە، خۆشەویستی ناوچەی کفری و گەرمیان بووە، لە ساڵی ١٩٢٢ز کاتێک خوالێخۆشبوو (شێخ مەحموودی حەفید) لە دوورخراوەیی لە (هیندستان) گەڕایەوە کوردستان (عەلیاغای حەسەن ئاغا) یەکێک بووە لەو سەرۆک هۆزانەی کە لە پێشوازی کردنی شێخی حەفیددا ئامادەبووە و یاوەری شێخی بووە تاکوو (داری کەلی)

ئەو پیاوە مەردە لە ساڵی ١٩٣٤ز کۆچی دوایی کردووە، حەمەی کوڕی جێگای گرتووەتەوە، ئەویش وەکو باوک و باپیرانی لەسەر هەمان ڕێ بووە، ئێستە نەوە و نەوەزاکانی پێگەیەکی دیاریان هەیە لە ناوچەکەدا.

### ***کەڵەشێری کرماشانی***

***کەڵەشێری بە (ڕەزا) لازمە کرماشانی***
***زیرەک و چاپووک و دەم گەرم و دڕ و شەڕانی***
***کەڵەشێرێ کە قەپی گرت لە بنا گوێی کەڵەشێر***
***پڕ بەدەم بیپچڕێنێ وەک سەگی هەورامانی***
***کەڵەشێرێ کە ئەگەر شێری نەڕی بێتە مەساف***
***ڕایفەڕێنێ بەشەقێ میسلی کەری تاڵانی***
***بۆ حەواڵەی دوبری ئەو کەسە خۆم ئەیزانم***
***دوو گونی پێوە هەبێ، وەک دوو جەڕەی لەیلانی***
***بە درێژی وەکو مەولان بەگەکەی میری بەیات***

**به جەسامەت وەکو کوێخا زلەکەی بیبانی**

**جنسی خۆی جووتە مریشکێ**
**بەری حەملەی بگرێ**

**نەکو سوێی بێتەوە بێچارە لەبەر بێگانی**

**ئەی (نەقیب زادە)، بنێرە کەڵەشێرێکی وەها**

**بۆ (ڕەزا) کەی سەگەکەی قاپیەکەی گەیلانی**

ئەمەش ئەو شیعرەیە کە بۆ (حەسەن ئاغای کوڕی مەحموود ئاغای زەنگەنەی) گوتووە:

**ئەو بە هەیئەت کەڵەشێرە کە بە هەڵمەت شێرە**

**کەرەمت کردووە بیستوومە، دەسا بینێرە**

**دوو مریشکیشی لەگەڵدا کە فریشکی نەکەوێ**

**خرتی چەند ساڵەیە ئەڵبەت بە مریشکان فێرە**

**بارەکەڵلا حەسەن ئاغای کوڕی مەحموود ئاغا**

**کەفی فەییازە، دڵی واسیعە، چاوی تێرە**

**نەوەکوو شاری سولەیمانییە، کۆیە بەکەرەم**

**نەوەکو تاووق و کەرکووکە، نەوەک هەولێرە**

**ئەم هەموو شیعرەکە ناردم کەڵەشێڕێکی نەنارد**

**جەددی ئەعلایە، نەقیب زادەیە، خۆی بێخێرە**

**دۆستان، ئەم کەڵەشێرە وەکو تەعریفی ئەکەن**

**بۆ (ڕەزا) لازمە ئەم نێرە کییە ئەو نێرە**

**هەدیەیێ گەر لە تەرەف**
**دۆستەوە بێ شوکری ئەکەم**

**پێی ڕەزامەندم ئەگەر چی تەرفێکی کوێرە**

**قافیەی تەنگە نەزیرەی کەمە شاعیری زینهار**

**ئەوەی لەم قافیە بۆت ماوەتەوە، هەر کێرە**

ئەوەی ڕاستی بێت شێخ ڕەزا لە مارەیی دایکی خۆش بێت لەو کەڵەشێرە و مریشکەی (نەقیب زادە) خۆش نابێت هەر داوای دەکات کە بۆی بنێرێت، شێخ ڕەزا دەڵێت:

**ئەو دوو مریشک و کەڵەشێرە کە وتم بینێرە**

**دووی لەڕێ مرد و یەکێکی بە نەخۆشی لێرە**

**شەو هەموو دەست بە دوعا**
**بووین و لە وەختی سەحەرا**

**کەڵەشێر عومری خودای کردو وتم وای شێرە**


**سەرچاوەکان:**

١- شێخ ڕەزای تاڵەبانی/ د. عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ، بەغدا، ١٩٧٩، ل٩٧

٢- دیوانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی/ شێخ محەمەدی خال، سلێمانی، ٢٠٠٣، ل٧٨-٧٩

٣- مێژووی هۆزی زەنگەنە/ سەلاح الدین عەبدولحەمید/ ٢٠١٨، ل١٥٩.




# چاپخانەی عەبدولخالیق مەعرووف چۆن دامەزرا؟



ئەحمەد عارف

سوپاس بۆ ستافی گۆڤاری دیوان، کە ئەمڕۆ لە گۆڕەپانی کوردستان و لە باشووردا  بە گۆڤارێکی باش دەناسرێت. دەست خۆشیتان لێدەکەم، بۆمن دەرفەتێکی باشە بتوانم لێرەوە ئەوە ڕاست بکەمەوە کە لە ژمارە (٦) دیواندا و لە لاپەڕە (٢١) ی ساڵی ٢٠٢١ لە دۆسیەی تایبەت بە شەهید عەبدولخالیق مەعرووف، برای بەڕێزم نەوزاد عەلی ئەحمەد لە گوتارێکیدا ئاماژەی پێکردوە، کە بەداخەوە بێئاگایی پێوە دیارە.

دەکرێ بەر لە بڵاوکردنەوەی ئەم جۆرە زانیاریانە پرس و ڕاتان هەبێت لەگەڵ کەسانێک کە پەیوەستن بە بابەتەکەوە بۆ ئەوەی دۆسیەکانتان کە کارێکی زۆر جوانە، ببنە سەرچاوە بۆ خەڵکانی دیکە.

سەبارەت بەوەی، کە ئایا چاپخانەی شەهید عەبدولخالق مەعرووف چۆن دامەزرا؟

تەنیا و تەنیا ئەم ڕاستیە هەڵدەگرێت، کە نە یەکێتیی نیشتمانی کوردستان و نە ئەندامانی یەکێتی نووسەرانی کوردستان ئاگاداری ئەو دروست بوونە و سەرچاوەی دروستبوونەوەکەی نەبوون.

زۆر ڕاستە یەکێتیی نیشتمانی کوردستان هاوکاری زۆری ئێمەی نووسەرانی شاخی دەکرد لە چاپ و چاپخانەکانی خۆی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا حزبی شیوعی کەم و زۆر کاری بۆ کردووین. جگە لەوان کۆمەڵەی کوردستانی ئێرانیش هاوکارییان کردووین، بەڵام ئەوەی نابێت هیچ کاتێک فەرامۆش بکرێت و ناوی نەبەین حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانە، کە دەکرێت بگوترێت لەم ڕووەوە لە یەکێتیی نیشتمانی کوردستان کەمتری نەکردووە، ئێمەی نووسەران کە هاتینە خوارەوە و گەیشتینە مەڵبەندی دوو لە سەرگەڵوو، لە دۆڵی جافایەتی تێکەڵەیەکی زۆرمان بۆ دروست بوو لەگەڵ شۆڕشگێڕانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا.

دوای ئەوەی بەندە وەکو داینەمۆی یەکێتیی نووسەرانی کوردستان، بەتایبەتیش لقی کەرکوک کەوتمە جووڵە و پەیوەندییەکانم خێراتر کرد لەگەڵ ئەحزابی شۆڕشگێڕی کوردیدا. زوو زوو دەچوومە گەورەدێ بۆ مەکتەبی سیاسی حزبی دیموکراتی کوردستان و بەشی ڕاگەیاندنەکەیان، زۆریش بە ڕێزەوە پێشوازی دەکرام، زۆرینەی ئەندامانی دەفتەری سیاسی بەتایبەتیش شەهید دکتۆر سەعیدی شەرەفکەندی زۆر هاوکارمان بوون بۆ دەرچوواندنی گۆڤاری گزنگ و بڵاوکراوەکانی دیکەشمان.

ڕۆژێکیان لە گفتوگۆیەکی برایانەدا من لەگەڵ ئەواندا گەیشتمە ئەو بڕوایەی ڕۆنیۆیەکمان هەبێت دەتوانین ئەرکی سەرشانی یەکێتیی نیشتمانی و حزبی دیموکرات زۆر سووک بکەین و بە خۆمان کارەکانمان جێبەجێ بکەین، هەر لەم پێوەدانگە و گفتوگۆیەدا شەهیدی سەرکردە دکتۆر سەعید گوتی: (ئێمە ئامادەین ڕۆنیۆییکی کاتڵی دەیڵتان بۆ بکەین بەدیاری و هاوکاریشتان دەبین)

هەر لەو دانیشتنەدا کە هەستاین بە ماشێنی خۆیان ئامێرەکەیان بۆ گەیاندمە گوندی مالومەی دۆڵی جافەتی و منیش چوومەوە سەرگەڵوو لەگەڵ مەرحوم محەمەد موکری و مامۆستا حەمە کەریم عارف قسە و باسەکانم کرد، هەر لەو دانیشتنەدا بە سێ قۆڵی بڕیاری دامەزراندنی چاپخانەی شەهید عەبدولخالیق مەعرووفمان دا.

دواتر مەکینەیەکی دەرزی و کەتەرێکی بڕینمان پەیداکرد و منیش بۆ خۆم تاییێکی (برازەری) بچووکم هەبوو کارەکانمان پێی ڕادەپەڕاند و زۆرینەی دیزانیش کاک حەمە کەریم عارف دەیکرد.

ئەمەیە چیرۆکی دروست بوون و هاتنە پێشەوە و کارپێکردنی چاپخانەی شەهید عەبدولخالیق مەعرووف، هیچ شتێکی دیکە هەڵناگرێت.

"چومەوە سەرگەڵۆ لەگەڵ محەمەد موکری و مامۆستا حەمە کەریم عارف قسە و باسەکانم کرد، هەر لەو دانیشتنەدا بە سێ قۆڵی بڕیاری دامەزراندنی چاپخانەی شەهید عەبدولخالیق مەعرووفمان دا"



# تیپی مۆسیقای مەولەوی لە ئامێزی خەڵکی هەولێردا

گەلی کورد لەسەر ئەو ئاو و خاکەی پێی دەگوترێت (کوردستان) لەلایەن داگیرکەرانەوە ڕووبەڕووی چەندین کارەساتی تراژیدیا بووەتەوە، سوتماک و خاپوور کردن، ڕەو و کوشتن و بڕین و ئازاردان، لەلایەکی دیکەوە ئەم گەلە ڕووبەڕووی چەندین کارەساتی سرووشتی وەکو (زەمین لەرزە و لافاو) بووەتەوە، کە ماڵوێرانیی و بەدبەختی لێ کەوتووەتەوە، لەگەڵ ئەو هەموو کارەساتە پڕ نەهامەتی و تراژیدیایەشدا خاوەنی ئیرادەیەکی پتەو بووە و هەرگیز چۆکی دانەداوە، بەڕۆحیەتێکی بەرز و لێوانلێو لە هاوکاری و بەخشین بە هانای یەکترییەوە چوونە.

(٦٥) ساڵ لەمەوبەر، لە ڕێکەوتی (١٩٥٧/١٠/١٨) شاری سلێمانی لە دەرەنجامی بارانێکی بەخوڕدا ڕووبەڕووی لافاوێکی گەورە بووەتەوە، زەرەرو زیانێکی زۆری ماڵی و گیانی بەدوای خۆیدا هێناوە، کە بە گەورەترین کارەساتی سرووشتی ئەو سەردەمەی شاری سلێمانی هەژمار کراوە، لە دەرەنجامی ئەو لافاوە زیانبەخشەدا، (٧٤) ماڵ وێران بوون (١٥٠) ماڵ کەوتوونەتە ژێر ئاو و قوڕ و لیتەی لافاوەکە (٤٠) هاووڵاتی خنکاون، ئەو زەرەر وزیانە ماڵییە لەو سەردەمەدا بە نیو ملیۆن دیناری عێراقی خەمڵێنراوە، هەواڵی ئەو کارەساتە سرووشتییە بەتەواوی کوردستاندا بڵاوبۆتەوە و هەموولایەک هاوسۆز و هاوخەم بوون بۆ دانیشتووانی شاری سلێمانی.

دوای چەند ڕۆژێک لە ڕوودانی ئەو کارەساتە سرووشتییە، خەم و ناسۆری هەموو شاری تەنی، هونەرمەندانی دڵسۆز و بەئەمەکی (تیپی مۆسیقای مەولەوی) بەمەبەستی کۆمەک و پیتاک کۆکردنەوە، بیریان لە ئاهەنگێڕان لە شاری سلێمانی و شارەکانی دیکەی کوردستان کردەوە.

دوای ئەنجامدانی ئاهەنگ لە شاری سلێمانی، تیپی مۆسیقای مەولەوی بڕیار دەدەن ڕوو بکەنە شاری هەولێر و کۆیە، لە ڕێکەوتی (١٩٥٧/١١/١٣) تیپی مۆسیقای مەولەوی بە هاوکاری خەڵکی دڵسۆزی شاری هەولێر و لەژێر چاودێری متەسەڕیفی هەولێر (٥) ئاهەنگ ساز دەکەن، وێڕای ئاهەنگ و گۆرانی، شانۆگەری (ڕەزیل)یش پێشکەش دەکەن، کە لەنوسینی هونەرمەند (قادر دیلان ١٩٢٨_ ١٩٩٣/٣/١٨) بوو، کە دیلان خۆشی ڕۆڵی کارەکتەری (ڕەزیل)ی تێدا بینیوە.



**جەمالی دەلاک**

هونەرمەندانی دەنگخۆشی شاری سلێمانی، بە دەنگە خۆشەکانیان، جۆش و خرۆشێکی بێ ئەندازەیان بە جەماوەری دڵسۆز و ئەمەکداری شاری هەولێر بەخشیوە، هونەرمەندانی بەشداربوو (حەمە ساڵح دیلان ١٩٢٧_ ١٩٩٠/١٠/٢٨) (ڕەشۆڵ ١٩١٢_١٩٧٤/٧/١٤) (عوسمان عەبدولڕەحمان سابونچی ١٩٣١_١٩٧٠).



**تیپی مۆسیقای مەولەوی لە یەکێک لە ئاهەنگی قوتابخانەکان**

**لە شاری هەولێریش چەند هونەرمەندێکی دڵسۆزی هونەر، وەکو ئەرکێکی سەرشانیان بە دەنگە خۆشەکانیان بەشداربوون وەکو ڕەسووڵ گەردی مشکۆ حەیدەر بەقاڵ و هونەرمەند مامۆستا باکووری**

لە شاری هەولێریش چەند هونەرمەندێکی دڵسۆزی هونەر وەکو ئەرکێکی سەرشانیان بە دەنگە خۆشەکانیان بەشداربوون وەکو (ڕەسووڵ گەردی ١٩٢٦_ ١٩٩٤/١٠/١٧) (مشکۆ ١٩٠٨_ ١٩٨٩/٥/١٨) (حەیدەر بەقاڵ ١٩١٥_١٩٧٩/١٢/٤) و هونەرمەند مامۆستا (باکووری).

هونەرمەندانی بەشداربووی ئەو ئاهەنگە چەند ڕۆژییە بە دەنگ و ئاوازە خۆش و شیرینەکانیان، هەستی نەتەوایەتی خەڵکی شاری هەولێرییان بزواندووە و کۆمەکێکی زۆریان بەخشیوە بۆ لێقەوماوانی شاری سلێمانی، هونەرمەند (قادر دیلان) لە ڕۆژنامەی (ژین)ی ژمارە (١٣٧٢) لە لاپەڕە (٧) نووسیویەتی: (پرۆگرامەکانی ئاهەنگ لەژێر چاودێری موتەسەڕیفی هەولێردا کرا، شەوی یەکەم بۆ قوتابییان، شەوی دووەم بۆ ئەشراف و مۆزەفین بوو، بەڕاستی شاری هەولێری کوردیش مەردانە و پیاوانە هاتنە دەست و لەم یارمەتیدانەش دەوریان کارا بوو، خەڵکی هەولێر بە پەرۆش بوون بۆ خۆ بە یەک ناسین لەگەڵ هەموو برا کوردەکانی کوردستاندا، لە هەولێر پێنج ئاهەنگ گێڕا کە بە ڕاستی جۆش و خرۆش شاری هەولێری گرتبووەوە).

دوای کۆکردنەوەی کۆمەک و یارمەتییەکی زۆر لە شاری هەولێر، تیپی مۆسیقای مەولەوی ڕوودەکەن شاری کۆیە، بە هەمان شێوەی شاری هەولێر لە ڕێکەوتی (١٩٥٧/١١/١٥) بە هاوکاری هونەرمەندانی کۆیە (سێوە ١٨٩١_١٩٦٣/١٢/٩) مامۆستا (باکووری) ئاهەنگ ساز دەکەن و کۆمەکێکی زۆر لەلایەنی خەڵکی خۆشەویستی کۆیەوە بۆ زیان لێکەوتووان کۆدەکرێتەوە.



هونەرمەند ( ڕەشـــۆڵ )
ئاهەنگی تیپی مۆسیقای مەولەوی لە شاری کۆیە ساڵی ( ١٩٥٧)
داهاتی ئەم ئاهەنگە بۆ یارمەتی لێقەوماوانی لافاوەکەی ساڵی ( ١٩٥٧) ی شاری سلێمانی بوو

شەست و پێنج ساڵ لەمەوبەر هەستی هاووڵاتیانی شارەکان بۆ یەکدی چۆن بووە؟! چۆن بەهانای یەکدییەوە هاتوون، ئەوە بەشێکە لە فەرهەنگ و کلتوور و خانەدانی و هاوسۆزی خەڵکی کورد، بەڵام بەداخەوە لە سەردەمی عەولەمەدا، دوای ئەو هەموو قوربانی و خوێن بەخشینە و ڕزگاربوون لەدەستی ڕژێمی فاشیستی بەعس و سەردەمی حوکمڕانی کورد دا، بەداخەوە لە هەر شارێکی ئەم هەرێمی کوردستانە، کارەسات و نەهامەتییەک بەرۆکی خەڵک بگرێت، لە شارەکانی دیکە، نەک بە هانایانەوە ناچن بەڵکو لەڕووی تەنزەوە دەبێتە گاڵتەجاڕی و سووکایەتی پێکردن بە هەست و سۆزی یەکدی، با دەستبەرداری ئەو دەمارگرژییەی شارچییەتییە بین و واز لە ئایدیۆلۆژیای ڕەنگ بهێنین، بگەڕێینەوە بۆ ئەو فەرهەنگ و کلتوورە جوامێر و بەرزەی نەتەوەکەمان، لەهەموو ڕووداو کارەساتێکدا دەست بخەینە ناو دەستی یەکدی و خۆشی و ناخۆشییەکانمان پێکەوە بەش بکەین، ئەو کارە مرۆییەی تیپی مۆسیقای مەولەوی بکەینە نەریت و بە هانای یەکدییەوە بێین، وڵاتمان ئاوەدان و دوور بێت لە کارەسات و نەهامەتی.

# گۆشەی دیوان

# پێشەکی هێمن موکریانی بۆ کۆمەڵە چیرۆکی (پێکەنینی گەدا)

## یەکێکە لەو پێشەکییانەی شایانی هەڵوەستە لەسەرکردن و ئاوڕلێدانەوەیە

هێمن پەنجا ساڵ بەر لە ئەمڕۆ واتە لە ساڵی ١٩٧٢ پێشەکییەکی پڕ لە مانا و زانیاری بۆ یەکەم بەرهەمی (پێکەنینی گەدا)ی چیرۆکنووسی ناوداری ڕۆژهەڵاتی کوردستان (حەسەنی قزڵجی) دەنووسێت.

لە پێشەکییەکەدا زمان پاراوی و کوردییە جوانەکەی و چەند خاڵێک جێگەی سەرنج و پێزانینن، پێناساندنی بنەماڵەی قزڵجی کە دەڵێت: «بنەماڵەی قزڵجی وەک بێچووە مراوی وان هەر لە هێلکە هاتنە دەر مەلەوانن»

لەوەش گرنگتر کەسایەتییەکانی ئەو بنەماڵەیەیە کە لە بنچینەدا بنەماڵەیێکی ئایینی کوردپەروەرن، بەڵام قزڵجی ڕوو ناکاتە تەکییە و لە گۆشەی مزگەوتدا خۆی قەتیس ناکات، کە دەبینێت زمان و ئەدەبی کوردی لە چ پاشاگەردانییەک دایە، کە دەبینێت خەریکە کورد ئاسەوارێکی نامێنێ، کە دەشزانێت زمان و ئەدەب کۆڵەکەیێکی بنچینەیی مان و نەمانی میللەتەکەیتی، ناوی خودای لێدێنێت و شان دەداتە بەر ئەو ئەرکە قورسە، زمان و ئەدەبی کوردی دەکاتە ئامانجی سەرەکی خۆی.

واتە: کەسەکانی ئەو بنەماڵەیە، زۆربەیان کەسانی هەڵکەوتوون، لەڕووی پێگەی کۆمەڵایەتی و ئایینی و ئەدەبی و زمان و کوردی پاراوی، ئەوەتا مامۆستا هێمن لە زمانی پێشەوا قازییەوە دەیگێڕێتەوە و دەڵێت: تەماشام کرد پێشەوا لەبەر بێلاکەی هاتوچوو دەکا و ڕۆژنامەی کوردستانی بە دەستەوەیە و یەکێک لە نووسەرانی ڕۆژنامەکەی لەلایە. خەریک بوو فیزماڵکی دەمێ و خۆم ببوێرم. دیتمی و بانگی کردم. هێشتا دوور بووم فەرمووی: دیوتە ئەو قزڵجییە چۆنی نووسیوە؟

خاڵێکی دیکەی گرنگی ئەو پێشەکییە لەوەدایە مامۆستا هێمن چۆن ئاماژە بۆ جوولانەوەی ئەدەبی باشووری کوردستان دەکات کە کاریگەری زۆری هەبووە لەسەر بەرەوپێشچوونی زمان و ئەدەبی کوردی لەو بەشەی کوردستاندا، لە کاتێکدا لەو سەروبەندەدا بەهۆی دەسەڵاتی تووندڕۆیانەی ڕەزا شای پەهلەوی، کە هەموو شتێکی کوردی لە زمان و ئەدەب و کلتور قەدەغە کرد بوو، بەڵام باشوور دەبێتە ڕۆشناییێک بۆ ئەو بەشە تاریکەی ئەو سەردەمی ڕۆژهەڵات.




(کتێب و ڕۆژنامەی کوردی کە لە عێراق بڵاودەبوونەوە، بە زەحمەت پەیدایان دەکرد و بە ئیحتیاتەوە بەسەرلاوانی بڕواپێکراودا بڵاویان دەکردنەوە، تا فێری کوردی خوێندنەوە بن)

ئەمەش نیشانەی ئەوەیە هەر پارچەیێکی کوردستان چرای ڕۆشنکەرەوەی پارچەکەی دیکە بووە.

> کتێب و ڕۆژنامەی کوردی کە لە عێراق بڵاودەبوونەوە، بە زەحمەت پەیدایان دەکرد و بە ئیحتیاتەوە بەسەر لاوانی بڕواپێکراودا بڵاویان دەکردنەوە، تا فێری کوردی خوێندنەوە بن

**دەقی پێشەکییەکە**

شەو درەنگانە، بێدەنگییەکی بەسام ژووره سارد و سڕە چۆڵوهۆڵ و نیوە تاریکەکی داگرتووم. لە خوێندنەوەی، ئەم چیرۆکانە بوومەوە. لە حاڵێکدا کە کارێکی زۆریان کردۆتە سەر مێشک و دەمارم و وردە فرمێسکیان پێ هەڵوەراندووم، بە ئەسپایی دەفتەرەکەم دادەنێم ئەسرینەکانم دەسترمەوە، چراکە دەکوژێنمەوە، لە جێگاکەم دەخزمێم چاو لێک دەنێم بەڵکو بتوانم سەرخەوێک بشکێنم و خەم و پەژارەم بڕەوێنم. کەچی خەیاڵ هەڵم دەگرێ، دەمبا .. دەمبا.. دەوەناو دەوەن، ڕەوەزا و ڕەوەز، بەسەر بەفر بەسەری کوێستانانداد، بەناو دارستان و لێڕە چڕو پڕەکاندا، بە نواڵە زەنوێر و بژوێنەکاندا، بەپێدەشت و گۆڕ و نەرمانەکاندا، بە بەستێنی چۆمی (تەتەهوو)دا، بۆ شارە خونچیلانەکەی مامۆستا، بۆ (بۆکان) بۆ بووکی شارەکانی کوردستان، بۆ کانگای ئەوین و دڵداری، بۆ مەکۆی خەبات و فیداکاری، بۆ بەرسەرای سەرداری شەهید، بۆ سەر حەوز و کانییە جوان و بەناوبانگەکەی، بۆ تەماشای بەژن و باڵا و خاڵ و میل و چاو و برۆ و کەزی و ئەگریجە و پووز و بەلەک و سەر و شەدە و شان و دەسماڵ و قەد و پشتێنی کیژە بۆکانییان، کە دەستە دەستە و پۆل پۆل، وەک مێگەلی مامز و ئاسک، بە لەنجەولار و تاسکەتاسک دێنە سەر حەوز، گۆزە سوور و نەخشاوەکانیان بەناز لە ئاو هەڵدەدەن و، وێنەیان لە ئاوێنەی ڕوون و بێگەردی حەوزەکەدا جیلوەیەکی ئاسمانی هەیە، کە فریشتە و پەری وەبیر دێنێتەوە و شعوور و زەوق مشتوماڵ دەکا و هەست و خەیاڵ دەبزوێنێ. گوێم لە دەنگی ئەو منداڵە ڕەزا سووک و بزۆز و ڕووتەڵە هەڵوافرۆشانە دەبێ، کە تەبەکی هەڵوا دەگێڕن و بە هەوایەکی خۆش پێی هەڵدەڵێن و هاوار دەکەن

**هەڵوای تەن تەنانی**
**هەتا نەیخۆی نایزانی**

لە جێگاکەمدا ئەمدیو و ئەودیو دەکەم، بە ناهومێدییەوە هەناسەیەک هەڵدەکێشم و لەبەرخۆمەوە دەڵێم خۆزگە و هەزار خۆزگە منیش وا پیر و کەنەفت و شەکەت و کەلەلا نەدەبووم، ئەوەندەم هێز و گوڕ و تین و توانا دەما تا پڕ بە ئامێزم لەو چیرۆکانە هەڵگرتبا و بە هەموو شار و دێ و کووچە و کۆڵان و باژێڕی کوردستاندا گەڕابام و یەک بە خۆم هاوارم کردبا: خەڵکینە! ئەگەر شتێ لە هەڵوای تەن تەنانی شیرینتر و لە گوڵاڵەی نوالان بە بۆن و بەرامەترتان دەوێ وەرن وەرن بخوێننەوە، بخوێننەوە تا ئاهی خۆشتان لە دڵ و دەروون بگەڕێ. بخوێننەوە تا تامەزرۆییتان بشکێ. بخوێننەوە تا کول و کۆتان دامرکێ. بخوێننەوە تا کۆمەڵەکەتان بناسن و لە دەرد و ئازار بگەن. بخوێننەوە تا پتر شاییتان بە زمانەکەتان بێ. تا نەیخوێننەوە، نازانن قەڵەمی سیحراویی مامۆستا قزڵجی چ شوێنەوارێکی بەنرخ و بێ وێنەی خوڵقاندووە. بیری ورد و خەیاڵی بڵیند و هەستی ناسکی ئەم نووسەرە بلیمەتە چ نموونەیەکی ئەدەبی بەرزی داڕشتووە و پەنجەی بەهێز و ڕەنگینی ئەم هونەرمەندە گەورە لیزگەیەکی چۆنی لە دوڕ و مرواری و گەوهەری نایاب بۆ هۆنیونەوە.

لەموکریان باوە دەڵێن: «بنەماڵەی قزڵجی وەک بێچووە مراوی وان هەر لە هێلکە هاتنە دەر مەلەوانن» مەبەستیان ئەوەیە ئەوی لەو بنەماڵە بێ، هەر لە منداڵییەوە زانا و پیتۆڵە. بەڕاستیش ئەو بنەماڵە بەڕێزە گەلێک پیاوی بلیمەت و زانای لێهەڵکەوتووە کە بێ ئەوەی بۆ خۆیان ویستبیان ناوبانگی زانست و هونەرییان لە دنیادا بڵاوبۆتەوە.

مامۆستا حەسەنی قزڵجی ڕۆڵەیەکی هەڵکەوتووی ئەو بنەماڵە گەورەیە، کە مایەی شانازیی نەتەوەکەمانە. ئەو ڕێبازی باوک و باپیرەکانی نەگرت و ڕێگایەکی تری هەڵبژارد و لە باتیی خزمەتی ئاین کە ڕێگای باوک و باپیرەکانی بوو، خزمەتی ئەدەبی وەئەستۆی خۆی گرت، ئەویش چ ئەدەبێک؟ ئەدەبێکی بەرزی کۆمەڵایەتی.

یەکێک لە سیاسەتە شوومەکانی ڕەزاخانی پەهلەوی لە ماوەی دەسەڵاتی ڕەشی فاشیستی خۆیدا، هەولی بێوچان و بێڕەحمانە بوو بۆ تواندنەوەی گەلی کورد لە کوردستانی ئێراندا، بۆجێبەجێکردنی ئەو مەبەستە شەیتانییە، داب و

شوێن و جلوبەرگ و زمان و ئەدەب و مۆسیقا و سەمای کوردیی بە توندی قەدەغە کردبوو.

بەڵام بەو هەموو هێزە شەیتانییەوە نەک هەر کوردی کۆڵنەدەری بۆ نەبەزی و دەڕۆستی نەدەهات، بەڵکو ئەو سیاسەتە و زەبروزەنگی پۆلیسی ڕەزاخان بوو بە هۆی ڕاپەڕینێکی بەرینی فیکری لە کوردستاندا، هەزاران پێچ و پشتێن و ڕانک و چۆغە و پەستەی پیاوی کورد و شەدە و هەوری و دەسماڵ و کۆڵوانەی ژنی کورد دڕاو سووتا، بەڵام جلوبەرگی کوردی وەک سوننەتێکی میللی هەر ماوە لە قوتابخانە و ئیدارە، تەنانەت لە کوچە و خەیابان هەزاران کورد بە تاوانی کوردی گوتن گیران و ئازار دران و سووکایەتییان پێکرا، بەڵام زمانی کوردی وەک سەرمایەی نەتەوایەتیمان هەر پارێزرا، کورد نەتواوە و ئابڕووتکاوی و ڕیسوایی مێژوو بۆ پۆلیسی ڕەزاخان مایەوە.

لەو سەردەمە تاریک و تنووک و ئەنگوست لە چاوەدا، لە مەڵبەندی موکریان بۆ بەربەرەکانێ دەگەڵ سیاسەتی تواندنەوەی کورد، کۆمەڵێکی نهێنی لە زانایان و ڕووناکبیران و گەورە پیاوانی کورد بە ڕابەری مامۆستا مەلا ئەحمەدی فەوزی، سەیفی قازی، پێشەوای نەمر، قازی بۆکان، شێخ ئەحمەدی سرێلائاوا و گەلێکی تر لە ڕووناکبیرانی ئەو سەردەمە پێکهاتبوو کە ئامانجی ئەساسی و هەرە گەورەیان پاراستن و پەرەپێدانی زمان و ئەدەبی کوردی بوو، کتێب و ڕۆژنامەی کوردی کە لە عێراق بڵاودەبوونەوە، بە زەحمەت پەیدایان دەکرد و بە ئیحتیاتەوە بەسەرلاوان بڕواپێکراودا بڵاویان دەکردنەوە، تا فێری کوردی خوێندنەوە بن.

ئەوان، بە تایبەتی مامۆستا فەوزی، دەستەیەک لاوی ڕووناکبیریان پێگەیاند کە لە دوارۆژدا شاعیر و نووسەری زۆر خزمەتکار و بەناوبانگیان لێ هەڵکەوت. یەکێک لە دەست پەروەردەکانی فەوزی و هاوبیرەکانی، کاک حەسەنی قزڵجیی خۆمانە کە هەر لەو دەمەی ڕا فێری کوردی خوێندنەوە ببوو، ئەوە بوو دەگەڵ سایەی شوومی پەهلەوی لاچوو و تەمومژی نەگبەت و چارەڕەشی کورد ڕەوی، وەک ئەستێرەیەکی گەشی ڕووناک و پرشنگدار لە ئاسمانی ئەدەبی کوردیدا درەوشایەوە و لاپەڕی گۆوار و ڕۆژنامەکانی کوردی بە نووسراوە جوانەکانی ڕازاندەوە.

لە زەمانی کۆماری دیموکراتی کوردستاندا، مامۆستا قزڵجی بێ ئەوەی سینگ ڕەپێش خاو خۆڕانێ، یەکێک لە خۆشەویستترین و نزیکترین دۆستانی پێشەوا قازی محەمەدی ئەدەب دۆست و هونەرپەروەر بوو، بێجگە لەوەی لە ڕۆژنامەی (کوردستان) ئۆرگانی حیزبدا دەینووسی، سەرنووسەری گۆوارە جوانەکەی (هەڵاڵە)ش بوو.

پێشەوا لە ئاخرین ڕۆژانی دەسەڵاتیدا خەریک بوو مامۆستا قزڵجی و چەند شاعیر و نووسەری لاو و تازە پێگەیشتوو بنێرێتە دەرەوە تا بە قەولی خۆی چاو و گوێیان بکرێتەوە و شتی تازە فێربن. بەڵام بە داخەوە نەگەیشت و ئەم ئاواتەشی وەک زۆر لە ئاواتە پیرۆزەکانی نەهاتەدی. وەک ئێستا لە بیرمە و تا گڵەبانی چاوم دەکەن لە بیرم ناچێتەوە، ڕۆژێکی سارد و سەهۆڵبەندانی مەهاباد بوو، زریانێکی ساردی دەهات و کەڕەسیسەی دەکرد. خۆم کووزوو کردبوو و بە پەلە دەڕۆیشتم جێگایەکی گەرموگوڕ ببینمەوە. تەماشام کرد پێشەوا لەبەر بێلاکەی هاتوچوو دەکا و ڕۆژنامەی کوردستانی بە دەستەوەیە و یەکێک لە نووسەرانی ڕۆژنامەکەی لەلایە. خەریک بوو فیزماڵکی دەمێ و خۆم ببوێرم. دیتمی و بانگی کردم. هێشتا دوور بووم فەرمووی: دیوتە ئەو قزڵجییە چۆنی نووسیوە؟

زانیم مەبەستی ئەو پارچە ئەدەبییە جوانەی قزڵجییە کە لەو ژمارەدا چاپ کراوە. گوتم: بەڵێ دیومە و بە ڕاستی چاکی نووسیوە. کاکی نووسەر هەڵیدایە و گوتی: بەڵێ چاک دەنووسێ، بەڵام کەم دەنووسێ. پێشەوا بزێکی هاتێ. سەری ڕاوەشاند و ئەم دوو شیعرەی (سەعدی)ی خوێندەوە:

**خاک مغرب شنیده‌ام که کنند**
**به چهل سال کاسەو چینی**
**صد به روزی کنند در بغداد**
**لاجرم قیمتش همی بینی**

کە خوالێخۆشبوو (مەلا مستەفای سەفوەتی) ئاوای کردوە بە کوردی:



هێمن / هێڵکاری: هاشم نژادی

> **پێشەوا له ئاخرین ڕۆژانی دەسەڵاتیدا خەریک بوو مامۆستا قزڵجی و چەند شاعیر و نووسەری لاو و تازە پێگەیشتوو بنێرێتە دەرەوە تا بە قەولی خۆی چاو و گوێیان بکرێتەوە و شتی تازە فێربن**

***بیستوومە کەوا لە ڕۆژهەڵاتا***
***بە چل ساڵ ئەیکەن یەل کاسەی چینی***
***لە (مەردەشت) ئەکەن سەدی بە ڕۆژێ***
***بۆیە قیمەتی وایە ئەیبینی***

دیسان ڕووی لە من کرد و فەرمووی: بریا زۆری وامان هەبان و پێش ئەوەی من جوابیدەمەوە بۆ خۆی گوتی: ئەگەر بۆ خۆمان بین زۆری وامان لێ هەڵدەکەون.

داخی گرانم زۆر زوو هێلانەکەمان لێ شێوا و سایەی ئەو پیاوە نیشمانپەروەر و ئەدەب دۆست و هونەرپەروەر و قەدرانەمان لەسەر وەلاکەوت. قزڵجیش وەک زۆر لەشاعیر و نووسەرەکانی کورد بێ ئەنواو بێ داشدار و دڵسۆز مایەوە و لەدەست زوڵم و زۆری ڕێژیم ئاوارە و پەڕیوەی هەندەران بووە.

هەر بۆ خۆی دەزانێ لەو ماوە دوور و درێژەی لێقەومان و دەربەدەریدا چەند تاڵ و سوێریی ژیانی چێشتووە. چەندێ سەرما و گەرمای دنیا دیوە. چەندێ پەند و گوڵمەز بەسەرهاتووە. چەند گیراوە و ئازاردراوە و ئەمدیو ئەودیوی پێکراوە و بۆ پەیداکردنی پارووە نانێکی بێمنەت ناچار بووە بەو دەستەوستانیی خۆیەوە، کاری چەند سەخت و گرانی بەدەمی بکا و سەر بۆ ناکەسان شۆڕ نەکاتەوە.

مامۆستا لە کۆڕی خەباتدا قاڵ بووە، خاراوە و لە گڵ هاتۆتە دەرێ. لەو هەموو کوێرەوەری و دەربەدەری و چەرمەسەرییە شت فێربووە. زانستی بەرەو ژوورتر چووە، تەجرەبەی وەسەریەک ناوە، کۆمەڵی خۆی باشتر ناسیوە. هەستی بە ئێش و ئازاری کردووە و دەرمانی بۆ دۆزیوەتەوە و بۆتە فەیلەسووفێکی پسپۆڕ و نووسەرێکی ڕێئالیست و واقیعبین.

پاڵەوانی چیرۆکەکانی قزڵجی هیچ کامیان بۆ خوێنەرێکی کورد نەناسیاو نین، هەموویانی لە چین و توێژەکانی کۆمەڵی کوردەواری هەڵبژاردووە، کارەساتی ژیانی وانی بە کوردییەکی ساکار بەو زمانەی هەموو کوردێکی نەخوێندەوار و ساویلکەی لێ حاڵی بێ، شی کردۆتەوە. خوێنەری ورد تێدەگا مامۆستا قزڵجی تا چ ڕادەیەک شارەزای زانستی ڕەوان شناسییە و چۆنی ڕۆحی پاڵەوانەکانی ناسیوە و چۆتە ناخی هەناو و دەروونیانەوە.

مامۆستا قزڵجی کۆمەڵی کوردەواری لە هەموو کەس چاکتر ناسیوە. خوێنەر لەم چەند چیرۆکە کورتەدا نموونەی ژیانی دەرەبەگێکی چەکمەڕەق، کۆنە بەگێکی بارگین تۆپیو، شێخێکی دەستبڕ، دەروێشێکی زەرگ وەشێن، جوتیارێکی زۆرلێکراو، باب نۆکەرێکی زمان لووس، کاربەدەستێکی بەرتیل خۆری بێگانە، تاجرێکی سووت خۆر و تەماعکار، جاسوسێکی نیشتیمان فرۆش، تەنانەت ژنێکی چاو ڕەش و بێبەشی کورد دەبینێ.

خوێنەر پاش خوێندنەوەی زوریەی چیرۆکەکان پێکەنین دەیگرێ، بەڵام چ پێکەنینێک پێکەنینێکی تاڵتر لە کەکرە.

ئەوەی بۆ کوردێکی دلسۆز جێی خەفەتە ئەوەیە کە زیاتر ڕووداوەکانی ناوەرۆکی ئەم چیرۆکانە دەگێرنەوە بۆ سی ساڵ لەمەوپێش. کەچی دەبینی ئێستاش ئالوگۆڕێکی ئەوتۆ لە وەزعی کۆمەڵایەتی کورددا ڕووی نەداوە کە ئەم چیرۆکانە تازەیی خۆیان لە دەست بدەن.

ئێستاش جوتیار بە چەشنێکی نوێ دەچەوسێنرێتەوە لەبەر زۆری ئیجارە و قیست و سووروسات دەست لە زەوی و زاری خۆی هەڵدەگرێ و ڕوو لە شاران دەکا، ئێستاش توونی حەمام پرن لە هەژارە بێجێ و ڕێیەکان. ئێستاش بازرگانی سووت خۆر و سختەباز، شێخی کۆنەپەرست و دەستبڕ، دەروێشی فریودراوی زەرگ وەشێن لە کوردستاندا کەم نین.

ئێستاش دایک و بابی کورد بۆ چارەی دەردی منداڵە نەخۆشەکانیان دەست و دامێنی ئامینەخانی نووشتەنووس دەبن و زۆر ئامینەخانی بێبەش و چارەڕەش ماون کە لەبەر وەزعی نالەباری کۆمەڵایەتی، هەوەس ناچاریان دەکا بە فێڵێ ڕەشد فێرکەن نووشتەیان دەکۆشی باوێ ئێستاش سەرکار ڕەزایی پاسگاکانی کوردستان لە جەنابی سەرهەنگ بە ئیجارە دەگرێ و بۆ ئەستاندنی بەرتیل و سازکردنی پەڵپ و بیانوو حوسێن قولیی هەر بەدەستەوەیە.

خوێنەرانی بەڕێز! من لەو سەرەتا کورتەدا ناتوانم مامۆستا قزڵجی بە ئێوە بناسێنم. خۆتان کتێبەکەی بە سەرنجەوە بخوێننەوە تائەم نووسەرە هەڵکەوتووە بناسن و لەبیری بەرزی بەهرە وەرگرن. با تێکرا فەرمایشەکەی پێشەوای نەمرمان دووپاتە بکەینەوە و بڵێین: «بریا زۆری وامان هەبان».

*** ئەم پێشەکییە لە کتێبی (حەسەن قزڵجی) ئامادەکردنی ( موحسین قزڵجی) وەرگیراوە**

# سالۆنی لاپەڕە (٩)






لە درێژەی چالاکییەکانیدا، ڕۆژی ٢٠٢٢/٥/١٤ بەئامادەبونی مارەیەک لەنوسەران و ڕۆشنبیران و ڕۆژنامەنوسان، (سالۆنی لاپەرە ٩)ی ناوەندی هەولێری مەکتەبی ڕاگەیاندنی (ی.ن.ک) لەبەر ڕۆشنایی ناساندنی کتێبی (ژیانی من)ی (گۆلدا مایەر) باسێک لەبارەی مێژووی سیاسی ڕۆژهەڵاتی ناوین و دروستکردنی دەوڵەت و قەوارەی سیاسی، کۆڕێکی بۆ نووسەر و وەرگێڕ شەفیقی حاجی خدر سازکرد..






لە درێژەی چالاکییەکانیدا، ڕۆژی ٢٠٢٢/٥/٢١ بەئامادەبوونی ژمارەیەک لەنووسەران و ڕۆژنامەنووسان و ڕۆشنبیران (سالۆنی لاپەرە نۆ)ی ناوەندی هەولێری مەکتەبی کۆڕێکی بۆ نووسەر (سەعدی عەلی) لەبارەی کتێبی (هەقیقەت لەهزری مندا) کە لە نووسینی خۆیەتی ڕێکخست.

# ئەوانی تر و دیوان!

نەوزاد عەلی ئەحمەد

لە لای ئێمە بەرامبەر زاراوەی کولتور، زاراوەی رۆشنبیریی بە باڵا بڕاوە و بەو ناوە ناودێر کراوە، بەڵام وەنەبێت بە خەیاڵدان و لێکدانەوەیەکی ورد و دوور مەودا زاراوەکەمان لە فەرهەنگ دابێت! رۆشنبیریی هەر تەنیا ئەدەب و هونەر نییە، بەڵکو بەشێکی هەرە زۆری ژیان کولتورە، بەڵام مەرج نییە، ئەو ژیانە هەمووی رۆشن و رۆشنایی بێت! لەو سۆنگەیەوە چەندان گۆڤار، کە وەسفی حاڵی خۆیان کردووە، لەنێوان ئەدەب و زانستی رووت و هونەردا پەیامی خۆیان ئاڵۆز کردووە، چونکە ئەوان رۆشنبیریی تەنیا لە نێو پەرژینی ئەدەب و هونەردا سنووردار دەکەن!

(پێروو، نووسەری کوردستان، گزنگ، نووسەری نوێ، ئەستێرە، سروشت، رەنگاڵە، هۆرە، کولتور) کۆمەڵێک گۆڤاری تایبەتمەندن، لە رۆژگاری پێشمەرگایەتی لە شاخ لە سنووری چالاکییەکانی هێزی پێشمەرگەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە نێوان ساڵی ١٩٨١ تا ساڵی ١٩٩١ چاپ و بڵاوکراونەتەوە، زۆربەی هەرە زۆریان لە چاپخانەکانی ئەو هێزە چاپ و کۆمەککراون، هەر نۆ دانەیان گۆڤاری ئەدەبی، یاخود هونەرین، بە خوێندنەوەی ناوەڕۆکیان لە هیچ بابەتێکدا سیاسەت و کاریی رێکخراوەیی ئەو هێزە رەنگی نەداتەوە.



راپەڕین هات و ژینگەیەکی نوێی لەگەڵ خۆی هانی، ئەمجارەش یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە هەمان ریتم و رازی شاخ دەرگای بۆ نووسەر و ئەدیبان واڵا کرد، باشترین نموونە، هەردوو گۆڤاری (سبەی) و (ئێستا)یە، باشترە توێژەری ئەکادیمی ئەو بۆچوونەم شەن بکات!

رۆژگار بە رۆژگاری گوت خواحافیز و مەرحەبا، دوای کۆمەڵێک بەرهەمی رۆژنامەگەریی، لە رۆژگاری بە هەرمێنکردنی مەرگی رۆژنامەی کاغەزیدا، ناوەندی هەولێری مەکتەبی راگەیاندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، تەحەدا دەکات و گۆڤاری (دیوان) دەکات بە دیوانی گەرمی ئەدەب و رۆشنبیریی، لەو دوانزدە ژمارەیەدا لەنێو بازاڕی هەمەڕەنگ و خۆشڕۆ و خۆشباوەڕی تەکنۆلۆجیا بەگشتی و سمارت فۆنی تازە مۆدێلدا بەتایبەتی، کە لە هەر ساتێکدا لە رێگای سۆشیالمیدیادا بە کۆڵانە تەسکەکانی جیهان ئاشنامان دەکات، (دیوان) بە خوێنەران دەڵێت؛ هێشتا رۆژنامەگەریی کاغەزیی بۆن و بەرامەی جارانی ماوە، چوار هێزی سەرەکی روحی زیندووی ئەم گۆڤارەن و لە گۆڤارەکانی دیکە جیای دەکاتەوە:

١-یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان تەنیا لایەنی کۆمەک بەخشە، نەک داڕێژەری سیاسەتی ئەم مانگنامەیە.

٢- دوانزدە مانگە لە کاتی خۆی دەردەچێت و دابەشکردنەکەی تا ئاستێک باشە.

٣- (دۆسیەی تایبەت، چاوپێکەتنی مانگانە، تەوەرەکان) سێ سۆنگەی پتەو و بەردەوامی گۆڤارەکەن.

٤- شێوە نووسینی ناوی (دیوان) و قەبارەی خۆی نەگۆڕیوە و لە دوورەوە خۆی بەیان دەکات.

کەواتە، لە دووەمین ساڵەی دەرچووونیدا چی بکات!؟ تا دوعای خێری زیاتری بۆ بکرێت:

١- لە بەرگ بۆ بەرگ دیزاینەکەی مشتوماڵ بکرێت و لە تەقلیدییەت رزگار بکرێت.

٢- سنووربەزێنێک بۆ هەولێر بکات، لە دەرگای شار و پارچەکانی دیکەی کوردستان بکات.

٣- رێنووس و خاڵبەندییەکەی باشتر بکرێت.

٤- لە دۆسییە و چاوپێکەوتن و تەوەرەکاندا خۆی لە پرسیار و بابەتی سواو بە دوور بگرێت.

٥- هێزی وێنە و هێلکاری، لە هێزی نووسین کەمتر نین، لەو بوارەدا هەژارە و کوالێتی وێنەکان زۆر خراپە.

٦- سنوورێک بۆ دووبارە و چەند بارەکردنەوەی ناوی رۆژنامەنووس و نووسەر و ئەدیبان دابنێت.

٧- گرنگ بە قەڵەمی ژن و لاوان بدات.

٨- مێرگ و وێستگە و لاپەرەکانی کۆتایی سەرنجراکێشەر نییە، پێویستە بە کورتە بابەت، هەواڵ و وێنەی دەگمەن رەونەقی پێ بدرێت.